حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی پەروەردە

# هەنگاوەکان بۆ باشترکردنی کواڵیتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان-عێراق

## کارگێڕی، چاودێری خوێندنگە، سیاسەتەکانی خوێندنگە تایبەتەکان، و راهێنانی مامۆستا.




جۆرج ڤێرنز
شێلی کەلبێرتسۆن
لوئەی کۆنستانت
ریتا کەرەم



RAND CORPORATION

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە سەردانی www.rand.org/t/RR960z2 بکەن.

*ڕەزامەندی بۆ وێنەی سەر بەرگەکە وەرگیراوە. وێنەی سەر بەرگەکە تایبەتە بە دامەزراوەیی ڕەند بۆ پەروەردە.*

*ISBN: 978-0-8330-9470-4*

© مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە 2016 بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

RAND® نیشانەیەکی بازرگانی تۆمارکراوە.

ژمارەی چاپکردن و مافی دابەشکردنی بە شێوەی ئەلکترۆنی سنورداره

ئەم نوسراوە و نیشانە بازرگانیەکە کە لێرەدا بەکارهاتووە بەپێی یاسا پارێزراوە. ئەم بەرهەمە ڕووناکبیریەی دامەزراوەی ڕەند بۆ پەروەردە تەنها بۆ بەکارهێنانی نابازرگانی دابینکراوە. ناردنی ئەم بڵاوکراوەیە لەڕێگەی هێڵی ئەنترنێتەوە ڕێگەپێنەدراوە. تەنها بۆ بەکارهێنانی کەسی مۆڵەت دەدرێت بە دووبارەکردنەوەی ئەم نوسراوە، بەمەرجێ گۆڕانکاری تێدانەکرێت و تەواو بێت. پێویستە مۆڵەت لە دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند وەربگیرێت بۆ دووبارە دەرکردن، بەکارهێنانەوەی بە شێوەیەکی‌تر، یان بەکارهێنانی هەر نوسراوێکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ کاری بازرگانی. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دووبارە چاپکردنەوە و وەرگرتنی مۆڵەت تکایە سەردانی ماڵپەڕی www.rand.org/pubs/permissions.html.

دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەییە کە پەرە بە چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی سیاسەتی گشتی دەدات تا کۆمەڵگەکان لەسەرتاسەری جیهاندا سەلامەتر، ئاسایشتر، تەندروستر، گەشەسەندوتر بن. دامەزراوەی ڕەند بۆ پەروەردە دامەزراوەیەکی ناسودمەندی بێلایەنە، هەروەها تەرخانکراوە بۆ بەرژەوەندی گشتی.

بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونی سپۆنسەرەکان و کڕیارەکانی نیە.

بۆ هاوکاریکردنی دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند
بەشداری داشکاندنی باج بۆ کاری خێرخوازی بکەن لە ماڵپەری www.rand.org/giving/contribute.

www.rand.org

# پێشەکی

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان — عێراق وەبەرهێنان دەکات لە بەرەوپێشبردنی کوالێتی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی 12. شان بە شانی دەست پێشخەریەکانی وەزارەت بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دەمەزاروەی رەند بۆ پەروەردە کردووە بۆ رێنوێنی کردنی بەرەوپێشبردنی کوالێتی لە رێگەی چەند هەولێکی شیکاریەوە: هەڵسەنگاندنی مەشق و ڕاهێنانی بەڕێوەچووی مامۆستایان، داڕشتنی پرۆگرامی دڵنیایی جۆری بۆ قوتابخانەکان، ڕێنوێنی کردن بۆ هاندان و چاودێریکردنی کەرتی قوتابخانە ئەهلیەکان، هەروەها پێشکەشکردنی هەیکەلی نوێی ئیداری وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی هەمە لایەنەی دەستپێشخەریەکانی وەزارەتی پەروەردە. ئەم ڕاپۆرتە ئەو داواکاریە ئەنجامدەدات بە پشت بەستن بە دوو هەولی پێشووتر:

- جۆرج ڤێرنز، شێلی کەلبێرتسۆن ، لوئەی کۆنستانت، *ستراتیجیەتی لە پێشینە بۆ بەرەوپێشبردنی کوالێتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان — عێراق*، سانتا مۆنیکا ،کالیف: دامەزراوەی رەند بۆ پەروەردە، ئێم جی 1140- 1 -حکومەتی هەرێمی کوردستان 2014 هەروەها
- لوئەی کۆنستانت، شێلی کەلبێرتسۆن، کاسلین ستاز، وە جۆرج ڤێرنز، *بەرەوپێشبردنی تەکنیکی خوێندنی پیشەیی و ڕاهێنان لە هەرێمی کوردستان — عێراق* / سانتا مۆنیکا ،کالیف: دامەزراوەی رەند بۆ پەروەردە، RR-277 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2014.

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن دامەزراوەی رەندە بۆ پەروەردەوە ئامادەکراوە بۆ هەرێمی کوردستان — عێراق. پێویستە دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە جێگەی بایەخ بێت بۆ ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردەدا کار دەکەن هەروەها بۆ ئەو کەسانەشی بەشدارن لە هەوڵەکانی بەرەوپێشبردنی کوالێتی لە سیستەمی قوتابخانەکاندا.

لێکۆڵەرە سەرەکیەکان ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لە جۆرج ڤێرنز و شێلی کەلبێرتسۆن. دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە vernez@rand.org پەیوەندی بە لێکۆڵەرەکانەوە بکرێت یان لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی 1140-393-310 کۆدی 6211 یان بە ئیمەیڵی shellyc@rand.org. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دامەزراوەی رەند بۆ پەروەردە پەیوەندی بکەن بە بەڕێوبەر دارلین ئۆپفێر لە ڕێگەی ئیمەیڵیdopfer@rand.org یان لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی 1140-393-310 کۆدی 4926 یاخود بە ئیمەیڵ بۆ دامەزراوەی رەند 1776 شەقامی سەرەکی ، پی . ئۆ. پۆست 3138 سانتا مۆنیکا، سی ئەی 90407-2138.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی www.rand.org بکەن.

## ناوەڕۆک


**پێشەکی** ........ iii
**شێوەکان** ........ ix
**خشتەکان** ........ xi
**پوختە** ........ xiii
**سوپاس و پێزانین** ........ xix
**کورتکراوەکان** ........ xxi

**بەشی یەکەم**
**پێشەکی** ........ 1
باکگراوند ........ 3
ئابوری، دانیشتوان، و هێزی کار ........ 4
پەروەردە ........ 4
پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی ........ 4
خوێندنی باڵا ........ 5
ڕاهێنانی گەوران ........ 6

**بەشی دووەم**
**دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان** ........ 7
مێژووی دیزاینی ڕێکخراو ........ 7
هەڕەمی دەسەلات و بڕیاردان ........ 8
دابەشکردنی کار ........ 9
پوختە ........ 10
ڕێکخراوی وەزارەتەکانی پەروەردە لە شەش وڵات ........ 11
ئاستەکانی بەڕێوەبردنی باڵا ........ 11
هەڕەمی دەسەلات و بڕیاردان ڕۆڵی بریکاری وەزیر ........ 12
کۆمەڵکردن (گروپینگ): لە ڕێگەی پرۆگرام و کردارەکان ........ 13
بەیەکەوە بەستنەوە: میکانیزمی ڕەسمی کەم ........ 15
پوختە ........ 16
بۆ چی دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ ........ 16
گۆڕینی دید و ئەولەویاتەکان ........ 16
ئاستی بەرزی بە مەرکەزیکردن ........ 18
مەودای فراوانی کۆنترۆڵ لە سەرەوەی ڕێکخراوەکە ........ 18
ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیە ناڕوونەکان ........ 18
هەماهەنگی لاواز ........ 19
گۆڕینی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکان ........ 19

ئاستەنگەکانی ستافدانان ....................................................... 19
ئەرکە وونەکان ....................................................................... 19
ڕێکخستنی پێشنیارکراو بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.................. 20
پێکهاتەی گشتگیر ................................................................... 20
یەکخستنەکانی کردارەکانی پەروەردە و پشتیوانی ........................................ 21
دیاریکردنی بەرپرسیاریەتیەکان بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو ..................... 23

**بەشی سێیەم**

**پەرەپێدانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانەکان.......................................... 27**
ڕێگەکانی ئێستای دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستانی عێراق ............................. 27
مەودای کەمی داتای کۆکراوە ........................................................ 27
بایەخدان بە کوالێتی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر و مامۆستا..................................... 27
کەمی شەفافیەت .................................................................... 28
هەوڵی سەربەخۆ لە ڕێگەیە بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی قوتابخانەکان..................... 28
تایبەتمەندیەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری کاریگەری قوتابخانە ............................. 28
نیشاندەرەکانی ئەدای قوتابخانە........................................................ 28
مەبەستەکانی ئەدای قوتابخانە ......................................................... 29
پشتگیری کردن لە پێکهاتە و کارەکان ................................................. 29
توانای قوتابخانە ...................................................................... 30
توانای وەزارەتی پەروەردە ........................................................... 30
چوارچێوەی دڵنیایی جۆری پێشنیارکراو بۆ قوتابخانە......................................... 31
نیشاندەرەکانی ئەدای قوتابخانە........................................................ 33
جێبەجێکردنی چاودێریکردنی قوتابخانە.................................................. 36
قۆناغی 1: ئامادەکاری جێبەجێکردن ................................................... 37
قۆناغی 2: بەشدار بوون لە چاودێریکردنی قوتابخانە ...................................... 42
ڕاسپاردەکان......................................................................... 47

**بەشی چوار**

**چاودێریکردنی جۆرایەتی و هاندانی گەشەکردنی خوێندنگە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان—عێراق. ......... 49**
شێوە گشتی یاسا و کارپێکردنی کەرتی خوێندناگا تایبەتی یەکانی هەرێمی کوردستانی عراق .................. 49
خویندنگای تایباتی بە بچوکی دەرکەوتن بەلام ڕۆڵێکی گەشەکردوو.................................. 50
یاساکان و ڕێساکان و بڕیارەکان: ڕژێمی ڕێکخستن جێگیر بەڵام دەتوانرێ شیبکرێتەوە .................. 51
کردنەوە و مۆڵەت پێدان: بەدەستهێنانی مۆڵەتی کردنەوەی خوێندنگایەکی تایبەتی نوێ دەکرێت بەرەنگاربوونەوەی تێدابێت. ......... 51
سەرپەرشتیکردن: ئاڵۆز و بەپێی خوازراو کاریگەرنی یا........................................ 52
مامۆستایان و کارمەندان: پلانەکان پێویستن بۆ بەڕیوەبردنی مامۆستایان و کارمەندان .................. 54
بەڕیوەبردنی دەرەنجامەکانی خوێندکاران: نەبوونی زانیاری لە خوێندنگە تایبەتەکاندا........................ 55
پێشکەشکردنی پشتگیری: خوێندنگە تایبەتەکان یارمەتی سنورداریان هەیە.......................... 55
بۆچوونی نێودەوڵەتیەکان بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان......................................... 56
ڕۆڵ و ڕێژەی خوێندنگە تایبەتەکان لە باخچەی ساوایانەوە هاتا پۆلی 12ی خویندن ..................... 56
شیوازەکان بۆ ڕیک خستنی خویندنگە تایبەتەکان........................................................ 57
جەختکردنەوە لە چاودێریکردن......................................................................... 59
بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان و بەرەوپێشەوەبردنی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی.............................. 59
هەنگاوەکانی چاودێریکردن ............................................................................ 61
بەڕێوەبردنی خوێندنگا تایبەتیەکان بە بەنامەی خوێندنی نا-نەتەوەیی (واتە بەرنامەیەک کە جیاواز لە پرۆگرامی نیشتمانی)................ 64

هاوسەنگی کردن لە نێوان چاودێریکردن و دەسەڵاتی سەربەخۆیی...................................................64
پشتگیری بۆ خوێندنگەکان ...............................................................................................65
پێشنیازەکان بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق...............................66
ڕێکخستنی بنەماکان بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگە تایبەتیەکان.................................................66
ڕێکخستنی پلان و یاساکان ......................................................................................66
چاودێریکردنی خوێندنگەتایبەتیەکات هاوتا بکرێت لەگەڵ چاودێریکردنی خوێندنگە گشتیەکان. ..............67
کۆکرنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە خوێندنگە تایبەتیەکان.....................................67
ڕێگەدان بە منداڵانی خوێندنگە تایبەتیە کوردیەکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو ڕۆڵیان هەبێت لە
کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی عێراقدا.........................................................................68
ئاشکرایی و ڕوونی لە ڕێساو یاساکانی بەکرێگرتنی مامۆستایان لە خوێندنگا تایبەتیەکان. .....................68
بڕیاردان لەسەر ئاستی خواستی هاوکاری بۆ خوێندنگە تایبەتیەکان. ...............................................68

**بەشی پنجەم**

**هەڵسەنگاندنی ڕاهێنانی مامۆستا....................................................................................69**
دەسەڵات و بەڕێوە بردنی ڕاهێنان ....................................................................................70
ڕێگە شێوەی نەخشەی ڕاهێنان و گەیاندنی..........................................................................71
دواین پرۆسەی دیاری کردنی ڕاهێنان کە دەبێ پێشکەش بکرێت ...........................................71
گەیاندنی ڕاهێنان .........................................................................................................72
بەرنامەکانی ڕاهێنان، بەشداری کردن، گونجاندن لەگەڵ پێداویستیەکان. ..............................................73
بەرنامەکانی ڕاهێنان ......................................................................................................73
ماوەو دوبارەکردنەوەی ڕاهێنان. .......................................................................................74
بەشداری کردن لە ڕاهێنان ..............................................................................................74
بەشداری ڕاهێنان بە پێی جۆری بەرنامە...........................................................................75
پێشەنگیدان بە جۆری ڕاهێنان لە زاری مامۆستایانەوە ......................................................77
ڕاهێنانی مامۆستا لەسەر گونجاندنی لەگەڵ بارو دۆخی پۆلدا.....................................................78
دەرکەوتەکانی کێشەی کەموکوڕی لە هەماهەنگی. ..........................................................80
پێشنیازەکان ..................................................................................................................80
بەستەوەی ئەو ڕاهێنانانەی کە لە کاتی خزمەتکردندا ئەنجامەدرێن بە پلانە بەرفراوانەکەی
وەزارەت بە مەبەستی چاکسازی دەرئەنجامە پەروەردەییەکان..............................................80
بەکارهێنانی ئەو ڕاهێنەرانەي کة دەوامي تەواو دةکەن بۆ ئەوەی ڕاهێنانەکان لەکاتی دەوامدا
پێشکەش بکەن. .....................................................................................................81
گرنگی (یەکەمێتی) بدرێت بە ڕاهێنانی ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندن..........................................81
بە ڕەچاوکردنی ئەو هەلو مەرجەی ئەمڕۆی پۆلەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. .........................81
هەڵسەنگاندی پێداویستیەکانی ڕاهێنان بە شێوازێکی ڕێک و پێک .........................................82
هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ ئەوەی بەرەوپێشبردنی گونجاو بەدەست بێت. ...........82

**بەشی شەش**

**ئاكام لێوەرگرتن.................................................................................................83**
چاککردنی جۆرێتی پێشنیارەکان ......................................................................................83
کارگێڕی وەزارەتی پەروەردە ........................................................................................84
دڵنییای جۆری خوێندنگە .........................................................................................84
چاودێری و هاندانی خوێندنگە تایبەتەکان.......................................................................84
ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستا .....................................................................................85
هەنگاوەکانی دواتر بۆ چاککردنی خوێندنی پۆلی 12 ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. .........................85
بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ستراتیجیە گرنگەکانی پەروەردە. .............................................85
پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندنی ستاندارد. ...........................................................................85

بونیاتنانی توانایی لە شیکردنەوەی زانیارییەکان. ........................................................................................ 86
باشکردنی ئامادەکاری خوێندنگەی ناوەندی. ........................................................................................ 86
پیاچوونەوەی پلانەکانی وەرگرتن لە زانکۆدا ........................................................................................ 86

**پاشکۆ**
**وەسفی کارەکان بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوی پێشنیارکراو ........................................................................................ 87**

**لیستی سەرچاوەکان ........................................................................................ 137**

# وێنەکان


S.1. هەیکەلی ڕێکخراوەیی پیشنیارکراو بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان........................ xiii
S.2. سیستەمی چاودێریکردن و پێکهاتەکانی ........................................................................................ xvi
1.1. سنووری جوگرافی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان.............................................................. 3
1.2 بەشداری قوتابیان، بە پێی ئاستی خوێندن، 2007-2012................................................................ 5
2.1. ئاستەکانی بەڕێوەبردنی باڵا لە وەزارەتەکانی تری پەروەردە (وێنەی مەزەندەیی) ................................ 11
2.2. پێکهاتەی ڕێکخستنی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ................................ 17
2.3. هەیکەلی ڕێکخراوەیی پیشنیارکراو بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان........................ 20
3.1. سیستەمی پێشنیارکراوی چاودێریکردن و پێکهاتەکانی ............................................................... 31
3.2. کردارەکانی قۆناغی 1: ئامادەکاری جێبەجێکردن.......................................................................... 39
3.3. کۆی پرۆسەی چاودێریکردن ....................................................................................................... 43
3.3أ پرۆسەی چاودێریکردن لەگەڵ جێبەجێکردنی پلانی بەرەو پێشبردنی قوتابخانە دەستپێدەکات لەلایەن قوتابخانەکانەوە......................................................................................................... 44
3.3.ب نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری چاودێریکردن و پشتگیری دابین دەکات لە ماوەی ساڵی خوێندن ............ 44
3.3.ج قوتابخانەکانە پێداچوونەوە بۆخۆیان دەکەن لە ماوەی ساڵی خوێندن ...................................................... 45
3.3.د نووسینگەی پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و پۆلینکردنەکانی قوتابخانە دابین دەکات ........................................................................................................... 45
3.3.س سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری خود-هەڵسەنگاندن و پلانەکانی قوتابخانەکان هەڵدەسەنگێنێت ............ 46
4.1. ژمارەی خوێندنگە تایبەتەکان و خوێندکاران، بەهۆی جۆر. 2010-11 بۆ 2013 ..................................... 50
4.2. ڕێژەی خوێندکاران لە باخچەی ساوایان تا پۆلی 12 لە خوێندنگە تایبەتەکاندا، لەوڵاتە دایریکراوەکاندا. ..... 57
4.3. هەنگاوەکان لە چاودیریکرنی خوێندنگەکاندا ............................................................................. 63
5.1. پیکهاتەی ڕێکخراوەیی بەڕیوبەرایەتی گشتی دامەزراوەکان و ڕاهێنان پەیوەندیان بە خوێندگەکانەوە.......... 70
5.2. ژمارەی ئەو مەشقکردوانەی لە هاولێر و دهۆک و پارێزگاکانی گەرمایان سڵانە مەشقیان پیدەکرێت لەلایەن ناوەندەکانی ڕاهێنانەوە. ............................................................................................. 75
5.3. ڕێژەی سەدی هەموو بەشداربوان بەپێی جۆری ڕاهێنانە پێشکەشکراوەکان بوو لە هەولێر و دهۆک و گەرمیان لە ساڵێکدا.................................................................................................................... 76
5.4. ڕێژەی سەدی مامۆستایان ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئەو ڕاهێنانەی پێشکەشیان کراون لە بوارێکی دیاری ڕێژەیەکی ئاش بووە بۆ بە دەستهێنانی پێویستییەکانیان، بە هۆی ئاستی نمرەکانەوە.......................... 78

# خشتەکان


2.1 مەودای کۆنترۆڵکردن، بە ژمارەی ئاستەکانی بەڕێوەبردن و بە پێی وڵات ............ 13
2.2 بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی پەروەردە، بە پێی جۆری پرۆگرام و وڵات ............ 14
2.3 هێڵی ڕاپۆرتکردن، بە پێێ کرداری دەسنیشانکراو و وڵات ............ 15
2.4 یەکخستنی پەروەردە و کردارە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ............ 21
2.5 یەکخستنی پشتیوانی و کردارە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ............ 22
3.1 تایبەتمەندیەکانی سیستەمی پێشنیارکراوی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە ............ 32
3.2 دۆمەینەکانی قوتابخانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 ............ 34
3.3 ڕوونکردنەوەی تیۆری پۆلینکردنی قوتابخانە لە سەر کۆمەڵیک لە دۆمەینەکانی ساڵی 1 ............ 36
3.4 نمونەکانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 ............ 37
3.5 ڕوونکردنەوەی ناونیشانەکان بۆ ڕێنوێنی پێوانەکردنی دوو ئاستی نیشاندەرەکان ............ 38
4.1 شێوەی ڕێساکان بۆ خوێندنگە تایبەتەکان. ............ 58
4.2 شێوەی پشکنین و خۆهەڵسانگاندن بۆ خوێندنگە تایبەتەکان. ............ 59
4.3 بریکارە بەرۆرسەکان بۆ چاودێریکردنی خوێندنگە تایبەتەکان ............ 60
4.4 ڕەگەزەکانی ڕووەکان بۆ چاودێریکردنی خوێندنگە تایبەتەکان ............ 61
4.5 ئاماژەی بوار بەهۆی وڵاتەوە ............ 62
5.1 ڕیژەی سەدی ئەو مامۆستایانەی کە تۆمارکراوان لە هەندێک ڕاهێنانی دوو شاڵی ڕابردوودا وە پەشێک لەو مامۆستایانەی کە پێانوابووە لە ڕووی بابەتەوە ڕاهێنانەکان تەواون. ............ 77
5.2 ڕێژەی سەدی ڕاپۆرتی ڕاهێنانی مامۆستاکان وەک لوتکەیەکی هەرسێ بوارە هەرەگرنگانە وە ڕایدەگەیەنن کە ئەوان و هاوتەمانەکانیان ئامەدەدەکرێن لەم بوارەدا. ............ 79

## پوختە

لە ساڵی 2008 وە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە چاکسازی لەسیستەمی پەروەردەدا لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تاکو قۆناغی 12 ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان — عێراق. ئەمەش لە ڕێگەی بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی خوێندن، خوێندنی تەوزیمی تاکو قۆناغی نۆی بنەڕەتی، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بۆ قۆناغی 9 و 12، هەروەها هەبوونی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ مامۆستا نوێیەکان. هەروەها ئەم چاکسازیە پرۆگرامێکی چڕوپڕی دروستکردنی بینای قوتابخانە، پەرەپێدانی پەیمانگای مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان، پلاندانان بۆ پرۆگرامێکی بەرفراوانی خوێندنی ئامادەییە پیشەییەکان بە جۆرێک لەگەڵ پێداویستی بازاری کاردا یەکبگرێتەوە دەگرێتەخۆ.

لە ساڵی 2010 دا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دامەزراوەی ڕەند بۆ پەروەردە کرد هەستێت بە هەڵسەنگاندنی دۆخی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی 12 وە بەڕێوەچونی چاکسازیەکان تێیدا. ئەو کات ئێمەش سێ پێشنیاری ستراتیجیمان بۆ بەرەوپێشبردنی کواڵێتی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی 12 خستە ڕوو: دروستکردنی 2000 بینای قوتابخانەی نوێ بۆ ئەوەی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی خوێندکاراندا بگونجێت هەروەها بۆ نەهێشتنی دیاردەی قەرەباڵغی ناو پۆلەکان؛ بەرەوپێشبردنی ناوەڕۆکی زانیاری پرۆگرامەکان بۆ مامۆستا کرداریەکان و چاکسازیکردن لە ئامادەکردنی مامۆستا نوێیەکاندا، زیادکردنی کاتی فێربوون بۆ خوێندکارەکانیان و بەهێزکردنی هاندانیان و بەرپرسیارێتیان لە ڕێگەی دووبارە داڕشتنەوەی ئەم سیستەمەی ئێستا بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتدان لەسەر کاری مامۆستا و قوتابخانەکان هەروەها زیادکردنی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە پرۆسەی فێرکردندا ( ڤێرنز ، کەلبێرتسۆن ، کۆنستانت، 2014). لە لێکۆڵینەوەیەکی بەدواداچوندا پێشنیاری فروانبونێکی زیاتر و دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەمی مەشق و خوێندنی پیشەیی و مەشقمان لە هەرێمی کوردستانی - عێراقدا کرد (کۆنستانت و ئەوانیتر. 2014).

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم دەستپێشخەریانە بۆ هەر چوار بابەتەکەی کەلەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێدراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هاوکاری لە دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند کرد: پەرەپێدانی پرۆژەی دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرەوپێشبردنی پێکهاتەو پلانێکی جێبەجێکراو بۆ سیستەمی دڵنیاییی جۆری بۆ قوتابخانەکان، پێداچوونەوە بۆ کاریگەری چاودێریکردن و هاوکاریکردنی قوتابخانە ئەهلیەکان، هەروەها هەلسەنگاندنی ناوەڕۆک و کواڵێتی ئەو مەشق و ڕاهێنانانەی ئەنجامدراون. دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانمان بۆ هەر یەکێک لەو بابەتانە لە خوارەوە دەخەینە ڕوو.

### دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەیەک لە بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتی پەروەردەش پێیانوایە چیدی ئەو پێکهاتە ڕێکخستنەی ئێستای وەزارەت ناتوانێت هاوکاری پرۆگرامی خوێندن و سیاسەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە کراون بکات بە تایبەتیش کاتێک وەزارەتی پەروەردە بە دوای دەستپێکردن و ئەنجامدانی دەستپێشخەریدا دەگەڕێت. بۆ هەڵسەنگاندنی توانای پێکهاتەیی ئێستای وەزارەتی پەروەردە، ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ستافی وەزارەتی پەروەردەدا ئەنجامدا، پێداچونەوەمان بۆ چاپکراوە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە دارشتنی ڕێکخراوەیی کرد، هەروەها چەند لێکۆڵینەوەیەکی وردمان لەسەر ڕێکخراوەیی وەزارەتی پەروەردە لە

شەش وڵاتی تردا ئەنجامدا، وە پێداچوونەوە بۆ ڕێکخراوەیی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشنیازی شێوازێکی تری ریکخراوەیی لە ژێر گفتوگۆدایە.

دارشتنی ڕێکخراوەیی پێویستی بە ناساندنی دەسەڵاتی هەرەمی بڕیاردان،کۆکردنەوەی کارەکان، پێکەوەبەستنی پێداویستیەکان هەیە بە پێی کارەکان. ڕێکخراوەکان بۆ ئەوە دانراون کە تا ڕادەیەکی کاریگەر هاوکاری جێبەجێکردن بکەن، بە لەبەر چاوگرتنی دیدگا تایبەتەکەیان و ئامانجە ستراتیجەکانیان توانای ستافەکانیان. هیچ پێکهاتەیەک بێ کەم و کوڕی نیە، هەروەک هەموو دابەشکردنێکی دەسەڵاتی بڕیاردان و کاری بە کۆمەڵ و هەروەها پێکەوەبەستنی چالاکیەکانیش خاڵی بەهێزو لاوازی هەیە. زۆربەی ئەو وڵاتانەی پێداچونەوەیان بۆ کراوە چوار ئاستی دەسەڵاتی بڕیاردانی سەرویان هەیە، لەگەڵ جێگری وەزیرێک کە بەرپرسە لە کارەکانی رۆژانە. ژمارەی ئەو بەرێوبەرانەی (ڕادەی دەسەڵات) کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەدەنە وەزیر کەمن. هەروەها زۆربەی وڵاتەکان لە ڕێگەی پرۆگرامەوە چالاکیەکانیان کۆ دەکەنەوە (بۆ نمونە: باڵا، گشتی، خوێندنی پیشەیی) لە کاتێکدا کۆکردنەوەی کارە یارمەتیدەرەکان ئاساییە بۆ هەموو پرۆگرامەکان لە یەک یان دوو گروپی یارمەتیدەردا (بۆ نمونە: سەرچاوە مرۆییەکان، دارایی، کاروباری یاسایی).

ئێمە بۆمان دەرکەوت وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر بەرێوبەری هەیە کە ڕاپۆرت دەدنە وەزیر، ئەمەش تواناکانی وەزیر لە داڕشتنەوەی سیاسەتی وەزارەتدا سنوردار دەکات بە هۆی ئەو داواکاریە زۆرانەی رۆژانە لە بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوەدا دروست دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئاستێکی بەرزی بە ناوەند کردن و هەماهەنگیەکی لاواز لە نێو بەرێوەبەرایەتیەکاندا. ڕێکخستنی وەزارەت بە پێی کارەکان (بۆ نمونە بەرەو پێشبردنی پرۆگرام، تاقیکردنەوەکان، مەشقی مامۆستایان) دەبێتە هۆی زیاتری کەمکردنەوەی هەماهەنگی. هەروەها وەزارەت سود لە ستافی لێهاتووی زیادە وەردەگرێت بە تایبەتی لە شیکارکردنی ئامارەکان، پلاندانان، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، پەرەپێدانی پرۆگرام و دڵنیایی جۆری.

ئیمە پێشنیاری ڕێکخراوێک دەکەین کە تێیدا ژمارەی ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەدەنە بەڕێوبەرە باڵاکان کەم دەکاتەوە، هێڵێکی ڕوون دادەمەزرێنێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەرپرسیارێتیەکانی وەزیر و جێگری وەزیری تازە دابەشدەکات، بەمەش بەشداریکردنی وەزیر لە بابەتی رۆتینی رۆژانە سنوردار دەکات، هەروەها جەختدەکاتەوە لەسەر دابەشکردنی تەواوکاری و کاری بە کۆمەڵ کە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان چالاکیە تەواوکاریەکان و ئەرکەکاندا ( وێنەی S.1).

ڕێکخراوە پێشنیارکراوەکە ئەو کارانەی پەیوەندیان بە خوێندنی بنەڕەتی وخوێندنی ئەکادیمی دواناوەندیەوە هەیە هەروەها ئەوانەشی پەیوەندیان بە خوێندنی ئامادەییە پیشەیەکانەوە هەیە بەسەر دوو بەرێوەبەرایەتی گشتی جیاوازدا تێکەڵ دەکات. لە کاتێکدا کارە گشتیەکانی پلاندانان، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری، هاریکاری خزمەتگوزاری پێکەوە کۆدەکرێنەوە لە ژمارەیەکی کەمی بەرێوەبەرایەتی گشتیدا. هەروەها پێشنیاری زیادکردنی کاری نوێ دەکات بۆ دڵنیابوون لە وەزارەتێک کە کارەکانی بەباشی بەڕێوە بڕوات وەک بەڕێوبەرایەتیەکانی ڕاوێژکاری خوێندکاران، پەیوەندیەکانی دامەزرێنەر، لێکۆڵینەوەو پەرەپێدان، وردبینی گشتی و کاروباری نێودەوڵەتی.

## پەرەپێدانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانەکان

سیستەمی ئیستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاودێریکردنی چالاکی قوتابخانەکان و دڵنیابون لە بەرەوپێشچونی بەڕادەی پێویست کاریگەر نیە تا ببێتە هۆی بەرەوپێشبردنی کواڵیتی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی 12. هەروەک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوترماندا(ڤێرنز، کەلبێرستن و کۆنستانت 2014) ئاماژەمان پێدا مەودای ئەو داتایانەی وەزارەتی پەروەردە کۆی دەکاتەوە سنوردارە، ئەو داتایانەشی لەسەر کاریگەری بەرێوبەر و مامۆستا کۆدەکرێنەوە کەمن، بەڕێوبەر و مامۆستاکانیش توانای بەدەستهێنانی ئەم داتایانەیەن سنوردارە.

**وێنەی ئێس 1**
**هەیکەلی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**




بۆ پەرەپێدان بە سیستەمی پێشنیارکراوی دڵنیایی جۆری قوتابخانەکان پێداچوونەوەمان بە چاپکراوەکاندا کرد بۆ دەستنیشانکردنی سیفاتەکانی سیستەمێکی دڵنیایی کاریگەر بۆ قوتابخانەکان، هەروەها پێداچوونەوەشمان بە سیستەمی دلنیایی قوتابخانەکان لە وڵاتانی تردا کردووە.

پێویستە سیستەمێکی دلنیایی جۆری کاریگەر بۆ قوتابخانە ئامازەکانی چالاکی قوتابخانە، ئامانجەکانی چالاکی قوتابخانە، پێکهاتەی هاریکاری و دەستێوەردان، بنیاتنانی توانای وەزارەتی پەروەردە بگریتە خۆ. لە ئێستادا ژمارەیەک ڕابەری سەربەخۆی دەستپێشخەر کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕێگەپێدراون هەوڵی پەرەپێدان بە چوارچێوەکانی بوارەکانی دڵنیایی جۆری و ئاماژەکانی دەدەن.

ئێمە پێشنیاری سیستەمێکی دوو هەنگاوی دڵنیایی جۆری دەکەین لەگەڵ پێشینەکان بۆ جێبەجێکردنی. سیستەمی دڵنیایی جۆری (وێنەی S.2) دەبێتە هەوڵێکی بەردەوام لەگەڵ نوێکردنەوەی ئاماژەکان و هەڵسەنگاندنی خۆیی قوتابخانەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ بە پێشینەکردنی هەوڵەکان لە ساڵانی دواتردا. ئاماژەکان بریتی دەبن لە بڕ (دەستکەوتەکانی قوتابی، تواناکانی، ئامادەبوون) و جۆرەکەی ( بۆ نمونە: ڕابەرایەتی کردن و جۆری وانەوتنەوە). قوتابخانەکان بە پێی جیاوازی ئاستی گرنگیدان پۆلێن دەکرێن بۆ یارمەتیدانی بە پێشینە کردنی سەرچاوەکان لەسەر قوتابخانە لاوازەکان. سەردانکردن بە مەبەستی چاودێریکردن و هاریکاری زیاتر دابین دەکرێت بە پشت بەستن بە ئاستی چالاکی قوتابخانەکان. سیستەمە پێشنیارکراوەکە شێوازی کاری هاوبەش لە نێوان ستافی وەزارەتی پەروەردە و سەرپەرشتیاران و ستافی قوتابخانەکان لە بەرەو پێشبردنی پلانی بەرەو پێشچونەکان دەگرێتە خۆ.

**وێنەی ئیس S.2**
**سیستەمی چاودێریکردن و پێکهاتەکانی**




RAND *RR960–S.2*

## چاودێریکردنی کواڵیتی و هاندانی بەرەوپێشبردنی قوتابخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستانی - عیراق.

کەرتی قوتابخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستانی - عیراق بچوکە بەڵام بەرەوپێشچوونی خێرا بە خۆوە دەبینێت لە قەبارە و گرنگیدا. دەکرێت قوتابخانە ئەهلیەکان ئەوە قورساییەی لەسەر شانی قوتابخانە حکومەییەکانە کەمبکاتەوە لە رێگەی کەمکردنەوەی نەبوونی کەمی بینای قوتابخانە و هەروەها دابینکردنی نمونەیەک بۆ خوێندنێکی کواڵیتی بەرز. هەروەها دەتوانن خوێندن بۆ ئەو خێزانانەی رەوەندی کوردی کە دەگەرێنەوە بۆ کوردستان و منداڵاکانیان بە سیستەمی جیاوازتر خوێندویانە پێشکەش بکات، هەروەها بۆ ئەو هاوڵاتیە بێگانانەش کە بونیان لە هەرێمی کوردستان پێویستە بۆ بەرەو پێشچوونی هەندێک کەرتی ئابووری. لە ساڵی 2010 تا 2013 ژمارەی قوتابخانە ئەهلیەکان و ئەو قوتابیانەش کە ناوی خۆیان لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا تۆمار کردووە دوو هێندە زیادیکردوە ، وەرێژەی سەرجەم خوێندکاران لە قوتابخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە رێژەی 2.5 زیادیکردوە.

لە ساڵی 2013 دا یاسا و رێنمایی نوێ بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان دەرچوو بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی ژێرخانی قوتابخانە ئەهلیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی نوێ کارێکی ئاسان نیە، هەروەها نیگەرانی ئەوەش لە ئارادایە کە رەنگە قوتابخانە ئەهلیەکان بە هەمان کواڵیتی باش بەردەوام نەبن. بۆ لێکۆڵینەوە لەم نیگەرانیانە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ لێپرسراوان و سەرپەرشتیاران و ستافی قوتابخانە ئەهلیەکان ئەنجامدا سەبارەت بە قوتابخانە ئەهلیەکان، مەشقی ئێستا، ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها پێداچونەوەمان بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەو کارانەی بۆ چاودێریکردن و هاوکاریکردنی قوتابخانە ئەهلیەکان پەیرەو دەکرێن لە دە وڵاتدا ئەنجامدا. لەو وڵاتانەی پێداچونەوەیان بۆ کرا رێژەی خوێندکاران لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا جیاوازە بە رێژەی 1 تا 64. هەندێک وڵات بەشێوەیەکی سادە قوتابخانە ئەهلیەکان رێکدەخەن، لە کاتێکدا هەندێک وڵاتی تر داواکاری قورسیان هەیە بۆ نمونە داوا لە قوتابخانە ئەهلیەکان دەکەن پرۆگرامی نیشتمانی فێری خوێندکاران بکەن یان هەندێک بابەتی تایبەت پێشکەش بکەن کە جێگەی بایەخی نیشتمانی بن. ئەو وڵاتانەی یاسای توند پەیرەو دەکەن رەنگە بۆ ئەوەبێت تا جەخت لەسەر بەردەوامی کواڵیتی خوێندن، هەلی یەکسان، فێرکردنی بەهای نیشتمانی بکەنەوە. شێوازی چاودێریکردن دەگۆرێت لە هەڵسەنگاندنێکی سادەوە لەلایەن خودی

قوتابخانەکە خۆیەوە بۆ پشکنینی قوتابخانەکە لەلایەن سەرپەرشتیارێکی دەرەکیەوە یان تێکەڵکردنی هەریەک لەم دوو شێوازە. لە کۆتاییدا وڵاتان لە دابینکردنی هاوکاری بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان جیاوازن، هەندێ وڵات بەشێک لە کرێی خوێندن یان هەمووی بۆ خوێندکاران لە قوتابخانە ئەهلیەکان دەدەن، هەندێک وڵاتی تر هیچ هاوکاریەک یان هاوکاریەکی سنورداری قوتابخانە ئەهلیەکان دەکەن بۆ نمونە وەک دابینکردنی کتێب یان پاسی هاتوچۆ.

بۆ باشتر کردنی بەرێوبردنی قوتابخانە ئەهلیەکان و هاندانیان بۆ بەرەوپێشچوون لە هەرێمی کورستانی عێراق پێشنیار دەکەین وەزارەتی پەروەردە

- باشتر سیاسەت و ڕێساکانی ڕابگەیەنێت لە کاتی ئامادەکردنی نامیلکەی ڕێنمایی قوتابخانە ئەهلیەکان کە بریتین لە یاسا، ستراتیجیەت و ڕێنمایی، پێداویستیەکانی پێشکەشکردن، هەنگاوەکان، پەیوەندیکردن و فۆرم.
- هەمان سیستەمی دڵنیایی جۆری بۆ چاودێریکردنی قوتابخانە ئەهلیەکان و قوتابخانە حکومیەکان بەبهێنرێت لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی خۆیی قوتابخانەکە و پەرەسەندنی پلانەکانی بەرەوپێشبردن، لەگەڵ پشکنینی ورد بۆ ئەو قوتابخانانەی چالاکیان لاوازە.
- داواکراوە منداڵی کورد لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا ئەو بابەتانە بخوێنێن کە گرنگن بۆ هەرێمەکە وەکو کوردی، عەرەبی، مەدەنی ، مافی مرۆڤ ، هەروەها دەبێت هەمان تاقیکردنەوەی وزاری قۆناغی 12 ئەنجامبدەن کەلە قوتابخانە حکومیەکاندا ئەنجامدەدرێن.
- ڕونکردنەوەی ڕێنمایی و پێداویستیەکانی دامەزراندنی مامۆستا لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا وەکو بوونی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یەکێک لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان یان بوونی بڕوانامە لە کۆلیجێکی مامۆستایان، هەروەها کۆپیەک لە پشکنینی پێشینەی تاوان کە لە وڵاتی خۆیدا ئەنجامدرابێت، هەروەها پێشنیاری زیادکردنی مەرجێکی تر دەکەین ئەویش پاپەندکردنی مامۆستایان بەوەی یەک کاریان هەبێت( ئێستا زۆرێک لە مامۆستایان لە هەردوو قوتابخانەی ئەهلی و حکومیش وانە دەڵێنەوە).
- لەبەر چاوگرتنی هەڵبژاردەکان بۆ هاندانی گشتی یان کەمکردنەوەی بۆ قوتابخانەی ئەهلی وەکو پێدانی قەرز بۆ زەوی، بیناکردن، دەستپێکردنی کارەکان، پێدانی کرێی خوێندن بۆ منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا، هەروەها دابینکردنی کتێب و کەل و پەلی تر.

## هەڵسەنگاندنی مەشق و ڕاهێنانی ئەنجامدراوی مامۆستا

بۆ هەڵسەنگاندنی جۆر و ناوەڕۆکی مەشق و ڕاهێنانەکان پێداچونەوەمان بە زانیارییە ئیداریەکاندا کرد لە یەکەی مەشقکردن، هەروەها چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ستافی وەزارەتی پەروەردە کە لەو بوارەدا کار دەکەن ئەنجامدا، هەروەها چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەرێوەبەرو مامۆستایانی 16 قوتابخانە ئەنجامدا، هەروەها ئەنجامەکانی ڕاپرسی ساڵی 2010 ی ئەو مامۆستایانەی بەشداری ئەو مەشقانەیان کردبوو وە ئەو مەشقانەی‌شی کە پێویستن شیکارکرد.

هەرێمی کوردستانی عێراق شەش جۆر مەشقی ئەنجامدراوی مامۆستایانی هەیە: مەشق بەپێی پسپۆری، مەشقی پەرەپێدانی تواناکان، مەشقی ڕابەرایەتیکردن و بەڕێوەبردن، مەشق بۆ سەرپەرشتیاران، مەشق لە بابەتی بەرێوەبردندا، مەشق لە بواری بەڵێندەرایەتیدا هەروەها چەند مەشقێکی تریش. پرۆگرامی مەشقەکان جیاوازن لە 5 ڕۆژەوە بۆ 20 ڕۆژ، هەرچەندە هەندێک مەشق لەوانەیە کورتر بن دوو تا سێ ڕۆژ بخایەنێت وە هەندێکیتر درێژتر بن 30 تا 40 ڕۆژ بخایەنێت. مەشقی مەشقپێکەران شێوازێکی سەرەکیە لە گواستنەوەی ڕاهێنان و مەشقی ئەنجامدراو. ئەوانەی ئەو مەشقانە دەڵێنەوە بریتین لەو سەرپەرشتیارانەی کە نیو دەوامیان هەیە، ئەمەش وەک تەواوکاری ئەو ئەرکەیانە کە دەچن بۆ پشکنینی قوتابخانەکان. لە چاوپێکەوتنەکاندا مامۆستایان پرسیاریان لەسەر ئامادەکردنی توانای مەشقپێکەران کرد.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی ئەوانەی بەشداریان لە مەشقدا کردووە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بە نزیکەی 17,000 لە 2013 دا بە تێپەڕبوونی کات بە هۆی گۆڕینی پرۆگرامەوە وە بەم دواییانەش بە هۆی دەستپێشخەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە زیادیکردووە. بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان مەشق و ڕاهینانی نوێیان نەبینیوە، وە زۆرێکیش لەوانەی مەشقیان بینیوە

پێیانوایە سودێکی ئەوتۆی بۆ خۆیان هاوپیشەکانیان نەبووە. مامۆستاکان ئاماژەیان بەوەداوە کە زۆر پێویستیان بە مەشقە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان، پەرەپێدانی پلانی وانەکان، بەکارهێنانی مادەی پرۆگرام و چوارچێوەکانی. هەروەها مامۆستاکان گازندەیان لەسەر دۆخی پۆلەکان (گەورەیی پۆلەکان لە ڕووی قەبارەوە و کەمی کات) دەکرد کە بواریان پێنادات ئەو شێوازەی پەیوەستە بە ناوەند کردنی خویندکارو بە کارهێنانی تەکنەلۆجیای پێویست بەکاربهێنن. مەشقکردن ئالۆز دەبێت بە هۆی ئەو ڕاستیەی کە زۆرێک لە مامۆستاکان لە دەرەوەی پسپۆری خۆیان وانە دەڵێنەوە بە هۆی زۆری ژمارەی خوێندکاران و داواکاری پرۆگرامی نوێوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو مامۆستایانە گونجاو نین مەشق لەو بابەتانەدا وەربگرن.

لە نێو ڕاسپاردەکانی تردا پێشنیاری دەکەین وەزارەتی پەروەردە

- پێکەوەبەستنی مەشق و ڕاهێنانەکان بە ستراتیجیەکی فراوانەوە بۆ بەرەوپێشبردنی توانای مامۆستاکان تا بە شێوەیەکی کاریگەر بتوانن ناوەڕۆکی بابەتەکان، پلانی وانەکان و بەکارهێنانی ڕێنمایی پراکتیکی دروست لە پۆلە گەورەکاندا بگەیەنن.
- گۆڕینی ئەوانەی وانەی مەشقەکان دەلێنەوە لە نیو دەوامەوە بە پسپۆری دەوامی تەواو.
- پێدانی پێشینە لە مەشق و ڕهێنانەکاندا بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی زانست و بیرکاری و زمانەکان، هەروەها مامۆستاکان زیاتر سوود لە ڕێنمایی سەرپەرشتیکردنی بەردەوام و وانەوتنەوەی نمونەیی وەردەگرن لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆگرامی نوێدا.
- لە مەشق و ڕاهێنانەکاندا دۆخی ئێستای پۆلەکان لەبەر چاوبگیرێت لە کاتی بەکارهێنانی شێوازی فێرکردندا. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پۆلەکان زۆرن بەڵام ڕووبەرەکەیان سنورداره ئەمەش وادەکات بەکارهێنانی فێربوون بە شێوازی بە ناوەندکردنی قوتابی قورس بێت بۆ نمونە وەک دروستکردنی گروپات یان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە ناو پۆلدا.
- بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەڵسەنگاندن بۆ پێداویستیەکانی مەشق ئەنجامبدرێت، بۆ نمونە لە ساڵێکدا دوو جار ڕاپرسی بە مامۆستایان بکرێت، شێوازی هەڵسەنگاندنی خۆیی لەلایەن مامۆستاوە کە ئێستا ئیشی پێدەکرێت، هەروەها هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە لایەن سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەرانەوە دەکرێت وەک هەڵسانگاندنێکی باش بۆ پێداویستیەکانی مەشق سودیان لێوەربگیرێت.
- هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنان ئەنجامبدرێت بۆ هەر بەرەوپێشبردنێک کە پێویست بێت لە ڕووی پلان و جێبەجێکردنەوە.

## هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی 12

لەگەڵ ئەو پێشینانەی کەلەسەرەوە تێبینی کران، ڕەنگە وەزارەتی پەروەردە بیەوێت بەردەوامبێت لە بەرەوپیشچوونەکانی لە بەرەو پێشبردنی کوالێتی و فراوانکردنی ڕێگاکان لە پەروەردەدا. وەزارەتی پەروەردە ژمارەیەکی زۆر پلانی خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام پێویستی بە کات و هەوڵی بەردەوام هەیە تا بگاتە ئەنجام. حاڵی حازر وەزارەتی پەروەردە پرۆگرامێکی ستانداردی هەڵبژاردەی نیە، بەڵام دەتوانێت هەلسەنگاندن بۆ دەستکەوتی تاقیکردنەوکان ئەنجامبدات بەبەراورد بە ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی ئەو ستاندرانە. بۆ زیادکردنی توانای شیکارکردنی زانیارییەکان کە پێویستن بۆ هەوڵەکانی دڵنیایی جۆری دەکرێت وەزارەتی پەروەردە بەشی توێژینەوەو لێکۆلینەوە دابمەزرێنێت. بە هۆی ئەو زیادبوونە خێراییەی لە خۆتۆمارکردن بۆ قوتابخانە دواناوەندیەکان ڕوویداوە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ کوالێتی ئەو خوێندنانە بکات بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندیان بە بازاڕی کارەوە یان ئامادەکاری بۆ زانکۆ. لە کۆتاییدا وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆکاندا بکات و بە پێی پێویست پێداچونەوەیان بۆ بکات بۆ لەبەر چاوگرتنی خواستی خوێندکار و قوتابخانەکان.

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە هاوکاری کردین لەم لێکۆڵینەوەیەدا. بەتایبەتی زۆر سوپاسی دکتۆر علی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دکتۆر عیسمەت محمد خالد وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ ڕێنمایەکانیان و هاوکاری کردنیان.

هەرچەندە هاوکاری و زانیاری و فیدباکمان لە زۆرێک لە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە، بە لام بە تایبەتی زۆر سوپاسی بەڕێز زاگرۆس سیوەیلی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانان، هەروەها بەڕێز نەوزاد عقراوی بەڕێوبەری نوسینگەی وەزیر لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین.

تیمی ڕابەریەتی وەزارەتی پەروەردە ڕاوێژکاران، بەڕێوەبەرە گشتیەکان ژمارەیەک بەڕێوبەری تر کە پێشبینی و بیرۆکە و داتای بەسودیان پێداین. ڕاوێژکاران بەڕێز زیاد عبدالقادر احمد، بەڕێز کەوکاز حسین عزیز، دکتۆر احمد محمد مام عوسمان قەرەنی، دکتۆر نەهرۆ سعید عبدالله، بەڕێز برنادیت بەتروس جبرائیل، هەروەها بەڕێز فخرالدین بهاءالدین. بەڕێوەبەرە گشتیەکان بەڕێز یوسف عوسمان یوسف بەڕێوەبەری گشتی پلانی پەروەردە، بەڕێز برهان عبداالله عادل ئەرگۆشی بەڕێوەبەری دیوان، بەڕێز احمد محمد عوسمان قەرەنی بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان، بەڕێز احمد سمایل رەحمان بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی دواناوەندی، بەڕێز هەڵۆ احمد محمد بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و چالاکیەکان، بەڕێز ئاراز نجم الدین عبدالله بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام، بەڕێز باپیر بکر باپیر بەڕێوەبەری گشتی تاقیکردنەوەکان، بەڕێز ابراهیم بایز بەڕێوەبەری گشتی ڕاهێنان و پەیمانگاکان، بەڕێز جلال حمزە کاکەشین بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هەروەها بەڕێز نەهرۆ سعید عبدالله بەڕێوەبەری گشتی بیناکردن. هەروەها سوپاسی بەڕێز کافی عتاالله احمد بەڕێوەبەری ئامار، بەڕێز دانا محمد خدر بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەهلیەکان، بەڕێز دڵشاد عبدالله حسین یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی مەشق و ڕاهێنان، هەروەها بەڕێز ڤیان رشید عەرەب بەڕێوەبەری دلنیایی جۆری دەکەین.

هەروەها پێمان خۆشە سوپاسی بەڕێز بەشدار مەولود منسقی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە بکەین بۆ هەوڵەکانی لە ڕێکخستنی گەشتەکەمان و کۆکردنەوەی داتاکاندا.

هەروەها زۆر بەڕێوبەر و مامۆستای دڵسۆز لە قوتابخانە ئەهلی و حکومیەکانی هەرێمی کوردستان — عێراق کە شارەزایی و نیگەرانیەکانی خۆیان پێ ڕاگەیاندین ئەوانیش شایانی سوپاس و پێزانین.

سوپاسی هاوپیشەکانمان لە دامەزراوەی رەند بۆ پەروەردە دەکەین وەک بێنۆیت گورین کە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر چۆنێتی بەڕێوبردنی قوتابخانە ئەهلیەکان لە وڵاتانی تردا ئەنجامدا، ئلواتۆلا ئلواتۆلا کە شیکاری بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی لە وڵاتانی تردا کرد، ئێریک ڕۆبنسۆن کە شیکارکردنی داتاکانی ئەنجامدا، کلیفۆرد گرامیچ کە بووە هۆی ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی ڕاپۆرتەکە دەکەین. دۆنا وایت کە ئەرکی داڕشتنی ژمارەیەک ڕاڤەی ئەم نوسراوەی بە شێوەیەکی زۆر ورد و نایاب ئەنجامداوە. زۆر سوپاسی دەکەین.

لە کۆتاییدا سوپاسی دکتۆر گبریلا گۆنزالس و دکتۆر لورسیا سەنتیبانز، کە پێداچونەوەیان بە نوسینەکاندا کرد و زۆر پێشنیاریان خستە ڕوو وە زۆر پرسیاریشان وروژاند کە بووە هۆی بەرەوپیشبردنێکی بەرچاوی ئەم نوسراوە.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ADEC | ڕاوێژکاری پەروەردەی ئەبو زەبی |
| CPE | ڕاوێژکاری خوێندنی ئەهلی |
| D | بەڕێوبەرایەتی |
| DG | بەڕێوبەری گشتی |
| ECRI | دەستەی ئەوروپی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری |
| GD | بەڕێوبەرایەتی گشتی |
| IEC | پەیمانگای پەروەردەی کۆمپیوتەر |
| K-12 | باخچەی ساوایان تا قۆناغی 12 |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان — عێراق |
| MOD | وەزارەتی پەروەردە |
| MOHECR | وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| MOLCA | وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی |
| NAEQAA | دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ دڵنیایی جۆری پەروەردەی باوەڕپێکراو |
| NYSAIS | دامەزراوەی نیویۆرک بۆ خوێندنی سەربەخۆ |
| OECD | ڕێکخراوی گەشەسەندنی ئابووری وهاوکاری |
| OFSTED | نوسینگەی خوێندنی ستاندارد |
| PD | پەرەپێدانی پسپۆری |
| PISA | هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندکارانی نێودەوڵەتی |
| PPP | هاوبەشی حکومی و ئەهلی |
| PRE | پلان ، توێژینەوە ، هەڵسەنگاندن |

| | |
|---|---|
| PRP | داواکاری بۆ پیشنیار |
| SQA | پلانی بەرەو پێشبردنی قوتابخانە |
| SQA | سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری |
| TIMSS | ئاراستەی لێکۆڵینەوەی بیرکاری و زانستی نێودەوڵەتی |
| TOT | مەشقی مەشقپێکەران |
| TVET | مەشق و خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی |
| UAE | ئیمارات |
| U.K. | شانشینی یەکگرتوو |
| UNDP | پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان |
| UNIESCO | ڕێکخراوی پەروەردە و زانست و کلتوری نەتەوە یەکگرتووەکان |
| UNICEF | سندوقی منداڵان لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە |
| USAID | دەزگای ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێو دەوڵەتی |

# پێشەکی

لەوەتەی 2008، حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) چاکسازیەکی گەورەی ئەنجامداوە لە سیستەمی پەروەردەیی تا پۆلی 12 (K–12) لە هەرێمی کوردستان — عێراق (KRI). حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوێکی خوێندنی زۆر ووردتری خستە کار، بە تایبەتی لە زانست و بیرکاری. داوای ئەوەیکردن لە پۆلی یەکەوە بابەتی ئینگلیزی بخوێنرێت، خوێندنی کردە ناچاری تا پۆلی 9 لە بری پۆلی 6، دوو تاقیکردنەوەی نیشتیمانی داهێنا لە پۆلەکانی 9 و 12، و ئەوەی سەپاند کە گشت مامۆستا نوێکان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت. پەروەردەی ئامادەکردنی مامۆستایانی لە پەیمانگاکانی مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی گواستەوە بۆ کۆلێژی مامۆستایانی تازە دروستکراو لە ژێر وەزارەتی خوێندنی بالآ و توێژینەوەی زانستی. دووبارەی سیستەمەکەی ڕێکخستەوە لە سێ ئاست (قۆناغی سەرەتایی لە پۆلی 1 بۆ 6، ناوەندی لە 7 بۆ 9 و دواناوەندی لە 10 بۆ 12) بۆ دوو ئاست، بنەڕەتی (1 بۆ 9) و قۆناغی دواناوەندی (پۆلەکانی 10 بۆ 12). لە کۆتاییدا، سیاسەتی داهێنا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەکە کە تیایدا قوتابیان لە پۆلەکانی سەرەتا دەمانەوە، بە ڕەتکردنەوەی داواکاری ئەوەی کە قوتابیان دەبێت تاقیکردنەوەی قۆلی 9 ببڕن بۆ پەروەردەی دواناوەندی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دامەزراوەی ڕاند کرد بۆ هاوکاری بە چەندین هەنگاو. لە ساڵی 2010، داوای لە ڕاند کرد بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای سیستەمی 12 قۆناغی و چاکسازیەکانی و بەربژاری پێشکەشکرد بۆ پێکانی ئامانجەکانی دەسگەیشتنی بەرز بووە و باشترکردنی کوالیتی پەروەردە (ڤێرنێز، کولبێرتسۆن، و کۆنستانت، 2014). ئێمە سێ ئەولەویاتی ستراتیجیمان دیاریکرد بۆ باشترکردنی سیستەمی 12 قۆناغی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرەتا، هەرێم پێویستی بە دروست کردنی قوتابخانەی پێویست بوو بۆ پڕکردنەوەی داواکاری شوێنی قوتابخانە نوێکان و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی. پێشنیاری ئەوەمان کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروست کردنی 2000 قوتابخانەی نوێی 18 پۆلی دەبێت لە دەیەی داهاتوودا. ئێستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستدەکات بە پلانێکی گرنگی دروست کردنی قوتابخانە بۆ هەنگاوی سەرەتایی 500 قوتابخانەی نوێ بۆ ئەوەی ئەم داواکاریە بەجێ بگەیەنێت.

دووەم، گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە هەرێم پێویستی بە باشترکردنی زانیاری و ئامادەکاری مامۆستایانی هەیە، لە کاتێکدا لە گەڵ بەرزکردنەوەی کاتی وانە ووتنەوە بە قوتابیانیان. ئەوەمان دۆزیەوە کە کەمتر لە سەدا 40ی مامۆستایان ووتیان کە بە شێوەیەکی باش ئامادە کراون بۆ بەکارهێنانی بابەت و چوارچێوەکانی پەیڕەوی نوێی خوێندن، یەک لەسەر سێی مامۆستایان باسیان لە وانە ووتنەوە کردوە لە دەرەوەی پسپۆری خۆیان. قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کاتی وانە ووتنەوەی تەواویان بۆ هەر یەک لە پەیڕەوە نوێکانی خوێندن تەرخان نەکردوە، کە زۆربەی قوتابخانەکان کەمتر لە 250 کاتژمێریان هەبووە لە ساڵێک بۆ وانە ووتنەوەی پۆل بەراورد بە قوتابخانەی زۆرینەی وڵاتانی تر ئەندام لە ڕێکخراوی هاریکاری و پەرەپێدانی ئابوری (OECD). لە بەرامبەردا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان دادەنێت بۆ ناوەندی ڕاهێنانی هەرێمی بۆ مامۆستایان و بە هەند وەرگرتنی درێژکردنەوەی ساڵ و ڕۆژی خوێندن.

سێیەم، ئەو ڕاستیەمان دۆزیەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەهێزکردنی هاندەر و لێپرسراویەتیە لە ڕێگەی دووبارە دارشتنەوەی سیستەمی ئێستا بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتکردن لە سەر ئەدا و بەرەوپێش چوونی مامۆستا و قوتابخانە، بەرزکردنەوەی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و

پێوانەکردنی دەستکەوت و بەرەوپێش چوونی قوتابی کاتێک کە ئەنجامەکان ڕادەگەیەنرێت. دامەزراوەی ڕاند سیستەمێکی زانیاری بەڕێوەبردنی پەرەپێداوە بۆ بەڕێوەبردنی داتا سەبارەت بە ئەدای سیستەمی پەروەردە بۆ پشتیوانیکردنی ئەمە.

لە دوای ئەم هەوڵە سەرەتاییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012 داوای لە دامەزراوەی ڕاند کرد کە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی (TVET)هەڵبسەنگێنێت، بۆ پشتیوانیکردنی پلانەکان بۆ باشترکردنی پەروەردەی تەکنیکی و پیشەیی لە ئاستی دواناوەندی بە دروست کردنی سێ ناوەندی نوێی پیشەیی و دوو ناوەی تەکنیکی بۆ پێگەیشتووان کە حەز دەکەن کارامەیی نوێ دەست بخەن، لە کاتێکدا لەگەڵ یەکخستنی پەروەردەی تەکنیکی بۆ سێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی (کۆنستانت و ئەوانی تر، 2014).) ئەوەمان دۆزیەوە کە لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان حەز بکات ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی دروست بکات بۆ باشتر هەماهەنگیکردنی سیاسەت و ڕێکخستنی پەیڕەوی خوێندنی پیشەیی لە سەرانسەری ئاستەکانی پەروەردە و فێربوون. دووەم، ئێمە پێشنیاری فراوانکردنی ڕۆڵی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی دەکەین لە ئاستی دواناوەندی بۆ ئەوەی باشتر پێویستیە ئابوریەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بێنێتەدی. سێیەم، بۆ باشتر هاوتاکردنی پرۆگرامەکانی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی لەگەڵ پێویستیەکانی خاوەنکاران و بەخشینی کارامەیی بەو کەسانەی بەدوای کار دەگەڕێن کە پێویستن، پێشنیاری ئەوەمانکرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری بە خاوەنکاران بکات لە دامەزراندنی پێوەرە پیشەییەکان و داواکاریەکانی لێهاتووییەکان و داڕشتنی پەیڕەوەکانی خوێندن. چوارەم، بۆ چاککردنی کواڵیتی پرۆگرامە پیشەییەکان، پێشنیاری بەرزکردنەوەی پەیڕەوەکانی خوێندنی کۆرسی گشتی، فێرکردنی زمان، و کارامەییە پەیوەستەکان بە تەکنەلۆژیای زانیاری، باشترکردنی تیمی کار و مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیار، و پێشکەشکردنی پرۆگرامەکانی ئەزموونی کرداری لە ڕێگەی وۆرکشۆپ، کاتی ڕاهێنان، شاگردی. پێنجەم، پێشنیاری ئەوەمانکرد کە وەزارەتی پەروەردە سیستەمێکی ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردنی دەروونی پەرەپێبدات بۆ یارمەتیدانی قوتابیان لە بڕیاردان سەبارەت بەوەی کامە جۆری قوتابخانەی دواناوەندی ئەکادیمی یان پیشەیی هەڵدەبژێرن و هەروەها بۆ یارمەتیدانی قوتابیان بۆ دەرچوون و گەران بەدوای کار.

لە سەر داواکاری وەزیری پەروەردە، ئەو کارەی لەم ڕاپۆرتە نمایشکراوە لە سەر لێکۆڵینەوەی پێشووتر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە بنیاتنراوە، بە دەسنیشانکردنی چوار بابەتی چاککردنی کواڵیتی جیاواز.

- *دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان*. چەندین بەڕێوەبەری باڵای وەزارەتی پەروەردە بڕوایان وایە کە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئێستا ناتوانێت چی تر بە شێوەیەکی کاریگەر پشتگیری سیاسەتی پرۆگرامی پەروەردەیی و گۆڕانکاریەکانی تر بکات، بە تایبەتی کاتێک کە وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت کردارەکان نامەرکەزی بکاتبۆ ئاستی پارێزگاکان. لە بەشی دووەم، پێداچوونەوە بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوەیی وەزارەتی پەروەردە دەکەین و پێشنیاری دانەیەکی نوێ دەکەین.
- *پەرەپێدانی سیستەمێکی دڵنیایی جۆری قوتابخانە*. دیراسەی یەکەممان بۆ سیستەمی 12 قۆناغیی ئەوەی نیشاندا کە نەبوونی هەڵسەنگاندنی گشتگیرە بۆ ئەداری هەر یەک لە قوتابخانەکان. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە گشتیانە پێویستن بۆ پشتگیری کردنی چاکسازیەکانی قوتابخانە. لە بەشی سێ، پێشنیاری سیستەمێکی چاودێریکردنی دڵنیایی جۆری قوتابخانە دەکەین و هەنگاوە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەمە دیاری دەکەین.
- *چاودێریکردنی کواڵیتی و هاندانی گەشەی قوتابخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق* . گەرچی قوتابخانە ئەهلیەکان پێکهاتەیەکی بچووکن لە سیستەمی پەروەردە و فێربوونی 12 قۆناغیی، ژمارەیان زۆر بەخێرایی زیاد دەکات. بەم دواییانە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی نوێی پەسەند کردوە بۆ پشتیوانی کردن و ڕێنوێنیکردنی پەرەپێدانی قوتابخانە ئەهلیەکان و دەیەوێت دڵنیا بێت لە کواڵیتیان. لە بەشی چوار، پێداچوونەوە بۆ گەشەی قوتابخانە ئەهلیەکان دەکەین، کێشەکانی یاسا نوێکە و ڕێنماییەکان دەسنیشان دەکەین دەربارەیان، و پێشنیاری ڕێگە دەکەین بۆ چاودێریکردن و پشتیوانیکردنی فراوانکردنی ئەم جۆرە قوتابخانانە.

- هەڵسەنگاندنی *ڕاهێنانی مامۆستا*. دیراسەی سەرەتامان ئەوەی دۆزیەوە کە زانیاری ناوەرۆکی مامۆستای بۆ پەیڕەوی نوێی خوێندن و کارامەییە ڕێنماییکارەکان کێشەی گرنگن بۆی لە سیستەمی 12 قۆناغی. لە بەشی پێنج، هەڵسەنگاندن بۆ ڕاهێنانەکانی پێشووی کاتی کارکردن دەکەین و پێشنیاری ڕێگە دەکەین بۆ چاککردن و دووبارە پێکهێنانەوەی.

دەست دەکەین بە پێشکەشکردنی باکگراوندێکی کورت دەربارەی هەرێمی کوردستان—عێراق.

## باکگراوند

هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆیە لە باکوری عێراق، کە هاوسنووره لەگەڵ ئێران لە لای خۆرهەڵات، تورکیە لە باکور و سووریا لە خۆرئاوا. لە قەبارەدا هاوشێوەیە لەگەڵ هۆڵەندا یان سویسرا. هەرێمی کوردستانی عێراق بە سەر سێ پارێزگا دابەش بووە، دهۆک، هەولێر و سلێمانی، هەر یەکەیان شارێکی گەورەی هەیە بەم ناوانە. (شێوەی 1.1) هەر یەک لەم پارێزگایانە بە سەر چەند قەزایەک دابەش بووە، بۆ کۆی 33 قەزا. هەر یەک لە قەزاکان بە سەر چەند ناحیەیەک دابەش بووە. هەر یەک لە قەزا و ناحیەکان ئەوە قەزایەکی ناوەندیی هەیە.

**شێوەی 1.1**
**سنووری جوگرافی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان**




RAND *RR960-1.1*

## ئابوری، دانیشتوان، و هێزی کار

ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن دامەزراندنی حکومەت، دروستکردن، بازرگانی تاک فرۆشی و کۆمەڵفرۆشی، و کشتوکاڵەوە بەڕێوەدەبرێت. هەروەها پیشەسازی نەوتیشی هەیە کە لە قۆناغی گەشەسەندندایە. ئاسایش و سەقامگیری ڕێژەیی هەرێمەکە ڕێگەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوە کە سیستەمی نیشتەجێکردن، گواستنەوە، ووزە باشتر بکات بۆ باشترکردن و فراوانکردنی خزمەتگوزاریەکان لە ساڵانی ڕابردوو.[1] لە کاتی ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەدا 17ی بوودجەی حکومەتی عێراقی وەردەگرێت دوا کەمکردنەوەکانی بەرگری و خزمەتگوزاریە نیشتیمانیەکانی تر.[2]

هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێشبینیکراویی نزیکەی 5 ملیۆن دانیشتوانی هەبووە لە 2012[3] دانیشتوانی هەرێمەکە گەنجە، کە لە سەدا 50ی لە ژێر تەمەنی 20 ساڵیدایە. ڕێژەی نەخوێندەواری بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرزە: لە سەدا 11ی نێرینە و لە سەدا 27ی مێینەی تەمەن 20 بۆ 29 ساڵان نەخوێندەوارن، وەک لە سەدا 28ی نێرینە و لەسەدا 43ی مێینەی تەمەن 30 ساڵ و بەرەو سەروو نەخوێندەوران.[4]

لە نێو دانیشتوانی گەنجانی تەمەن 15 ساڵان یان زیاتر، بەشداریکردنی دانیشتوانی پێگەیشتوو لە هێزی کار نزمە، نزیکەی لە سەدا 38ە. نزیکەی دوو لە سەر سێی پیاوان لە هێزی کاردان، بەڵام تەنها لە سەدا 12ی ئافرەتان لە هێزی کارن. ئەم جیاوازیە ڕەگەزیانە لە ڕێژەکانی بێکاریش هاوشێوەن. بێکاری نێرینە نزیکەی لە سەدا 5ە، و بێکاری مێینەش چوار هێندەیە، کە لە سەدا 20ە. بێکاری لەنێو گەنجان زیاترە لە دوو هێندەی ڕێژەی لە سەدا 7ی ڕێژەی بێکاری کۆی دانیشتوان.

نزیکەی نیوەی دانیشتوانی خاوەنکار لە کەرتی حکومی کاردەکەن. لە سەدا 13ی کەسانی دامەزراو لە بواری بنیاتنان کاردەکەن، لە سەدا 11 لە بازرگانی کۆفرۆشی و تاک فرۆشی، و لە سەدا 6یان لە بواری کشتوکاڵ، و لە سەدا 6یان لە گواستنەوە و گەیاندن، و لە سەدا 1یان لە دروستکردن کاردەکەن (ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، 2012)

## پەروەردە

سێ وەزارەت و هەندێک دامەزراوەی تایبەت پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق پێشکەش دەکەن. وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیارە لە پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی، بەلەخۆگرتنی پەروەردەی پیشەیی دواناوەندی. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرپرسیارە لە پەروەردەی تەکنیکی و ئەکادیمی دوو ساڵە و چوار ساڵە لەگەڵ خوێندنی باڵای دوای دەرچوون. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارە لە ڕاهێنانی گەوران بۆ قۆناغی دوا ناوەندی.

### پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی

وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێک چاکسازی پەروەردەی 12 قۆناغی لە ساڵەکانی 2008-2009 پێشکەشکرد. خوێندن تا پۆلی 6 بە ناچاری بووە بەڵام ئێستاکە تا پۆلی 9 بە ناچاریە. پەیڕەوێکی خوێندنی نوێ و زۆر ووردتر لە سەرانسەری گشت پۆلەکان جێبەجێکراوە. سێ ئاستەکەی پێشووتری سەرەتایی (لە پۆلی 1 بۆ 6)، ناوەندی (لە 7 بۆ 9) و دواناوەندی لە (10 بۆ 12) بۆ دوو ئاست، بنەڕەتی (1 بۆ 9) و قۆناغی

---

1 لەوەتەی 1991ەوە، نزیکەی دوو لە سەر سێی 4500 گوندە تێکدراوەکان لە لایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە دووبارە نۆژەنکراونەتەوە.

2 ئەم ڕێژە سەددیە خەمڵنراوە یەکسان بێت بە پشکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق. هەرچۆنێک بێت، ڕێژەی ڕاستەقینەی قەبارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، لە بەرئەوەی هیچ سەرژمێریەکی نیشتیمانی لەم دەیانەی ڕابردوودا ئەنجام نەدراوە.

3 ئەم خەمڵاندنە لە سەر ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی ساڵی 2012 بنیاتنراوە. هیچ سەرژمێریەکی دانیشتوان بەم دواییانە ئەنجام نەدراوە.

4 نەخوێندەواری بەوە پێناسەکراوە کە توانات نەبێت بۆ خوێندنەوە و نووسین لە زمانی سەرەکی خۆت.

دواناوەندی (پۆلەکانی 10 بۆ 12) دارێژراوەتەوە. لە ئاستی دواناوەندی، قوتابیان دەتوانن دانەیەک لە دوو ڕێچکە هەڵبژێرن، پیشەیی یان دواناوەندی، کە زۆرینەیان دواناوەندی هەڵدەبژێرن.

مامۆستایان داواکراون کە ئاستی باڵاتری خوێندن تەواو بکەن بەراورد بە چاکسازیەکانی بەر لە 2008، کە ئێستا مامۆستا نوێکان دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت. پێشووتر، مامۆستایان دەیانتوانی بڕوانامەی پەیمانگاکانی مامۆستایانیان هەبێت، کە پرۆگرامی 5 ساڵە بوو کە لە دوای پۆلی 9ەوە دەستی پێدەکرد و بەردەوام دەبوو لەگەڵ ئاستی پەیمانگایەکی دوو ساڵی دوای پۆلی 12. هەروەها وەزارەتی پەروەردە سیاسەتی دارشت بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕێژەیەی تیایدا قوتابیان لە پۆلەکانی سەرەتادا دەمانەوە و دوو تاقیکردنەوەی نیشتیمانی داهێناوە.

لە ساڵی 2011-2012، 356 باخچەی ساوایان، 4,598 قوتابخانەی بنەڕەتی، و 816 قوتابخانەی دواناوەندی هەبوون، لەگەڵ 32 قوتابخانەی پیشەیی ئاستی دواناوەندی. هەموو بەیەکەوە، ئەم قوتابخانانە کۆی 1.5 ملیۆن قوتابیان لەخۆ گرت بوو، بەرز بوونەوەیەک لە 1.1 ملیۆن لە 2004-2005 (شێوەی 1.2)، و لە لایەن 98,000 مامۆستاوە وانەیان پێدەوترێت، کە لە ساڵی 2004-2005 60,000 مامۆستا بووە. ڕێژەی هەر مامۆستایەک بۆ قوتابیان 1 بۆ 15یە. ژێرخانی قوتابخانە شان بە شانی گەشەکان نەبووە. قوتابخانەکان لە گشت ئاستەکان قەرەباڵغن و لە دۆخێکی خراپی چاکردنەوەدان و زۆرجار بە دوو دەوامی کاردەکەن.[5] ئەم زیاد بوونە خێرایەی ژمارەی قوتابی و مامۆستایان لە سیستەمی قوتابخانە پاڵەپەستۆی زۆر خستۆتە سەر ژمارەی سنوورداری باڵەخانەکان و مامۆستا ڕاهێنراوەکان.

### خوێندنی باڵا

خوێندنی باڵاش بە خێرایی لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەشەی کردوە (شێوەی 1.2). بەر لە ساڵی 2004، هیچ زانکۆیەکی حکومی لە ناوەندی شارەکانی سێ پارێزگاکە نەبوو؛ لەو کاتەوە، حەوت زانکۆی تری حکومی دامەزراون، هەر یەکەیان لە ناوەندی قەزاکانی کۆیە، سۆران، گەرمیان، هەڵەبجە، زاخۆی، و ڕاپەڕین، لەگەڵ دانەیەکی تر لە هەولێر. چەندین زانکۆی ئەهلی لە دوای ساڵی 2003 ەوە کراونەتەوە، بەلەخۆگرتنی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و شەش زانکۆی تر لە هەولێر. وەزارەتی خوێندنی باڵا و

**شێوەی 1.2**
**بەشداری قوتابیان، بە پێی ئاستی خوێندن، 2007-2012**




سەرچاوەکان: MoE و MOHESR.
RAND RR960–1.2

5 بۆ هەڵسەنگاندنێکی نوێی پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەیری ڤێرنێز، کولبێرتسۆن، و کۆنستانت (2014) بکە.

توێژینەوەی زانستی 23 پەیمانگای تەکنیکی دوو ساڵی و دوو کۆلێژی چوار ساڵەی تازە کراوە بەڕێوە دەبات.

لە ساڵی 2012، نزیکەی 90,000 قوتابی لە زانکۆی حکومیەکان و پەیمانگا و کۆلێژە تەکنیکیەکان بوون، ڕێژەکە 55,000 بوو لە ساڵی 2006. قوتابیانی زانکۆ حکومیەکان و خوێندنی تەکنیکی دەنێردرێنە پەیمانگا و پرۆگرامە ئەکادیمی و تەکنیکیەکان لە سەر بنەمای نمرەکانیان لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ویزاری قوتابخانەی دواناوەندیان. بەگوێرەی هەرەمی تایبەتمەندی پسپۆری ئەکادیمی، زۆرترین نمرە دەنێردرێنە کۆلێژە پزیشکیەکان، دواتر کۆڵێژە ئەندازیاریەکان، و بەمە شێوەیە. ئەو قوتابیانەی دەچنە خوێندنی تەکنیکی ئەوانەن کە کەمترین نمرەیان هەیە.

#### ڕاهێنانی گەوران

ڕاهێنانی کارامەییە پیشەییەکان بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان 18 ساڵ یان زیاترە، ئەوانەی خوێندنی ناچارکەریان تەواو نەکردوە یان ئەوانەی دەیانەوێت هەندێک ڕاهێنانی پیشەیی بەدەست بێنن، ئەوە لە سێ سەنتەری ڕاهێنان دەبێت کە لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بەڕێوە دەبرێن. بەهۆی کێشەی شوێن و سەرچاوەکان، ئەم سەنتەرانە هەر جارە و ژمارەیەکی کەم بەشدار بوو وەردەگرن.

## دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

چاکسازی و باشترکردنەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان — عێراق پرسیاری دروستکردوە دەربارەی چۆنیەتی باشتر ڕێکخستنی وەزارەتی پەروەردە بۆ پشتیوانی کردنی جێبەجێکردنی ئەم هەوڵانە. وەزیری پەروەردە داوای لە دامەزراوەی ڕاند کردن پێداچوونەوە بە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئێستای وەزارەتی پەروەردە بکات، و ئامانجەکانی پێشبخات بۆ پێکهاتەیەکی نوێ، و پێشنیارکردنی جێگرەوە کە پێویستیەکانی ئێستای وەزارەتی پەروەردە و پلانە درێژخایەنەکان بەجێ بگەیەنێت.

بۆ ئەنجامدانی ئەم شیکاریە، ئێمە چەندین ڕێگە بەکاردێنین. یەکەم، پێداچوونەوەمان بۆ مێژووی ڕێکخراوەیی پەیوەندیدارمان کرد. دووەم، دیراسەی پێکهاتە و تایبەتمەندی ڕێکخراوەیی وەزارەتی پەروەردەمان لە شەش وڵات. سێیەم، ڕێکخستنی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەڵسەنگاند بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ 10 بەڕێوەبەری گشتی و 11 بەڕێوەبەری وەزارەتی پەروەردە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیان، ستافیان، و بەرپرسیاریەتیەکانیان بۆ مەبەستی دەسنیشانکردنی ئاستەنگەکان، کۆسپەکان، کەلێنەکان، هەلەکانی باشترکردن. هەروەها وۆرکشۆپێکمان ئەنجامدا لەگەڵ وەزیری پەروەردە و تیمی سەرکردایەتیەکەی بۆ وەرگرتنی فیدباک دەربارەی بەربژارەکانی دووبارە ڕێکخستنەوە.

### مێژووی دیزاینی ڕێکخراو

مێژوو پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە دیزاینی ڕێکخستنی کاریگەر سێ پێکهاتەی بەیەکەوەبەستراو بەهەند وەربگرێت: (1) هەرەمی دەسەلات، (2) دابەش بوونی کار، و (3) یاسا و ڕێوشوێنەکان (Weber, 1947; Rainey, 1997; Wyman, 1998; Bridgespan Group, 2009) دەکرێت ڕێکخراوەکان بە پێی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سێ پێکهاتەیە پۆلین بکرێن، واتە، شوێنی دەسەلاتی بڕیاردانی نێو ڕێکخراوێک، ئاڵۆزی، واتەی ڕادەی بوونی دابەش بوون بۆ کار لە نێو ڕێکخراوەکە؛ و بە فەرمیکردن، واتەی پلەی ڕێنوێنیکردنی هەڵس و کەوتەکانی ڕێکخراوەکە بەگوێرەی یاسا و ڕێوشوێنەکان.[1] دیزاینی ڕێکخراو جەخت دەکاتە سەر دوو بۆ چوار ئاستی ڕێکخراوێک، لەگەڵ تەرکیزی تایبەت لە سەر ڕۆڵ و پێکهاتەی کۆنترۆڵکردن و پرۆسەکان کە پێویستە بەکاربێن لە بڕیاردانە گرنگەکان. (Wyman, 1998)

مەبەستی ئەم دیزاینەی ڕێکخراوە بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکەیە بۆ بەدەستهێنانی دید و ئامانجە ستراتیجیەکان (Deloitte, 2008). دیزاینی ڕێکخراو دەتوانێت شێوەی هەڵس و کەوتی ستاف دیاری بکات لە ڕێگەی هاندان، تواناسازی، و بەهێزکردنی کەسەکان بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەن. بەگوێرەی ویمان (1998)، سەرکەوتنی ڕێکخراوێک پشت بە دەستخستنی زانیاری دروست بۆ کەسانی دروست و لە کاتی دروست دەبەستێت.

دیزاینی ناکارایی ڕێکخراوەیی، لەگەڵ بایەخنەدان بە چۆنیەتی دەسەلاتی بڕیاردان، ئاڵۆزی، و دروستکردنی کاریگەری کارا، دەتوانێت کێشەکانی ئەدا دروست بکات لە ڕێگەی کەمی هەماهەنگی، ناکۆکی لەرادەبەدەر، ڕۆڵی ناڕوون، گوزەری کار، کەمبوونەوەی وەڵامدانەوە (Wyman, 1998; Bridgespan Group, 2009). وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەرەمی دەسەلات،

[1] لەم شیکاریە، ئێمە جەخت دەکاتە سەر دوو پێکهاتەکەی یەکەم. پەرەپێدانی یاسا و ڕێککاریەکان لە دەرەوەی مەودای ئەم دیراسەیە بوو.

دابەشکردنی کار و دروستکردنی کۆمەڵەی پرۆگرام و ئەرکەکان، و یاسا و ڕێککاریەکان هەیە کە بگونجێنرێت بۆ کردار، ئامانج و هەنگاوەکانی.

### هەرەمی دەسەلات و بڕیاردان

ئەم پێکهاتەیە پرسیاری ئەوە دەکات کامە بڕیار گرنگە و پێویستە کێ بەرپرسیار بێت بۆ ئەنجامدانیان. داوای پێناسەکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی بەرەو خوارەوەی هەرەمی ڕێکخراوەیی دەکات. پێکهاتە مەرکەزیەکان جەخت دەکاتە سەر دەسەلاتی سەرەوە، لە کاتێکدا پێکهاتە نا مەرکەزیکراوەکان ڕێگە بە دەسەلات و بڕیاردان شۆڕ بێتەوە خوارەوە. لە تەرخانکردنی بەرپرسیاریەتیەکانی دەسەڵات و بڕیار، هەروەها سوودبەخش دەبێت کە دوو جۆری بڕیار لە یەکتر جیا بکرێنەوە: دەستپێکردنی سیاسەت یان پێشنیار و هەڵبژاردەی سیاسەت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت لە لایەکەوە و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی سیاسەتە لە لایەکی ترەوە (Hosek and Cecchine, 2001).

پێداچوونەوە بە پێشینەی زیاتر لە 150 لێکۆڵینەوە و ڕێکخراو لە هەردوو کەرتی تایبەت و حکومی، هۆسێک و سێچین (2001) ئەم هۆکارانەی خوارەوەیان دەشنیشانکرد بۆ بایەخدان بە تەرخانکردنی دەسەلاتی بڕیاردان لە هەر ڕێکخراوێک:

1. *شوێنی زانیاری تایبەت.* ئەگەر بەڕێوەبەری یەکەکان زانیاری گرنگیان هەبێت کە نەکرێت بە ئاسانی بگەیەنرێت بۆ ئاستە بەرزەکان، ئەو کات بڕیاردان دەبێتە نا مەرکەزی.
2. *سوودەکانی بڕیاردانی خێرا.* بڕیاردانی مەرکەزی وادەکات کە ڕێکخراوە گەورەکان خاو بن لە بەرئەوەی پێویستی بە پەیوەندیکردنی زیاترە.
3. *ڕاهێنان و هاندان (هاندەرەکان)ی کارمەندان و بەڕێوەبەران.* بەڕێوەبردنی نامەرکەزی پێویستی بە بەڕێوەبەری یەکەی باش ڕاهێنراو و هاندراو هەیە.
4. *داواکاری و تێچووەکانی هەماهەنگی لە سەرانسەری یەکە لاوەکیەکان.* ئەگەر گواستنەوەی زانیاری کەم بێت، ئەو کات بەڕێوەبەرە مەرکەزیەکان ناتوانن بڕیاری پڕ زانیاری بدەن و ناتوانن کاریگەرانە بیگەیەنن. ئەگەر هەماهەنگیی گرنگ لە سەرانسەری یەکەکان پێویست بێت، ئەو کات لەوانەیە بڕیارەکان لە سەر ئاستی بەرزتر بدرێن.
5. *توانای چاودێریکردنی بڕیار و دەرەنجامەکان.* ئەگەر بەڕێوەبەرەکان نەتوانن بەئاسانی چاودێری بڕیاردانی ئاستە نزمەکان بکەن، ئەو کات لەوانەیە حەز بکەن دەسەلاتی زیاتری بڕیاردان بۆخۆیان بپارێزن. ئەمە بە تایبەت بۆ دامەزراوە حکومیەکان ڕاستە بەهۆی داواکاریەکانیان بۆ لێپرسراویەتی گشتی.
6. *گۆڕانکاری تەکنیکی.* مەگەر زانیاری نوێی تەکنەلۆژی بکرێت بەئاسانی بگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرەکانی ئاستی خوارەوە، ئەو بڕیارانەی پەیوەستی هەڵبژاردەی تەکنەلۆژین پێویستە بە مەرکەزی بکرێن.

یەکێک لە گرنگترین بڕیارەکان لە دیاریکردنی هەرەمی بڕیاردان بریتیە لە بڕیاردان لە سەر *قەبارەی مەودای* کۆنترۆڵکردن لە سەرووی ڕێکخراوەکە (Woodward, 1965; Guadalupe, Li, and Wulf, 2012; Bandiera et al., 2014). مەودای کۆنترۆڵکردن ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو ستافەی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ یەک بەڕێوەبەر دەکات؛ کار دەکاتە سەر کۆی پێکهاتەی ڕێکخراوەکە، چۆن بڕیارەکان لە سەرانسەری ڕێکخراوەکە دەدرێن، کاریگەربوونی کارلێکەکان لەنێوان تیمی جێبەکێکار، و تەرخانکردنی بڕی جێگیری کاتی سەرۆی ڕێکخراوەکە کە هەیەتی (Mintzberg, 1979). تەرخانکردنی کات زۆر گرنگە لە دیاریکردنی کاریگەربوونی بەڕێوەبردنی بالا (Drucker, 2006). کاتی جێگیری بەردەست بۆ سەرۆکی ڕێکخراو لەوانەیە بۆ ئەم شتانە تەرخان بکرێت: (1) کاروباری ناوخۆیی ( کارلێک لەگەڵ تیمی جێبەجێکار، ستافی تر، کۆبوونەوەی ناوخۆیی پلان بۆدانراو)، (2) کاروباری دەرەکی ( کارلێک لەگەڵ کابینەکان، وەزارەتەکانی تر، یەکێتیەکان، و ڕێکخراوە پەیوەست بە دایکو باوکان؛ و دروست کردنی پشتیوانی بۆ فێربوون)، (3) کاتی تاکە کەسی (دانانی دید، بیرکردنەوەی ستراتیجی و پلاندانان، و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە چاوەڕوان نەکراوەکان کە پێویستی بە تەرکیز هەیە، کە ئەمە زۆرجار دۆخی دامەزراوە حکومییەکانە).

بەڵگەی کرداری لەسەر پەیوەندی نێوان قەبارەی مەوداوی کۆنترۆڵکردن و تەرخانکردنی کات زۆر کەمە. Bandiera et al. (2014) ئەوەیان دۆزیەوە کە سەرۆکی ڕێکخراوەکان کە مەودای بچووکتری کۆنترۆڵکردنیان هەیە کاتی زیاتر بۆ چالاکیە تاکە کەسیەکان تەرخان دەکەن و کاتی کەمتریش تەرخان دەکەن بۆ کاروباری ناوخۆیی، لەگەڵ نەبوونی هیچ گۆڕانکاریەک لەو کاتەی تەرخانی دەکەن بۆ کاروبارە دەرەکیەکان. زیادکردنی بەرپرسێکی کارکردنی سەرەکی کە جەخت بکاتە سەر بەڕێوەبردنی بڕیار کاتی زیاتر بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەبەخشێت بۆ چالاکی تاکە کەسی و کاروباری دەرەکی (Wulf, 2012). تیمی جێبەجێکاری بچووکتر بە شێوەیەکی ڕێکتر کارلێک دەکەن و زانیاری ئالوگۆڕ دەکەن (Hambrick, 1994). لێکۆڵینەوەکانی تر کە بە دوای دیاریکردنی قەبارەی ڕوونی مەودتی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی کۆی تێچووەکان (کات و پارە) بوونە گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە مەودای کۆنترۆڵکردن پێویستە لە ئاستەکانی خوارەوەی هەڕەمی ڕێکخراوەیی زیاد بکات (Keren and Levhari, 1979).

### دابەشکردنی کار

دابەشکردنی کار ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی جیاکردنەوە، یەکخستن و تێکهەڵکێشی چالاکیەکان و کردارەکان و ئەرکەکانی ڕێکخراوێک. پێویستی بە بایەخدانە بە دوو پێکهاتە: کۆمەڵکردن و بەیەکەوە بەستان (Wyman, 1998; Bridgespan Group, 2009). ئەم دوو پێکهاتەیە پێکهاتەی ڕێکخراو دروست دەکەن.

#### *کۆمەڵکردن (گرووپینگ)*

کۆمەڵکردن (گرووپینگ) ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن چالاکیە هاوشێوەکان لەیەکتر جیاکراونەتەوە و کۆمەڵکراون لە ژێر یەک سەرکردە یان بەڕێوەبەر. لەوانەیە چالاکیەکان بە پێی کردار (بۆ نموونە، پەرەپێدانی پیشەیی، پەرەپێدانی پەیڕەوی خوێندن)، دەرەنجام یان پرۆگرام ( بۆ نموونە پەروەردەی گشتی، پەروەردەی پیشەیی)، یان بە پێی بەکارهێنەر یان بەکاربەر ( بۆ نموونە، ئەو قوتابیانەی پێویستیان بە خزمەتگوزاری تایبەت هەیە) کۆمەڵ بکرێن. کۆمەڵکردن (گرووپینگ) گوزەری هەماهەنگی و زانیاری باشتر دەکات لە نێو کۆمەڵە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەربەست لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر دروست دەکات (Wyman, 1998; Bridgespan Group, 2009). دەشێت سێ ڕێگەی کۆمەڵکردن (گرووپینگ) بەکاربێت: *پێکهاتەیەکی کرداری، پێکهاتەی بەرهەم یان پرۆگرام،* و *پێکهاتەیەکی ماتریکس.* هەر یەکەیان ئالوگۆڕ یان سازشکردن لەخۆدەگرێت، وەک لە خوارەوە باسکراوە.

*پێکهاتەیەکی کرداری* ڕێکخراوە لە دەوروبەری کردارە سەرەکیەکان یان بەشە سەرەکیەکان و گونجاوترینە کاتێک ڕێکخراوێک تەنها چەند تەرکیزێکی پرۆگرامی کەمی هەبێت. وەزارەتەکانی پەروەردە کە بە پێی کردار ڕێکخراون لەوانەیە بەڕێوەبەری گشتی جیاوازیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی پەیڕەوی خوێندن، پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستا، و ئاڕاستەکردنی دەروونی قوتابی. کۆمەڵکردن (گرووپینگ) یارمەتی هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتیەکان دەدات کە لە بەرپرسیاریەتیەکان بگەن و لێپرسراویەتیان هەبێت بۆی. هەروەها دەتوانێت قووڵی کارامەییەکان بەرز بکاتەوە لە کردارێکی تایبەت لەگەڵ نوێکردنەوەی پیشەیی و تێچووە نزمەکان. هەرچۆنێک بێت، نەبوونی پەیوەندی لە سەرانسەری کردارەکان لەوانەیە ببێتە هۆی هەماهەنگی خراپ، و بڕیارە سەرانسەریەکان زۆرجار بەرەو سەرەوەی هەڕەمەکە پاڵیان پێوە دەنرێت بۆ بڕیارە مەرکەزیکراوەکان.

*پێکهاتەی بەرهەم یان پرۆگرام* گونجاوترینە کاتێک چالاکیەکانی نێو ڕێکخراوێک زۆر جیاوازن لە دانەیەکی تر، کە لەوانەیە ڕوو بدات کاتێک ئەندامانی ڕێکخراوێک پێویستیان بە کارامەییە جیاوازە، خزمەت پێشکەشی کڕیاری جیاواز دەکەن، یان بەرهەمی جیاوازیان هەیە. وەزارەتەکانی پەروەردە کە بە پرۆگرام ڕێکخراون لەوانەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی جیاوازیان هەبێت جەخت بکاتە سەر ئاستی جیاوازی قوتابی، وەک دایەنگە/باخچەی ساوایان، پەروەردەی بنەڕەتی، دواناوەندی و پیشەیی. ئەم پێکهاتەیە دەتوانێت قووڵی تێگەیشتنی نێو پرۆگرامێکی تایبەت بەرز بکاتەوە، هەروەها دەتوانێت هەماهەنگی نێوان کردارە پەیوەستەکان بە پرۆگرامەکانیش بەرز بکاتەوە کە بەرەو یەک ئامانج بن، و تەرکیزی ڕوون پێشکەش بکات بۆ لێپرسراویەتی بۆ ئەنجامەکانی پرۆگرامەکە. ئەم جۆرە پێکهاتەیە زۆرجار پێویستی بە کارامەیی بەهێزە لە لایەن سەرۆکی پرۆگرامەکان و لەوانەیە ببێتە هۆی هەندێک دووبارە بوونەوەی کرداریی. مەترسی ئەوەی هەیە کە لەوانەیە ڕێکخراوەکە هەمەلایەن ببێت لەبری ئەوەی یەکخراو بێت.

بە شێوەیەکی گشتی، ڕێکخستنە حکومیەکان، وەک وەزارەتەکانی پەروەردە، پێویسیان بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک پرۆگرام، کردار و تەنانەت ڕەهەندی جوگرافیشە، ئەوەی پێی دەوترێت *پێکهاتەی ماتریکس*. ئەم جۆرە پێکهاتەیە لەوانەیە هەندێک چالاکی ڕێکخراو لەخۆ بگرێت لەگەڵ هێڵی پرۆگرامیی و هەندێک چالاکی تری ڕێکخراو لەگەڵ هێڵە کرداریەکانی پرۆگرامەکان. لەم جۆرە ڕێکخراوانە، ئالوگۆڕی لەنێوان ڕوونی هێڵەکانی بڕیاردان، لێپرسراویەتی، و دوو هێندەکردنی کردارەکان زۆرجار ناکرێت خۆتی لێ دوور بگریت.

دەرەنجامە نەرێنیەکانی کۆمەڵکردن (گرووپینگ)، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، دەکرێت لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوە کەم بکرێتەوە.

**بەیەکەوە بەستنەوە**

بەیەکەوە بەستنەوە ئاماژەیە بۆ ڕێگەیەک بۆ یەکخستن، هەماهەنگیکردن و هاوبەشکردنی زانیاری لە سەرانسەری پرۆگرام و کردارەکان، توانادان بە سەرکردەکان ڕێنوێنی لە سەرانسەری ڕێکخراوەکە پێشکەش بکەن. لە زۆربەی ڕێکخراوەکان، بەرپرسیاریەتیەکانی سەرکردە باڵاکان بەیەکەوە بەستنەوەی یەکەکان لەگەڵ دەگرێتەوە لەگەڵ هاندانی هاریکاری (Bridgespan Group, 2009). سەرەڕای ئەمەش، بەیەکەوەبەستنەوەی خوازراو دەکرێت بەم ڕێگەیە ئەنجام بدرێت:

- *ڕۆڵی پەیوەندیەکان*. لە ڕۆڵی پەیوەندیەکان، کەسێک زامنی پەیوەندی سەرانسەری دەکات، وەک ئەوەی کاتێک تەکنەلۆژیای زانیاری یان کارمەندانی بودجە دەسنیشان دەکرێن بۆ کۆمەڵەی ڕێکخراوەیی.
- یەکە *یان کۆمەڵەی سەرانسەری*. ئەندامانی لقێکی هەر کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوێک بەشدارن لە لێژنەی تایبەت کە جەخت دەکەنە سەر پرۆسە، پرۆگرام یان کرداری تایبەت، وەک ئەوەی کاتێک لێژنەیەکی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بەرپرسیاریەتیەکی گشتگیریان پێدەدرێت بۆ گشت ئاستەکانی خوێندن لە دایەنگە/باخچەی ساوایان تا خوێندنی باڵا.
- *"هێڵی خاڵدار."* ئەمانە دەبنە هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو تاکانەی کرداری هاوشێوە لە کۆمەڵە جیاوازەکانی ڕێکخراویک ئەنجام دەدەن، وەک ئەو کەسانەی پەرە بە پەیرەوەکانی خوێندن دەدەن بۆ ئاستە جیاوازەکان (بنەڕەتی، دواناوەندی، زانکۆ) یان جۆرەکانی خوێندن (گشتی، پیشەیی).

**پوختە**

داڕشتنی ڕێکخراوەیی پێویستی بە ناساندنی دەسەڵاتی هەرەمی بڕیاردانە, بەلەخۆگرتنیی مەودای کۆنترۆڵکردن لە ئاستە بەرزەکانی بەڕێوەبردن، کۆکردنەوەی کارەکان و پێکەوەبەستنی پێداویستیەکان. پێشینەی مێژووی کەمێک ڕێنمایی پێشکەش دەکات بۆ یارمەتیدان لە دیزاینکردنی ڕێکخراوێک جگە لەوەی پێویستە یارمەتیدەر بێت لە بەدیهێنانی دید و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە و بایەخدان بە توانای ستافەکە، پێویستیەکانی پسپۆڕی، پێویستیەکانی هەماهەنگی و داواکاریەکانی لێپرسراویەتی لە پێناسەکردنی هەرەمی بڕیاردان. وانەیەکی گرنگی پێشینەی مێژوویی ئەوەیە کە هیچ دیزاینێک نیە پێی بوترێت باشترین دیزاینی ڕێکخراو. هەموو دابەشکردنێکی دەسەڵاتی بڕیاردان و کاری بە کۆمەڵ و هەروەها پێکەوەبەستنی چالاکیەکانیش خاڵی بەهێزو لاوازی هەیە. هەروەها، ڕێکخراوەکان بۆ ئەوە ڕێکخراون کە تا ڕادەیەکی کاریگەر هاوکاری جێبەجێکردن بکەن, بەلەبەر چاوگرتنی دیدگا تایبەتەکەیان و ئامانجە ستراتیجەکانیان توانای ستافەکانیان.

بۆ یارمەتیدان لە گەیاندنی بەربژارەکان کە دەکرێت وەزارەتی پەروەردەی هەیبێت لەکاتی دووبارە ڕێکخستنەوە، ئێمە لە بەشی داهاتوو باس لە تاقیکردنەوەی ڕێکخراوێک دەکەین کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی وڵاتانی ترەوە بەکارهاتووە.

## ڕێکخراوی وەزارەتەکانی پەروەردە لە شەش وڵات.

لەم بەشە، باس لەوە دەکەین وڵاتانی تر چۆن وەزارەتی پەروەردەی خۆیان ڕێکخستووە. ئێمە شەش دیراسەی حاڵەتمان ئەنجامدا: نەمسا و سەنگافورە هەڵبژێردران لە بەرئەوەی ژمارەی دانیشتوانیان هاوشێوەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق: تورکیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەڵبژێردران بەهۆی ئاشنایی کەلتوری و نزیکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق؛ و فینلاندە و کۆریاش هەڵبژێردران بەهۆی بوونی پلەبەندی بەرزی پرۆگرامیان (وەک سەنگافورە) لە تاقیکردنەوەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی قوتابیان نێودەوڵەتی. دیراسەی حاڵەتەکان لە وێبسایتی وەزارەتەکانی پەروەردە و بەڵگەنامە بەردەستەکانی دەربارەی وەسفی گۆڕانکاری لە ڕێکخستنەکانیان وەرگیران.

گەرچی ڕێکخستنەکانی ئەم شەش وڵاتە لە یەکتر جیازان لە ڕووی هەڕەمی بڕیاردان، قەبارەی مەودای کۆنترۆڵکردن لە سەرەوە، و لە ڕێگەی پرۆگرام و کردارەکان، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە. ئەمە ئاستی هاوشێوەی بەڕێوەبردنی باڵا، دەسەلاتی هاوبەشی بڕیاردان لەگەڵ بریکاری وەزیر، مەودایەکی کەمی کۆنترۆڵکردن بۆ وەزیر و بریکاری وەزیر، کۆمەڵکردن (گرووپینگ)ی تێکەڵ لە ڕێگەی پرۆگرام و کردارەکان، و کەمێک میکانیزمی بەستنەوەی فەرمی دەگرێتەوە.

### ئاستەکانی بەڕێوەبردنی باڵا

ئەو وڵاتانەی پێداچوونەوەمان بۆکرد ئاستی جیاوازی بەڕێوەبردنی باڵایان هەیە بۆ وەزارەتی پەروەردەاین، بەو شێوەیەی لە وێنەی 2.1 نیشاندراوە.

یەکەم پێکهاتەی ڕێکخراوەیی، لە لای ڕاستی شێوەی 2.1 نیشاندراوە، سێ ئاستی بەڕێوەبردنی باڵای هەیە: ئاستی ویزاری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی، و بەرێوبەرایەتی. ئەم پێکهاتەیە تەنها لە یەک لەم شەش وڵاتەی پێداچوونەوەی بۆ کراوە بەکاردێت، ئەویش نەمسایە. ئەم پێکهاتەیە ژمارەیەکی زۆر ستافی هەیە کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بە وەزیر دەدەن، بەو واتایەی مەودایەکی زۆری کۆنترۆڵکردن بە وەزیر دەبەخشێت. ئەمە لەوانەیە کاری وەزیر سەختتر بکات بەهۆی پێویست بونی ئاگاداربوونی زیاتر بۆ بەڕێوەبردنی ناوخۆیی ڕۆژانە، لەگەڵ ئەرکەکانی پەرەپێدانی سیاسەتی پەروەردە، کاروبارە دەرەکیەکان، و سەرکردایەتیکردنی هەنگاوی ستراتیجی (سەیری سەرەوە بکە). لە وەزارەتی پەروەردەی نەمسا، بەڕێوەبەری گشتی جێگری بەڕێوەبەری هەیە، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن لە چاودێریکردنی فرە ئەرکەکانیان.

**شێوەی 2.1**
**ئاستەکانی بەڕێوەبردنی باڵا لە وەزارەتەکانی تری پەروەردە (وێنەی مەزەندەیی)**




سەرنج: GD = بەڕێوەبەرایەتی گشتی = بەڕێوەبەرایەتی.

RAND *RR960–2.1*

دووەم، پێکهاتەی زۆر باوتر، لە لای چەپی شێوەی 2.1 نیشاندراوە و لە گشت وڵاتەکانی تری بەکاردێت کە دیراسە کراون، چوار ئاستی بەڕێوەبردنی باڵایان هەیە: ئاستی وەزیر، بریکاری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەر.[2] ئەم پێکهاتەیە دوو سوودی گرنگی هەیە. سەرەتا، دانانی بریکاری وەزیر وەک بەرپرس لە کردارەکانی ڕۆژانە وا دەکات وەزیر جەخت بکاتە سەر دروست کردنی پشتیوانیی سیاسی و گشتی بۆ پەروەردە، لەگەڵ دانی بڕیاری گرنگی سیاسەت، و سەرکردایەتیکردنی هەنگاوی ستراتیجی. لە گشت پێنج وڵاتەکە، بریکاری وەزیر بەرپرسە لە کردارەکان، ئەوەی پێی دەوترێت سەرۆکی ئیداری. دووەم، هەروەها ئەم پێکهاتەیە یارمەتیدەرە لە سنووردارکردنی مەودای کۆنترۆڵکردنی گشت ئاستە ئیداریەکان، بەشێک لە ڕێگەی کۆمەڵکردنی کردارە تەواوکارەکان لە ژێر بەڕێوەبەری گشتی، بۆیە دەبێتە ئاسانکاری هەماهەنگیکردن لە نێوان چالاکیە تەواوکارەکان.

### هەرەمی دەسەلات و بڕیاردان ڕۆڵی بریکاری وەزیر

ئەم دوو پێکهاتەیە جیاوازن لە چۆنیەتی دەسنیشانکردنی دەسەلاتی بڕیاردان. لە پێکهاتەی چوار ئاستی، وەزیر و بریکاری وەزیر هاوبەشن لە بڕیاردان، وەک تێبینیکرا، کە دیدی ستراتیجی گشتی پێشکەش بە وەزارەت دەکەن و ئامادەی کاروبارە دەرەکیەکان دەبن، لە کاتێکدا بریکاری وەزیر بەرپرسیارە لە کردارەکانی ڕۆژانە. بریکاری وەزیر بەرپرسیاریشە لە زامنکردنی هەماهەنگی (بەیەکەوە بەستنەوە) لە سەرانسەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان. گەرچی هێشتا وەزیر دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان ئاستەکانی تری خوارەوە بەڕێوە ببات بەو شێوەیەی پێویست بێت، ئەم پێکهاتەیە کاتی زیاتر بە وەزیر دەدات بۆ چالاکیەکانی تر (سەیری بەشی پێشووتر بکە).

لە بەرامبەردا، لە پێکهاتەی سێ ئاستی، بڕیاردان مەرکەزیە بۆ وەزیر، کە هەروەها بەرپرسیاریشە بۆ هەماهەنگی کردن لە سەرانسەری ژمارەیەکی زیاتری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان. ئەمە وەزیر ناچار دەکات کاتی زیاتر لە سەر پەیوەندیە ناوخۆییەکان بەسەر ببات، هەروەک تێبینیکرا.

### *مەودای کۆنترۆڵکردن: هەمەچەشنی بەپێی ئاست*

مەودای کۆنترۆڵکردن لە سەر ئاستی بەڕێوەبردنی باڵا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی گشتی دەبەستێت کە لەو وڵاتانە بەکارهاتووە کە پێداچوونەوەیان بۆکراوە. گەورەترین جیاوازی بەپێێ ئەوە ئایا وەزارەتێک بریکاری وەزیری هەیە یان نا — ئەموانەی نیانە ئەوە مەودای کۆنترۆڵکردنی زیاتر بە وەزیر دەدات — بەڵام هێشتا هەمەچەشنی هەیە لە نێو ئەو وەزارەتانەی هەمان پێکهاتەیان هەیە.

### *مەودای کۆنترۆڵی وەزیر*

کاتێک وەزارەتێک بریکاری وەزیری هەبێت کە کارەکانی ڕۆژانە بەڕێوەببات، ئەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی وەزیر ڕاپۆرتکردنی ڕاستەوخۆی کەمی دەبێت بۆی. لە پێکهاتەی چوار ئاستی کە پێداچوونەوەمان بۆ کرد، ژمارەی ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ وەزیر دەکەین لە کەسێکەوە بۆ هەشت کەس دەبێت (خشتەی 2.1). لە فینلاندە و سەنگافورە، تاکە کەس کە ڕاپۆرت بۆ وەزیر دەکات بریتیە لە بریکاری وەزیر. لە کۆریا، سەرەڕای بریکاری وەزیر، کۆمەڵێک ڕاوێژکار و کارمەند لە نووسینگەی پەیوەندیە گشتیەکان ڕاپۆرت بۆ وەزیر دەکەن. لە تورکیا و ئیمارات، وەزیر بە تەنها چاودێری بریکاری وەزیر ناکات، بەڵکو چاودێری دیاریکردنی سیاسەت ( پەیڕەوی خوێندن) و قەوارەکان (چاودێری و سەرپەرشتیاریکردنی قوتابخانەکان) دەکات، لەگەڵ نووسینگەی تایبەت وەک پەیوەندیە گشتیەکان و ڕاوێژکارەکان.

کە تیایدا وەزیر بەرپرسیاریشە لە بەڕێوەبردنی ڕۆژانە، وەک لە نەمسا، مەودای کۆنترۆڵکردنە زۆر زیاترە. لە نەمسا، وەزیر مەودای کۆنترۆڵکردنی 11 یەکەی هەیە، بەلەخۆگرتنی هەشت یەکەی کارکردن و سێ دانەی تری پشکنینی ناوخۆیی، کاروباری یاسایی، و یەکەی ستاف بۆ کاروباری ئەوروپی.

---

[2] ناونیشانی ئەم پۆستانە لە وڵاتەکان جیاوازە. بریکاری وەزیر لە تورکیا و ئیمارات پێی دەوترێت وەکیل، و لە سەنگافورە و فینلاندە پێی دەوترێت بریکاری هەمیشەیی. ئاستی بەڕێوبەرایەتی گشتی لە سەنگافورە وەک جێگری سکرتێر ئاماژەی پێدەکرێت، و لە فینلاندە وەک بەش، و لە کۆریا وەک نووسینگە، و لە تورکیاش وەک جێگری بریکار، و لە ئیماراتیش وەک یاریدەدەری بریکار. ئێمە ناونیشانی " بریکاری وەزیر" بەکاردێنین بۆ دیاریکردنی ئەم پۆستە، کە دووەم دەسەڵاتە لە دوای وەزیر.

**خشتەی 2.1**
**مەودای کۆنترۆڵکردن، بە ژمارەی ئاستەکانی بەڕێوەبردن و بە پێی وڵات**

| | چوار ئاستی بەڕێوەبردن | | | | | یەک ئاستی بەڕێوەبردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تورکیا | ئیمارات | سەنگافورە | فینلاندە | کۆریا | نەمسا |
| وەزیر | 6 | 8 | 1 | 1 | 3 | 11 |
| بریکاری وەزیر/ وەکیل | 7 | 10 | 3 | 7 | 8 | نیە |
| بەڕێوەبەری گشتی/ جێگری وەکیل | 4–3 | 7–5 | 5–3 | 5–4 | 4–3 | 15–6 |

تێبینی: NA = بەردەست نیە.

***مەودای کۆنترۆڵی بریکاری وەزیر***

مەودای کۆنترۆڵی بریکاری وەزیر لە سێ بۆ دە جۆر دەبێت لەو وڵاتانەی پێداچوونەوەمان بۆکرد، لەگەڵ هەندێک چاودێریکردن سێ بۆ شەش یەکەی کارکردن. هەندێکیان کرداری سەرانسەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ هەگبەکانیان زیاد دەکەن، وەک ووردبین/پشکنەری گشتی ناوخۆیی (لە سێ وڵات)، پەیوەندیە گشتیەکان (لە دوو وڵات)، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان (لە دوو وڵات)/ و مەکتەبی تەکنیکی، سەرچاوە مرۆییەکان، بۆردی پەروەردەیی، و بەشی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە یەک وڵات.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەو کردارانەی ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ وەزیر یان بریکاری وەزیر دەکەین بریتین لە پەیوەندیە گشتیەکان، پشکنەری گشتی، و دڵنیایی جۆری/ ووردبینی ناوخۆیی.

***مەودای کۆنترۆڵی بەڕێوەبەری گشتی***

لە سەر ئاستی بەڕێوەبەری گشتی، مەودای کۆنترۆڵکردن بە شێوەیەکی گشتی نزمە، لە دووەوە بۆ پێنج لەو وڵاتانەی پێداچوونەوەیان بۆکرا لەگەڵ چوار ئاستی بەڕێوەبردن، بە ژمارەی پێویست بۆ سەرکردایەتی گونجاو و کاریگەر و هەماهەنگیی لەنێو کۆمەڵکردن (گرووپینگ).

لە نەمسا، بەڕێوەبەرە گشتیەکان ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ وەزیر دەکەن، مەودای کۆنترۆڵکردنی هەر یەک لە بەڕێوەبەرەکان فراوانترە، لە پێنجە بۆ پازدە.

**کۆمەڵکردن (گرووپینگ): لە ڕێگەی پرۆگرام و کردارەکان**

گشت وەزارەتەکانی پێداچوونەوەمان بۆ کرد پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی تێکەڵیان هەیە. چالاکیەکانی پەرەپێدانی سیاسەتەکانیان گروپکردووە بۆ چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی، هەندێکیان بە بەرپرسیاریەتی بۆ پرۆگرامەکانی پەروەردە کە خزمەتی چینی جیاوازی قوتابیان دەکەن و هەندێکیان بە بەرپرسیاریەتی بۆ خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی سەرانسەری پرۆگرامەکانی پەروەردە.

***پرۆگرامەکانی پەروەردە***

کۆمەڵکردنی نموونەیی پرۆگرام لە نێو ئەو وەزارەتانەی پێداچوونەوەیان بۆکرا ئەمانەی گرتەوە:

- سیاسەتی خوێندنی باڵا
- سیاسەتی پەروەردەی گشتی (12 قۆناغیی)
- سیاسەتی پەروەردەی پیشەیی و فێربوونی درێژخایەن
- سیاسەتی کەلتور، هونەر، وەرزش، یان گەنج.

کۆریا، تورکیا، ئیمارات، و نەمسا بەرێوبەرایەتی گشتیان هەیە بۆ پەروەردەی گشتی لەگەڵ دانەیەک بۆ پەروەردەی پیشەیی/درێژخایەن. ئیمارات و نەمساش یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان زیاتریان هەیە بۆ کەلتور، هونەر، و وەرزش، و کۆریا یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە بۆ خوێندنی باڵا. فینلاند و سەنگافورە هەر یەکەیان یەک بەرێوبەرایەتی گشتی هەیە کە پەروەردەی گشتی و پیشەیی بەیەکەوە

دەبەستێتەوە، لەگەڵ فینلاندیش کە بەڕێوەبەرایەتیەکی هەیە بۆ کەلتور، وەرزش، و سیاسەتی گەنج. فینلاندە و سەنگافورەش بەڕێوبەرایەتیەکی گشتیان هەیە بۆ خوێندنی باڵا. خشتەی 2.2 کۆمەڵکردنی تایبەت یان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە هەر یەک لە وڵاتەکان نیشان دەدات.

ئەم ڕێگە ڕێکخراوەیە پرۆگرامیە پێویستی بۆ هەماهەنگیکردن لە سەرانسەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان کەم دەکاتەوە، کاتێک کە هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان چاودێری بەڕێوەبەرایەتیەکان دەکات کە هەمان ئەرکیان هەیە بەڵام لەکاریان ناخەن. بۆ نموونە، ڕێگەیەکی ڕێکخراوەیی بەرنامەیی هێشتا پێویستی بە هەماهەنگکردنی پەیرەوەکانی خوێندن و ناوەرۆکی کۆرسەکان لە سەرانسەری پەروەردەی بنەڕەتی، دواناوەندی و خوێندنی باڵا لەگەڵ پەروەردەی گشتی و پیشەیی. بە هەمان شێوە، ئەم جۆرە ڕێگەیە پێویستی بە هەماهەنگی کردنی ئامادەکاری مامۆستایە لە نێوان پەروەردەی گشتی و کۆلێژەکانی مامۆستایانی خوێندنی باڵا.

لە نێو ئەم کۆمەڵکردنانەی پرۆگرام یان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، لەوانەیە چالاکیەکان زیاتر دابەش بکرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان بەپێی چینەکان یان ئاستەکانی خوێندن، وەک دایەنگە/باچخەی ساوایان، پەروەردەی بنەڕەتی، و چالاکیەکانی پەروەردەی دواناوەندی، هەروەها بە پێی ئەم کردارانە وەک پەرەپێدانی پەیڕەوی خوێندن، پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستا، و خزمەتگوزاریەکانی ڕێنوێنی قوتابی.

***خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی***

ئەو خزمەتگوزاریانەی پشتیوانی چالاکیەکانی پرۆگرامی پەروەردە دەکەن هەریەک لە سەرچاوە مرۆییەکان، بودجەدانان، دارایی، کاروبارە یاساییەکان، دروستکردنی دامەزراوە و درێژەپێدان، و تەکنەلۆژیای زانیاری دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەم خزمەتگوزاریە گشتیانەش وەک چاپکردن، مۆبیلیات، و کەرەستەکان. لە وەزارەتەکانی پەروەردەی ئەو شەش وڵاتەی پێداچوونەوەی بۆکرا، ئەم خزمەتگوزاریانە یەکخراون لە ژمارەیەکی کەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بە شێوەیەکی گشتیی لە یەکەوە بۆ سێ (خشتەی 2.2).

**خشتەی 2.2**
**بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی پەروەردە، بە پێی جۆری پرۆگرام و وڵات**

| کۆمەڵکردن (گروپینگ) | فینلاندە | کۆریا | سەنگافورە | تورکیا | ئیمارات | نەمسا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **کۆمەڵکردن (گروپینگ)ی پەروەردە** | | | | | | |
| خوێندنی باڵا | √ | √ | √ | | | |
| پەروەردەی گشتی | √ (a) | √ | √ (a) | √ | √ | √ |
| خوێندنی پیشەیی / فێربوونی درێژخایەن | | √ | | √ | √ | √ |
| کەلتور، هونەر، وەرزش، گەنج | √ | | | | √ | √ (b) |
| **پشتیوانیکردنی بە کۆمەڵکردن (گروپینگ)** | | | | | | |
| سەرچاوە مرۆییەکان، دارایی، یاسایی، ئی تر | √ | √ | √ | √ | √ | √ (c) |
| خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی، دروستکردن | | | | √ | | |
| پلاندانان و هەماهەنگیکردن | | √ | | | | |
| پلاندانان، تەکنەلۆژیە پەروەردەییەکان، ئامار | | | | √ | | |
| زانیاری و ئامار | | √ | | | | √ |
| پشتگیری پەروەردە، پەیڕەوەکانی خوێندن، ئامار | | | | | √ | |

سەرچاوە: لێکۆڵینەوەکانی حاڵەتی وەزارەتەکانی پەروەردە لە شەش وڵات.

أ فینلاندە و سەنگافورە پەروەردەی گشتی و پیشەیی لە یەک یەکخستن دەگرێتەوە.

ب نەمسا دوو یەکخستنی هەیە کە ئەم بوارە دەگرێتەوە: بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی کەلتور و بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هونەری گشتی

ج نەمسا ئەم خزمەتگوزاریانەی پشتیوانی بۆ دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەش دەکات.

سێ وەزارەت - لە فینلاندە، سەنگافورە و ئیمارات - گشت خزمەتگوزاریە ئیداری و پشتیوانیەکان یەکخراون لە ژێر یەک بەڕێوبەرایەتی گشتی. ئیماراتیش بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی پشتیوانیکاری هەیە بۆ پەیڕەوەکانی خوێندن، پەرەپێدانی تاقیکردنەوە، و بابەتە پەروەردەییەکان - ئەو چالاکیانەی کە وەزارەتەکانی تر لەخۆیان دەگرن لە ژێر پرۆگرامە پەروەردەییەکانیان.

تورکیا و نەمسا خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی لە نێوان دوو بەڕێوبەرایەتی گشتی دابەش دەکەن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکی تری گشتی تایبەتکراو بۆ پلاندانان، تەکنەلۆژیاکانی پەروەردە و ئامار، بۆ تورکیا و تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامار بۆ نەمسا. کۆریا بەڕێوەبەرایەتیەکی تری گشتی جیاوازی هەیە بۆ زانیاری و ئامار و دانەیەک بۆ پلاندانان و هەماهەنگی کردن. وەزارەتەکانی تریش یەکەکانی پلاندانان و ئاماری زانیاریان هەیە، بەڵام وەک بەڕێوەبەرایەتی لە پرۆگەکانی پەروەردەیان یەکخراون.

***دیاریکردنی کردارە سەرەکیە دەسنیشانکراوەکان***

خشتەی 2.3 ئاستی ڕاپۆرتکردنی کردارە سەرەکیەکان نیشان دەدات. زۆرینەی کردارە سەرەکیە پۆلینکراوەکان لە خشتەکە بەرزکراونەتەوە بۆ ڕاپۆرتکردن بۆ بریکاری وەزیر یان وەزیر.

پەیوەندیە گشتیەکان بە شێوەیەکی زیاتر ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ بریکاری وەزیر یان وەزیر دەکات، وەک لە فینلاندە، کۆریا، تورکیا، و ئیمارات. هەروەها پشکنین و دڵنیایی جۆریش بە شێوەیەکی زیاتر ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ بریکاری وەزیر یان وەزیر دەکات، وەک لە کۆریا، تورکیا، و ئیمارات، وە لە کۆریا، تورکیا و نەمسا پشکنەر/ووردبینی گشتی ئەم کارە دەکات. پەرەپێدانی پەیرەوی خوێندن لە فینلاندە بۆ بریکاری وەزیر ڕاپۆرت دەکرێت و لە تورکیا بۆ وەزیر ڕاپۆرت دەکرێت. پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە فینلاندە و تورکیا بۆ بریکاری وەزیر ڕاپۆرت دەکرێت.

**بەیەکەوە بەستنەوە: میکانیزمی ڕەسمی کەم**

بەیەکەوە بەستنەوەی کەم هەیە بۆ ئاسانکردنی هەماهەنگی لە سەرانسەری یەکخستنەکانی ئەو وەزارەتانەی پێداچوونەوەمان بۆ کرد. ئەمە بەرپرسیاریەتیەکی بریکاری وەزیرە لەو پێنج وڵاتەی کە دانەیەکی هەیە. سەرەڕای ئەوەش، ئیمارات ئەنجومەنێکی ڕەسمی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی هەیە کە ڕاپۆرت بۆ وەزیر دەکەن. هەروەها، وەزیری پەروەردەی تورکیا سەرکردایەتی ئەنجومەنی خوێندنی باڵایە بۆ زامنکردنی

**خشتەی 2.3**
**هێڵی ڕاپۆرتکردن، بە پێی کرداری دەسنیشانکراو و وڵات**

| کردار | فینلاندە | کۆریا | سەنگافورە | تورکیا | ئیمارات | نەمسا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەرەپێدانی پەیرەوی خوێندن | بریکاری وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی | وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی |
| پلاندانان | بەڕێوەبەری گشتی | نیە | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی | وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی |
| دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی قوتابخانە | بەڕێوەبەری گشتی | بریکاری وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی | وەزیر | وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی |
| زانیاری و ئامار | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی | بەڕێوەبەری گشتی |
| پشکنەری گشتی/ ووردبین | بەڕێوەبەری گشتی | بریکاری وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی | بریکاری وەزیر | نیە | وەزیر |
| پەیوەندیە گشتیەکان | بریکاری وەزیر | وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی | وەزیر | بریکاری وەزیر | بەڕێوەبەری گشتی |
| پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان | بریکاری وەزیر | نیە | نیە | بریکاری وەزیر | نیە | نیە |

سەرچاوە: لێکۆڵینەوەکانی حاڵەتی وەزارەتەکانی پەروەردە لە شەش وڵات.

تێبینیەکان: M = وەزیر, VM = بریکاری وەزیر, DG = بەڕێوەبەری گشتی, NA = نیە.

هەماهەنگی پەروەردەی گشتی لەگەڵ خوێندنی باڵا. لە فینلاندە، و کۆریا و سەنگافورە پەروەردەی گشتی و خوێندنی باڵا بەشێکن لە هەمان وەزارەت و هەماهەنگی لە ڕێگەی بریکاری وەزیرەوە ئەنجام دەدرێت کە چاودێری هەردووکیان دەکات.

بەیەکەوە بەستنەوە لەنێو یەکخستنەکانی پرۆگرام و پشتگیری بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەرە گشتیەکانە کە سەرکردایەتی ئەم یەکخستنانە دەکەن.

#### پوختە

ئەم بەشە پێداچوونەوەی بۆ ڕێکخستنەکانی وەزارەتی پەروەردەی شەش وڵات کرد. تایبەتمەندیە باوە سەرەکیەکانیان دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت بکرێت:

- زۆربەی ئەو وڵاتانەی پێداچونەوەیان بۆ کراوە چوار ئاستی بەڕێوەبردنیان هەیە، لەگەڵ بریکاری وەزیرێک کە بەرپرسە لە کارەکانی ڕۆژانە.
- مەودای کۆنترۆڵی وەزیر بە شێوەیەکی گشتی بچووکە، لە یەکەوە بۆ هەشت.
- مەودای کۆنترۆڵی بریکاری وەزیر بە شێوەیەکی گشتی لەوەی وەزیر زیاترە، لە حەوتەوە بۆ دەیە.
- زۆربەی ئەو وڵاتانەی پێداچوونەوەیان بۆکراوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی پرۆگرامەوە چالاکیەکانیان کۆ دەکەنەوە( بۆ نمونە باڵا , گشتی ,خوێندنی پیشەیی) لە کاتێکدا کۆکردنەوەی کارە هاوکاریەکان ئاساییە بۆ هەموو پرۆگرامەکان لە یەک بۆ سێ گروپی هاوکاردا ( بۆ نمونە سەرچاوە مرۆییەکان , دارایی, و هاوشێوەی) .
- کەمێک کرداری تایبەت بەرزکراونەتەوە بۆ ڕاپۆرتکردن بۆ وەزیر یان بریکاری وەزیر. پەیوەندیە گشتیەکان، پشکنەری گشتی/ووردبین، و کوالێتی و پشکنینی قوتابخانە دەگرنەوە.

### بۆ چی دووبارە ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

ڕێکخستنی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شێوەی 2.2 نیشاندراوە. سێ ئاستی بەڕێوەبردنی هەیە وەک نەمسا بەڵام جیاواز لە پێنج وڵاتەکەی تر کە پێداچوونەوەیان بۆکرا، کە چوار ئاستی بەڕێوەبردنیان هەیە. وەزیری پەروەردە مەودایەکی کۆنترۆڵی نائاسایی گەورەی هەیە لەگەڵ 16 بەڕێوەبەر کە ڕاپۆرتی بۆ دەکەن، بەلەخۆگرتنی 12 کۆمەڵکردنی کردار. جیاواز لە زۆرینەی ئەو وڵاتانەی پێداچوونەوەیان بۆکرا، بە شێوەیەکی سەرەکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی کردارەکان ڕێکخراوە. گەرچی دوو کۆمەڵکردنی پرۆگرامی هەیە، پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی، ئەم دوو کۆمەڵکردنە بەم شێوەیە کارناکەن بەڵام سنووردارن بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی سەرچاوە (سەیری خوارەوە بکە). ئەم کردارە سەرەکیانەی وەک پەرەپێدانی پەیڕەوی خوێندن، تاقیکردنەوەکان، ڕاهێنانی مامۆستا، و وەرزش بە شێوەی جیا یەکخراون کە ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری گشتی دەکەن.

بەر لە پێشنیارکردنی ڕێکخستنێکی نوێ بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم بەشە گفتوگۆی دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنمانە بۆ کارکردنی ڕێکخستنی ئێستایەتی. بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە، ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ وەزیر و 10 بەڕێوەبەری گشتی و 11 بەڕێوەبەر کرد سەبارەت بە کار و بەرپرسیاریەتی و توانای ستافیان بۆ دەسنیشانکردنی کێشەکان و کەلێنەکان و هەلەکانی چاککردن.

#### گۆڕینی دید و ئەولەویاتەکان

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری دەکات و فراوان دەبێت. تا 2008، وەزارەتی پەروەردە لە دۆخێکی درێژەپێدان بوو. هەرچۆنێک بێت، لەو کاتەوە بەشدار بووە لە کۆمەڵێک چاکسازی بۆ چاککردنی دەسگەیشتن و کوالێتیی پەروەردە لە ناساندنی پەیڕەوێکی خوێندنی نوێی زۆر ووردتر بۆ تا کردنی خوێندن بە ناچاری لە پۆلی 6 بۆ پۆلی 9، بەرزکردنەوەی داواکاریەکان بۆ خوێندنی مامۆستایەتی، دانانی سیاسەتی نوێ بۆ هاندانی قوتابی، و پەرەپێدانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی دەستکەوتی قوتابی. وەزارەتی پەروەردە بایەخی زیاتر دەسەلاتەکان بۆ ئاستی قوتابخانە دەگوازێتەوە، بە پێشکەشکردنی

**شێوەی 2.2**
**پێکهاتەی ڕێکخستنی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**




RAND *RR960–2.2*

سیستەمی دڵنیایی جۆریی نوێی قوتابخانە، و بەرزکردنەوەی ڕاهێنانی مامۆستا لە کاتی مامۆستایەتی کردن. جێبەجێکردنی ئەم هەموو چاکسازیە لەسەرخۆ و زەحمەتە بۆ هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەڵی جێبەجێکردنی یەکەم سێتی ئەو چاکسازیانەی لە سەرەوە پۆلینکران، سەیری Vernez, Culbertson, and Constant (2014) بکە. بەشێکی کێشەکە بریتیە لە نەبوونی هێڵی ڕوونی بەرپرسیاریەتی و جێبەجێکردن و هەماهەنگی لە سەرانسەری چاکسازیە هەمەچەشنەکان.

سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەرەوە باسکران، وەزارەتی پەروەردە دەستیکردوە بە دووبارە ڕێکخستنەوە و فراوانکردنی پەروەردەی پیشەیی دواناوەندی، کە تا ئەم دواییانە فەرامۆشکرا بوو بە نەرێنی لە لایەن قوتابیانەوە سەیر دەکرا. لە ئەنجامدا، ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی قوتابخانەکانی دواناوەندی لە قوتابخانە دەردەچن بێ ئامادەکاری تەواو بۆ پێشبڕکێکردن لە بازاڕی کار - بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و پلانەکان بۆ فراوانکردن، سەیری (Constant et al (2014). لە کاتی ئێستادا، پەروەردەی پیشەیی دواناوەندی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکی نێو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دواناوەندی بەڕێوەدەبرێت بە ستافێکی کەم کە نە بەچاوڕوونی، دەسەڵات، و نە توانای تەواوی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕۆڵی فراوانکروی چاوەڕوانکری خۆی.

### ئاستی بەرزی بە مەرکەزیکردن

بە نزیکەی گشت بڕیارە سەرەکیەکان بەلەخۆگرتنی بڕیارە ئیداریە کرداریەکان — و تەنانەت دانە بچووکەکانیش، وەک پەسندکردنی قوتابخانەیەکی ئەهلی نوێ یان دامەزراندنی مامۆستایەکی نوێ، هەر هەمووی لە لایەن وەزیرەوە دەدرێن. ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن ووتیان کە نەیانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی خۆیان جێبەجێ بکەن بێ گەڕانەوە بۆ وەزیر. تەنانەت داواکاریەکان بۆ داتا لە نێو ڕێکخراوێک لەوانەیە لە لایەن وەزیرەوە ڕەزامەندی لە سەر درابێت. بە هەمان شێوە، بەڕێوەبەرەکان ناتوانن بڕیار بدەن بە ڕەزامەندی بەرێوبەری گشتی خۆیان. ئەم بە مەرکەزیکردنەی بڕیاردان هەموو ئاستەکانی سیستەمی پەروەردە دەگرێتەوە، بەلەخۆگرتنی پارێزگا و قوتابخانەکان، کە دەبێتە هۆی هەڵس و کەوتی بیرۆکراتی کە بەربەست دەخاتە بەردەم دەسپێشخەری و چاککردن. هەروەها بڕیاردان خاو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی کەمی لێپرسراویەتی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بەڕێوەبردن. تەنانەت بەکرێگرتنی مامۆستایان لە لایەن پارێزگاوە دەبێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕێگەی پێبدرێت. هەرچۆنێک بێت، تێبینی ئەوەمانکرد کە هەندێک هەوڵدراوە بۆ بە نامەرکەزیکردنی هەندێک بڕیارە کرداریەکان بۆ بەرژەوەندی پارێزگاکان.

### مەودای فراوانی کۆنترۆڵ لە سەرەوەی ڕێکخراوەکە

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەودایەکی فراوانی کۆنترۆڵی هەیە، لەگەڵ 16 ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆی هەیە، لەگەڵ ستافی نووسینگەی وەزیر. لەگەڵ بوونی ڕێژەیەکی زۆری ڕاپۆرت، پێویستە وەزیر چاودێری گشت چالاکیەکان بکات، بەلەخۆگرتنی دانانی دید، پەیوەندیە دەرەکیەکان، کارەکانی ڕۆژانە، و بەڕێوەبردنی چاکسازیە هەمەچەشنەکان و دەسپێشخەریە تایبەتەکان. بە بوونی ڕێچکەی خێرای گۆڕانکاری و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک دەسپێشخەری چاککردن، بوونی کەسێکی تر بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانە لەوانەیە هەل بە وەزیر بدات کاتەکانی بە شێوەیەکی کاریگەرتر تەرخان بکات بۆ دانانی دید، پەیوەندیە دەرەکیەکان، و دەسپێشخەریە تایبەتەکان. بە پێچەوانەوە/ مەودای کۆنترۆڵکردن لە سەر ئاستی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزمە، لە دوو بۆ پێنج ڕاپۆرتە بۆ هەر بەڕێوەبەرێکی گشتی، گەرچی بەرێوبەرایەتی گشتیی بەڕێوەبردن و دارایی مەودای کۆنترۆڵکردنەکەی لە 10 زیاترە. مەودای فراوانی کۆنترۆڵ لە سەرەوەی ڕێکخراوەکە، هاوتەریبی مەودای کۆنترۆڵکردنی بەرتەسەک لە ئاستەکانی خوارەوە، لەگەڵ لێکۆڵینەوە جیاوازە، لە سەرەوە تێبینیکرا، کە ئەوەی نیشاندا کە مەودای کۆنترۆڵکردن پێویستە لە ئاستەکانی خوارەوەی هەڕەمی ڕێکخراوەیی بەرز بکرێتەوە.

### ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیە ناڕوونەکان

پەیام و بەرپرسیاریەتیەکان لەنێو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناڕوونن. دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەڕێوەبەرە گشتیەکان کردارەکانیان بە شێوەیەکی بەرتەسک لێکدەدەنەوە و وەک کارایی کەم وێنە ( بۆ نموونە، بەڕێوەبردنی ڕۆژانە) زیاتر لەوەی وەک ستراتیجی لێکی بدەنەوە ( بۆ نموونە، پەرەپێدانی سیاسەت). بۆ نموونە، کرداری ئێستای بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی سنووردارکراوە بۆ پێداچوونەوەی لێهاتووییەکانی مامۆستا نوێکان و کردارەکانی تری سەرچاوە مرۆییەکان کە پەیوەستن بە مامۆستایانەوە، وەک لەسەرەوە تێبینیکرا. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانی سەرپەرشتیکردن بریتیە لە چاودێریکردنی ئیدارەی قوتابخانە و مامۆستایان، بەڵام پەیامەکەی فراوان بووە بۆ لەخۆگرتنی دابینکردنی لۆجیستیک بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە نیشتیمانیەکان، کارکردن وەک ڕاهێنەری پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستای تایبەت، کارکردن لەسەر لێژنەکانی لێکۆڵینەوە، و تەنانەت تەرخانکردنی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکان. ئەنجامی کەمی ڕوونی دەربارەی کردارە سەرەکیەکانی سەرپەرشتیاری و کەمی کات بۆ هەڵسەنگاندن و باشترکردنی وانە ووتنەوەی مامۆستا و سەرکردایەتی قوتابخانە. بەشێکی کێشەکە بریتیە لە کەمی بەیاننامەی پەیامی نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان و وەسفی کار بۆ بەڕێوەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرەکان.

### هەماهەنگی لاواز

بڕیاردانی مەرکەزی، لەگەڵ تەرخانکردنی کرداره تەواوکارەسەرەکیەکان - پەرەپێدانی پەیڕەوی خوێندن، پەرەپێدانی تاقیکردنەوە، چالاکیە هونەری و وەرزشیەکان، و ڕاهێنانی مامۆستا - دەکەونە بەڕێوەبەرایەتی گشتی جیاواز، دەبێتە هۆی هەماهەنگی و بەدوا داچوونی لاواز بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی و دەسپێشخەریە نوێکان. وەک ئەوەی لە سەرەوە تێبینیکرا، هەر چالاکیەک کە پێویستی بە هەماهەنگیە یان هەر ناکۆکیەک کە لەوانەیە پێویستی بە بەرزکردنەوە بێت بۆ ئاستی وزاری بۆ بڕیارێک، زۆرجار دەبێتە هۆی دواکەوتن، یان بۆ هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، کە ئەجێندای خۆی پەیڕەو دەکات. ئەمە بە تایبەت لەو کاتە کێشە دەبێت کاتێک مامۆستایانی ڕاهێنراو پێویستە ڕابهێنرێن بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریەکانی پەیڕەوەکانی خوێندن.

### گۆڕینی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکان

گواستنەوەی بەردەوامی هەندێک کار لە وەزارەتی پەروەردە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێویستی بە هەڵسەنگاندنی تەرخانکردنی ئەو کارانەیە کە بۆ وەزارەتی پەروەردە دەمێنێتەوە. لەگەڵ بە نامەرکەزیکردنی دامەزراندنی مامۆستا بۆ پارێزگاکان، کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی بنەڕەتی و دواناوەندی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ چاودێری سەرچاوە مرۆییەکان و کارە ئیداریەکان کەمکراوەتەوە. ئەم ئەرکانە لەوانەیە لە نووسینگەیەکی سەرچاوە مرۆییەکان بێت باشترە.

گواستنەوەی بەرپرسیاریەتی بۆ ئامادەکاری سەرەتایی مامۆستایانی پەروەردەی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگا و ڕاهێنانی وەزارەتی پەروەردە بۆ کۆلێژەکانی مامۆستایانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆتە هۆی ئەوەی پەیمانگاکانی وەزارەتی پەروەردە جەخت بکەنە سەر پەروەردەی پیشەیی. لەوانەیە بەرپرسیاریەتی پەیمانگاکان باشتر بخرێتە نێو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پیشەیی.

دانانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانە لەوانەیە پێویستی بە زیادکردنی کاری پشتیوانیکردنی قوتابخانەکان بێت کە پێویستی بە باشترکردنە بۆ کارە ئیداریە گرنگەکانی بەرێوبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیکردن.

### ئاستەنگەکانی ستافدانان

دۆزینەوە و تەرخانکردنی ستافی پێویست بە لێهاتووییە دروستەکان، وەڵامدەرەکانمان ووتیان، ئاستەنگێکە لە سەرانسەری گشت ئاستەکانی وەزارەتی پەروەردە، زۆر بە تایبەتتر بۆ جێبەجێکردنی پلاندانان، پەرەپێدانی پەیڕەوی خوێندن، دڵنیایی جۆری قوتابخانە، و لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان.

### ئەرکە وونەکان

هەندێک کرداری گرنگ وونن لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ئێستا. بۆ نمونە، هیچ کردارێکی سەرچاوە مرۆییەکان نیە تەرخانکرا بێت بۆ بەکرێگرتن، موعالەجە و دیاریکردنی ستاف بۆ وەزارەتی پەروەردە.

ڕێکخراوە جیهانی کار لە سەر کۆمەڵێک پرۆژە دەکەن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی پەروەردە. زۆرینەیان سەربەخۆیانە کاردەکەن و بێ هەماهەنگی لە سەرانسەری بەڕێوەبەرایەتیەکان، تەنانەت لەکاتی دابینکردنی خزمەتگوزاری هاوشێوە، وەک ڕاهێنانی مامۆستا یان بابەتەکانی دڵنیایی جۆری قوتابخانە. وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە یەکەی هەماهەنگیە بۆ ئەم جۆرە هەوڵانە.

هەروەها، لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووترمان (Vernez, Culbertson, Constant, 2014; and Constant et al., 2014)، چەندین کرداری پێویستمان دەسنیشانکرد کە ئێستا لە نێو ڕێکخستنی ئێستای وەزارەتی پەروەردە نین. دابینکردنی ئاڕاستەکردنی دەروونی قوتابیان، هەڵسەنگاندنی ئەدای پرۆگرامەکانی ئێستا و پرۆگرامە نوێکان، و زامنکردنی ئەوەی کە ئامادەکاریی مامۆستای بنەڕەتی لە کۆلێژە نوێکانی مامۆستایان دەگرێتەوە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پەیڕەوی خوێندنی نوێ و گۆڕانکاریە ئایندەییەکانی ناویان.

## ڕێکخستنی پێشنیارکراو بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### پێکهاتەی گشتگیر

بە بوونی دید و ئامانجەکانی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنمان بۆ کارکردنی ئێستای ڕێکخستنی وەزارەتی پەروەردە، و ڕێنوێنیکراو لە ڕێگەی پێداچوونەوەمان بۆ پێشینەی دیزاینی ڕێکخراو و لێکۆڵینەوەکانی حاڵەت، ئێمە پێشنیاری پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی دەکەین کە ئەم ئامانجانە بەدیدێنێت:

- بەرچاوڕوونی و جەختکردنی گەورەتر دابین دەکات بۆ پەروەردەی پیشەیی
- ژمارەی ڕاپۆرتە ڕاستەوخۆکان (مەودای کۆنترۆڵ) بۆ بەڕێوەبەرە باڵاکان کەم دەکاتەوە
- هێڵی ڕوونی دەسەلاتی جێبەجێکار دروست دەکات
- لە لایەک، بەرپرسیاریەتیەکانی وەزیر و بریکارە نوێکەی وەزیر دابەش دەکات لە نێوان دانانی دید، پلاندانانی ستراتیجی، و کاروبارە دەرەکیەکان، لە لایەکی ترەوە کاروباری ناوخۆیی و بەڕێوەبردن بەلەخۆگرتنی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی چاکسازیەکان
- لۆدی کاری ڕۆژانەی وەزیر سنووردار دەکات لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی بابەتە ڕۆتینیەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت جەخت بکاتە سەر دانانی دید، بەڕێوەبردنی ستراتیجی، و پەیوەندیە دەرەکیەکان.
- دڵنیای دابەشکردنی تەواوکەر و یەکخستنی کردارەکان بۆ هاندانی بەڕێوەبردن و بڕیاردانی هەماهەنگیکراو لە سەرانسەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان (لە ڕێگەی بریکاری وەزیر) و لە نێو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان (لە ڕێگەی یەکخستنی تەواوکەری کردارەکان لە نێو هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی)
- بەیەکەوە بەستنەوە و هەماهەنگی ئاسان دەکات لە نێوان چالاکیە تەواوکەرەکان و کردارەکان.

**شێوەی 2.3**
**هەیکەلی ڕێکخراوەیی پیشنیارکراو بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**




RAND RR960–2.3

پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو، نیشاندراو لە شێوەی 2.3 چەندین تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت کە پێویستە یارمەتیدەر بێت لە دڵنیاکردنی سەرکەوتنەکەی.

یەکەم، ئەم پێکهاتەیە مەودای کۆنترۆڵکردنی وەزیر کەم دەکاتەوە، نمایشکردنی لۆدێکی کاری باشتر بەڕێوەبراو. ئەمە کاتی زیاتر بە وەزیر دەدات بۆ جەخت کردنە سەر پەرەپێدانی دیدی ستراتیجی لەگەڵ پەیوەندیە دەرەکی و گشتیەکان بۆ پشتگیری کردنی پەروەردە، و بەڕێوەبردنی دەسپێشخەریە ستراتیجیەکان. مەودای کۆنترۆڵی بریکاری وەزیریش کەمترینە، لەگەڵ شەش ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ.

دووەم، ئەم پێکهاتەیە وا دەکات بریکاری وەزیر بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیار بێت لە کارەکانی ڕۆژانە، زامنکردنی ئاگاداری جێگیر و هەماهەنگیکراو بۆ جێبەجێکردنی دید و ستراتیجیەتیی پەروەردە و دامەزراندنی هێڵێکی ڕوونی دەسەلاتی جێبەجێکار. [3] ئەگەر پێویست بێت، جێگرێکی بریکاری وەزیر دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە چاودێریکردن و هەماهەنگیکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خزمەتگوزاریە مرۆییەکان، دارایی ن خزمەتگوزاریە هاوبەشکراوەکان.

سێیەم، ئەم پێکهاتەیە کردارەکانی خوێندنی گشتی تەواوکەر و بە خوێندنی پیشەیی یەکدەخات لە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی، لە کاتێکدا کۆی کاری پلاندانان , لێکۆلینەوە و پەرەپێدان, دڵنیایی جۆری, خزمەتگوزاریە هاوبەشکراوەکان پێکەوە کۆدەکرێنەوە لە ژمارەیەکی کەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا.

چوارەم، یەکخستنی کردارە تەواوکەرەکان لە ژێر بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان پەیوەندی و هەماهەنگی لە سەرانسەریان ئاسان دەکات.

#### یەکخستنەکانی کردارەکانی پەروەردە و پشتیوانی

پێکهاتەی پێشنیارکراو سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە لەخۆدەگرێت. ئێمە ئەمانە و کردارەکانیان لە خشتەی 2.4 نیشان دەدەین.

ئێمە پێشنیاری دوو یەکخستنی جیاوازی پەروەردەی گشتی و پەروەردەی پیشەییمان کرد بۆ پێدانی بەرچاوڕوونی و گرنگی زیاتر بۆ پەروەردەی پیشەیی دواناوەندی، کە تا ئێستا پشتگوێخراوە. وەزارەتی پەروەردە بەدوای چاککردن و فراوانکردنی ڕۆڵی پەروەردەی پیشەیی ئاستی دواناوەندیە، بە بەهەند وەرگرتنی ئەوەی زۆربەی قوتابیان خوێندنی دوای دواناوەندی تەواو ناکەن بەڵام بێگومان پێویستیان بە ئامادە کردنی باشترە بۆ بازاڕی کار (Constant et al., 2014).

**خشتەی 2.4**

**یەکخستنی پەروەردە و کردارە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

| کۆمەڵکردن (گرووپینگ)ی پەروەردە | کردار |
|---|---|
| پەروەردەی گشتی | گشت کردارەکانی پەرەپێدانی سیاسەتی پەیوەست بە پەروەردەی گشتی، بەلەخۆگرتنی باخچەی ساوایان، خوێندنی ئەکادیمی بنەڕەتی و دواناوەندی، و بەلەخۆگرتنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ستاندەرەکان و پەیڕەوی خوێندن، تاقیکردنەوەکان، پەروەردەی تایبەت، هۆکارەکانی وانە ووتنەوەی مامۆستا و کتێبخانەکان، پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان، ئاڕاستەکردنی دەروونی قوتابی، قوتابخانە ئەهلیەکان، و هونەر و وەرزش. |
| خوێندنی پیشەیی | گشت کردارەکانی پەرەپێدانی سیاسەتی پەیوەست بە پەروەردەی پیشەیی دواناوەندی و پەیمانگاکان، بەلەخۆگرتنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ستاندەرەکان و پەیڕەوی خوێندن، تاقیکردنەوەکان و پێدانی بڕوانامە، هۆکارەکانی وانە ووتنەوەی مامۆستا، پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستای پیشەیی، پەیوەندیەکانی خاوەنکاران، و لێکۆڵینەوە و داتای بازاڕی کار |
| پەروەردەی سریانی و تورکمانی | درێژەپێدانی بایەخدانی تایبەت بەم کەمینانە |

[3] ئێمە سەرەتا پێشنیاری ئەوەمانکرد کە بەرێوبەرایەتی گشتیی پلاندانا , توێژینەوە , هەڵسەنگاندن بخرێتە ژێر دەسەڵاتی بریکاری وەزیر تاوەکو گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان ڕاپۆرت بۆ بریکاری وەزیر بکەن. هەرچۆنێک بێت، وەزیری پەروەردە وای پێباش بوو ئەم کارەی ڕاپۆرتکردن بۆخۆی بێت بۆ پشتیوانیکردنی بەرپرسیاریەتیەکەی بۆ پەرەپێدانی دیدی ستراتیجی وەزارەت. هەروەها پێشنیاری پێویستی دوو بریکاری وەزیر کرد - دانەیەک بۆ پەروەردەی گشتی و دانەیەکیش بۆ پەروەردەی پیشەیی - نەوەک یەک بریکاری وەزیر، ووتی کە قەبارە و لۆدی کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە بەهانەن بۆی. ئەمە لەوانەیە پێویستی بە پشتیوانی ڕاپۆرتکردنی یەکەکان بێت بۆ دوو بریکاری وەزیری جیاواز، کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی کرداری هەماهەنگی لە سەرانسەری یەکخستنەکان کە پێکهاتەی یەک بریکاری وەزیر پێشکەشی دەکات.

**خشتەی 2.5**
**یەکخستنی پشتیوانی و کردارە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

| پشتیوانیکردنی به کۆمەڵکردن (گروپینگ) | کردار |
|---|---|
| پلاندانان , توێژینەوە , و هەڵسەنگاندن | پلاندانانی ستراتیجی لەگەڵ گشت کردارە پەیوەستەکان، بەلەخۆگرتنی بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ پلاندانانی ستراتیجی، کۆکردنەوەی داتا و ئامار، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، پەرەپێدانی پرۆگرام و ڕێگە پەروەردەییە نوێکان |
| سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری | چاودێریکردنی پابەند بوونی هەڵسەنگاندن و کاریگەری سەرکردایەتی قوتابخانە و وانە ووتنەوە و پشتیوانی بۆ باشترکردنی قوتابخانە، بەلەخۆگرتنی بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن |
| سەرچاوە مرۆییەکان، دارایی، و خزمەتگوزاریە گشتیەکان | خزمەتگوزاری پشتیوانی گشتگیر بەلەخۆگرتنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەرچاوە مرۆییەکان (دامەزراندن، هەڵسەنگاندن، بەرزکردنەوە و سوودەکان) دارایی ( بەلەخۆگرتنی بودجەدانان) کاروبارە یاساییەکان، خزمەتگوزاریە گشتیەکان، گرێبەستەکان، تەکنەلۆژیای زانیاری، و چاودێری و درێژەپێدانی دامەزراوەکان) |

ڕێکخستنی پێشنیارکراو سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتیش لەخۆ دەگرێت. ئێمە ئەمانە و کردارەکانیان لە خشتەی 2.5 نیشان دەدەین.

پێشنیاری زیادکردنی چەندین کرداری نوێ یان بەڕێوەبەرایەتی نوێمانکرد بۆ کردارەکانی ئێستای وەزارەت بۆ دڵنیاکردنی وەزارەتێکی کارا. بە شێوەی تایبەت، پێشنیاری ئەم خاڵانە دەکەین:

- لە نێو بەرێوبەرایەتی گشتیی پەروەردەی گشتی پێشنیارکراو، *بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ* ئاڕاستەکردنی دەروونی قوتابیان بۆ پەرەپێدانی سیاسەت و داواکاریەکان بۆ پێشکەشکردنی ڕێنوێنی ئەکادیمی و تایبەت بەکار بۆ قوتابیان
- لە نێو بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی پیشەیی دواناوەندی پێشنیارکراو، *بەڕێوەبەرایەتیەکی پەیوەندیەکانی خاوەنکاران*، پێشنیارکراوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکان و دروستکردنی هاوبەشی لەگەڵ خاوەنکاران بۆ یارمەتیدانی پەرەپێدانی ستاندەرە پیشەییەکان، پەیڕەوەکانی خوێندن، و پرۆگرامەکانی ڕاهێنانکردن، و یەکەیەک بۆ *لێکۆڵینەوە و داتای بازاڕ* بۆ یارمەتیدانی دیاریکردنی پێویستیەکانی بازاڕی کاری ئێستا و ئایندە.
- لەنێو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان , توێژینەوە، هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو، بەڕێوەبەرایەتیەکی *لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن* بۆ شیکردنەوەی خواستەکان و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای پرۆگرام نوێکان و پرۆگرامەکانی ئێستا، و *بەڕێوەبەرایەتیەکی پەرەپێدانی پرۆگرام و ڕێگە نوێکان* بۆ بەدوا داچوونی لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی پەرەپێدانە جیهانیەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن و بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- لەنێو بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پیشەیی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی، و یەکەیەک بۆ *پەیوەندیەکان لەگەڵ کۆلێژەکانی مامۆستایان* بۆ یارمەتیدان لە دڵنیاکردنی شیاوی ئامادەکاری مامۆستای بنەڕەتی و پشتگیریکردنی پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوامی کاتی مامۆستایەتیکردن.

هەروەها دوو بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی نوێشمان پێشنیارکرد. ئەمانە بریتین لە:

- *بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ پشکنەری گشتی* بۆ پێشکەشکردنی چاودێری لەسەر چالاکیەکانی ناوەوەی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو چالاکیانەی خراوەتە ئەستۆی نووسینگەکانی پەروەردەی پارێزگا و قەزاکان. دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی وەزارەتی پەروەردە لە پرۆسەی کات بەفیرۆدەر و دووبارە پشکنینی دامەزراندنی مامۆستا.
- *بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ کاروبارە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوەکان* بۆ هەماهەنگیکردنی چالاکیە پرۆگرامیەکان و ئەو هاوکاریەی لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پێشکەش دەکرێت.

**دیاریکردنی بەرپرسیاریەتیەکان بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو**

لە خوارەوە بە کورتی باس لە بەرپرسیاریەتیەکان و پەیامی گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان دەکەین بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پێشنیارکراو. پاشکۆ زانیاری زیاتری پەیامەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و لێهاتوویەکانی کاری تێدایە بۆ گشت پۆستە باڵاکانی بەڕێوەبردن.

***پەروەردەی گشتی***

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە پەرەپێدانی سیاسەت و کارەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بە پەروەردەی باخچەی ساواران، بنەڕەتی و دواناوەندی تێدایە و هەشت بەڕێوەبەرایەتی هەیە.

- *ستانداردەکان و پەیڕەوی خوێندن*. ستانداردە ئەکادیمیەکان دیاریدەکات و نوێدەکاتەوە و ناوەڕۆکی پەیڕەوی خوێندن پێناسەدەکات بۆ هەر یەک لە بابەت و پۆلی ئەکادیمی.
- *تاقیکردنەوەکان*. پەرە بە بەڕێوەبردن دەدات و چاودێری دەکات و ئەنجامەکان بۆ تاقیکردنەوەی بە ستانداردکراوی ساڵانەی هەرێمی دەنێرێت.
- *پەروەردەی قوتابی جیا*. پەرەپێدانی سیاسەتەکان، بابەتی پشتیوانیکەر بۆ ئەو قوتابیانەی خاوەن پێداویستی پەروەردەیی تایبەتن، لەگەڵ قوتابیە بەهرەمەند یان نموونەییەکان.
- *هۆکارەکانی وانە ووتنەوەی مامۆستا و کتێبخانەکان*. پەرەپێدانی ئامرازەکان و بابەتەکان دەسنیشان کردنی کتێب بۆ پشتیوانی کردنی وانە وتنەوەی مامۆستا بۆ پەیڕەوی خوێندن.
- *پەرەپێدانی پیشەیی* پەرەپێدانی سیاسەت و کۆرسەکان، دەسنیشانکردنی پێویستیەکان، و دابینکردن بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی پیشەیی مامۆستایان، بەڕێوەبەران، سەرپەرشتیاران، و ئاڕاستەکاران.
- *ئاڕاستەکردنی دەروونی قوتابی*. پەرەپێدانی سیاسەتەکان و بابەتەکان بۆ پشتیوانیکردنی ئاڕاستەکاران.
- *قوتابخانە ئەهلیەکان*. پەرە بە سیاسەتەکان دەدات بۆ فراوانکردن و کارکردنی قوتابخانە ئەهلیەکان و چاودێریکردنی کواڵیتیان.
- *هونەر و وەرزش*. پەرەپێدانی سیاسەتەکان بۆ ووتنەوەی هونەر و وەرزش و ڕێکخستن و چاودێریکردنی نمایشە هونەری و پێشبڕکێ وەرزشیەکان.

***خوێندنی پیشەیی***

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە کارەکانی پەرەپێدانی سیاسەت و کارەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بە خوێندنی پیشەیی دواناوەندی و پەیمانگاکان دەگرێتەوە، و شەش بەڕێوەبەرایەتی دەبێت.

- *ستانداردەکان و پەیڕەوی خوێندن*. ستانداردە پیشەییەکانی قوتابی و پێداویستیەکانی بڕوانامەپێدانی پیس دیاریدەکات و نوێدەکاتەوە و ناوەڕۆکی پەیڕەوی خوێندن پێناسەدەکات بۆ هەر یەک لە بابەت و پۆلە پیشەییەکان.
- *تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان*. پەرە بە بەڕێوەبردن دەدات و چاودێری دەکات و ئەنجامەکان بۆ تاقیکردنەوەی پیشەیی ساڵانەی هەرێمی دەنێرێت و دڵنیای بەدیهێنانی پێویستیەکانی بڕوانامەپێدان دەکاتەوە.
- *هۆکارەکانی وانە ووتنەوەی مامۆستا*. پەرەپێدانی ئامرازەکان و بابەتەکان دەسنیشان کردنی کتێب بۆ پشتیوانی کردنی وانە وتنەوەی مامۆستای پیشەیی بۆ پەیڕەوی خوێندن.
- *پەرەپێدانی پیشەیی* پەرەپێدانی سیاسەت، دەسنیشانکردنی پێویستیەکان، و دابینکردن بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی پیشەیی مامۆستایان، بەڕێوەبەران، سەرپەرشتیاران.
- *پەیوەندیەکانی خاوەنکاران*. پەرەپێدان و دەستخستنی پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاران و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی تر بۆ هاندانی بەشداریکردنیان لە پەرەپێدانی ستانداردە پیشەییەکان و پەیڕەوی خوێندن و لە دابینکردنی هەل بۆ ئەزموونی کرداری بۆ قوتابیانی خوێندنی پیشەیی.

- *لێکۆڵینەوە و داتای بازاڕ.* کۆکردنەوە، شیکردنەوە، و بڵاوکردنەوەی داتای بازاڕی کار بۆ دیاریکردنی پێویستیەکانی تری بازاڕی کار و داواکاریەکانی کارامەیی.

*پلاندانان، توێژینەوە، هەڵسەنگاندن*

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە دەکرێت پلاندانانی ستراتیجی فراوانی وەزارەتی پەروەردە، کۆکردنەوە و شیکاری داتای پەروەردە، و هەڵسەنگاندنی کاریگەریی خوێندنی ئەکادیمی و پیشەیی بگرێتەوە، و دەکرێت چوار بەڕێوەبەرایەتی هەبێت.

- *پلاندانانی ستراتیجی.* هاوکاریکردنی لە پەرەپێدانی دیدی پەروەردەی هەرێمیی، بەڕێوەبردنی پرۆسەی پلاندانانی پەروەردەی هەرێمیی درێژخایەن، و دڵنیاکردنی ئەوەی کە چالاکی یەکەکان بەشدارن لە جێبەجێکردنی ماستەر پلانەکە.
- *ئامار و کۆکردنەوەی داتا.* داتای قوتابی-، مامۆستا-، قوتابخانە-، و دایباب کۆدەکاتەوە و ڕاپۆرتی ئاماری ڕێک ئامادە دەکات و دابەش دەکات.
- *لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن.* شیاوی و کاریگەری پرۆگرامەکانی پەروەردە هەڵدەسەنگێنێت و هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان و داواکاریەکان بۆ باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی دەکات.
- *پەرەپێدانی پرۆگرام و ڕێگە نوێکان.* مانەوە شان بە شانی لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و گەشەسەندنی نوێ و پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی پرۆگرامە پەروەردەییە نوێکان ئەنجام دەدات.

*سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری*

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە کواڵیتی قوتابخانە، وانە ووتنەوەی مامۆستا، و کاریگەریی سەرکردایەتی بەڕێوەبەر هەڵدەسەنگێنێت؛ لەگەڵ دابینکردنی پشتگیری بۆ قوتابخانە و کاریگەری وانە ووتنەوە؛ و دوو بەڕێوەبەرایەتی هەیە.

- *دڵنیایی جۆری.* سیستەمەکانی دڵنیایی جۆری قوتابخانە و ستاف پەرەپێدەدات و درێژەپێدەدات.
- *سەرپەرشتیکردن.* هەڵسەنگاندنی دڵنیایی جۆری قوتابخانە ئەنجام دەدات و پشتیوانی لە چاککردنەکانی قوتابخانە دەکات.

*سەرچاوە مرۆییەکان، دارایی، و خزمەتگوزاریە هاوبەشکراوەکان*

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە گشت خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی بۆ وەزارەتی پەروەردە دابین دەکات، بەلەخۆگرتنی سەرچاوە مرۆییەکان، دارایی، کاروبارە یاساییەکان، تەکنەلۆژیای زانیاری، دەستخستن، و دامەزراوەکان، و دەکرێت شەش بەڕێوەبەرایەتی هەبێت.

- *سەرچاوە مرۆییەکان.* ستافی زۆر لێهاتوو و پابەند دادەمەزرێنێت و هاندەدات کە بتوانن پشتگیری لە پێویستیەکان و پەیامی وەزارەتی پەروەردە بکەن.[4]
- *دارایی.* بودجە ئامادە دەکات، سەرچاوەکان تەرخان دەکات و چاودێری خەرجیەکان دەکات.
- *یاسایی.* پەرە بە گرێبەستەکان دەدات و ڕاوێژی گشتی دەربارەی بابەتە یاساییەکان پێشکەش دەکات بۆ گشت وەزارەتی پەروەردە.
- *خزمەتگوزاری و دەستخستنە گشتیەکان.* کەرەستەکان و پشتیوانی لۆجیستیکی دابین دەکات بۆ چالاک کردنی گشت پێکهاتەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتیەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر.
- *تەکنەلۆژیای زانیاری.* تەکنەلۆژیای زانیاری دەکڕێت و دەست دەخات کە پشتیوانی گشت پێکهاتەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات.
- *دامەزراوەکان.* پلان بۆ گشت دامەزراوەکانی وەزارەتی پەروەردە دادەنێت و دەستیان دەخات.

[4] ئەم بەڕێوەبەرایەتیە تەنها بەرپرسیار دەبێت لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ستافی وەزارەتی پەروەردە. دامەزراندنی مامۆستا و بەڕێوەبردن دراوەتە پارێزگاکان.

***پشکنەری گشتی***

ئەم پشکنەری گشتیە پلان بۆ ووردبینی دارایی و ئیداری دادەنێت و جێبەجێدەکات بۆ دڵنیاکردنی پابەند بوون بە یاساکان حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەت و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە.

***کاروباری گشتی و میدیا***

ئەم ڕێکخستنە بەرپرسیار دەبێت لە هۆشیارکردنەوە و پەیوەندیی دەرەکی لەگەڵ گشت میدیا و دڵنیاکردنی ئەوەی پەیامی کواڵیتی بەرز و جێگیر و پەیوەندیە دەرەکیەکان ڕەنگدانەوەی خواست و ویستەکانی وەزارەتی پەروەردەن.

***کاروبار و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان***

ئەم ڕێکخستنە هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکان، حکومەتە بیانیەکان و بەڵێندەران دەکات.

***ڕاوێژکار***

ڕاوێژکاران شارەزایی و ڕاوێژی تایبەت بە وەزیر دەبەخشن لە بوارە دەسنیشانکراوەکانی پەروەردە.

لە بەشی داهاتوو، چوارچێوەیەکی پێشنیارکراو و پلانی جێبەجێکردن بۆ سیستەمێکی دڵنیایی جۆری قوتابخانە دەخەینە ڕوو.

## پەرەپێدانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانەکان

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستا سیستەمێکی یەکانگیری نیە بۆ چاودێریکردنی ئەدای قوتابخانەکان دڵنیابوون لە باشترکردنی. چەندین هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی داتای جوزئی دەربارەی ئەدای قوتابیان، تایبەتمەندیەکانی قوتابخانەکان، و ئەداری بەڕێوەبەر و مامۆستایان. گەرچی دەکرێت وەزارەت هەندێک لەمانە بۆ چاودێریکردنی قوتابخانەکان بەکاربێنێت، داتاکان هەماهەنگ نەکراون و گشت لایەنە گرنگەکانی قوتابخانە دەسنیشان ناکەن.

بۆ یارمەتیدان لە جێبەجێکردنی سیستەمێکی کاریگەری دڵنیایی جۆری قوتابخانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پەروەردە داوای لە دامەزراوەی ڕاند کرد چوارچێوەیەکی چاودێریکردن پێشکەش بکات و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دیاری بکات. ئەم بەشە باس لە هەوڵەکانمان دەکات بۆ ئەم مەبەستە.

یەکەم، باس لە ڕێگەکانی ئێستای دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەین. دووەم، ئێمە دەستنیشانی سیفاتەکانی سیستەمی‌ێکی دڵنیایی جۆری کاریگەرمان کرد لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر دەربارەی سیستەمەکانی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانەکان, هەروەها پێداچونەوەمان بە سیستەمی دلنیایی قوتابخانەکان لە وڵاتانی تردا ئەنجامدا. سێیەم، ئێمە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانەی پێشنیارکراو دیاری دەکەین بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. دەرەنجامەکان دەخەینەڕوو بە وەسفکردنی بڕیارەکان و هەنگاوەکان کە پێویستە هەرێمی کوردستانی عێراق بینێت لەگەڵ ئەو بەرپرسیاریەتی و ڕۆڵانەی قوتابخانەکاں و بەڕێوەبەرایەتیە جیاوازەکانی وەزارەتی پەروەردە پێویستیانە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی پێشنیارکراو.

### ڕێگەکانی ئێستای دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لە لێکۆڵینەوەی پێشووترمان (Vernez, Culbertson, and Constant, 2014)، چەندین کێشەمان خستەڕوو لە کردار و تواناکانی چاودێریکردنی قوتابخانە. بەکورتی ئەم کێشانە لە خوارەوە پوخت دەکەین.

#### مەودای کەمی داتای کۆکراوە

بە بەکارهێنانی ڕووپێویەکی قوتابخانە، وەزارەت داتای بنەڕەتی تۆمارکردن، خوێندن و ئەزموونی ستاف، دیموگرافیای قوتابیان و دۆخی دامەزراوەکان کۆدەکاتەوە. هەروەها وەزارەت هەڵسەنگاندن بۆ هەریەک لە بەڕێوەبەرەکان و مامۆستاکان دەکات لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنەکانی سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ هەڵسەنگاندن کردن بۆ قوتابیانی پۆلی 9 و پۆلی 12 لە ڕێگەی تاقیکردنەوە نیشتیمانیەکان. گەرچی وەزارەت دەتوانێت هەندێک لەو داتایە بەکاربێنێت کە کۆی دەکاتەوە بۆ چاودێریکردنی قوتابخانەکان، بەڵام ئەمە ناکات، و ئەو داتایەی کۆی دەکاتەوە ئەم تایبەتمەندیە گرنگانەی تێدا نیە وەک ئامادەبوون و نەهاتنی قوتابیان، پابەند بووونی قوتابی، و ڕەزامەندی دایک/باوک و قوتابی.

#### بایەخدان بە کواڵیتی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر و مامۆستا.

کواڵیتی ئەو داتایەی کۆدەکرێتەوە دەربارەی بەڕێوەبەر و مامۆستایان لەوانەیە کەم بێت، و بۆیە لەوانەیە سەرپەرشتیاران نەتوانن بە دروستی بڕیار لە سەر کواڵیتی ستافی قوتابخانە بدەن. هەڵسەنگاندنەکانی بەڕێوەبەران و مامۆستایان زۆر کورتن بۆ ئەوەی بتوانن بە ووردی دەسنیشانی ئەدا بکەن یان پێشنیاری باشترکردن بکەن. سەرەڕای ئەوەش، جەخت

دەکەنە سەر بابەتە ئیداریەکان، وەک ئەوەی ئایا مامۆستا پەرتوکی وەزارەت بەکاردێنێت یان ئایا بەڕێوەبەران فۆرمە پەیوەستەکان تەواو دەکەن یان نا. زۆرینەی سەرپەرشتیاران کاتێکی کەم بەسەر دەبەن لە سەرپەرشتیکردنی وانە ووتنەوەی مامۆستا یان تاقیکردنەوەی بەلگەی وەک پلانی وانە. لەوانەیە سەرپەرشتیاران تێگەیشتنی باویان نەبێت بۆ پێوەری تایبەت بۆ حوکمدان لە سەر مامۆستا و بەڕێوەبەران، کە دەبێتە هۆی هەمەچەشن بوونی حوکمدان لە سەر ئەدایان.

#### کەمی شەفافیەت

بەڕێوەبەران و مامۆستایان دەسگەیشتنی سنووردراویان هەیە بۆ ئەو زانیاریەی وەزارەت کۆیدەکاتەوە، بە تایبەتی زانیاری دەربارەی چۆنیەتی بەراوردکردنی ئەدایان لەگەڵ ئەوانی تر، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانایان بۆ باشترکردن. هیچ پێکهاتەیەک نیە بۆ بەراوردکردنی زانیاری ئەدا یان گەیاندنی بە قوتابخانەکان و کۆمەڵگە. مامۆستایان فیدباکی تەواو وەرناگرن سەبارەت بە وانە ووتنەوەیان یان جێبەجێکردنی پەیرەوی خوێندن، و نە ڕێنوێنی پێکهاتەیی بۆ باشترکردنی کارەکەیان وەردەگرن. سەرپەرشتیاران ڕاهێنانی پێویستیان پێنەکراوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی پشتیوانیکەر بە قوتابخانە بدەن ( مەزەندە ناکرێت ئەم ڕۆڵەشیان هەبێت). هەروەها بەرپرسیارن لەم ژمارە زۆرەی کارمەندان کە کاتی پێویستیان نیە کە لەگەڵ هەر یەک لە مامۆستایان بەسەری ببەن.

#### هەوڵی سەربەخۆ لە ڕێگەیە بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی قوتابخانەکان.

وەزارەتی پەروەردە چەندین دەسپێشخەری لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی ڕاسپاردوە، کە لە لایەن ڕێکخراوی وەک پاشکۆی کەلتوری کونسوڵخانەی بەریتانیا، کۆلێژی بێرمینگهام، و یونسێف سەرکردایەتی دەکرێن بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان. دەسپێشخەریەکان هەمەجۆرن لە جۆری قوتابخانەکان و نیشاندەرە چاودێریکراوەکان، پرۆسەی بەکارهێنراو بۆ کۆکردنەوەی داتا، پێوەری بەکارهاتوو بۆ حوکمدان لە سەر ئەدای قوتابخانە، و ڕێگەی بەکارهێنانی زانیارییەکان بۆ یارمەتیدانی قوتابخانەکان. ئەم کۆمەڵە هەوڵە لەوانەیە ببێتە هۆی شلەژان لە نێوان قوتابخانەکان و ببێتە هۆی دروست بوونی سیاسەتی ناکۆک مەگەر هەماهەنگ بکرێن و لەگەڵ دیزاینی گشتی دڵنیایی جۆری قوتابخانە ڕێک بخرێن کە یەک چوارچێوەی باو بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان پێشکەش دەکەن.

### تایبەتمەندیەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری کاریگەری قوتابخانە

لێکۆڵینەوەی پێشووتر پێشنیاری پێنج پێکهاتەی سەرەکی دەکات بۆ سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانەکان. هەر یەک لە (1) نیشاندەری ئەدای قوتابخانە، (2) مەبەستەکانی ئەدای قوتابخانە، (3) پێکهاتە و کارە پشتیوانیکەرەکان، (4) توانای قوتابخانە، و (5) توانای وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە. چۆنیەتی داڕشتن و جێبەجێکردنی هەر یەک لە پێکهاتەکان چۆنیەتی باشی سیستەمەکە دیاری دەکات و دەتوانێت پێوانەی ئەدای قوتابخانەکان بکات و پشتگیریان بکات.

#### نیشاندەرەکانی ئەدای قوتابخانە

سیستەمێکی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە پێویستە نیشاندەرە پەیوەستەکان بە دەرەنجامەکانی قوتابخانە، ئینپوتەکان، و پرۆسەکان بگرێتەوە بۆ دەسنیشانکردنی ئەو قوتابخانانەی ئەدایان نزمە لەگەڵ چاودێریکردنی بەرەوپێش چوونیان. پێویستە نیشاندەرەکان هاوتا بن لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکانی گەل و تیۆری کار بۆ باشترکردن یان بە لایەنی کەم هاوڕێک بێت لەگەڵ تیۆری گشتی باشترکردنی قوتابخانە (Hamilton and Stecher, 2010; Rennie Center for Education Research & Policy, 2005; Ogawa and Collom, 1998). زۆربەی سیستەمەکانی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە لە جیهان (بۆ نموونە، ئینگلترا، هۆنگ کۆنگ، نیو زلەندە، سکۆتلەندا، سەنگافورە، و تایلەند) نیشاندەری تێدایە بۆ بوارە سەرەکیە باوەکانی وەک پرۆسەکانی بەڕێوەبردن، پرۆسەکانی فێرکردن، و دەرەنجامی ئەکادیمی و نا ئەکادیمی قوتابی (Whitby, 2010).

ژمارەی نیشاندەرەکان لە سیستەمەکە نابێت لە ڕادەبەدەر بێت بەڵام پێویستە گونجاو بێت بۆ نیشاندانی چۆنیەتی کارکردنی قوتابخانەو ئەو ژینگەیەی تیایدا کاردەکەن (Ogawa and Collom, 1998; Shavelson, McDonnell, and Oakes, 1991). بوونی نیشاندەرێکی زۆر لەوانەیە ببێتە هۆی سیستەمێکی بارگرانی کۆکردنەوەی داتا، تێکەڵکردنی بڕێکی زۆری زانیاری، ئاڵۆزی لە بڕیاردان، و داتا کە لە کاتی خۆی نیە یان سوودبەخش نیە بۆ ئەولەویەتدانان (Blank, 1993; Ogawa and Collom, 1989; Porter, 1991). بایەخدانەکانی تری دەسنیشانکردنی نیشاندەرەکان هەر یەک لە تێچوو و توانای کۆکردنەوەی داتا و جێباوەڕبوون و شیاویی پێوانەکان دەگرێتەوە (Hamilton and Stecher, 2010).

بوونی ئەزموون لە وڵاتەکانی ئاماژە بۆ ژمارەیەک کرداری دەسنیشان کردنی نیشاندەرەکانی ئەدای قوتابخانەی مژدەبەخش دەکات. ئەمانە چەند کردارێک دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە

- *ڕێککردنی نیشاندەرەکان لەگەڵ ئامانجەکانی پەروەردە.* بەربژاری نیشاندەرەکان پێویستە ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی پەروەردەی ئێستای وەزارەتی پەروەردە و تیۆری باشترکردنی قوتابخانە بێت. لە دۆخی نەبوونی ئامانجی پەروەردەی تایبەت، بەربژاری نیشاندەرەکان پێویستە ڕەنگدانەوەی تیۆرێکی گشتی باشترکردنی قوتابخانە بێت.
- فراوانی نیشاندەرەکان. ژمارەیەکی دیاریکراوی نیشاندەر هەیە کە گرنگ بێت بۆ باشترکردنی قوتابخانە. ئەمانە هەر یەک لە ئینپوتەکان، پرۆسەکان و دەرەنجامەکان دەگرێتەوە.
- بڕیاردان. پێویستە نیشاندەرە دەسنیشانکراوەکان ڕێگە بە بڕیاردانی کارامە بدەن بۆ باشترکردنی پەروەردە لە قوتابخانە تایبەتەکان.
- فەراهەمکردنی توانای شیاوی کۆکردنەوەی داتای. نیشاندەرە دەسنیشانکراوەکان پێویستە بەردەست بن بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە لە کاتی گونجاو.
- *نیشاندەرەکانی ئەدا کە باوەڕپێکراو و دروستن.* پێویستە نیشاندەرەکان جەخت بکەنە سەر تایبەتمەندیەکانی قوتابخانە کە دەکرێت پێوانە بکرێت بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو و هاوتا.

#### مەبەستەکانی ئەدای قوتابخانە

هەر سیستەمێکی دڵنیایی جۆری یان چاودێریکردنی قوتابخانە پێویستە مەبەستەکانی ئەدای هەبێت. مەبەستەکانی ئەدای قوتابخانە دەکرێت وەک پەیوەندیدار بە ئەدای قوتابخانەکانی تر دابنرێن یان لە ئاستێکی ڕەها بن (Springer and Balch, 2009). بڕیاردان لە سەر هەڵبژاردنی هەر ڕێگەیەک بە شێوەیەکی زۆر پشت بە بەردەست بوونی سەرچاوەکان و توانا دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی. بۆ ئەو سیستەمانەی پەروەردە کە سەرچاوە و توانای سنووردرایان هەیە، مەبەستەکانی ئەدای بەراوردکای ڕێگە بە دەسەلات دەدات پشتیوانی خۆی دابەش بکات بۆ قوتابخانەکان لەگەڵ زۆرترین پێویستیەکان (Springer and Balch, 2009).

سیستەمەکانی ئەدای قوتابخانە لەوانەیە نیشاندەرەکان مەبەستەکان یەک بخات (Gong and Blank, 2002). لێکۆڵینەوەی پێشووتر پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستە نیشاندەرەکان بە جیا و بە ئاوێتەکراوی لەگەڵ نیشاندەرەکان ڕاپۆرت بکرێن. هەمووی بەیەکەوە، باشترین ئەو کارانەی دەسنیشانمانکرد بۆ مەبەستەکانی ئەدای قوتابخانە بریتین لە

- دانانی مەبەستەکانی ئەدا بۆ قوتابخانەکان لە سەر چەندین نیشاندەر. لەو شوێنەی کرداری بێت، لەوانەیە مەبەستەکان پێویستیان بە باشترکردن بێت بە تێپەڕبوونی کات یان لە ژینگەی جیاواز
- هاوتەریب کردنی مەبەستەکان لەگەڵ سەرچاوەکان، لەگەڵ مەبەستەکانی ئەدا بۆ دەسنیشانکردنی ژمارەی قوتابخانەکان کە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت پشتیوانیان بکات.
- ئاوێتەکردنی نیشاندەرەکان بۆ حوکمدان لە سەر ئەدای قوتابخانە، لەگەڵ قورسکردن بە پێی پێویست.

#### پشتگیری کردن لە پێکهاتە و کارەکان

سیستەمەکانی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە بۆ چاککردنی قوتابخانە پێویستە پێکهاتەی پشتیوانیی کاریگەری تێدابێت. گەرچی یەکدەنگی نیە دەربارەی ئەوەی کامە پێکهاتە کاریگەرترە، پشتگیری پێکهاتە لەوانەیە پەرەپێدانی پیشەیی لەخۆ بگرێت بۆ سەرکردە و مامۆستایان قوتابخانە، ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردە لە شوێنی کار یان ڕاوێژکار و کارمەندانی باشترکردن لە وەزارەتی پەروەردە بۆ یارمەتیدانی سەرکردەکانی قوتابخانە بۆ داڕشتنی باشترکردن و

بەڕێوەبردنی ئەدا، و پرۆگرامی پەیڕەوەکانی خوێندن یان نا پەیڕەوەکانی خوێندن بۆ باشترکردن. دەسنیشان کردن و جێبەجێکردنی کارەکان پێویستە هاریکاری لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و قوتابخانەکان لەخۆ بگرێت (Le Floch, Boyle, and Therriault, 2008a; 2008b; Finnigan and O'Day, 2003).

سەبارەت بە جۆری کارەکان، هەندێک بەڵگە هەیە کە چاکسازی یان ستراتیجیە زیادبووەکان بەرەوە ئەوە دەچێت کەمتر کاریگەر بن بۆ باشترکردنی ئەو قوتابخانانەی ئەدایان نزمە (Institute of Education Sciences, 2008). سەرەڕای ئەوەش، ئەم قوتابخانانە پێویستیان بەکاری درێژخایەنتر یان چاکسازی گشتگیری فراوان هەیە، دەسپێکردن لە گۆڕانکاریە سەرەکیەکان لە کارەکانی سەرکردایەتی یان کارگێڕانی سەرکردایەتی. هەروەها، جۆر و بڕ و چڕی پشتگیری و کارەکانی پێویستە لە لە لایەن ئەدای قوتابخانەوە جیا بکرێتەوە.

لە باشترین کارەکانی پشتیوانیکردن بریتین لە مانە:

- *درککردن بە جیاوازیەکانی ئەدا*. پێویستە سیستەمێکی هەڵسەنگاندن جیاواز لە نێوان ئاستەکانی ئەو قوتابخانانە بکات کە ئەدایان نزمە. بۆ نموونە، لەوانەیە قوتابخانەکان وەک زۆر لە ژێر مەبەست، ناوەند لەژێر مەبەست و لە یان لە سەرووی مەبەست پۆلین بکات.
- *ڕێکخستنی پشتگیری بۆ ئاستی ئەدا*. پێویستە سیستەمێکی چاودێریکردن جۆر و بڕی پشتیوانی و کارەکان هەمەچەشن بکات بۆ قوتابخانەکان بە پێی ئەدایان.
- *پێشکەشکردنی پشتیوانی لە قەوارەی جیاوازەوە*، وەک وەزارەتی پەروەردە، ڕێکخراوە پشتیوانیە ناحکومیەکان، ڕاوێژکاران و شارەزایان.
- *هاندانی هاوکاری لە نێوان قوتابخانەکان وەزارەتی پەروەردە* بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی پشتیوانی و کارەکان.

#### توانای قوتابخانە

بنیاتنانی توانای قوتابخانە گرنگە بۆ درێژەپێدانی چاککردنەکان بە تێپەڕبوونی کات (Chubb, 2004; Purkey and Smith, 1985). توانای قوتابخانە کارامەییەکان سەرکردەی قوتابخانە دەگرێتەوە لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلان و سیاسەتەکان، بەکارهێنانی زانیاری بۆ بەڕێوەبردنی ئەدای کارمەندان، و هاوڕێککردنی پەیڕەوی خوێندن و سەرچاوەکان بۆ ئامانجەکانی فێربوونی قوتابیان. هەروەها توانای قوتابخانە کارامەییەکانی مامۆستا دەگرێتەوە لە جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی وانە ووتنەوەی گونجاو. هەندێک بەڵگە هەیە کە بڕیاردانی پەیوەست بە داتا کاریگەرە بۆ بنیاتنانی توانای قوتابخانە (Chubb, 2004; Feldman and Tung, 2001; Massell, 2001).

خود-هەڵسەنگاندن، کە تیایدا سەرکردەکانی قوتابخانە خاڵی بەهێز و زلاوازی خۆیان هەڵدەسەنگێنن و پلان پێشدەخەن بۆ باشترکردن، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بنیاتنانی توانای قوتابخانە. خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە ڕێگەی بە سەرکردەکانی قوتابخانە و مامۆستایان دەدات بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری ئەدای خۆیان بکەن و داتاکە بەکاربێنن بۆ دەسنیشانکردنی بوارەکانی باشترکردن و لەوێوەی تواناکە بەرز بکەنەوە (Whitby, 2010). سەرەڕای خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە، پێشکەشکردنی ئامرازەکان و ڕاهێنانی قوتابخانە کارێکی تری باشە بۆ بنیاتنانی توانا. وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت ڕاهێنان پێشکەش بکات، و ڕاوێژکاری زیاتر دەتوانن داتا و زانیاری بەکار بێنن بۆ یارمەتیدانی قوتابخانەکان لە جێبەجێکردنی پلانەکان و ئەنجامدانی خود-هەڵسەنگاندن.

#### توانای وەزارەتی پەروەردە

لێکۆڵینەوەی پێشووتر ئاماژە بەوە دەکات کە تایبەتمەندیەکانی کارکردنە سەر توانای هەر وەزارەتێکی پەروەردە یان قوتابخانە بۆ بەڕێوەبردنی ئەدا ئەوە کوالێتی سەرکردایەتی، ژمارەی ستاف، شارەزایی ستاف، پارەدارکردن، و تەکنەلۆژیا دەگرێتەوە (Le Floch, Boyle, and Therriault, 2008a; 2008b). زۆرینەی وەزارەتەکانی پەروەردە توانای پێویستیان نیە بۆ چاودێریکردن و پشتگیری گشت قوتابخانەکان، پێشەنگی کردنیان بۆ بەکارهێنانی سیستەمێکی پلەدار و ڕێکخستی لەگەڵ ئەدای قوتابخانە.

لە نێوان باشترین کارە پێشنیارکراوەکان لە لایەن لێکۆڵینەوەی پێشووتر بۆ بنیاتنانی تواناکانی وەزارەت جەختدەکەنەوە سەر ئەوەی کە وەزارەت ژمارەیەکی پێویستی ستافی هەبێت بۆ چاودێریکردن و پێشکەشکردنی پشتگیری بە قوتابخانەکان و ئەم ستافە لێهاتوو بن بۆ چاودێریکردن و پشتگیری کردنی قوتابخانەکان. جێبەجێکردنی کاریگەری کارە دەسنیشانکراوەکانی سەرەوە پشت بە توانای ئەم ستافە دەبەستێت.

## چوارچێوەی دڵنیایی جۆری پێشنیارکراو بۆ قوتابخانە

بەتەواوەتی، پێویستە سیستەمی چاودێریکردن و جێبەجێکردن ئەم پێکهاتانەی هەیە: کۆکردنەوەی داتا و خود-هەڵسەنگاندن، پۆلینکردن بۆ قوتابخانەکان بەپێی ئەدا، چاودێریکردنی سەردانەکان و هەڵسەنگاندنی زیاتر لە سەر بنەمای ئەدای دواتر، و پلان و جێبەجێکردنەکانی پەرەپێدانی ئاینده. شێوەی 3.1 ئەم پێکهاتانە پوخت دەکات.

ئەم سیستەمە ساڵانە چاودێری گشت قوتابخانەکان دەکات. لە سەرەتای هەر ساڵێکی خوێندن، سیستەمەکە ژمارەیەکی سنووورداری هەنگاوی 1 یان نیشاندەری دیاریکەری بڕ بەکاردێنێت بۆ پۆلینکردنی قوتابخانەکان بە پێی سێ ئاستی بایەخدان. ئەم پۆلینکردنە ڕەنگدانەوەی ئەو پلەیەیە کە قوتابخانەکە مەبەستەکانی پێشووتریان بەدیهێناوە و نیشاندەری چڕی چاودێریکردن و پشتگیری پێویستە بۆ ساڵی دواتر. ئەو قوتابخانانەی کە بایەخدانیان نیە یان زۆر کەمە ئەوە چاودێریکردنی کەم وەردەگرن (بۆ نموونە، یەک سەردان بۆ یەک ساڵ) و ئەوە پشتگیری گونجاو پێویستە. لەوانەیە وەزارەتی پەروەردە پاداشت بەو ئەو قوتابخانانە بدات یان ئەوەتە بە فەرمی سوپاس و پێزانینیان پێشکەش بکات. ئەو قوتابخانانەی وەک ئاستی مام ناوەند پۆلینکراون ئەوە چاودێریکردنی زیاتر وەردەگرن (بۆ نموونە، دوو سەردان یان چوار سەردان لە ساڵێک) و پشتگیری مەبەستدار وەردەگرێت بۆ دەسنیشانکردنی ئەو بوارانەی باش نین. ئەو قوتابخانانەی جێگەی بایەخی زۆرن ئەوە سەردانی یەک بەدوای یەک وەردەگرن (بۆ نموونە، هەر دوو هەفتە و سەردانێک) لە لایەن سەرپەرشتیاران و پشتگیری چڕ بۆ باشترکردنی توانای گشتی قوتابخانە.

گشت قوتابخانەکان بەرپرسیار دەبن بۆ خود-هەڵسەنگاندن لە ماوەی ساڵ و بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی ساڵانەی قوتابخانەکەیان. خود-هەڵسەنگاندنەکان یارمەتی قوتابخانەکان دەدات لە دەسنیشانکردنی پێویستیەکانیان و پلانەکانی پەرەپێدان کە هاوتەریبە لەگەڵ پێویستیەکانیان. وەزارەتی پەروەردە و ڕاوێژکارە دەرەکیەکان ڕێنوێنی گشت قوتابخانەکان دەکەن لە خود-هەڵسەنگاندنیان و پەرەپێدانی پلانی قوتابخانە. هەروەها هاوکاری ئەو قوتابخانانە دەکەن کە جێبەگی بایەخی مام ناوەند یان زۆرن بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە پلانەکان هاوتەریبین لەگەڵ ئەنجامەکانی خود-هەڵسەنگاندن و پەنجە دەخەنە سەر کەموکوڕیەکان.

خشتەی 3.1 تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانەی پێشنیارکراو دیاری دەکات. یەکەم، تایبەتمەندیەکی سەرەکی سیستەمی پێشنیارکراو بریتیە لەوەی کە چاودێری ئینپوت و ئاوتپوتی قوتابخانە دەکات و

**شێوەی 3.1**
**سیستەمی پێشنیارکراوی چاودێریکردن و پێکهاتەکانی**




RAND RR960–3.1

ژمارەیەکی *شیاوی* نیشاندەری واتاداری تێکەڵدەکات. نیشاندەرە دەسنیشانکراوەکان هاوتەریین لەگەڵ تیۆرێکی گشتی چاککردنی قوتابخانە.

دووەم، سیستەمەکە نیشاندەری دوو-هەنگاوی بەکاردێنێت بۆ ئەوەی سیستەمەکە بە کارایی بێڵێتەوە. هەر یەک لە هەنگاوەکان جەخت دەکاتە سەر هەمان بواری قوتابخانە بەڵام نیشاندەری جیاواز بەکاردێنێت. نیشاندەرەکانی دیاریکەری بڕی هەنگاوی 1 مەبەستی ئەدای پێناسەکراویان هەیە بۆ پۆلینکردنی گشت قوتابخانەکان بۆ سێ جۆری چاودێریکردن و پشتگیری پێویستیەکان. نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 زیاتری دیاریکەری جۆرن، ڕێگە بە شیکاری قووڵتری لاوازی قوتابخانە باشترکردنە گرنگەکانی قوتابخانە دەدەن، و بە سەر ژمارەیەکی کەمتری ئەو قوتابخانانە جێبەجێدەبن کە لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی1 نیشاندراون کە بایەخ پێدانیان هەیە.

سێیەم، سیستەمە پێشنیارکراوەکە شێوازێکی کاری هاوبەش لە نێوان ستافی وەزارەتی پەروەردە و سەرپەرشتیاران و ستافی قوتابخانەکان لەخۆ دەگرێت. چاودێریکردنی دەرەکی لە لایەن سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە ئاڕاستەکردنی ڕوون و ستراتیجیەتی کاریگەر بە قوتابخانەکان دەبەخشێت بۆ باشترکردن. خود- چاودێریکردنی قوتابخانە بە تێپەڕبووونی کات تواناکانی دروست دەکات و یارمەتیدەر بێت لە درێژەپێدانی باشترکردنەکان، ڕۆڵێکی گرنگ بە قوتابخانە دەدات لە سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە. گشت قوتابخانەکان داواکراون بۆ ئەنجامدانی خود-هەڵسەنگاندنی ساڵانە بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2. سیستەمی پێشنیارکراو بەرپرسیاریەتی بە قوتابخانەکان دەدات بۆ چاودێریکردن و پێداچوونەوەی خۆیان و پەرەپێدانی لیستێک لە ئەرکەکان کە گفتوگۆی دەکەن لە گەڵ ستاف و سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردەی هاوبەشی دەکەن بۆ دەستخستنی ئەدای بەهێز.

چوارەم، سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە هاوتەریبە لەگەڵ ووردبینی چاودێریکردن و جۆری خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ پۆلینکردنی قوتابخانە. بۆ نمونە، ئەو قوتابخانانەی وەک بایەخدانی مام ناوەند پۆلینکراون ئەوە پشتگیریەکی مەبەستدار وەردەگرن بە دەسنیشانکردنی بوارە کەموکوڕیدارەکان. ئەو قوتابخانانەی وەک جێگەی بایەخ پێدانی زۆر پۆلینکراون ئەوەی کرداری فرەلایەن وەردەگرن بۆ دەسنیشانکردنی کۆمەڵێک بوار. ئەم جۆرە قوتابخانانە

**خشتەی 3.1**

**تایبەتمەندیەکانی سیستەمی پێشنیارکراوی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە**

| تایبەتمەندی | شرۆڤە |
|---|---|
| پێکهاتەی سیستەمەکە | چاودێری ساڵانەی ئینپوت، پرۆسە و ئاوتپوتی قوتابخانە، بە بەکارهێنانی نیشاندەری دوو هەنگاوی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابخانە. |
| نیشاندەرەکانی ئەدای قوتابخانە | هەنگاوی 1: پۆلینکردنی دیاریکەری بڕی قوتابخانەکان کە:<br>هیچ/کەمێک بایەخیان پێویستە<br>بایەخدانی مام ناوەندیان پێویستە<br>بایەخدانی زۆریان پێویستە<br>هەنگاوی 2: نیشاندەری جۆری زیاتر کە شەش دۆمەینی ستاندەرەکانی کوالێتی دەگرێتەوە و بە ئامانگرتنی قوتابخانەکان کە بایەخدانی "مام ناوەند" یان "زۆریان" پێویستە. |
| ڕێگەی چاودێریکردن | ڕێگەی هەماهەنگیکار لە نێوان سەرپەرشتیاران و قوتابخانەکان بە بەکارهێنانی:<br>خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە<br>پشکنینی دەرەکی (لەگەڵ ئاستی پشت بەستن بە ئەدای قوتابخانە)<br>پلانەکانی خود-پەرەپێدانی قوتابخانە کە بە هاوکاری پێشخراوە |
| خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە | قوتابخانەکان بەشدار دەبن لە خود-هەڵسەنگاندنی ساڵانە بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 |
| پشتگیری کردن لە پێکهاتە و کارەکان | پشتگیری کردن بە پێی پۆلینکردنی قوتابخانە دەگۆڕێت<br>پرۆسەی هاریکارانە بەکاردێنێت لە نێوان سەرپەرشتیاران و ستافی قوتابخانە بۆ دەسنیشانکردنی پێویستیەکانی پشتگیری<br>پشتگیری پێشکەشکراو لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە، ڕێکخراوەکانی پشتگیری ناحکومی، ڕاوێژکارەکان |
| پێکهاتەی هاندەر | جەختکردنە سەر پاداشت لە سەر بنەمای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و باشترکردن |
| توانای قوتابخانە | توانای قوتابخانە بنیات دەنێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەدا لە ڕێگەی ڕاهێنان و<br>بەشدارکردنی قوتابخانە لە خود-هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی پشتگیری پێویست |
| توانای وەزارەتی پەروەردە | هاوتەریبکردنی چڕی و ستافی چاودێری لەگەڵ ئاستی بایەخ پێدان |

لەوانەیە لەگەڵ قەوارەیەک یان ڕێکخراوێکی پشتگیری هاوتا بکرێن بۆ چاککردنی ئەدایان. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لەوانەیە پشتگیری و ڕاهێنانی بەردەوام پێشکەشی سەرکردەی قوتابخانەکان و مامۆستایان بکەن ئامۆژگاریان بکەن لەم بوارانە وەک دروستکردن و جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی و پەروەردەیی، بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی ڕۆژانە، و فێربوون. ئەو قوتابخانانەی وەک جێگەی بایەخ پێدان نین یان بایەخ پێدانی کەمیان پێویستە ئەوە هێشتا پشتگیریان پێشکەش دەکرێت ئەگەر داوای بکەن. جۆری پشتگیریەکە مەبەستدار و داڕێژراو دەکرێت بۆ ئەوەی زیاتر باشتربوون بنیات بنرێت و دڵنیای بەردەوام بوونی ئەدای بەرز بکەن.

پێنجەم، سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانەی پێشنیارکراو هاندەری پۆزەتیف بەو قوتابخانانە دەدات کە ئەدایان باشە لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی1 و چاککردن بە تێپەڕبوونی کات. ئەو قوتابخانانەی وەک جێگەی بایەخ پێدان نین یان بایەخ پێدانی کەمیان پێویستە ئەوە وەک چۆن تێبینیکرا، ئەوە سەردانی کەمی سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە وەردەگرن. ئەمە بەخۆی هاندەرێکە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو قوتابخانانەی ئەدایان بەرزە وەزارەتی پەروەردە متمانەی پێیان هەیە. لەوانەیە هاندەرەکانی تر سوپاس و پێزانین و هەلەکانی پێشخستنی پیشە بگرێتەوە بۆ مامۆستایان.

شەشەم، سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە توانای ستافی وەزارەتی پەروەردە کاریگەرانە بەکاردێنێت. وەک لەسەرەوە تێبینیکرا، ڕێگە بە سەرپەرشتیاران دەدات بۆ ئەولەویەت بدەنە ئەو قوتابخانانەی پێویستە ئاگاداری و پشتگیری زیاتر وەربگرن. ئەو کات کاتیان تەرخان دەکەن بۆ پێویستیەکانی قوتابخانە، پێشکەشکردنی چاودێریکردن و پشتگیری بە قوتابخانەکان.

لە کۆتاییدا، سیستەمی پێشنیارکراو پێویستی بەوە دەبێت کە گشت خاوەن بەرژەوەندیەکان (بۆ نموونە، ستافی وەزارەتی پەروەردە، ستافی قوتابخانە، دایبکەرانی خزمەتگوزاری) هەمان نیشاندەرەکانی هەنگاوی1 و هەنگاوی2 بەکاردێنن. ئەمە دڵنیابوونی ئەوە دەکات تێگەیشتنی هاوبەش و هاوڕێکی لە نێوان خاوەن بەرژەوەندیەکان هەیە سەبارەت بەوەی چی بپشکنن، و چۆن ئەدای قوتابخانەکان هەڵبسەنگێنن، و چۆن یارمەتیان بدەن لە بنیاتنانی توانایان بەتێپەڕبوونی کات.

**نیشاندەرەکانی ئەدای قوتابخانە**

بەشێکی گرنگی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانە بریتیە لە پێناسەکردنی ئەوەی کامە لایەنی چالاکیەکانی قوتابخانە بەهەند وەربگیرێت لە کاتی پێوانەکردنی ئەدا. ئەو لایەنانەی بەهەند وەدەگیرێن و چۆن پێوانە دەکرێن دەبنە دیاریکەری دیدی ئەوەی لای وەزارەتی پەروەردە و کۆمەڵگەی کوردی بە گرنگ دادەنرێت لە پەروەردەکردنی خەڵکەکەی. هەروەها پێناسەی ئەو بوارە دەکات کە پێویستە ستافی قوتابخانە و قوتابیان جەختی بکەنە سەر.

***نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1***

بۆ هەنگاوی 1، پێشنیاری بەکارهێنانی شەش لایەنی قوتابخانە دەکەین: کواڵیتی سەرکردایەتی، کواڵیتی مامۆستا و فێرکردن، دەستکەوت و بەدەستهێنانی قوتابی، هەڵس و کەوت و ئامادەبوونی قوتابی، دامەزراوەکان و ڕازیکردنی بەکاربەر. لایەنە پێشنیارکراوەکان لە سەر کرداری باو بنیاتنراون لە پێوانەکردنی گرنگترین لایەنەکانی قوتابخانە و شیکاری سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەبەرئەوەی وەزارەتی پەروەردە لە کاتی ئێستا داتای دیاریکەری بڕ کۆناکەتەوە لە شەش دۆمەینەکە، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردن ڕێزبەند بکرێن و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1یان و پلە بە پلە ئەم نیشاندەرانە بخرێنە نێو سیستەمی هەڵسەنگاندن.

خشتەی 3.2 دۆمەینە پێشنیارکراوەکانی قوتابخانە پۆلیندەکات، نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1یان، و ڕیزبەندیان. لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر دەربارەی باشترکردنی قوتابخانە، کاریگەری قوتابخانە، و ئەژمێری قوتابخانە

**خشتەی 3.2**
**دۆمەینەکانی قوتابخانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1**

| ناوی دۆمەین | نیشاندەر | ڕیزبەندی ئەولەویات: ساڵی 1/ ساڵی 2 | ڕیزبەندی ئەولەویات: ساڵانی دواتر | سەرچاوەی داتا | دۆخ |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرکردایەتی کوالێتی | کۆی نمرەی سەرپەرشتیار | X | X | هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار | لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردن کۆکراوەتەوە |
| | ئاستی خوێندن | | X | ڕووپێوی قوتابخانە | داتا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبراوە |
| کوالێتی مامۆستا و فێرکردن | کۆی نمرەی سەرپەرشتیار | X | X | هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار | لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردن کۆکراوەتەوە |
| | بەشی مامۆستایانی بێ ئەزموون / مامۆستایانی نوێ | | X | ڕووپێوی قوتابخانە | داتا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبراوە |
| | ئاستی خوێندن | | X | ڕووپێوی قوتابخانە | داتا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبراوە |
| دەستکەوت و بەدەستهێنانی قوتابی | ئەدای کوردی | X (9یەم و 12ەم) | X (شەشەم، 9یەم، 12ەم) | هەڵسەنگاندنی نیشتیمانی | داتا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان بەڕێوەبراوە |
| | ئەدای ئینگلیزی | X (9یەم و 12ەم) | X (شەشەم، 9یەم، 12ەم) | هەڵسەنگاندنی نیشتیمانی | سەرەوە |
| | ئەدای بیرکاری | X (9یەم و 12ەم) | X (شەشەم، 9یەم، 12ەم) | هەڵسەنگاندنی نیشتیمانی | سەرەوە |
| | ئەدای زانست | X (9یەم و 12ەم) | X (شەشەم، 9یەم، 12ەم) | هەڵسەنگاندنی نیشتیمانی | سەرەوە |
| هەڵس و کەوت و ئامادەبوونی قوتابی | ڕێژەی نەهاتنی قوتابی | | X | ڕووپێوی قوتابخانە | هێشتا بوونی نیە؛ پێویستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان کۆبکرێتەوە |
| | ڕووداوەکانی ڕێککاری قوتابی | | X | ڕووپێوی قوتابخانە | سەرەوە |
| بەکاربەر ڕەزامەندی | ڕەزامەندیی دایک/باوک بە قوتابخانە | | X | ڕووپێوی دایک/باوک | سەرەوە |
| | ڕەزامەندیی قوتابی بە قوتابخانە | | X | ڕووپێوی دایک/باوک | سەرەوە |
| دامەزراوەکان | بەردەست بوونی کارەبا، زێراب و ئاوی خواردنەوە | X | X | ڕووپێوی قوتابخانە | داتا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبراوە |
| | بوونی کتێبخانە، تاقیگەی زانست، و تاقیگەی کۆمپیوتەر | | X | ڕووپێوی قوتابخانە | داتا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بەڕێوەبراوە |

توانای ئەوەی دەرخستووە کە ئەم دۆمەینانە وەک پاشکۆن بۆ کوالێتی قوتابخانە. گەرچی دەستکەوتی ئەکادیمیی قوتابی ئامانجی سەرەکیی قوتابیی حکومیە، بەڵام تاکە ئامانج نیە. قوتابخانە حکومیەکان هەروەها بۆ یارمەتیدانی قوتابیانیش دورستکراون بۆ ئەوەی ببن بە هاوڵاتی باش (Wolf, 2005; Hamilton and Stecher, 2010). ئەمە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەم دەرەنجامانە وەک پابەندی و ئامادەبوونی قوتابی نابێت پشتگوێ بخرێن بۆ بایەخدان لە سیستەمی چاودێریکردنی قوتابخانە.

لایەنەکانی تری قوتابخانە کە باس نەکراون لە پێشینە بۆ ئەوەی پەیوەست بکرێن لەگەڵ ئەدای قوتابخانەکان بریتین لە کوالێتی سەرکردایەتی، کوالێتی مامۆستا، و کوالێتی ژینگەی قوتابخانە (دامەزراوەکان) (Institute of Education Sciences [IES], 2008; Hamilton and Stecher, 2010; Neilson and Zimmerman, forthcoming). ڕەزامەندی دایک/باوک پەیوەستکراوە لەگەڵ ئەدای قوتابخانە لە پێشینە (IES, 2008). ئاستی بەرزی ڕەزامەندیی

دایک/باوک و بەشداریان لەوانەیە وەک نیشاندەر بێت کە قوتابخانەکان وەڵامدانەوەیان هەیە وەڵامدانەوەیان هەیە پێویستیەکانی قوتابیان بەدیدەهێنن.

لە سەرەتادا، پێشنیاری بەکارهێنانی تەنها نیشاندەرمان کرد کە لە کاتی ئێستادا داتای بۆ کۆدەکرێتەوە. ئەمانە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەران و مامۆستایانن و ئەنجامەکانی دەستکەوتی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی پۆلی 9 و 12 لە زمان، بیرکاری و زانست. داتای نیشاندەرە پێشنیارکراوەکانی تر - دەستکەوتی پۆلی 6، هەڵس و کەوتی ئامادەبووونی قوتابی، و ڕەزامەندی دایباب — هێشتا بوونی نیە و پێویستە لە ساڵانی داهاتووەوە دابنرێت.

***پۆلینکردنی قوتابخانەکان بەپێی ئاستی بایەخدان***

بۆ پۆلینکردنی قوتابخانەکان بە پێی بایەخدان، پێویستە وەزارەتی پەروەردە مەبەست دیاری بکات بۆ هەر یەک لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1. ئەمە دڵنیایی ئەوە دەکات کە دەسنیشانکردنی ئەو قوتابخانانەی پێویستیان بە بایەخدانە سیستەماتیکە و زۆر هەمەجۆر نیە بە پێی قوتابخانە یان سەرپەرشتیار. لە سەرەتا، پێشنیاری دامەزراندنی مەبەستەکانمان کرد بۆ هەر نیشاندەرێکی هەنگاوی1 لە سەر بنەمای ئەدای قوتابخانە پەیوەست *بەرواړد* بە گشت قوتابخانەکانی تر. ئەو قوتابخانانە لە سەرووی لە سەدا 50ن دەکرێت وەک کەمترین بایەخدان یان بێ بایەخدان پۆلین بکرێن، ئەوانەی لە چوارەکی سێیەمن دەکرێت وەک هەندێک بایەخدان و پۆلین بکرێن، و ئەوانەی لە چوارەکی چوارەمن دەکرێت وەک بایەخدانی گرنگ پۆلین دەکرێن. لە کۆتاییدا، پێویستە دیاریکردنی مەبەست گرنگی بە باشترکردنی قوتابخانە بدات بەتێپەڕبوونی کات، بە تایبەتی لەوو نیشاندەرانەی پەیوەستن بە دەستکەوتی ئەکادیمی.

دوای چەندین ساڵ لە خزم لە پێوانەکردنی ئەدای قوتابخانە، دەکرێت مەبەستەکان بنە ڕەها، بە بەها یان نمرەی زیاتر تایبەت لەوەی ڕێژەیی بن بۆ هەر یەک لە ئاستەکانی بایەخدان و نیشاندەر. بۆ نمونە، لەوانەیە وەزارەتی پەروەردە ئەو قوتابخانانەی ڕێژەی 80 یان زیاتریان هەیە لە سکەیڵێکی 100 خاڵی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پۆلی 9 لە بیرکاری ئەوە کەمترین بایخ یان هیچ بایەخیان پێویست نیە، ئەوانەی ڕێژەی 60 بۆ 79یان هەیە ئەوە پێویستیان بە هەندێک بایەخدانە، ئەوانەی ڕێژەیان لە 60 کەمترە ئەوە پێویستیان بە بایەخدانێکی زۆرە. هەر نیشاندەرێک ئەو کات نمرەی 0ی پێدەدرێت ئەگەر لەو جۆرانە بوو کە هیچ بایەخێک یان کەمێک بایەخی پێدرابوو، 1ی پێدەدرێت ئەگەر هەندێک بایەخی پێدراوو، 2 ئەگەر بایەخی زۆری پێدرابوو.

نمرەی تاکەکان بۆ هەر نیشاندەرێک دەکرێت یەکخرێت بۆ دروستکردنی نمرەیەکی گشتی قوتابخانە بۆ بایەخدان. خشتەی 3.3 چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەمە لە ماوەی چەند ساڵێک ڕووندەکاتەوە. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە ساڵی 1 پێشنیاری چاودێریکردنی چوار لە شەش دۆمەینەکە دەکەین کە داتا لە سەریان بەردەستە. لەم ڕوونکردنەیەوە، کۆی نمرەی قوتابخانە 10یە، کە زۆرترین نمرە 14یە. بۆ دەسنیشانکردنی ئاستێکی بایەخدان بۆ قوتابخانە بە شێوەیەکی گشتی، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەو قوتابخانانەی کۆی نمرەیان لە نێوان 0 و 3 دایە وەک بێ یان کەمترین بایەخدان پۆلی بکرێن بۆ ئەدای گشتیان، و ئەوانەی نمرەکانیان لە نێوان 4 و 8دایە وەک بایەخدانی مام ناوەند هەژمار بکرێن، و ئەوانەی نمرەیان لە 9 بۆ 14یە وەک بایەخدانی گرنگ هەژمار بکرێن.

ئەو سیستەمی پۆلینکردنەی پێشنیارمانکرد فراوان دەبێت وەک دۆمەینەکانی قوتابخانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، وەک ئەوانەی پەیوەستن بە ئامادەبوون و هەڵس و کەوتی قوتابی و ڕەزامەندی بەکاربەر بەتێپەڕبوونی کات یەکدەخرێن.

***نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2***

نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 ژمارەیان زیاترە، و تێروتەسەڵترن لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1. ئەدای قوتابخانەکان دەپشکنن لە هەمان دۆمەینەکانی قوتابخانە وەک نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 بەڵام بە ووردبینیەکی زیاتر. یارمەتیدەر دەبن لە دیاریکردنی هۆکارەکانی نزمی ئەدا لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1. ئەگەر قوتابخانەیەک ئەدای نزم بێت لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، ئەو کات پێویستە وەزارەتی پەروەردە هەڵسەنگاندی بۆ بکات بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 لە هەمان دۆمەین، لەگەڵ ئەوانەی دۆمەینەکانی تر کە لەوانەیە کاری تێبکەن. بۆ نمونە، ئەگەر قوتابخانەیەک ئەدای نزم بێت لە پێوانەکردنی دەستکەوتی ئەکادیمیی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، ئەو کات پێویستە قوتابخانەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 لە سەر دەستکەوتی قوتابیان لە ماوەی ساڵی خوێندن، لەگەڵ نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2، وەک کواڵیتی مامۆستا و فێرکردن و کواڵیتی سەرکردایەتی، پەیوەست بوون بە دۆمەینەکانی تر کە کاردەکەنە سەر دەستکەوتی قوتابی.

هەروەها پێویستە ستافی قوتابخانە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 بەکاربێنێت بۆ ڕێنوێنیکردنی خود-هەڵسەنگاندنی خۆیان، و پێویستە سەرپەرشتیاران و هەڵسەنگێنەرە دەرەکیەکان بەکاریان بێنن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابخانەکان.

**خشتەی 3.3**
**ڕوونکردنەوەی تیۆری پۆلینکردنی قوتابخانە لە سەر کۆمەڵیک لە دۆمەینەکانی ساڵی 1**

| ناوی دۆمەین | نیشاندەرەکان | ئاستەکانی بایەخپێدان | بەها |
|---|---|---|---|
| کواڵیتی سەرکردایەتی | کۆی نمرەی سەرپەرشتیار | زۆر | 2 |
| کواڵیتی مامۆستا و فێرکردن | کۆی نمرەی سەرپەرشتیار | هەندێک | 1 |
| دەستکەوت و بەدەستهێنانی قوتابی | ئەدای کوردی | هیچ | 0 |
| | ئەدای ئینگلیزی | زۆر | 2 |
| | ئەدای بیرکاری | زۆر | 2 |
| | ئەدای زانست | هەندێک | 1 |
| دامەزراوەکان | بەردەست بوونی کارەبا، زێراب و ئاوی خواردنەوە | زۆر | 2 |
| گشتی | نمرەی گشتی (10) | زۆر | 2 |

نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 جۆریترن (نەوعی) لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1. خشتەی 3.4 گشت نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 دەنوێنێت بۆ دۆمەینی سەرکردایەتیی قوتابخانە و نیشاندەری دەسنیشانکراوی هەنگاوی 2 بۆ پێنج دۆمەینەکەی تر.

وەک لەسەرەوە تێبینیکرا، چەندین ڕاوێژکار، بەلەخۆگرتنی زانکۆی بێرمینگهام، بریتش کاونسل، و یونسێف، لێلۆڵینەوەیان لە سەر ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابخانە کردوە کە بە شێوەیەکی سەرەکی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 پێکدێت کە لێرە نیشاندراون. هەر یەک لەم ڕێکخراوانە جەخت دەکاتە سەر چەند دۆمەینێکی کەمێک جیاواز و پێوانەکردنی لایەنی جیاوازی چالاکیەکانی قوتابخانە لە نێو ئەم دۆمەینانە. ئەم جیاوازیانە پێویستە چارە بکرێن بۆ پەرەپێدانی یەک کۆمەڵە دۆمەینی و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 بۆ دڵنیاکردنی یەکجۆریی هەڵسەنگاندنی ئەدای گشت قوتابخانەکان.

سەرەڕای پێناسەکردنی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 بۆ هەر دۆمەینێک، وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە ئامادە کردنی ناونیشانێکی باشترین کارەکان. خشتەی 3.5 دوو ناونیشان ڕووندەکاتەوە لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2ی پۆلینکراو لە خشتەی 4.3. پەرەپێدانی ئەم جۆرە ناونیشانانە بۆ هەر نیشاندەرێک پێویستە بۆ زۆرینە کردنی یەکجۆریی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵسەنگێنەرە جیاوازەکان.

## جێبەجێکردنی چاودێریکردنی قوتابخانە

جێبەجێکردنی چاودێریکردنی قوتابخانە پێویستە بە دوو قۆناغ ئەنجام بدرێت: ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردن و بەشداری کردن لە پرۆسەی چاودێریکردن. لە خوارەوە باس لەو چالاکی و هەنگاوانە دەکەین بۆ هەر یەک لە قۆناغەکان.

**خشتەی 3.4**
**نمونەکانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2**

| ناوی دۆمەین | هەنگاوی 1 | هەنگاوی 2 |
|---|---|---|
| کواڵیتی سەرکردایەتی | ئیندێکسی سەرکردایەتی قوتابخانە<br>ئاستی پەروەردەیی<br>کۆی نمرەی سەرپەرشتیار | قوتابخانە شوێنێکی باش ڕێکخراوە.<br>دید و پەیامی وەزارەتی پەروەردە، و ئامانجەکانی قوتابخانە کاریگەرانە پەرەپێدراون و گەیەنراون بۆ ستاف و دایباب.<br>دید و پەیامی وەزارەتی پەروەردە، و ئامانجەکانی کاریگەرانە بەڕێوەدەبرێن.<br>دارایی و سەرچاوەکانی مامۆستا بە شیوەیەکی دروست بەکاردێن.<br>سەرکردایەتی بە شێوەیەکی دروست دابەشکراوە لەگەڵ ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی پێناسەکراوی ڕوون، و جیاکاریەکان بۆ ستاف.<br>نێگەیشتن و دابەشکردنی تەواو هەیە بۆ سیاسەتە پێویستەکانی وەزارەتی پەروەردە.<br>سیاسەت و ڕێوشوێنەکان لە جێگەی خۆیانن بۆ ڕێنوێنیکردنی بەڕێوەبردنی ڕۆژانە، پلاندانان، و گەیاندن و بڕیاردان.<br>قوتابخانە پلانێکی هەیە کە بنیاتنراوە لەسەر ئەنجامەکان کە بوارەکانی لاوازی و بەهێزی بۆ باشترکردن دیاریدەکات.<br>قوتابخانە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن و داتای کواڵیتی بەرز بە مامۆستایان دەدات.<br>ئەدای ستاف کاریگەرانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و چاودێری دەکرێت، بەلەخۆگرتنی دابینکردنی فیدباکی سوودبەخش بە ستاف.<br>ستاف پەرەپێدانی پیشەیی کواڵیتی بەرزیان پێدەدرێت، بەلەخۆگرتنی پشتگیری بۆ بوارە لاوازەکان. |
| کواڵیتی مامۆستا و فێرکردن | ئیندێکسی کواڵیتی مامۆستا<br>ئاستی پەروەردەیی<br>بەشی مامۆستایانی بێ ئەزموون / مامۆستایانی نوێ<br>کۆی نمرەی سەرپەرشتیار | مامۆستایان کارمەن لە بابەتەکانیان.<br>بۆ وانە ووتنەوە کۆمەڵێک ستراتیجیەتی فێرکردن و فێربوون بەکاردێنێت بۆ بەدیهێنانی پێویستیەکانی قوتابیان. |
| دەستکەوت و بەدەستهێنانی قوتابی | ئەدای کوردی<br>ئەدای ئینگلیزی<br>ئەدای بیرکاری<br>ئەدای زانست | دەستکەوتی قوتابی لە ماوەی ساڵ باشتر دەبێت. |
| هەڵس و کەوت و ئامادەبوونی قوتابی | ڕێژەی ئامادەبوون<br>بەشی کێشە ڕێککاریەکان (انضباطي) | قوتابیان بۆچوونی پۆزەتیڤیان هەیە بۆ فێربوون.<br>قوتابیان چێژ لە وانەکان دەبینن.<br>قوتابیان خواستی پەروەردەیی بەرزیان هەیە.<br>قوتابیان پارێزراون لە هەڵس و کەوتی توندوتیژ. |
| ڕەزامەندیی بەکاربەر | ئیندێکسی ڕەزامەندیی بەکاربەر (دایباب و قوتابیان) | بەکاربەران ڕازین کە قوتابخانە هاوڵاتییان ئایندە ئامادە دەکات.<br>بەکاربەران ڕازین لە کواڵیتی پرۆگرامی قوتابخانە.<br>بەکاربەران ڕازین لە کواڵیتی مامۆستایان.<br>ڕێنمایی.<br>بەکاربەران ڕازین لە کواڵیتی پەیڕەوی خوێندن. |
| دامەزراوەکان | ئیندێکسی کواڵیتی دامەزراوە:<br>بەردەست بوونی کارەبا، زێراب و ئاوی خواردنەوە<br>بوونی کتێبخانە، تاقیگەی زانست، و تاقیگەی کۆمپیوتەر | باڵەخانەکان، پۆلەکان، و گۆڕەپانەکان درێژەیان پێدەدرێت و لە دۆخی چاکردنەوەی باشدان.<br>قەبارەی شوێنەکانی دەرەوەی قوتابخانە شیاوە بۆ ژمارەی قوتابیە بەشدارەکان.<br>کتێبخانەکە ژمارەی پێویستیی ئایتمی هەیە بۆ بۆ پێویستیەکانی فێربوون.<br>قوتابخانەکە ژمارەی پێویستیی کۆمپیوتەری هەیە بۆ بۆ پێویستیەکانی فێربوون. |

**قۆناغی 1: ئامادەکاری جێبەجێکردن**

بەر لە جێبەجێکردنی چاودێریکردن، وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دامەزراندنی پێکهاتەی نوێیە، لەگەڵ پێناسەکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی ئەم پێکهاتانە، و ڕازی بونە لە سەر چاودێریکردنی نیشاندەرەکان لەگەڵ سیاسەتەکان و ڕێنماییەکان بۆ چاودێریکردن. شێوەی 3.2 ڕێکخستنی گشت کردارە پێویستەکانی جێبەجێکردن ڕوون دەکاتەوە.

## خشتەی 3.5
## ڕوونکردنەوەی ناونیشانەکان بۆ ڕێنوێنی پێوانەکردنی دوو ئاستی نیشاندەرەکان

**دۆمەین: کوالێتی سەرکردایەتی**

نیشاندەری ئاستی 2: دید و پەیامی وەزارەتی پەروەردە، و ئامانجەکانی قوتابخانە کاریگەرانە پەرەپێدراون و گەیەنراون بۆ ستاف و دایباب.

باشترین کارەکان (**گشت ئەوانە دیاری بکە کە جێبەجێ دەبن**)

- ☐ قوتابخانە دید و پەیامی وەزارەتی پەروەردە پەیڕەو دەکات و ئامانجی ڕوونی قوتابخانە پەرە پێدەدات.
- ☐ گشت خاوەن بەرژەوەندیەکان بەشدار بوون لە پەرەپێدانی ئامانجەکانی قوتابخانە.
- ☐ خواستی جیهانی و ناوخۆیی لە پەروەردە و کۆمەڵگەی فراوانتر بەهەند وەرگیراون لە پێکهێنانی ئامانج و مەبەستەکانی قوتابخانە.
- ☐ سەرکردەکانی قوتابخانە بە ڕوونی دید، پەیام و ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە بە ستاف دەگەیەنن.
- ☐ سەرکردەکانی قوتابخانە بە ڕوونی دید، پەیام و ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە بە دایباب و ئەندامانی کۆمەڵگە دەگەیەنن.

| جێبەجێکردنی بچووک | جێبەجێکردنی بەشیی (جوزئی) | جێبەجێکردنی تەواو |
|---|---|---|
| ☐ قوتابخانە کەمتر لە نیوەی باشترین کارەکان بە ڕێککی جێبەجێ دەکات. | ☐ قوتابخانە بەڕێکی لایەنی کەمی نیوەی باشترین کارەکان جێبەجێ دەکات.<br>☐ قوتابخانە گشت یان زۆرینەی کارەکان جێبەجێ دەکات، بەڵام بەڕێگەیەکی پچڕاو. | ☐ قوتابخانە بەڕێکی کۆی (یان زۆرینەی) باشترین کارەکان جێبەجێ دەکات. |

بەهانەی ڕیزبەندی:

ڕێنماییەکانی بەڵگە: (**گشت ئەوانە دیاری بکە کە جێبەجێ دەبن**)

- ☐ ڕوونکردنەوەی دید، پەیام، و ئامانج
- ☐ کۆنووس/تۆماری کۆبوونەوەکان
- ☐ پەیوەندی لەگەڵ ستاف
- ☐ پەیوەندی لەگەڵ دایباب و ئەندامانی کۆمەڵگە

**دۆمەین: 1 کوالێتی مامۆستا**

نیشاندەری ئاستی 2: بۆ وانە ووتنەوە کۆمەڵێک ستراتیجیەتی فێرکردن و فێربوون بەکاردێنێت بۆ بەدیهێنانی پێویستیە تاکیەکانی قوتابیان.

باشترین کارەکان (**گشت ئەوانە دیاری بکە کە جێبەجێ دەبن**)

- ☐ تاقیکردنەوە و بابەتەکان تەواو هاوتای توانا و پێویستیەکانی قوتابین.
- ☐ چالاکیەکانی فێرکردن و فێربوون لە یەکتر جیاکراونەتەوە بۆ دەسنیشانکردنی گشت کۆمەڵەکانی توانا و کۆمەڵەی پێویستیە تایبەتەکان.
- ☐ ستراتیجیەتەکانی وانە ووتنەوە هەلەکانی چالاکی هاریکار و کۆمەڵەیی لەخۆ دەگرێت لەگەڵ پرسی سەربەخۆ.
- ☐ کۆمەڵێک لە پێکهاتەی کۆمەڵەی قوتابیان و فۆرمەکانی ڕێکخستنی پۆل بەکاردێن بۆ بەشداری پێکردنی قوتابیان و دەسنیشانکردنی ئامانجەکانی فێربوون.

| جێبەجێکردنی بچووک | جێبەجێکردنی بەشیی (جوزئی) | جێبەجێکردنی تەواو |
|---|---|---|
| ☐ قوتابخانە کەمتر لە نیوەی باشترین کارەکان بە ڕێککی جێبەجێ دەکات. | ☐ قوتابخانە بەڕێکی لایەنی کەمی نیوەی باشترین کارەکان جێبەجێ دەکات.<br>☐ قوتابخانە گشت یان زۆرینەی کارەکان جێبەجێ دەکات، بەڵام بەڕێگەیەکی پچڕاو. | ☐ قوتابخانە بەڕێکی کۆی (یان زۆرینەی) باشترین کارەکان جێبەجێ دەکات. |

بەهانەی ڕیزبەندی:

☐ ڕێنماییەکانی بەڵگە: (**گشت ئەوانە دیاری بکە کە جێبەجێ دەبن**)

- ☐ پێداچوونەوەی پلانەکانی وانە
- ☐ چاودێریکردنەکانی پۆل
- ☐ ڕاپۆرتەکانی سەرپەرشتیار

*دامەزراندنی پێکهاتەی پشتیوانیکەر و دەستنیشانکردنی ڕۆڵەکان و بەرپرسیاریەتیەکان.*
چوار یەکەی وەزارەتی پەروەردە پێویستە بە شێوەی کارا بەشدار بن لە جێبەجێکردن و دەستخستنی سیستەمی دڵنیایی جۆریی پێشنیارکراوی قوتابخانە.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری.** بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکریت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئێستای سەرپەرشتیکردن و دانە نوێیە دامەزراوەکەی دڵنیایی جۆری یەک بخات و دەسەلاتێک و بەرپرسیاریەتی گشتی هەبێت بۆ فەراهەمکردنی جێبەجێکردنی و بەردەوامی کردارەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری قوتابخانە (سەیری بەشی دووەم بکە). نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری بەرپرسیار دەبێت لە

- متمانەدان بە خود-هەڵسەنگاندنەکانی قوتابخانەکان
- چاودێریکردنی قوتابخانەکان لە نزیکەوە کە ئەدایان باش نیە لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1
- یارمەتیدانی قوتابخانەکان لە یەکخستن و چاودێریکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی قوتابخانەکانیان لە سەر بنەمای خود-هەڵسەنگاندنیان.
- پێشکەشکردنی پێشنیار بە قوتابخانەکان دەربارەی چۆنیەتی ڕاستکردنەوەی کێشەکانی قوتابخانە.
- پشتیوانیکردنی قوتابخانەکان لە دەسنیشانکردنی ئەو لایەنانەی پێویستی بە چاککردنە.

زۆربەی ئەم کردارانە نوێ دەبن بۆ سەرپەرشتیارانی ئێستا ئەوانەی دەبنە ستافی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ دەکرێن، بەرپرسیاریەتیەکانی کاری ئێستای سەرپەرشتیاران بۆ دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و فراوان بکرێت و ڕاهێنانیان پێ بکرێت لە سەر ئەرکە نوێکان. لە بەرامبەردا، و لە سەرەتادا، ئەم ئەرکانە دەکرێت بە ڕاوێژکارێکی گرێبەست لەگەڵکراو بسپێردرێت.

**شێوەی 3.2**
**کردارەکانی قۆناغی 1: ئامادەکاری جێبەجێکردن**




RAND *RR960–3.2*

**بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانان , توێژینەوە , و هەڵسەنگاندن.** پێویستە ئەرکەکانی نووسینگەی پلاندانان , توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن فراوان بکرێت بۆ ئەوەی ئەم خاڵانە بگرێتەوە

- کۆکردنەوەی داتا لە سەر نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 کە لە ڕێگەی نووسینگەکانی وەزارەتی پەروەردە کۆکراونەتەوە ( بۆ نموونە، داتای دەستکەوتی قوتابی، هەڵسەنگاندنەکانی مامۆستا و بەڕێوەبەر)
- ئەنجامدانی کۆکردنەوەی داتای سەرەکی ( بەلەخۆگرتنی پەرەپێدانی ڕووپێوی) لە سەر نیشاندەرەکانی تری هەنگاوی 1 کە لە کاتی ئێستادا داتایان لەسەر کۆناکرێتەوە
- پۆلینکردنی قوتابخانەکان بۆ سێ جۆری بایەخدان
- نووسینی ڕاپۆرتی پۆلینکردنی قوتابخانە و پێشکەشکردنیان بە سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری و ستافی تر تا بتوانن کاری پێویست ئەنجام بدەن لەگەڵ قوتابخانەکان.

**بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پیشەیی.** بەر لە جێبەجێکردنی سیستەمەکە، پێویستە ڕاهێنان لە سەر ئەرکە نوێکانی چاودێریکردنی قوتابخانەکان پێشکەش بە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران و مامۆستایان بکرێت کە بەرپرسیار دەبن لە پرۆسەکە. پێویستە ئەم ڕاهێنانانە جەخت بکاتە سەر بەکارهێنانی ناونیشانەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و پەرەپێدانی پلانەکانی پەرەپێدانی قوتابخانە لە سەر بنەمای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و 2. دەکرێت ئەم ڕاهێنانە لە سەرەتادا بە گرێبەست بکرێت تا ڕاهێنەرانی پەرەپێدانی پیشەیی تەواو شارەز دەبن لە ئایتمەکان.

هەروەها نووسینگەی پەرەپێدانی پیشەیی لە نزیکەوە کار لەگەڵ ستافی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری دەکەن کە پشتیوانی پێویست پێشکەشی قوتابخانەکان دەکەن. بۆ نموونە، ئەگ سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە بەرپرس بوون لە دەسنیشانکردنی قوتابخانەیەک بە بوونی کەموکوڕی وانە ووتنەوە، ئەو کات نووسینگەی پەرەپێدانی پیشەیی، بە هاوکاری لەگەڵ ستافی سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە، دەکرێت لە نزیکەوە بەیەکەوە کار بکەن لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانە بە پێشکەشکردنی چاودێریکردنی پۆل و ڕاستەوخۆ پێدانی فیدباک لەگەڵ گونجاندنی پەرەپێدانی پیشەیی بە پێی پێویستیەکانیان.

**قوتابخانەکان.** ستافی قوتابخانە جێگەی بایەخی سیستەمی کواڵیتی قوتابخانەی پێشنیارکراون. ئەوان بەرپرسیارن لە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی خۆیان، دەسنیشانکردنی کێشەکان، و پەرەپێدانی کارەکان بۆ چاککردن. بەڕێوەبەران و مامۆستایان ساڵانە پرۆسەی خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە بەکاردێنن بۆ دەسنیشانکردنی بوارەکانی بەهێزی و لاوازی و پەرەپێدانی پلانەکانی قوتابخانە بۆ دەسنیشانکردنی پێویستیەکانیان. هەروەها بەرپرسیارن لە نووسینی خود-هەڵسەنگاندن و پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەی نووسراو کە ئەو کات لەگەڵ ستافی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری هاوبەش دەکرێن بۆ کارایی و دیاریکردنی هاوبەشی پێویستیەکانی پشتگیری قوتابخانە. ستافی قوتابخانە پێویستی بە بەر-لەجێبەجێکردنە لەگەڵ درێژەپێدانی ڕاهێنان بۆ ئەوەی کاریگەرانە ئەم کردارانە جێبەجێ بکات.

### *پەرەپێدانی کۆکردنەوەی داتا و توانای شیکاری*

دیزاینی پێشنیارکراوی چاودێریکردنی قوتابخانە پێویستی بە کۆکردنەوە و شیکرجنەوەی داتایە لەسەر دۆمەینە جیاوازەکانی قوتابخانە. وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دامەزراندنی پێکهاتەیەکی بەڕێوەبردنی داتایە کە بتوانێت زانیارییەکانی چاودێریکردنی قوتابخانە کۆ بکاتەوە، هەڵبگرێت و بڵاو بکاتەوە لە کاتێکی گونجاو. وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دامەزراندنی ستافی شیاو یان ڕاهێنانی ستافی ئێستا لەسەر شیکردنەوەی داتا بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە گشت بەشداران لە پرۆسەی چاودێریکردنی قوتابخانە زانیاری پێویست وەردەگرن بۆ بڕیاردان.

### *پێکهێنانی لێژنەیەکی ڕێنوێنیکردن*

بۆ زۆربەی بڕیار و هەنگاوەکان، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە لێژنەیەکی ڕێنوێنی پێکبهێنێت. دەکرێت لێژنەکە بەڕێوەبەران و ستافی دیاریکراوی هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری، و بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانان , توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن، و بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پیشەیی، لەگەڵ ستافی دیاریکراوی بەڕێوەبەرایەتیەکان کە پەیوەندیدارن. لە خوارەوە، ئاماژە بۆ ئەو کۆمەڵەیە دەکەین وەک "لێژنەکە".

*پەرەپێدانی یەکدەنگی لەسەر دۆمەینەکانی قوتابخانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1*

پێویستە دۆمەینەکە پێداچوونەوە بۆ دۆمەینەکان و نیشاندەری دیاریکەری بڕی هەنگاو1 بکات و ڕێکیان بخات بە پێی پێویست بەر لە تەواوکردنیان. دامەزراوەی ڕاند دەتوانێت ئەم گفتوگۆیان ئاسان بکات و ئینپوت و فیدباک پەرەپێبدات سەبارەت بە پەیوەندیداری دۆمەینەکان و نیشاندەرەکان ڕیزبەندی ئەولەویاتیان.

*پەرەپێدانی یەکدەنگی لەسەر مەبەستەکانی نیشاندەری هەنگاوی1*

پێویستە لێژنەکە پێداچوونەوە و گفتوگۆ بۆ ڕێگەی پێشنیارکراو بکات بۆ دیاریکردنی مەبەستەکانی ئەدا بۆ نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1. دامەزراوەی ڕاند دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە شیکردنەوەی داتای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1ی ئێستا (بۆ نموونە، دەستکەوت و بەدەستهێنانی ئەکادیمی قوتابی و هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەران و مامۆستا) بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆکە و یارمەتیدانی لێژنەکە بە گەیشتن بە بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە مەبەستەکانی ئەدا.

*پەرەپێدانی کۆدەنگی لەسەر نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2ی هاوتای ناونیشانەکان*

وەک لەسەرەوە تێبینیکرا، چەندین ڕێکخراو کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی جۆراوجۆی دۆمەینەکان و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 دەکەن. پێویستە لێژنەکە، لەگەڵ ڕێکخراوە بەشداربووەکان، پێداچوونەوە و بەراوردکاری بۆ ئەم دۆمەینانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 بکەن بۆ پەرەپێدانی یەک لیستی کۆتایی دۆمەینەکانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2. دامەزراوەی ڕاند دەتوانێت گفتوگۆی کۆبوونەوەی لێژنەکە ئاسان بکات و هاوکاری ئەندامانی لێژنەکە بدات لە گەیشتن بە کۆدەنگی سەبارەت بە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 و دڵنیاکردنی هاوتایی کەلتوریان، هاوڕێکی لەگەڵ سیستەمی پێشنیارکراوی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، و هاوڕێکی لەگەڵ ئامرازەکانی تری هەڵسەنگاندنی بەکارهاتوو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە، وەک هەڵسەنگاندنەکانی بەڕێوەبەر و مامۆستا.

کاتێک دۆمەینەکان و لیستی نیشاندەرەکان کۆتاییان دێت، پێویستە وەزارەتی پەروەردە ناونیشانیکی نووسراو پەرەپێبدات بۆ هەر یەک لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2. ڕێکخراوێکی ڕاوێژکاری دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تەواوکردنی ئەرکەکە.

*پەرەپێدانی ڕێنمایی گشتی دڵنیایی جۆری قوتابخانە*

لێژنەکە پێویستی بە دروستکردنی ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری قوتابخانەیە. پێویستە ڕێنماییەکان ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە دیاریبکات لە هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابخانە و پشتیوانیکردنی قوتابخانەکان لە جێبەجێکردنی چاککردن. پێویستە ڕێنماییەکان

- مەبەستی سیستەمەکە و دیزاین و پێکهاتەکانی دیاری بکات
- وەسفی چالاکیە سەرەکیەکانی سیستەمەکە بکات
- نیشاندەرەکانی سیستەمەکە، چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتا، چۆنیەتی دیاریکردنی مەبەستەکانی نیشاندەر، و چۆنیەتی پۆلیکردنی قوتابخانەکان بە پێی ئەدا لە یەکتر جیا بکاتەوە
- جۆرەکانی پشتیوانی و دابینکردنیان پێناسە بکات
- ڕۆڵەکان و بەرپرسیاریەتیەکانی نووسینگە و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە دیاری بکات.

*خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و ڕێنماییەکانی پەرەپێدانی قوتابخانە پەرە پێدەدات*

ئەم ڕێنماییانە بۆ دابینکردنی پشتگیری کردارییین بۆ سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری، و پەرەپێدانی پیشەیی، و ستافی قوتابخانەن لە جێبەکردنی خود-هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی پلانەکانی قوتابخانە. پێویستە ڕێنماییەکان

- ڕێگەیەکی هەنگاو بە هەنگاوی دەسپێکردنی خود-هەڵسەنگاندن دابین بکات
- کرداری باش بۆ هەر یەک لە دۆمەینەکانی نێو سیستەمەکە نمایش بکات بە شێوەیەکی گرێدراو
- ستاندەرەکانی حوکمدان سەبارەت بە کواڵیتی هەر دۆمەینەک دیاری بکات
- وەسفی ڕێگەکانی هەڵسەنگاندن بکات کە قوتابخانەکان و سەرپەرشتیاران بتوانن بەکاری بێنن بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست بۆ خود-هەڵسەنگاندن
- ڕێنوێنی پێشکەش بکات بۆ پەرەپێدانی پلانێکی باشترکردنی قوتابخانە، بەلەخۆگرتنی چۆنیەتی دیاریکردنی ئامانجەکان و مەبەستەکان بۆ بەدیهێنانیان لە سەر بنەمای ئەنجامەکانی خود-هەڵسەنگاندن.

هەروەها پێویستە ڕێنماییەکان ناونیشان و ئامرازەکانی خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئامرازەکانی تر (بۆ نموونە، پرۆتۆکۆڵەکانی چاودێریکردنی پۆلی) کە لەوانەیە قوتابخانەکان بەکاریان بێنن بۆ یارمەتیدان لە تەواوکردنی خود-هەڵسەنگاندنەکان.

*ڕاهێنان پێشکەشی ستافی وەزارەت و قوتابخانە بکات*

ڕاهێنان یەکێکە لە گرنگترین چالاکیەکانی بەر لە جێبەجێکردن. پێویستە شیکارکار، سەرپەرشتیاران و ستافی تر ، بەڕێوەبەران و مامۆستایانی داهاتووی پلاندانان , توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن و سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری بگرێتەوە. بەهۆی بووی ژمارەی زۆری ستاف بۆ ئەوەی ڕابهێنرێن، پێویستە وەزارەتی پەروەردە بایەخ بە ڕاهێنانی ستاف بدات لە کۆمەڵێک قوتابخانە بۆ هەر ساڵێک. هەروەها پێویستە هاوبەشیکردنی بەهەند وەربگرێت لەگەڵ ڕێکخراوە دەرەکیەکان کە ئەزموونیان هەیە لە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە ڕاهێنانە. پێویستە ڕاهێنانی سەرەتایی دیزاینی گشتی سیستەمەکە و پێکهاتەکانی بگرێتەوە بۆ یارمەتیدانی ستافەکە لە پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی باو بۆ ئامانجەکانی چاودێریکردنی قوتابخانە و پرۆسەی دڵنیایی جۆری، بەلەخۆگرتنی بەکارهێنانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و 2 و پۆلینکردنەکانی قوتابخانە. پێویستە ڕاهێنانەکانی تر دواتر جیا بێت بە پێی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی ستاف.

لەوانەیە ڕاهێنان ئەمانە بگرێتەوە

- وۆرکشۆپ بۆ بنیاتنانی کارامەییەکانی سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری لە سەر چۆنیەتی ڕاپۆرتەکانی پێداچوونەوەی خود-هەڵسەنگاندن و پلانەکانی باشترکردن، چاودێریکردنی قوتابخانەکان، و بەکارهێنانی داتا بۆ حوکمدان لە سەر قوتابخانەکان
- وۆرکشۆپ لە سەر بە ئامانجگرتنی ستافی نووسینگەی پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن لە سەر ئامرازەکانی چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتا، کۆکردنەوەی داتای سەرەکی و لاوەکی لە سەر نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، شیکردنەوەی داتا و پۆلینی قوتابخانەکان
- وۆرکشۆپ لە سەر بە ئامانج گرتنی ستافی نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پیشەیی لەسەر چۆنیەتی یارمەتیدانی قوتابخانەکان بۆ پەرەپێدانی پلانەکانی قوتابخانەی ساڵانەی هاوتەریب لەگەڵ ئەنجامەکانی چاودێریکردن
- کۆبوونەکان بۆ ستافی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پیشەیی لەسەر ڕێگەکان بۆ پشتگیری کردنی قوتابخانەکان لە سەر بنەمای داتای چاودێریکردن
- دانانی سەرپەرشتیاران لە قوتابخانەکان بۆ ئەنجامدانی ناونیشانەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابخانە لەو کاتەی لەلایەن شارەزایانەوە چاودێری دەکرێت (لە ڕێکخراوە دەرەکیەکان) کە فیدباکی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات
- وۆرکشۆپەکان دەربارەی بەڕێوەبەران و مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی خود-هەڵسەنگاندن، تێگەیشتن لە ناونیشانەکانی بەکارهێنەر، لێکدانەوەی ئەنجامەکان، و بەکارهێنانی ئەنجامەکان بۆ پەرەپێدانی پلانی ساڵانەی قوتابخانە.

**قۆناغی 2: بەشدار بوون لە چاودێریکردنی قوتابخانە**

جێبەجێکردنی پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری قوتابخانە پێویستی بە جێبەجێکردنە هەم لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و هەم لە لایەن قوتابخانەکان. پرۆسەکە لە ساڵی یەکەمی جێبەجێکردن، کاتێک داتا بۆ جاری یەکەم کۆدەکرێتەوە، جیاواز دەبێت لە ساڵانی دواتر.

***ساڵی 1ی چاودێریکردنی قوتابخانە***

لە سەرەتای ساڵی یەکەمی جێبەجێکردن، هەر قوتابخانەیەک کە ستافەکەی ڕاهێنراون ئەوە یارمەتی بۆ خود-هەڵسەنگاندنیان وەردەگرن لە ستافی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری، بە ڕێکخراوێکی دەرەکی کە پشتگیری شارەزایی پێشکەش دەکات. سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری یارمەتی ستافی قوتابخانە دەدەن لە پێکهێنانی یەکەم پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە.

لە ماوەی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردن، پلاندانان , توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن داتای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1ی قوتابخانەکان کۆدەکەنەوە لەسەر کواڵیتی سەرکردایەتی و مامۆستا لەگەڵ دەستکەوتی قوتابخانە (ئاماژە بۆ خشتەی 3.2 بکە بۆ نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 بە ڕیزبەندی ئەولەویات لە سەرانسەری ساڵەکانی جێبەجێکردن).

***ساڵانی دواتری چاودێریکردنی قوتابخانە***

لە هاوینی بەر ساڵی دووەمی چاودێریکردن، پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن هەڵدەستێت بە پۆلینکردنی قوتابخانەکان بۆ سێ جۆری بایەخدان. لە هەمان کاتدا، سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری (بە یارمەتی ڕێکخراوێکی دەرەکی) پێداچوونەوە بۆ پۆلینکردنەکانی قوتابخانە، خود-هەڵسەنگاندن، و پلانەکانی پەرەپێدان دەکەنەوە کە لە لایەن قوتابخانەکان پێشکەشکراوە. بە بەکارهێنانی ئەم پێداچوونەوانە، پێویستە سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پلانێکی سەردانیکردنی سەرپەرشتیاری ئامادە بکات بۆ قوتابخانەکان بە دەسنیشانکردنی ئەوانەی کە پێویستە سەردانی بکرێن بۆ هەڵسەنگاندنی وورد، بەگوێرەی ئاستی بایەخدان.

دەسپێکردن بە ساڵی دووەمی جێبەجێکردن، پرۆسەی دڵنیایی جۆری قوتابخانە چەندین چالاکی لەخۆ دەگرێت، کە هەندێکیان لە هەمان کاتدا ڕوو دەدەن. ئەمانە بریتین لە:

- قوتابخانەکان پلانەکانی پەرەپێدان جێبەجێدەکەن.
- سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری چاودێری و پشتیوانی قوتابخانەکان دەکەن.
- قوتابخانەکان بەشدار دەبن لە خود-هەڵسەنگاندن و پلانی پەرەپێدانی ساڵی داهاتوو پێشدەخەن.
- پلاندانان , توێژینەوە , و هەڵسەنگاندن نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 کۆدەکەنەوە و پۆلینکردنەکانی قوتابخانە پێشدەخەن.
- سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پێداچوونەوە بە هەڵسەنگاندنی خودیی و پلانەکانی پەرەپێدانی قوتابخانە دەکەن.

چاودێریکردن لە ساڵی دووەم هێشتا کۆمەڵێکی لاوەکی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 دەگرێتەوە، بە ژمارەی نیشاندەرەکان کە پلە بە پلە بەتێپەڕبوونی کات فراوان دەبن کاتێک وەزارەتی پەروەردە هەوڵەکانی کۆکردنەوەی داتا و هەڵسەنگاندنی نیشتیمانی فراوان دەکات.

شێوەی 3.3 هێڵکاری بۆ کۆی پرۆسەی چاودێریکردنی قوتابخانە دەکات لە ساڵانی دواتر. لە خوارەوە باسی هەر لە هەنگاوەکان دەکەین، لەگەڵ شێوەکان کە جەخت دەکەنە سەر هەر یەک لە پێکهاتەکانی کۆی پلانەکە و باسیان لێوە دەکەین.

**شێوەی 3.3**
**کۆی پرۆسەی چاودێریکردن**




RAND RR960–3.3

***قوتابخانەکان پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە جێبەجێدەکەن.*** لە سەرەتای ساڵی دووەمی جێبەجێکردن و هەر ساڵێکی خوێندنی دواتر، قوتابخانەکان پلانی بەرەو پێشبردنی قوتابخانە جێبەجێ دەکەن کە لە هاوینی پێشووتر دروستکراوە و پشت بە چاودێریکردنی داتای ساڵی پێشووتری خوێندن دەبەستێت و لە لایەن نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پەسەندکراوە. ئەمە چاودێریکردن لەلایەن قوتابخانەکانی جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە دەگرێتەوە. لە ژێر ئەم سیستەمە پێشنیارکراوە، قوتابخانەکان پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەیان نوێدەکەنەوە لە ماوەی ساڵی خوێندن کاتێک کێشەی نوێ سەرهەڵدەدات (شێوەی 3.3أ).

***سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری چاودێری و پشتیوانی قوتابخانەکان دەکەن.*** کاتێک قوتابخانەکان پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەیان جێبەجێدەکەن، سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری لە رێگەی سەردانیەکانیان هەڵدەستن بە چاودێریکردن، چاوپێکەوتن و تێبینیکردن، جا ئەگەر قوتابخانەکان پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەیان جێبەجێ بکەن بەو شێوەیەی پەسندکراوە یان نا (شێوەی 3.3ب). ئاستی چاودێریکردن لەلایەن سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری لە رێگەی پۆلینکردنی پێشووتری قوتابخانەکان لە سەر نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 دیاری دەکرێت. سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری ناونیشانەکانی خود- پێداچوونەوەی قوتابخانە بەکاردێنن بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە و دەسنیشانکردنی هەر پشتگیریەکی پێویست. پێشنیاری ئەوەمانکرد کە سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری چاودێریکردنی کەمتر بە قوتابخانەکان بدەن کە هیچ یان بایەخێکی کەمیان پێویستە و جەخت بکەنە سەر هەوڵەکانیان لە سەر ئەوانەی هەندێک بایەخ یان زۆریان پێویستە. لە سەرانسەری ساڵەکە، سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پشتگیری بە قوتابخانەکان دەدەن (یان قوتابخانەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە بۆ پشتگیری کردنی دابینکەران وەک نووسینگەکانی پەرەپێدانی پیشەیی یان ئاژانسە دەرەکیەکانی تر) بە شێوەی پێویست.

***قوتابخانەکان بەشدار دەبن لە خود-هەڵسەنگاندن و پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەی ساڵی داهاتوو پێشدەخەن.*** کاتێک قوتابخانەکان پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەی ئێستایان جێبەدێدەکەن، هەروەها خود-هەڵسەنگاندنی ساڵانە ئەنجام دەدەن بۆ پەرەپێدانی پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەی ساڵی داهاتوو (شێوەی 3.3ج)، بە بەکارهێنانی ناونیشانی خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە بۆ

**شێوەی 3.3أ**
**پرۆسەی چاودێریکردن لەگەڵ جێبەجێکردنی پلانی بەرەو پێشبردنی قوتابخانە دەستپێدەکات لەلایەن قوتابخانەکانەوە**




RAND *RR960–3.3a*

**شێوەی 3.3ب**
**نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری چاودێریکردن و پشتگیری دابین دەکات لە ماوەی ساڵی خوێندن**




RAND *RR960–3.3b*

**شێوەی 3.3ج**
**قوتابخانەکانە پێداچوونەوە بۆخۆیان دەکەن لە ماوەی ساڵی خوێندن**




RAND *RR960–3.3c*

ئەنجامدانی ئەمە. ئامانجی خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە بریتیە لە دەسنیشانکردنی بوارەکانی بەهێز و لاوازی بەلەخۆگرتنی پرۆسەکان و کارەکان کە باش جێبەجێ نەکراون. ئەو کات قوتابخانەکان دەتوانن داوای پشتگیری لە سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری و ستافی نووسینگەی پەرەپێدانی پیشەیی بکەن بۆ یارمەتیدانیان بۆ باشترکردنی لایەنە لاوازەکان. بە دەسپێکردن لە پایزی ساڵی ئەکادیمی، قوتابخانەکان دەتوانن خود-هەڵسەنگاندنیان تەواو بکەن تا بەهاری داهاتوو. بە بەکارهێنانی ئەنجامی ناونیشانەکان، ئەو کات قوتابخانەکان پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەیان پێشدەخەن بۆ ساڵی ئەکادیمی داهاتوو و پۆلینی کارەکان دەکەن بۆ دەستخستنی ئەدای بەهێز و باشکردنی بوارە لاوازەکان. قوتابخانەکان ئەنجامەکانی خود-هەڵسەنگاندن و پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەیان پێشکەشی نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری دەکەن لە سەرەتای هاوین.

**شێوەی 3.3د**
**نووسینگەی پلاندانان , توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و پۆلینکردنەکانی قوتابخانە دابین دەکات**




RAND *RR960–3.3d*

***پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن داتای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و ڕاپۆرتی ساڵانەی پۆلینکردنی قوتابخانە کۆدەکاتەوە.*** لە ماوەی ساڵی ئەکادیمی، نووسینگەی پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن داتای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 کۆدەکاتەوە. نووسینگەی پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن زانیاری و پۆلینکردن بە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 دەدات بۆ ئاستی بایەخ بە قوتابخانەکان و نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری بەر لە کۆتایی ساڵی خوێندن (شێوەی 3.3د). ئەو کات قوتابخانەکان ئەم داتایانە لە خود-هەڵسەنگاندنەکانیان یەکدەخەن. بە تووندی پێشنیاری ئەوە دەکەین داتای نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 دەکەین بەردەست بکرێت لە مانگی ئایار تا بکرێت بەکاربێن لە کۆتاییهێنانی خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و پلانەکانی باشترکردن.

***سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پێداچوونەوە بۆ خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و پلانەکانی باشترکردن دەکات و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات. دوای وەرگرتن.*** ئەنجامەکانی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و پۆلینکردنەکانی قوتابخانە لە نووسینگەی پلاندانان، توێژینەوە، و هەڵسەنگاندن، نووسینگەی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پێداچوونەوە بۆ خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و پلانەکانی باشترکردن لە سەرەتای هاوین دەکەن (حوزەیران). بۆ ئەوەی پرۆسەی پێداچوونەوە کارا بێت و دڵنیایی ئەمە بکەیتەوە کە پێداچوونەوەکان تەواوکراون بەر لە ساڵی داهاتووی خوێندن، گشت قوتابخانەکان بە هەمان چڕی پێداچوونەوەیان بۆ ناکرێت (شێوەی 3.3 س).

بۆ ئەو قوتابخانانەی لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 هیچ یان کەمێک بایەخیان پێویستە، خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە تەنها پێداچوونەوەیەکی کەم وەردەگرن لە لایەن سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری. لە پێداچوونەوەیەکی کەم، سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری پشکنینی ئەوە دەکەن کە قوتابخانەکە خود-هەڵسەنگاندنی پێشکەش کردوە، جا بڕی پێویستی بەڵگەی هەبێت بۆ پشتگیری کردنی ڕیزبەندەکەی یان نا، و ئایا پلانەکانی کار بە شێوەیەکی دروست بە ڕیزبەندیەکانی ناونیشان بە یەکەوە بەستراون. ئەگەر قوتابخانەکان ئەم ئەرکانەی بە دروستی تەواو کرد بێت، ئەوە پێویستی بە چاودێریکردنی زیاتر نیە. ئەگەر پێداچوونەوە کەمەکە یەک کەموکوڕی یان زیاتری دۆزیەوە، سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری دووبارە پۆلینی قوتابخانەکە دەکەن وەک پێویست بوونی بایەخی زیاتر لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی1 و پێویستیان بە چاودێریکردنی زیاترە.

**شێوەی 3.3س**
**سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری خود-هەڵسەنگاندن و پلانەکانی قوتابخانەکان هەڵدەسەنگێنێت**




RAND *RR960–3.3e*

بۆ ئەو قوتابخانانەی بایەخی زیاتریان پێویستە لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری بە ووردی پێداچوونەوە بۆ بە بەڵگەکردنی قوتابخانە دەکەن. سەرپەرشتیاران پشکنینی ئەو داتایە دەکەن کە کۆی دەکەنەوە لە ساڵی ڕابردووی خوێندن بۆ ڕەواکردنی ئەنجامەکانی خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە. ئەگەر سەرپەرشتیاران ڕازی بوون بە بەڵگەکانی قوتابخانە، ئەوە گفتوگۆی داواکاریەکانی پشتگیری قوتابخانە دەکەن و پلانێکی پشتگیری تەواو دەکەن بەر لە دەسپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن.

ئەگەر سەرپەرشتیاران قەناعەتیان بە بەڵگەکان نەبوو، ئەو کات لە سەرەتای ئەیلول، گفتوگۆی کێشەکان لەگەڵ قوتابخانەکان دەکەن - بە بەکارهێنانی ناونیشانەکان بۆ ڕێنوێنیکردنی گفتوگۆکە. ئەو کات قوتابخانەکان ناونیشانەکان بەکاردێنن بۆ دووبارە پشکنینەوەی پێداچوونەوەی سەرەتاییان و یان پێداچوونەوەی بۆ دەکەن یان بەرەنگاری بڕیاری سەرپەرشتیاران دەبنەوە. پێویستە قوتابخانەکان خۆیان وەک بوونی بەرپرسیاریەتی سەرەکی ببینن بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیار و کردارەکانیان. سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری سەردانەکانیان ئەنجام دەدەن بۆ چاودێریکردنی بوارەکانی جێگەی پرسیار.

پرۆسەی چاودێریکردنی قوتابخانە دووبارە لەگەڵ ساڵی نوێی خوێندن دەستپێدەکات. قوتابخانەکان پلانی بەرەو پێشبردنی قوتابخانە جێبەجێدەکەن لە ماوەی بەهار و هاوینی ڕابردوو. سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری چاودێری قوتابخانەکان دەکەن ( لە ڕێگەی سەردانیکردن و چاوپێکەوتن) کە پۆلێنکراون وەک هەبوونی هەندێک یان بایەخی زۆر. ستافی پلانی پەرەپێدانی پیشەیی و سەرپەرشتیارانی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆریش پشتگیری پێشکەشی قوتابخانەکان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە یان قوتابخانەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە بە وەزارەتی پەروەردە یان دابینکەری پشتگیری دەرەکی. قوتابخانەکان خود-هەڵسەنگاندنی ئەنجام دەدەن بۆ پەرەپێدانی پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەی ساڵی داهاتوو بە بەکارهێنانی داتای دابینکراو لە لایەن نووسینگەی پلاندانان , توێژینەوە , و هەڵسەنگاندن لە ماوەی ساڵەکە.

## ڕاسپاردەکان

پێشنیاری دڵنیایی جۆری قوتابخانە و دیزاینی سیستەمێکی چاودێریکردنمان کردووە لە سەر بنەمای ڕێژەی کارە باشەکان و دۆخەکانی ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق. پلاندانانی زیاتر لە لایەن وەزارەتی پەروەردە پێویستە بۆ تەواوکردنی دیزاینەکە. ئەمە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوەکانی تر دەگرێتەوە (وەک کۆلێژی بێرمینگهام، بریتیش کاونسڵ، و یونسێف) کە بەشدارن لە کۆمەڵێک هەوڵی لێکۆڵینەوە.

لە ساڵی داهاتوو، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە کار بکات بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە پێکهاتەکان و چالاکیەکان کە وەسفمان کرد پێویستن بۆ "ئامادەکردنی جێبەجێکردن" لە شوێنی خۆیانن و ئەو کات دەست دەکەن بە جێبەجێکردن، بە لایەنی کەم بە جوزئی، سیستەمی چاودێریکردنی قوتابخانە، فراوانکردنی بۆ پێکهاتەکانی تر بەتێپەڕبوونی کات. پێویستە وەزارەتی پەروەردە جەخت بکاتە سەر تەواوکردنی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و 2، لەگەڵ پەرەپێدانی ڕووپێویەکان بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست، فراوانکردنی هەڵسەنگاندنی نیشتیمانی بۆ ئاستی پۆلی زیاتر، جێبەجێکردنی ستراتیجیەتەکان بۆ کۆکردنەوەی خێرای داتا و شیکردنەوە، و دەسنیشانکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە دەرەکیەکان بۆ پشتگیریکردنی ستاف و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە.

دامەزراوەی ڕاند دەتوانێت هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بکات لەم ئەرکانە. بە تایبەتی، دەتوانێت

- یارمەتی وەزارەتی پەروەردە بدات بە کۆدەنگی بگات بۆ نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و ئینپوت و فیدباک پەرەپێبدات سەبارەت بە پەیوەندیداری دۆمەینەکان و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و ڕیزبەندی ئەولەویاتیان
- مەبەستەکان دیاری بکات بۆ هەر یەک لە نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و پەرەپێدانی پلانەکان بۆ تێکهەڵکێشکردنی نیشاندەری هەمەچەشن بۆ ئاستی بایەخ
- گفتوگۆکان ئاسان بکات بۆ تەواوکردنی نیشاندەرەکانی هەنگاوی 2 و دڵنیاکردنی هاوتایی کەلتوریان، هاوڕێکی لەگەڵ سیستەمی پێشنیارکراوی چاودێریکردنی قوتابخانە و نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1، و هاوڕێکی لەگەڵ ئامرازەکانی تر
- تاقیکردنەوەی سیستەمی دڵنیایی جۆری و چاودێریکردنی قوتابخانە و پێداچوونەوەی دیزاین و ئامرازەکان لە سەر بنەمای فیدباکی قوتابخانەکان و ستاف.

پێشبینی ئەوە دەکەین کە جێبەجێکردنی سیستەمێکی چاودێریکردنی قوتابخانە دەبێتە هۆی باشترکردنی قوتابخانەکان و یارمەتیدانی پەرەپێدانی پەیوەندی هاریکارانە لە نێوان نووسینگە و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە. لە بەرئەوەی ژینگەی دەوروبەری ئامانجەکان و ئاڕاستەکانی سیستەمی پەروەردە لە گەشەدان، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەکی بەردەوام پێداچوونەوە بۆ نیشاندەرەکانی هەنگاوی 1 و 2 بکات، بەلەخۆگرتنی خود-هەڵسەنگاندنەکانی قوتابخانە، بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنییان بۆ دۆخە نوێکان و دەستکاریکردنیان بە پێی پێویست.

# چاودێرێکردنی کواڵێتی و هاندانی بەرەوپێشبردنی قوتابخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستانی - عیراق.

کەرتی قوتابخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستانی - عیراق بچوکە بەڵام بەرەوپێشچوونی خێرا لە قەبارە و گرنگیدا. لە وەڵامدا، لە ساڵی 2012، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی نوێی قوتابخانەی تایبەتی پەسەند کرد بۆ بەڕێوەبردن و پشتیوانی کردنی گەشەسەندنەکە. کەرتێکی گەورەی قوتابخانەی تایبەت دەکرێت خزمەتی چەندین مەبەست بکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دەتوانێت ئەو قورساییەی لەسەر شانی قوتابخانە حکومەییەکانە کەمبکاتەوە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نەبوونی کەمی بینای قوتابخانە. لەوانەیە قوتابخانە تایبەتەکان مۆدێلی خوێندنی کواڵیتی بەرز، لەگەڵ خوێندن بۆ ئەو خێزانانەی ڕەوەندی کوردی کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و منداڵاکانیان پێشکەش بکات بە سیستەمی جیاوازتر. هەروەها لەوانەیە خوێندن پێشکەشی ئەو هاوڵاتیە بیانیانەش بکەن کە بونیان لە هەرێمی کوردستان پێویستە بۆ بەرەو پێشچوونی هەندێک کەرتی ئابووری.

گەشەی خێرای ئەم دواییانەی ئەم قوتابخانانە وای لە سەرکردەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد پرسیاری ئەوە بکەن ئایا قوتابخانە تایبەتەکان کواڵێتی هاوتایان هەیە یان نا. بە تایبەتی، کێشەی ئەوە هەیە کە ڕێگەیەکی کاریگەر نیە بۆ چاودێری کردنیان و دڵنیابوون لەوەی پابەندی ڕێنماییە کارپێکراوەکانن. زۆرجار، وەزارەتی پەروەردە داتا سنوورداری هەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەربارەی قوتابخانە تایبەتەکان.

وەزارەتی پەروەردە داوای لە ڕاند کرد کە سیستەمێک پێش بخات بۆ چاودێری کردنی کەرتی قوتابخانەی تایبەت و بەدیهێنانی دوو ئامانجەکە. یەکەم، وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت کواڵیتی و بەرژەوەندیە گشتیەکانی تری قوتابخانە تایبەتەکان دڵنیا بکات. دووەم، وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت هانی گەشەی کەرتی قوتابخانەی تایبەت بدات. بەم شێوەیە، دوای پێداچوونەوەی کەرتی قوتابخانە تایبەتەکانی ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق و کردارەکانی چاودێری کردنی قوتابخانە تایبەتەکان لە وڵاتانی تر، ئەو ڕاسپاردانە پێشکەش دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت بەکاریان بێنێت بۆ چاودێری کردن و پێشکەش کردنی هاندەر بۆ ئەدای قوتابخانە تایبەتەکان.

ئەم کارە تەواوکەری شیکاری پێشووترە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی سیستەمی قوتابخانەی حکومی، داواکاری بۆ شوێنی قوتابخانە و بەرپرسیاریەتی قوتابخانە و دڵنیایی جۆریی (Vernez, Culbertson, and Constant, 2014). بۆ ئەم پرۆژەیە، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەرپرسان و سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە کرد دەربارەی قوتابخانە تایبەتەکان، کردارەکانی ئێستا، و ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە، و ئامادەی نمایشی وەزارەتی پەروەردە بووین بۆ قوتابخانە تایبەتەکان کە داوای فیدباکی ئەوانی کرد دەربارەی یاسا نوێیەکە و بابەتەکانی تر. پێداچوونەوەمان بە یاسا و ڕێنماییە نوێکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ قوتابخانە تایبەتەکان، داتای وەزارەتی پەروەردەمان شیکردەوە دەربارەی قوتابخانە تایبەتەکان. هەروەها سەردانی سێ قوتابخانەی تایبەتی کوردی و سێ قوتابخانەی تایبەتی نێودەوڵەتیمان لە هەرێم کرد. لە کۆتاییدا، لێکۆڵینەوەمان لەسەر چاودێری و پشتیوانی قوتابخانەی تایبەتەکانی دە وڵات کرد.

### پوختەی کەرتی قوتابخانەی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، یاسا، و کردارەکان.

ئێمە بە پوختەیەک دەست پێدەکەین دەربارەی کەرتی قوتابخانەی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، یاسا، و کردارەکان. لە سەرەتادا وەسفی ڕۆڵی قوتابخانە تایبەتەکان دەکەین لە کەرتی پەروەردە. ئینجا باسی چەندین لایەنی بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمانە دەگرێتەوە، کە یەک لە دوای یەک

باسی ئەمانە دەکەین، یاساکان، ڕێنماییەکان، و بەڕێوەبردن; مۆڵەتدان و کردنەوە; سەرپەرشتیکردن; سیاسەتەکان بۆ مامۆستا و ستاف; بەڕێوەبردنی دەرەنجامەکانی قوتابی; و پێشکەشکردنی پشتیوانی.

**قوتابخانە تایبەتەکان ڕۆڵێکی بچووک بەڵام گەشەسەندوو دەگێڕن**

لە ساڵی 2010 تا 2013 ژمارەی قوتابخانە ئەهلیەکان و ئەو قوتابیانەش کە ناوی خۆیان لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا تۆمار کرد دوو هێندە زیادیکردووە (وێنەی 4,1). لە هەمان ماوەدا، ڕێژەی سەرجەم خوێندکاران لە قوتابخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەدا 1,0 بۆ 2,5 بەرز دەبێتەوە. گەرچی تۆمارکردنی زۆر لە قوتابخانە تایبەتەکان ئاستی قوتابخانەی بنەڕەتیە (پۆلی 1 تا 9)، بەشێکی زۆری قوتابخانە تایبەتەکان بریتین لە باخچەکانی ساوایان. ئەمە بەهۆی ئەوەیە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی ئەم دواییانەدا باخچەی ساوایانی قوتابخانە حکومیەکانی دامەزراند، و هێشتا لەم کاتەدا بۆ گشت منداڵان بەردەست نین.

قوتابخانە تایبەتەکان بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن: کوردی و نێودەوڵەتی. قوتابخانە تایبەتە کوردیەکان پەیڕەوی پرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، لە ژێر بەڕێوەبردنی تایبەت، و قوتابیەکانیان تاقیکردنەوە هەرێمیەکان ئەنجام دەدەن. ئەم قوتابخانانە لەوانەیە کۆرسی زیاتر پێشکەش بکەن (بۆ نموونە، ئینگلیزی، عەرەبی، یان زانستی کۆمپیوتەر)، کاتی وانە ووتنەوەی زیاتریان هەیە لە ڕۆژێکدا بەراورد بە قوتابخانە حکومیەکان، و مامۆستای تایبەت بە خۆیان هەیە. قوتابخانە تایبەتە نێودەوڵەتیەکان لەوانەیە پەیڕەوی هەر پرۆگرامێکی خوێندن بکەن کە ڕێکخراوی یونسکۆ یان وڵاتی خۆیان دەیناسێنێت (ئیعترافی پێدەکات). ئەم قوتابخانانە داواکراو نین تاقیکردنەوە هەرێمیەکان بە قوتابیەکانیان بکەن. وەزارەتی پەروەردە ووتی کە 12 پرۆگرامی خوێندنی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق پەیڕەو دەکرێن. لەوانەیە قوتابخانە تایبەتەکان قازانج ویست یان قازانج نەویست بن. هەروەها قوتابخانەی هاوبەشی حکومی-تایبەت هەن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی دەکرێن و داوای کرێی خوێندن ناکەن.

بەشداربووانی گەشەی خێرای قوتابخانە تایبەتەکان هەر یەک لە گەشەی ئابوری، ئاسایشی باشی قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان، ویستی دایبابان بۆ گواستنەوەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە جەنجاڵە حکومیە باڵەخانە خراپەکان، داواکاری باشترکردنی دامەزراوەکان بە قەبارەی پۆلی بچووکتر، حەزکردن لە خوێندن بە ئینگلیزی، ویستی چاکی

**شێوەی 4,1**

**ژمارەی قوتابخانە تایبەتەکان و قوتابیان، بە پێی جۆر، 2010-11 بۆ 2012-13**




سەرچاوەکان: 2011، 2012، و 2013 ڕاپرسی MoE خوێندنگاکان.

RAND *RR960–4.1*

باشتری دەرەوەی پرۆگرامی خوێندنی وەک وەرزش و هونەرەکان، و پێزانینی ئەوەی مامۆستایانی قوتابخانە تایبەتەکان هەولّی زیاتر دەدەن دەگرێتەوە. تێگەیشتنێک هەیە کە قوتابخانە تایبەتەکان دەتوانن باشترین مامۆستا هەڵبژێرن (زۆرجار مامۆستایانی قوتابخانە حکومیەکانن کە لە قوتابخانە تایبەتەکان وانە دەڵێنەوە) بۆ وانە وتنەوە و زیاتر هەڵبژاردن بۆ ئەو قوتابیانە دەکەن کە وەریاندەگرن. لە ڕاستیدا، لە سەدا 57ی مامۆستایان قوتابخانە تایبەتەکان بڕوانامەی بەکەلۆریۆسیان هەیە، نزیکەی تەنها لە سەدا 36ی مامۆستایانی قوتابخانە حکومیەکان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە.[1]

**یاساکان، ڕێنماییەکان، و بەڕێوەبردن: ڕژێمی ڕێکخەر بریتیە لە چوارچێوەیەکی پتەو بەڵام دەکرێت ڕوون بکرێتەوە**

یاسادانان بۆ قوتابخانە تایبەتەکان یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2012یە، "یاسای قوتابخانە و دامەزراوە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق." ئەم یاسایە باخچە ساوایانە تایبەتەکان و قوتابخانە بنەڕەتی و دواناوەندیەکان، پەیمانگاکان، و زانکۆ و کۆلێژەکان دەگرێتەوە کە بڕوانامەی خوێندنی بەرایی پێشکەش دەکەن. ئامانجەکانی کەرتی قوتابخانەی تایبەتەکان دیاری دەکات و کۆنترۆڵی مۆڵەتدان؛ سەرپەرشتیکردن و چاودێری کردن؛ باڵەخانە و دەزگاکان؛ مامۆستا و ستاف؛ پرۆگرامە پەروەردەییەکان، تۆمارکردن، و سیستەمی تاقیکردنەوەکان؛ سیستەمەکانی کارگێری و دارایی، سەرپێچیەکان دەگرێتەوە. یاساکەی ئەوەی پێویست کرد کە قوتابخانەکان دەقەکانی بۆ ساڵی خوێندنی 2013-2014 جێبەجێ بکەن. لە کاتی نووسینی یاساکە، یاسادانەر پشکنینی بۆ داتای وەزارەتی پەروەردە و هەندێک قوتابخانەی تایبەت کرد.

یاساکە ووردەکاری دروستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەت بۆ وەزارەتی پەروەردە دیاری دەکات. بۆیە، وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی دەرکرد کە ووردەکاری زیاتر و سیاسەتی پێشکەوتووی تێدایە بۆ پشتیوانی کردنی یاساکە، کە زمانەکەی لە زۆربەی حاڵەتەکان گشتیە.

بەرپرسیاریەتیەکانی بەڕێوەبردنی کەرتی قوتابخانەی تایبەت دابەشکراوە. بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگا تایبەتەکانی وەزارەتی پەروەردە سیاسەتەکان دیاری دەکات. بەشی قوتابخانە و پەیمانگا تایبەتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستانی عێراق کارەکانی پشکنین، مۆڵەتدان، سەرپەرشتیکردن، و جێبەجێکردنی گشتی ڕێنوێنی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوە دەبات.

مەرجێکی بەهێزی یاساکە بریتیە لە قەدەغەکردنی پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە ئاینییەکان لە دروستکردنی قوتابخانە تایبەتەکان و قەدەغەکردنی پێشێلکردنی بنەماکانی بەیەکەوەژیانی ئاینیی و ئیتنیکی. ئەم ڕێنماییانە کار دەکەن بۆ ڕێگری کردن لە خراپ بوونی پەیوەندیە نیشتیمانیەکان کە ئەو قوتابخانانەی لە سەر بنەمای ئیتنیکی و ئاینیی لە لوبنان بنیاتنرابوون دروستیانکرد (Euro-Trends, 2009).

یاسا و ڕێنماییە نوێکان چوارچێوەیەکی پتەو پێشکەش دەکات بەڵام هێشتا پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. پێشکەشکارانی قوتابخانە تایبەتەکان باس لەوە دەکەن تەواو لە سیاسەت و ڕێوشوێنەکان ناگەن، و ناوهاوتایی هەیە لە نێوان یاسا، ڕێنماییەکان، و کرداردا. نمونەکانی ئەم کێشانە شتی وەک کرداری ناچوون یەک بۆ هەندێک لە کێشەکان دەگرێتەوە کە لەوانەیە پێویستی بە ڕێنمایی نەبێت (بۆ نموونە، ڕێنمایی نرخی پەرتوکەکانی پرۆگرامی خوێندن یان دانانی ئاستی پۆلی قوتابی لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان)، تێگەیشتنی ناهاوتا و دژیەک لە کرێی خوێندن و سیاسەتەکانی باج دانان، و سیاسەتی ناڕوونی دامەزراندنی مامۆستای نێودەوڵەتی، یەکسانی و تاقیکردنەوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، و تۆمارکردن و پێدانی بڕوانامە بە قوتابیان. زۆربەی سیاسەتەکانی خزمەت بە ئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام ووردەکاریەکانی ڕێوشوێنەکان ئاستەنگ دروست دەکات.

**مۆڵەتدان و کردنەوە: دەستکەوتنی مۆڵەت بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی نوێ دەکرێت زەحمەت بێت**

یاسای ژمارە 14 ڕێنمایی لەخۆ دەگرێت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ دەستکەوتنی مۆڵەت بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی نوێ. پرۆسەی ڕێپێدان پێشکەشکردنی داواکاریەکی نووسراو دەگرێتەوە لەگەڵ یاسای ناوخۆییەکانی قوتابخانە بۆ ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە. پێویستە پرۆپۆزەلەکان هاوڕێک بێت لەگەڵ بەها نەتەوەییەکان و هانی مۆدێرنەکردن و بەهێزکردنی پەروەردە بدات لە کوردستان.

داواکاریەک بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی تایبەت پێویستی هەیە بە

---

[1] پێشبینیەکانی ڕاند لەسەر ڕووپێوی 2013ی وەزارەتی پەروەردە بۆ قوتابخانەکان بنیاتنراوە.

- نووسراوی پشتیوانی دەسەڵاتدارانی پارێزگا، بەلەخۆگرتنی لایەنە تەندروستیەکان، ئاسایش، شارەوانیەکان، بەرگری شارستانی، و نەهێشتنی تاوان
- نووسراوێکی ڕەزامەندی لە لێژنەی مولکی تایبەتی پارێزگا
- زانیاری باجی داهات
- پلانێکی خوێندن و خشتەی وانەکان
- بڕوانامەی مامۆستا و پێشینەی کاری بەڕێوەبەر
- +ناونیشان یان بەکرێگرتنی باڵەخانەیەک (کە پێویستە بە لایەنی کەم بۆ یەک ساڵ بێت)
- گرێبەستی نێوان خاوەنی قوتابخانە و گشت ستاف
- بەڵێننامەی خاوەنی قوتابخانە بۆ پابەند بوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی قوتابخانە تایبەتەکان
- ناوی بەڕێوەبەر و ئەندامانی ئەنجومەنی قوتابخانەکە (بەلەخۆگرتنی وێنە و نووسراوی پێناس)
- متمانەپێدانی نێودەوڵەتی، ئەگەر جێبەجێ ببێت، و ڕەزامەندی پرۆگرامی خوێندنەکە لەلایەن ڕێکخراوێکی متمانەپێدان
- بۆ قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان، نووسراوێکی پەسەندکراو لەلایەن باڵیۆزی عێراق لەو وڵاتە یان لەلایەن باڵیۆزی وڵاتەکە لە عێراق.

هەروەها پێویستە داواکاریەکە ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیداری وەزارەتی پەروەردە هەبێت ( بۆ نموونە باخچەی ساوایان، پرۆگرامە پیشەییەکان، پەیمانگاکان، قوتابخانە بنەڕەتیەکان، یان قوتابخانەی دواناوەندی). ئینجا بەڵگەنامەکان ڕەوانەی وەزیر دەکرێن بۆ پەسەند کردن.

ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە تێبینی ئەوەیان کردووە کە پرۆسەی ڕەزامەندی و مۆڵەتدان بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی نوێ دەکرێت ئاستەنگی هەبێت. ئەو ئاستەنگە تایبەتانەی باسیان لێوە کرد ڕێنوێنی ناکۆک دەربارەی داواکاریەکان، پرۆسیجەری بیرۆکراتی لە دەستکەوتنی ڕێپێدانی چەندین لایەن دەگرێتەوە، لەگەڵ داواکاریەکان بۆ دانانی چەندین بەڵگەنامە لە داواکاریەکە کە دەکرێت تەنها دوای بەکارکەوتنی قوتابخانەکە بەردەست بێت. بۆ نموونە، ڕێنماییەکان داوای ئەوە دەکەن کە کارپێکەرێکی قوتابخانە سی ڤی گشت مامۆستایان و گرێبەستەکان وەک بەشێک لە داواکاریەکە دابنێت، بەڵام قوتابخانەیەک ناتوانێت مامۆستا دابمەزرێنێت و سی ڤیان بدات بەرلەوەی مۆڵەت وەربگرێت بۆ کردنەوە. قوتابخانەکان چارەی ئەم کێشانەیان کردووە لە ڕێگەی دانووستان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی لەسەر بنەمای حاڵەت بە حاڵەت. ڕێنوێنی ڕوونتری ناو ڕێنماییەکان، پرۆسیجەری ڕاستەوخۆ، کەتەلۆکێکی سیاسەت و پرۆسیجەرەکان دەتوانێت پرۆسەکە ئاسانتر بکات هەم بۆ وەزارەتی پەروەردە و هەم بۆ قوتابخانەکانیش.

**سەرپەرشتیکردن. ئاڵۆزە و بە پێی ویست کاریگەر نیە**

یاسای ژمارە 14 بەرپرسیاریەتی وەزارەتی پەروەردە بەوە وەسف دەکات کە سەرپەرشتی قوتابخانە تایبەتەکان دەکات، کە ووردەکاریەکەی بۆ وەزارەتی پەروەردە جێهێڵراوە بۆ دیاریکردن و جێبەجێکردنی سیاسەت و پرۆسیجەری تێروتەسەڵتر. یاساکە داوای ئەوە دەکات کە قوتابخانە تایبەتەکان کاری پەیڕەوکردن بکەن، لە ژێر سەرپەرشتیکردنی وەزارەتی پەروەردە:

- هەبوونی پلانێک بۆ ساڵی ئەکادیمی، کاتی وانە ووتنەوە و تاقیکردنەوەکان
- دانانی بنەماکان و ڕێگەکانی بۆ تاقیکردنەوەکانی قوتابیان
- دیاریکردنی پشووە فەرمیەکان و پشووە پەروەردەییەکان
- پاراستنی تۆمارکردن و نوێکردنەوە لە تۆماری ساڵانەی خۆیان
- دابینکردنی کۆرسی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و ستاف
- دیاریکردنی ڕێگەکانی سەرپەرشتیکردنیان
- دەستخستنی باڵەخانە و شوێنی سەلامەتی قوتابخانە
- دەسنیشانکردنی کێشە تەندروستیە دیاریکراوەکان (بە هاوکاری لە گەڵ بەشی چاودێری تەندروستی قوتابخانەکان).

بۆ بەکارخستنی ئەم داواکاریانە، وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی قوتابخانە تایبەتەکان دەکات بە هەمان شێوەی سەرپەرشتیی کردنی قوتابخانە حکومیەکان. قوتابخانە تایبەتەکان لەلایەن سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردەوە سەرپەرشتی دەکرێن کە، سەرەڕای داواکاریە یاساییەکانی سەرەوە، جەخت دەکەنە سەر دامەزراوەکان، بەڕێوەبردنی قوتابخانە و وانەوتنەوە.

کردارەکانی سەرپەرشتی کردنی چەندین لایەن دەگرێتەوە، بەلەخۆگرتنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ قوتابخانە تایبەتەکان، سەرپەرشتیکردن، خوێندنی بنەڕەتی، خوێندنی ئامادەیی، و پەیمانگاکان، لەگەڵ نوێنەرایەتی پارێزگاکان. وەزارەتی پەروەردە سیاسەتەکان دیاری دەکات، و سەرپەرشتیاران خۆیان لەلایەن پارێزگاکانەوە بەڕێوە دەبرێن. قوتابخانە تایبەتە کوردیەکان پشکنینی سەرپەرشتیکردن لە سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە وەردەگرن کە لەلایەن پارێزگاکانەوە بەڕێوە دەبرێن. قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان ئەم جۆرە پشکنینانە لە سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە وەردەگرن کە لەلایەن پارێزگاکانەوە بەڕێوە دەبرێن بۆ دامەزراوەکان، کارگێری، زمانی کوردی، زمانی عەربی، زمانی ئینگلیزی (ئەگەر زمانی قوتابخانەکە ئینگلیزی نەبێت) پەروەردەی ئاینیی، و خوێندنە کۆمەڵایەتیەکان. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان سەرپەرشتیکردن لە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی وەردەگرن کە لە چەند بوارێکەوە سنووردارە، وەک زانست و بیرکاری. پشکنەرانی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی کامبریج، بۆ نموونە، پشکنین بۆ تاقیکردنەوەکانی زانست و بیرکاری 12 قوتابخانە دەکەن کە پرۆگرامی خوێندنی کامبریج بەکاردێنن.[2]

پشکنینی دامەزراوەکان دڵنیای ئەوە دەکاتەوە کە باڵەخانەکان داواکاریەکانی بنیاتنانی تێدایە و پشکنەرانی پارێزگا دەگرێتەوە.

وەزارەتی پەروەردە هەڵسەنگاندنی ستاندەر کردوە بۆ پشکنینەکانی بەڕێوەبردن و وانە ووتنەوە. شەش بۆ هەشت بۆ سەرپەرشتیار فۆرمی هەر یەک لە قوتابخانەکان تەواو دەکەن، بەلەخۆگرتنی سەرپەرشتیارانی هەر یەک لە بابەتەکان. هەر جۆرێک لە سەرپەرشتیاران ساڵانە دووجار سەردانی قوتابخانە دەکەن کە لە ژێر چاودێری خۆی تێدایە.

پشکنینەکانی بەڕێوەبردن پشکنینی تۆمارکردن لە قوتابخانە، ژمێریاریی، و لایەنەکانی تری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە دەگرێتەوە. سەردانیەکانی سەرپەرشتیارانی بەڕێوەبردن داتای بنەڕەتی کۆ دەکاتەوە دەربارەی قوتابخانەکە، بەلەخۆگرتنی ژینگەی قوتابخانە، کردارەکانی بەڕێوەبردن، مامۆستا و ستاف و لێهاتوویيە پەروەردەییەکانیان، و ژمارەی قوتابیان لە هەر پۆلێکدا. هەروەها وەزارەتی پەروەردە مافی چاودێریکردنی بەشداری قوتابیان، بڕوانامەی مامۆستا، و پێدانی بڕوانامەکانی دەرچوون بۆ خۆی دەپارێزێت.

پشکنینەکانی وانە ووتنەوە وانە وتنەوەی ناو پۆل دەگرێتەوە. قوتابخانە تایبەت و حکومییەکان هەمان سەرپەرشتیاری وانە وتنەوەیان هەیە، گەرچی لەم دواییەدا وەزارەتی پەروەردە تیمێکی سەرپەرشتیارانی دانا کە ئینگلیزی دەزانن کە لەگەڵ قوتابخانە تایبەتەکان کار دەکەن کە بە ئینگلیزی دەخوێنن. سەرپەرشتیکردنی وانە وتنەوە نمرەدانان بۆ نیشاندەرەکانی هەر مامۆستایەک لە ئامادە کردن و پلاندانانی وانەکان، ڕێگەکانی وانە ووتنەوە، بەکارهێنانی ماددەکانی وانە ووتنەوە، بەشداری تاکە کەسیەکان، پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان، هەڵسەنگاندنەکان، و کاریگەریەکان لەسەر قوتابیان دەگرێتەوە. قوتابخانەکان ڕاپۆرت لەم پشکنینانە وەردەگرن تا بتوانن هەر کێشەیەکی دیاریکراو دەسنیشان بکەن.

ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرا لە وەزارەتی پەروەردە و لە قوتابخانە تایبەتەکان باسیان لە ئاستەنگەکانی سەرپەرشتیکردن کرد.

ئەوانەی لە وەزارەتی پەروەردە چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرا باسیان لەوەکرد کە سەرپەرشتیکردنی قوتابخانە تایبەتە نێودەوڵەتیەکان گەورەترین ئاستەنگە بەردەم کەرتی قوتابخانە تایبەتەکان. یەکەم، بەربەستی پەیوەندیکردنی زمان هەیە. زۆرجار سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە ئینگلیزی نازانن، و زۆربەی قوتابخانە تایبەتەکان بە ئینگلیزی دەخوێنن، کە تیایدا هەیانە بە زمانەکانی عەربی، فەرەنسی، تورکی یان ئەڵمانی کار دەکەن. دووەم، سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە زانیاریان کەمە دەربارەی پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە تایبەتە نێودەوڵەتیەکان، کە سیستەمی نائاشنا بەوان بەکاردێنن. سێیەم، دانی بڕوانامە بە مامۆستا ئاستەنگێکە، کاتێک کە سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە نازانن حوکم لەسەر لێهاتووییەکانی مامۆستایانی وڵاتانی تر ناو قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان بدەن. چوارەم،

---

[2] تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی کامبریج بەشێکە لە هەڵسەنگاندنەکانی کامبریج، بەشێک لە زانکۆی کامبریج کە پرۆگرامەکانی خوێندن، هەڵسەنگاندنەکان، و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری پەروەردەیی پێشکەش دەکات.

حوکمدان لەسەر یەکسانی قوتابیان کە لە قوتابخانەی دواناوەندیی نێودەوڵەتی دەرچوونە و ئەوانەی دەیانەوێت بچنە زانکۆ لە کوردستان کێشەی هەیە بەهۆی ئەوەی قوتابیەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنیان جیاواز بووە. سیستەمی وەرگرتنی زانکۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق ناوەندیە، کە قوتابیان دەخرێنە زانکۆکان لە سەر بنەمای سیستەمی نمرەیان کە پشت بە تاقیکردنەوەی پۆلی 12ی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبەستێت لەگەڵ پۆلەکانی 10 و 11 لە قوتابخانەی حکومیە کوردیەکان. پێنجەم، وەزارەتی پەروەردە باسی لەوە کرد کە هەندێک مامۆستا لە وڵاتانی تر بڕوانامەی "ساختەیان" هەیە و هەندێک مامۆستای نێودەوڵەتی پێشینەی تاوانیان هەیە. شەشەم، هەندێک جار کەمی هاریکاری هەیە لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و قوتابخانەکان دەربارەی هەڵبژاردنی شوێن بۆ قوتابخانەکە لەو کاتەی خاوەن قوتابخانەکان دروستی دەکەن.

هەندێک لەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە لە قوتابخانە تایبەتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە پشکنینەکانی وانە ووتنەوە یارمەتیدەر نە بووە لە باشترکردنی کواڵیتی بەهۆی چەندین هۆکار. سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە ئاشنا نین بە زمان و سیستەمە نێودەوڵەتیەکان و بە ڕێگە پەروەردەییە جیاوازەکان، بۆیە ناتوانن خاڵە لاوازەکانی وانە ووتنەوە دیاری بکەن. تێبینی ئەوەیان کرد کە سەردانەکانی پشکنین لە سەرانسەری ساڵ زۆرجار بێ هەماهەنگی لە نێوان سەرپەرشتیارە جیاوازەکانی وەزارەتی پەروەردە بووە، وایکردووە چەندین سەردانی جیاواز بکرێت، کە دەکرێت وەک پچڕ پچڕکەر وەسف بکرێت. هەروەها، سەردانەکان زۆر کورتن تا بتوانن شتێکی گرنگ زیاد بکەن؛ یەکێک لەوانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵکراوە ووتی کە سەرپەرشتیاران هاتن و ڕاپۆرتیان پێشکەش کرد بەڵام یارمەتی قوتابخانەکەی نەدا لەمە زیاتر. لە کۆتاییدا، ئەوانەی لە قوتابخانە تایبەتەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرا تێبینی ئەوەیان کرد هەندێک لە کێشەکان، وەک سیاسەتەکانی وەرگرتن، لەوانەیە پێویستی بە پشکنین نەکات.

کاتێک کێشە لە قوتابخانە تایبەتەکان هەیە، یاسا و ڕێنماییەکانی قوتابخانە تایبەتەکان هەنگاو پێشکەش دەکەن بۆ چارەسەرکردنیان، بەلەخۆگرتنی گفتوگۆ لەگەڵ سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە، ئاگادارکردنەوە و پێبژاردن لەلایەن وەزارەتی پەروەردە، و داخستنی قوتابخانە کێشەدارەکان. وەزارەتی پەروەردە چوار قوتابخانەی تایبەتی لە دوو ساڵی ڕابردوودا داخستووە. هیچ سیاسەتێک نیە بۆ کارکردن لە سەر سکاڵای دایبابان.

دووبارە داڕشتنەوەی دڵنیایی جۆریی لە قوتابخانە حکومیەکان (سەیری بەشی سێیەم بکە) دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دڵنیایی جۆریی لە قوتابخانە تایبەتەکانیش.

**مامۆستایان و ستاف: سیاسەتە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنیان**

وەزارەتی پەروەردە دووچاری دوو ئاستەنگ دەبێتەوە لە دانانی سیاسەتەکان بۆ بەڕێوەبەر، مامۆستایان و ستافی قوتابخانە تایبەتەکان. یەکەم، وەک تێبینیکراوە، بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە نیگەرانی ئەوەن کە نازانن چۆن حوکم لەسەر لێهاتووییەکانی مامۆستا نێودەوڵەتیەکان بدەن و هەروەها لەوانەیە ئاگادار نەبن لە باکگراوندنی تاوانیی ئەم جۆرە مامۆستایانە.

دووەم، زۆربەی مامۆستایانی قوتابخانە تایبەتەکان لە قوتابخانە حکومیەکانیش کار دەکەن، زۆرجار وانە وتنەوە لە شیفتێکی قوتابخانە لە قوتابخانە حکومیەکان و شیفتێکی تریش لە قوتابخانە تایبەتەکان. یاساکە ڕێگە بە مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە و کارمەندە شارستانیەکان دەدات کاری دووەم لە قوتابخانە تایبەتەکان بکەن ئەگەر ئەم جۆرە کارە دوای کاتژمێرەکانی کارکردنی وەزارەتی پەروەردە بێت و کارمەندەکە ڕەزامەندی ناوچەی قوتابخانەکەی و خودی قوتابخانەکەی خۆی هەبێت. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە تێبینی ئەوەیان کرد کە هەستێکی باو هەیە کە ئەم مامۆستایانە گرنگی و هەوڵی کەمتر لە قوتابخانە حکومیەکان دەدەن بەراورد بە قوتابخانە تایبەتەکان لە وانە ووتنەوە، بەهۆی ئەویە قوتابخانە تایبەتەکان پارەی زیاتریان پێدەدەن سەرەڕای مووچەی حکومیی خۆیان. یاسا نوێیەکە هەوڵدەدات باسی ئەمە بکات لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەوەی بە لایەنی کەم لە سەدا 80ی ستافی وانە وتنەوەی قوتابخانە تایبەتەکان پێویستە "دەستەی مامۆستایانی هەمیشەیی بن". گەرچی یاساکە ئەم پێناسەی ئەم مەرجە ناکات، ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرا بوو واتێگەیشت بوون ئەو مامۆستایانە بگرێتەوە کارمەندی فولتایمن لە قوتابخانە حکومیەکان و لە قوتابخانە حکومیەکان وانە ناڵێنەوە.

سیاسەتەکانی یاسا نوێیەکە لەسەر مامۆستایان لەوانەیە چەندین کاریگەری هەبێت بۆ قوتابخانە تایبەتەکان. بۆ گەیشتن بە لە سەدا 80ەکە، لەوانەیە پێویست بکات قوتابخانە تایبەتەکان هەندێک لە مامۆستاکانی ئێستایان لە کار لابدەن و هەندێک مامۆستای نوێتر دابمەزرێنن، یان پێویست بکات مامۆستایانی ئێستا دەست لە پۆستە حکومیەکانیان هەڵبگرن و تەنها وەک کارمەندی قوتابخانەی تایبەت کار بکەن. هەروەها یاساکە ئەوە پێویست دەکات کە مامۆستایانی قوتابخانەی تایبەت بڕوانامەی وانە وتنەوەیان هەبێت (بڕوانامەیەک لە دامەزراوەیەکی وانە وتنەوە یان کۆلێژی

مامۆستایان، یان بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەگەڵ بڕوانامەی وانە وتنەوەی دەستکەوتوو لە ڕێگەی ڕاهێنانی زیاتر)، و زۆرینەی ئەوانەی بڕوانامەی وانە وتنەوەیان هەیە مامۆستایانی قوتابخانە حکومیەکانن. لەوانەیە مامۆستای پێویست نەبێت کە خاوەن بڕوانامە بن بە لێهاتووییە دروستەکان بۆ کارکردن لە قوتابخانە تایبەتەکان. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرا بوو لە قوتابخانە تایبەتەکان ووتیان کە ئەگەر پێویست بێت کەسانێک دابمەزێنن کە کارمەندی قوتابخانە حکومیەکان نەبن، ئەو کات تەنها مامۆستای بێ ئەزموونیان دەبێت. بە مانەیەکی تر، لەوانەیە قوتابخانە تایبەتەکان نەتوانن کەسانی لێهاتوو بدۆزنەوە کە بیانەوێت سوودەکانی حکومەت بەلاوە بنێن بۆ کار قوتابخانەیەکی تایبەت.

**بەڕێوەبردنی دەرەنجامەکانی قوتابی: کەمی داتا لە قوتابخانە تایبەتەکان**

جیا لە هەڵسەنگاندنەکانی سەرپەرشتیار، کە یەکخراو نین، داتا یان سیاسەت نیە بۆ بەڕێوەبردنی کواڵیتی و دەرەنجامی قوتابیان لە قوتابخانە تایبەتەکان. قوتابیە کوردەکان لە قوتابخانە تایبەتە نێودەوڵەتیەکان تاقیکردنەوە هەرێمیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام نادەن، ڕێگری دەکات لە هەر هەوڵێک بۆ بەراوردکردنی ئەدایان بە قوتابیانی تری هەمان ئاست و پۆل یان بۆ ویستی وەرگرتن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق. سیاسەتی زیاتر بۆ باشترکردنی تەوافوق و کۆکردنەوەی داتا لەوانەیە بتوانێت هەندێک لەم ئاستەنگانە دەسنیشان بکات.

**پێشکەشکردنی پشتیوانی: یارمەتی سنووردار بۆ قوتابخانە تایبەتەکان بەردەستە**

وەزارەتی پەروەردە یارمەتی سنووردار پێشکەش بە قوتابخانە تایبەتەکان دەکات.

یەکەم، وەک تێبینیکراوە، ڕێگە بە مامۆستایانی قوتابخانە حکومیەکان دەدات کارێکی دووەمی وانە وتنەوە لە قوتابخانە تایبەتەکان بکەن یان مۆڵەت لە قوتابخانە حکومیەکان وەربگرن بۆ وانە وتنەوە لە قوتابخانە تایبەتەکان لە هەمان کاتدا دۆخی کارمەندی حکومی و مافەکانی خانەنشینی خۆیان دەپارێزن. وەک لە سەرەوە تێبینیکرا، هەرچۆنێک بێت، داواکاری ئەوەی لە سەدا 80ی مامۆستایان وانەبێژی قوتابخانە تایبەتەکان هەمیشەیی بن، وا دەکات دامەزراندنی مامۆستایانی قوتابخانە حکومیەکان سنووردار بکات.

دووەم، وەزارەتی پەروەردە پەرتوکی چەند بابەتێکی باو بە قوتابخانە تایبەتەکان دەدات. وەزارەتی پەروەردە پەرتووکەکانی زمانی کوردی، عەرەبی، ئاشوری، تورکمانی بە خۆڕایی بە قوتابخانە تایبەتەکان دەدات، کە پێویستە قوتابخانەکەش بە خۆڕایی بە قوتابیانی بدات. وەزارەتی پەروەردە پەرتووکەکانی زمانی ئینگلیزی بە نرخێکی دیاریکراو دابین دەکات، و پێویستە قوتابخانەکان بە هەمان نرخ بە قوتابیان بدەنەوە.

سێیەم، لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن، یارمەتیدان هەیە بە زەوی، باڵەخانە، یان داراییکردن، گەرچی هیچ سیاسەتێکی ڕوونی نووسراو نیە بۆ ئەم جۆرە یارمەتیدانە. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکرا بوو ووتیان کە دەکرێت دەسکەوتنی دارایی زەحمەت بێت بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەک، بەهۆی ئەوەی هیچ بانکێک نیە قەرز بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بکات. پێویستە کارپێکەرەکان سامانی خۆیان بەکاربێنن، یان فەند لە دەستەی وەبەرهێنان وەربگرن (دەسەڵاتێکی حکومییە کە پارە بۆ ژێرخانی حکومی دابین دەکات)، یان سپۆنسەرێکی دەوڵەمەند بدۆزیتەوە. لە هەندێک حاڵەتدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پارێزگاکان زەوی یان باڵەخانەیان دابین کردووە بۆ قوتابخانە تایبەتەکان.

چوارەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی بۆ چەندین قوتابخانەی تایبەتی حکومی دابین کردووە. ئەم پرۆگرامە جێگەی مشتومڕ بووە بەهۆی داواکاری زۆری دایباباں بۆ چەند کورسیەکی کەم. هیچ بەڵگەنامەیەک بە فەرمی بەردەست نیە دەربارەی ئەم پرۆگرامانە. یەک کۆمپانیا، هاوبەشی لە نێوان سابیس و فرۆبێل، حەوت قوتابخانەی تایبەتی حکومی بەڕێوە دەبەن، بەکارهێنانی مۆدێلی پەروەردەیی سابیس و بەڕێوەبردنی قوتابخانە بە مامۆستا، و باڵەخانە و قوتابی ناوخۆیی. ئەم قوتابخانانە داوای پارە ناکەن بۆ کرێی خوێندن بەڵام پارەی کارکردن لە حکومەت وەردەگرن. خەرجی ساڵانەیان بۆ یەک قوتابی نزیکەی 700 بۆ 900 دۆلار دەبێت. (لەوانەیە حکومەت ڕاستەوخۆ مووچە بە مامۆستایەک بدات و باڵەخانەی قوتابخانە دابین بکات.) سابیس و فرۆبێل پرۆپۆزەلێکیان پێشکەشکرد بۆ بەڕێوەبردنی چوار قوتابخانەی تر.

بڕی ئەو پشتیوانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قوتابخانەیەکی تایبەتی دەدات بڕیارێکی سیاسەتە کە پشت بەوە دەبەستێت وەزارەتی پەروەردە چەندە حەز دەکات کەرتەکە بەخێرایی گەشە بکات، لەگەڵ بودجەی حکومەت، و ئامانجە هەرێمییەکان بۆ هەمەچەشنی و یەکسانی دەسگەیشتن بۆ خوێندنی تایبەت.

## ڕێگە نێودەوڵەتیەكان بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەكان

قوتابخانە تایبەتەكان ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لە پەروەردە لە چەندین وڵاتدا، كە كۆمەڵێك دامەزراوەی دروستكردووە بۆ بەڕێوەبردنیان. لەم بەشە، باس لەوە دەكەین وڵاتانی تر چۆن كواڵیتییان بەڕێوە بردووە و هاندەریان پێشكەش كردووە بۆ قوتابخانە تایبەتەكان. بۆ ئەنجامدانی ئەمە، توێژینەوەی حاڵەتمان لە دە وڵات و یەك ویلایەتی ویلایەتە یەكگرتووەكان ئەنجامدا. وڵاتەكانی بریتین لە میسر، ئوردون، لوبنان، ویلایەتی نیویۆرك، هۆڵەندا، قەتەر، سەنگافورە، سوید، توركیا، ئیمارات، و شانشینی یەكگرتوو بەریتانیا. توێژینەوەكانی حاڵەت لەسەر بنەمای ئەكادیمی دەكرێن بە بەراوردكردنی ڕێگەی وڵاتان بۆ قوتابخانە تایبەتەكان، وێبسایتەكان حكومەت (بە تایبەتی بۆ وەزارەتەكانی پەروەردە)، و بەڵگەنامەكانی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان كە وەسف و بەراوردی قوتابخانە تایبەتەكان و ڕێگەكانی دڵنیایی جۆرییان كردووە.

ئەو وڵاتانەمان دەسنیشان كرد بۆ نوێنەرایەتی كردنی ناوچەی جوگرافی جیاواز، هەمەچەشنی ڕێگەكانی چاودێریكردن و هاوبەشكردنی زانیاری، هەمەجۆری ڕۆڵەكانی قوتابخانە تایبەتەكان لەنێو سیستەمی قوتابخانە. جەختی تایبەتمان كردە سەر وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوەی زۆر هاوشێوەی هەرێمی كوردستانی عێراقن.

كارەكان لەم وڵاتانەدا دەكرێت زانیاری دابین بكات بۆ ڕێگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە چاودێریكردنی قوتابخانە تایبەتەكان لە چەندین بواردا. ئەمانە دەگرێتەوە ڕۆڵ و پشكی قوتابخانە تایبەتەكان لە پەروەردەی بەر لە زانكۆ, مۆدێلەكان بۆ ڕێكخستنی قوتابخانە تایبەتەكان, جەختی چاودێری، بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانیەكان و باشتركردنی یەكڕیزی كۆمەڵایەتی، چاودێریكردنی هەنگاوەكان, بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەكان بە پرۆگرامەكانی خوێندنی نا-نیشتیمانی, پاراستنی هاوسەنگی چاودێری و سەربەخۆیی, و پشتیوانی بۆ قوتابخانەكان. لە خوارەوە باسی هەر یەكەیان دەكەین.

#### ڕۆڵ و بەشی قوتابخانە تایبەتەكان لە خوێندنی پۆلی 1 تا 12

ڕێژەی قوتابیان لە قوتابخانە تایبەتەكاندا جیاوازە لە وڵاتەكان، بە ڕێژەی لە سەدا 1 لە توركیا بۆ لە سەدا 66 لە هۆڵەندا (وێنەی 4,2).

ڕێژەكان جیاوازن بەهۆی ئامانجی نیشتیمانی جیاواز، وەك هاندانی یەكسانی لەڕێگەی چوونە قوتابخانەی جیهانی كواڵیتی بەرز، پێشكەشكردنی ئازادیی پەروەردە لەڕێگەی باشتركردنی بەڕێوەبردنی تایبەت، دابینكردنی شوێنی حەوانەوە بۆ ئاوارەكان، یان پڕكردنەوەی كەلێنەكان لە توانای كەرتی حكومی.

لە توركیا، كە بەدوای ڕێگری كردنە لە پارچەپارچەبوونی یەكێتی نیشتیمانی شلۆقی لەنێوان گروپە ئیتنیكیەكان، قوتابخانە تایبەتەكان ڕووبە ڕووی داواكاری توند دەبنەوە بۆ مۆڵەتدان و كردنەوە (UNESCO-IBE, 2012c; European Commission Against Racism and Intolerance [CRI], 2011; Turkish Ministry of National Education, 2005, 2012). سەنگافورە، كە جەخت دەكاتە سەر وەبەرهێنان لە قوتابخانەی حكومی كواڵیتی بەرز، هەروەها ڕێژەیەكی كەمی قوتابی لە قوتابخانە حكومیەكاندا هەیە (OECD, 2012). شانشینە یەكگرتووەكان، سوید، و ویلایەتە یەكگرتووەكان بە سادەیی جەخت دەكەنە سەر خوێندنی حكومی و ڕێژەی لە سەدا 10ی قوتابیانیان نەوەك زیاتر لە قوتابخانە تایبەتەكانن (OECD, 2012). گەرچی میسر یەكێك لە نزمترین ڕیزبەندی سیستەمی قوتابخانەی هەیە لە جیهاندا (Schwab, 2012; UNESCO-IBE, 2012a)، تەنها لە سەدا 6 بۆ 8ی منداڵەكانی لە قوتابخانە تایبەتەكان دەخوێنن (World Bank, 2014)؛ ئەو خێزانانەی منداڵیان لە قوتابخانە تایبەتەكانە زیاتر وەبەرهێنان لە وانە وتنەوەی تایبەت دەكەن بۆ یارمەتیدانی ئامادەكردنیان بۆ چوونە زانكۆ (Dixon, 2010). گەرچی سیستەمی پەروەردەی ئوردون باشترینە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتیەكان، لە سەدا 19ی منداڵان لە قوتابخانە تایبەتەكان دەخوێنن (Al Jabery and Zumberg, 2008; UNICEF, 2007; UNESCO-IBE, 2011). لە قەتەر و ئیماراتی یەكگرتووی عەرەبی، لە سەدا 40ی منداڵان لە قوتابخانە تایبەتەكان دەخوێنن، لەبەرئەوەی دانیشتوانێكی بیانی زۆر هەیە و پێویستیەكی زۆر هەیە بۆ پرۆگرامەكانی خوێندنی زمانی ئینگلیزی (Supreme Education Council, 2013; United Arab Emirates Ministry of Education, 2014b). لە لوبنان، لە سەدا 60ی منداڵان لە قوتابخانە تایبەتەكان دەخوێنن؛ لە ماوەی جەنگی ناوخۆ، قوتابخانە تایبەتەكان بۆشایی پەروەردەیان پڕكردەوە كە حكومەتی شكستخواردوو و قوتابخانە حكومیەكان نەیانتوانی. زۆرێك لە قوتابخانە تایبەتەكان لە لوبنان بەهۆی كەمینە و كۆمەڵگە ئاینییەكانەوەیە (Ayyash-Abdo, Bahous, and Nabhani, 2009; Nabhani, Busher, and Bahous, 2012; Euro-Trends, 2009). هۆڵەندا، كە زۆر گرنگی بە ئازادی پەروەردەیی دەدات، یارمەتی ئەو قوتابیانە دەدات كە دەچنە قوتابخانە تایبەتەكان بە بۆچوونی

**شێوەی 4,2**
**ڕێژەی قوتابیانی 1بۆ 12 لە قوتابخانە تایبەتەکان لە وڵاتە دەسنیشانکراوەکان**




سەرچاوەکان: OECD, 2012؛ بانکی جیهانی، 2014.
تێبینی: ڕێژەی خوێندکاران لە خوێندنگا تایبەتەکان لە نمونەی وڵاتە دراوەکان بۆ ئەو ساڵانەی دوایی بەردەستە-، توانا. هەرچەندە زانیارییەکانی ساڵەکان جیاوازدەبێت، ئێمە پێشبینی دەکەین ڕێژەی خوێندنگا تایبەتەکان بەشێوەیەکی ڕێژەییانە چونیەکە ماوەی چەند ساڵێک. بەروارەکانی ڕێژەی خوێندنگای تایبەت وەکو ئەمەی خوارەوەیە: تورکیا، شانشینی بەڕیتانیا، سوید، سینگاپورە، هۆڵەندا, لوبنان, ئەردەن, 2012؛ میسر، 2005؛ قەتەڕ، ئیمارات، 2011.
RAND *RR960–4.2*

ئاینیی، ئایدیۆلۆجی یان فەلسەفی بۆ پەروەردە و کارکردن لە ژێر چوارچێوە نیشتیمانی و ستاندەرەکانی کواڵیتی (Eurydice Network, 2014b).

**مۆدێلەکان بۆ ڕێکخستنی قوتابخانە تایبەتەکان**

وڵاتان بە چەندین ڕێگەی جیاواز قوتابخانە تایبەتەکان ڕێکدەخەن و بەڕێوە دەبەن، بەگوێرەی ئامانجی سیاسەتەکانیان. هەندێک وڵات کەمێک قوتابخانەکان ڕێکدەخەن، لە کاتێکدا ئەوانی تر داواکاری و سیستەمی چاودێری زۆر توندیان هەیە. ئەو وڵاتانەی کە کەمێک ڕێکخستن دەکەن لەوانەیە بەهۆی ئامانجەوە بێت تا سەربەخۆیی بە قوتابخانەکان بدەن لە چەند حاڵەتێک یان بەهۆی کەمیی توانا بیت بۆ چاودێریکردنیان لە هەندێک حاڵەتی تردا. ئەو وڵاتانەی یاسای توند پەیڕەو دەکەن ڕەنگە بۆ ئەوەبێت تا جەخت لەسەر بەردەوامی کواڵێتی خوێندن , هەلی یەکسان , فێرکردنی بەها نیشتمانیەکان بکەنەوە. لە نێو وڵاتانی نموونەکەمان، هەندێکیان پشتیان بە پشکنینی قوتابخانەکان بەست، و ئەوانی تر پشتیان بە سیستەمێکی خود-هەڵسەنگاندن بەست کە تیایدا قوتابخانەکە بەرپرسیاریەتی پلانەکانی گەشەپێدانی خۆی دەگرێتە ئەستۆ. هەندێک داوای پرۆسەیەکی متمانەپێدان دەکەن کە چەندین پێکهاتەی پشکنین و خود-هەڵسەنگاندن بەیەکەوە دەبەستێتەوە. خشتەی 4,1 چوارچێوەی ڕێکخەر نیشان دەدات لە وڵاتەکانی ئێمە (لەگەڵ ویلایەتی نیویۆرک، کە ڕێکخستنی کەمی هەیە بەڵام چوارچێوەیەکی هەیە بۆ ڕێکخستن و بڕوانامە پێدانی کواڵیتی ئارەزوومەندانە، دووجار نیشاندراوە).

ویلایەتی نیویۆرک، سوید، هۆڵەندا، و لوبنان سیستەمی سانای ڕێکخستنیان هەیە؛ لە ڕاستیدا، سوید و هۆڵەندا بەوە دەناسرێن کە کەمترین ڕێکخستنیان بۆ قوتابخانە تایبەتەکان هەبیت لە خۆرئاوادا (Arreman and Holm, 2011; OECD, 2012). سێ دانەی یەکەم بەهایەکی تایبەتیان هەیە لەسەر سەربەخۆیی قوتابخانە و بژاردەیەکیان هەیە بۆ ڕۆڵی کەمکراوەی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان. سیستەمی سانای ڕێکخستنی لوبنان، بە پێچەوانەوە، لە کەمی توانای بەڕێوەبردنی کەرتی پەروەردەی حکومی و تایبەتیەوە سەرچاوەی گرتوە دوای چەندین

**خشتەی 4,1**
**مۆدێلەکانی ڕێکخستنی قوتابخانە تایبەتەکان**

| ڕێنمایی سانا | چوارچێوەی ڕێکخەر لەگەڵ ئارەزوومەندانە پێدانی بڕوانامەی کواڵیتی | بەشداری کردن لە ڕێکخەری نیشتیمانی چوارچێوەی داواکراو |
|---|---|---|
| لوبنان | ئوردەن | میسر |
| هۆڵەندا | ویلایەتی نیویۆرک | قەتەر |
| ویلایەتی نیویۆرک | سەنگافورە | ئیمارات |
| سوید | تورکیا | شانشینە یەکگرتووەکان |

دەیە لە جەنگی ناوخۆ و ناسەقامگیری. قوتابخانە تایبەتەکان لە هۆڵەندا بەرزترین ئاستی سەربەخۆییان هەیە بەراوارد بە هەموو وڵاتانی OECD، بە بەرپرسیارەتی تەواوی ڕێکخستنی فێربوون، کارمەندانی فێرکردن، و تەرخانکردنی سەرچاوە، لە نێوا سنوری چوارچێوەیەک بۆ دەسکەوتنی دانراو لەلایەن حکومەتەوە (OECD, 2012). ویلایەتی نیویۆرک ڕێکخستنی سانای هەیە، بێ بوونی داواکاری بۆ متمانەپێدان، مۆڵەتدان، ڕەزامەندی، یان تۆمارکردن بەڵام تۆمارکردن پێویستە بۆ بەخشینی دیبلۆمی ئامادەیی؛ هەرچۆنێک بێت، زۆربەی قوتابخانەکان بەدوای متمانەپێدانن (U.S. DoE, 2008, 2009).

لە سەنگافورە و تورکیا، قوتابخانە تایبەتەکان لە نێو چوارچێوەیەکی ڕێکخستن کاردەکەن کە بڕوانامەپێدانی کواڵیتی ئارەزوومەندانەی زیاتر پێشکەش دەکات. سیستەمی سەنگافورە دوو بەشی هەیە: چوارچێوەیەکی داواکراو بۆ تۆمارکردن (لەگەڵ پێوەرێک کە گشت پێویستە گشت قوتابخانە تایبەتەکان هەیان بێت) و سکیمێکی دڵنیایی جۆری ئارەزوومەندانە، کە لە کاتی ئێستادا بڕوانامە بە یەک لەسەر سێی قوتابخانە تایبەتەکان دەدات (APSC, 2010; CPE Singapore, 2009a, 2009b, 2013). لە ساڵی 1999، تورکیا بڕوانامەیەکی ئارەزوومەندانە کواڵیتی ناساند، سەرەڕای ئەو پشکنینانەی بۆ قوتابخانە تایبەتەکان دەیکات.(Collins, 2004) لە ئوردەن و ویلایەتی نیویۆرک، چوارچێوەیەکی ڕێکخەر هەیە، و هەندێک قوتابخانە بەدوای بڕوانامە پێدانی کواڵیتی زیاترن لە ڕێگەی متمانەپێدان.

میسر، قەتەر، ئیمارات و شانشینە یەکگرتووەکان هەموویان داوای چاودێریکردنی ووردی قوتابخانەکان دەکەن، میسر و قەتەر و ئیمارات داوای متمانەپێدانیش دەکەن. قوتابخانە تایبەتەکان لەوانەیە بەدوای متمانەپێدان بن لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان متمانەپێدانی نیشتیمانی، لە کۆمسیۆنێکی متمانەپێدانی قوتابخانە تایبەتەکان لە ئیمارات، لە نووسینگەی هەڵسەنگاندنی قوتابخانە لە قەتەر، یان لە دەسەلاتی نیشتیمانی بۆ دڵنیایی جۆریی و متمانەپێدانی پەروەردە لە میسر (NAQAAE, 2010; UNESCO-IBE, 2012a; Supreme Education Council, 2012a). لە بەریتانیا، قوتابخانە تایبەتەکان پشکنین لە ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی (نووسینگەی ستاندەرەکانی پەروەردە) وەردەگرن، هەمان دەستەی بەرپرسیار لە پشکنینی قوتابخانەکانی حکومەت، یان لەلایەن یەکێک لە سێ پشکنەرە سەربەخۆکەی نێو چوارچێوەی پشکنینی پەسەندکراو لەلایەن ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی و وەزارەتی پەروەردە (Eurydice Network, 2000).

لەوانەیە وڵاتان داوای خود-هەڵسەنگاندن بکەن سەرەڕای پشکنین بۆ بەرزکردنەوەی وەرگرتنی بەرپرسیارەتی لەلایەن قوتابخانە بۆ پلانە درێژخایەنەکانیان بۆ باشترکردن و بەڕێوەبردنی کواڵیتی. خشتەی 4.2 ئەم داواکاریانە پوخت دەکات بە پێی وڵات.

لە هەندێک وڵاتدا، وەزارەتی پەروەردە یان لایەنی هاوتا بەرپرسیارەتی تەواوی هەیە بۆ چاودێری کردنی قوتابخانە تایبەتەکان. لە وڵاتانی تر، دەستەیەکی سەربەخۆ کرداری چاودێری ئەنجام دەدات. خشتەی 4.3 دەستە بەرپرسیارەکان لە چاودێریکردنی قوتابخانە تایبەتەکان لە هەر وڵاتێک پۆلین دەکات، لەگەڵ تایبەتمەندی بێهاوتای چاودێریکردن لە هەندێک وڵاتدا. بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا وەزارەتی پەروەردە یان دەستەیەکی سەربەخۆ پێویستە کرداری چاودێری کردن ئەنجام بدات، ئەمە دەکەوێت سەر خواستی بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی دەبێت (لەهەندێک حاڵەتدا، لەوانەیە وا باش بێت بۆ مەبەستە کارگێڕیەکان کە کرداری چاودێریکردن لەناو وەزارەتی پەروەردە بێت)، شەفافیەت و سەربەخۆیی (هەندێک وڵات دەستەیەکی چاودێریکردنیان هەیە کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی پەروەردە ناکەن تاوەکو دەستەکە بتوانێت حوکمی سەربەخۆ بدات) یان خواستی مێژوویی یان فەلسەفی بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی چاودێریکردنەکە.

**خشتەی 4,2**
**پشکنین و مۆدێلەکانی خود-هەڵسەنگاندن بۆ قوتابخانە تایبەتەکان**

| تەنها پشکنین | پشکنین لەگەڵ خود-هەڵسەنگاندن |
|---|---|
| ئوردەن | میسر |
| لوبنان | هۆڵەندا |
| نیویۆرک، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (خود-هەڵسەنگاندن ئارەزومەندانەیە ئەگەر قوتابخانەیەک بەدوای متمانەپێدان بێت) | قەتەر |
| سەنگافورە (خود-هەڵسەنگاندن ئارەزومەندانەیە ئەگەر قوتابخانەیەک بەدوای بڕوانامەی زیاتری کواڵیتی EduTrust بێت) | سوید |
| تورکیا | ئیمارات |
| | شانشینی یەکگرتوو |

**جەختکردنە سەر چاودێریکردن**

وڵاتان کۆمەڵێکی زۆری کێشەکانی قوتابخانە تایبەتەکان ڕێکدەخەن، بەگوێرەی ئامانجە نیشتیمانیەکان. هەندێک وڵات چەندین لایەنی قوتابخانە تایبەتەکان ڕێکدەخەن، لە کاتێکدا وڵاتانی تر کەمێکی ڕێکدەخەن، وەک لەسەرەوە تێبینیکرا. ئەو بوارانەی ڕێکدەخرێن بە شێوەیەکی سەرەکی بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن: بەڕێوەبردنی قوتابخانە، پرۆگرامی خوێندن و وانە وتنەوە، و ژینگەی قوتابخانە. خشتەی 4,4 پوختەی پێکهاتەکانی هەر لەمانە دەکات، و خشتەی 4,5 جۆرە سەرەکیەکانی نیشاندەرەکانی هەر یەک وڵاتە بەراوردکراوەکان. زۆرجار وڵاتان دەستەواژەی جیاواز بەکاردێنن بۆ ئاماژەکردن بۆ چەمکە هاوشێوەکان، و خشتەی 4,4 ئاوێتەی ئەم دەستەواژە جیاوازانە دەکات بۆ چەمکی باو.

**بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانی و بەرزکردنەوەی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی**

بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانیەکان و پەرەپێدانی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی گرنگن بۆ چەندین وڵات لە ڕێکخستنی قوتابخانە تایبەتەکان. چەندین ڕێگە هەن وڵاتان دەیکەن بۆ ئەنجامدانی ئەمە.

چەندین وڵات داوای ئەوە دەکەن کە گشت قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکان تاقیکردنەوەکانی دەوڵەت، هەرێمییەکان یان نیشتیمانیەکان ئەنجام بدەن. بۆ نموونە، لە لوبنان قوتابخانەکان چەندین پرۆگرامەکانی خوێندن پێشکەش دەکەن، بەڵام پێویستە قوتابیان تاقیکردنەوە نیشتیمانیەکان بکەن (Euro-Trends, 2009). لە ویلایەتی نیویۆرک، ئەو قوتابخانانەی دەیانەوێت دیبلۆم ببەخشن، وەک تێبینیکرا، پێویستە لە ویلایەت تۆمار بکرێن و تاقیکردنەوەکانی ویلایەت بکەن (U.S. DoE, 2009). لە قەتەر، قوتابخانە تایبەتەکان پەیڕەوی ستاندەرەکانی پرۆگرامی خوێندنی قەتەری دەکەن، و گشت قوتابیان تاقیکردنەوە گشتگیرە نیشتیمانیەکان ئەنجام دەدەن (Supreme Education Council, 2012a). لە شانشینە یەکگرتووەکان، قوتابخانە سەربەخۆکان لەوانەیە پرۆگرامی خوێندنی جیاواز پێشکەش بکەن بەڵام زۆرجار پەیڕەوی هەمان شتی قوتابخانە حکومیەکان دەکەن بەڵام قوتابیان هەموویان هەمان تاقیکردنەوە نیشتیمانیەکان لە کۆتایی خوێندنی ئامادەییان ئەنجام دەدەن. سوید پشکنین بۆ قوتابخانەکان دەکات بۆ دڵنیابوون لە یەکسانی لە خوێندنی تایبەت، بەلەخۆگرتنی دەسگەیشتنی یەکسان، پەروەردە، و بەها (Nicaise et al., 2005).

هەندێک وڵات هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە قوتابخانە تایبەتەکان پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی فێری خوێندکاران بکەن یان هەندێک بابەت تایبەت پێشکەش بکەن کە جێگەی بایەخی نیشتمانی بن. ویلایەتی نیویۆرک ڕێنوێنی پێشکەش دەکات دەربارەی بابەتەکان تا بە پێی پۆل بوترێنەوە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە قوتابخانەکان پرۆگرامێکی خوێندن پێشکەش بکەن کە هاوتا بێت لەگەڵ ئەوەی قوتابخانە حکومیەکان، و داوای ئەوە دەکات کە قوتابخانەکان بە ئینگلیزی وانە بڵێنەوە (U.S. DoE, 2009). قەتەر و ئیمارات داوای ئەوە دەکەن قوتابخانە تایبەتەکان زمانی عەربی، پەروەردەی ئیسلامی، و مێژوو/شارستانی نیشتیمانی بڵێنەوە (Supreme Education Council, 2014; UAE MoE, 2012, 2014a). لە تورکیا، پێویستە گشت قوتابخانە تایبەتەکان پرۆگرامی خوێندنی تورکی بەکاربێنن (ECRI, 2011; Turkish Ministry of National Education, 2012).

**خشتەی 4,3**
**ئاژانسە بەرپرسیارەکان لە چاودێریکردنی قوتابخانە تایبەتەکان**

| ولات | ئاژانس | تێبینی دەربارەی بەڕێوەبردنی چاودێریکردن |
|---|---|---|
| میسر | ئێن ئەی ئی کیو ئەی ئەی | ئێن ئەی ئی کیو ئەی لە ساڵی 2009 دامەزراوە، وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ بە بەرپرسیاریەتی متمانەپێدان بە قوتابخانە تایبەتەکان؛ پرۆسەکەی بەر لە متمانەپێدانە، دامەزراوەیی خود لێکۆڵینەوەیە، سەردانی پێگە و بڕیاردانە (NAEQAA, 2010). |
| ئوردەن | وەزارەتی پەروەردە | وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیاریەتی پشکنینی گشت قوتابخانەکانی هەیە، تایبەت و حکومیەکان؛ ڕێنماییەکان سانان؛ هەندێک قوتابخانەی تایبەت زیاتر بەدوای متمانەپێدانی نێودەوڵەتین (UNESCO, 2013b). |
| لوبنان | ناوەندی نیشتیمانی بۆ تۆژینەوەی پەروەردەیی و پەرەپێدان، لە ژێر وەزارەتی پەروەردە | چوارچێوەیەکی یاسایی و ڕێکخەر هەیە بۆ قوتابخانە تایبەتەکان؛ ڕێگە ڕێکخەرەکان هاوتەریبن لەگەڵ قوتابخانە تایبەتەکان کە بەگوێرەی ئیتینک، ئایین، و ڕێگە دەگۆڕێن (Euro-Trends, 2009) |
| هۆڵەندا | پشکنینی هەڵسەنگاندن، لە ژێر وەزارەتی پەروەردە، کەلتور و زانست | پشکنەرایەتی هۆڵەندی بۆ هەڵسەنگاندن هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی قوتابخانە تایبەت و حکومیەکان؛ ڕێگەیەکی بنیاتنراو لە سەر مەترسی بەکاردێنێت، کە پشکنین و خود-هەڵسەنگاندن لەخۆ دەگرێت (Meelissen and Punter, 2012). |
| نیویۆرک ویلایەت | وەزارەتی پەروەردەی نیویۆرک؛ ئاژانسێکی سەربەخۆی ئارەزومەندانەی هەلبژاردەی قوتابخانە، وەک دامەزراوەی ویلایەتی نیویۆرک بۆ قوتابخانە سەربەخۆکان (NYSAIS) | وەزارەتی پەروەردەی ویلایەتی نیویۆرک سیاسەتەکان دیاری دەکات بەگوێرەی یاسا و ڕێنمایی سانا جێبەجێ دەکات؛ زۆربەی قوتابخانەکان بەدوای متمانەپێدانن، وەک لەگەڵ NYSAIS، کە داوای خود-لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوەی هاوتا، سەردانەکانی پێگە، و حوکمدان لەسەر متمانەپێدان دەگرێتەوە (Lauria, Sheridan and Swain, 2013). |
| قەتەر | دامەزراوەی هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی باڵای پەروەردە | دامەزراوەی هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی باڵای پەروەردە (هاوشێوەی وەزارەتی پەروەردە) داوای ئەوە دەکات گشت قوتابخانەکان متمانەپێدانی نێودەوڵەتی یان متمانەپێدانیان هەبێت لە ڕێگەی دامەزراوەی هەڵسەنگاندن؛ خود-هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی دەرەکی چۆنیەتی پابەند بوونی قوتابخانەکان بە بنەما و ستاندەرەکانی قەتەر دەگرێتەوە (Supreme Education Council, 2012a). |
| سەنگافورە | ئەنجومەنی خوێندنی تایبەت (CPE) | ئەنجومەنی خوێندنی تایبەت دەستەیەکی سەربەخۆیە و دوو پرۆگرام بەڕێوە دەبات: چوارچێوەیەکی تۆمارکردنی زۆرەملێ و پرۆگرامێکی دڵنیایی جۆریی خۆبەخشانە کە پێی دەوترێت EduTrust، پێویستی بە خود-هەڵسەنگاندن نیە (CPE Singapore, 2009a, 2009b, 2012). |
| سوید | سکۆلینسپێکتیۆنین | دەستەیەکی سەربەخۆیە، یارمەتیدەرە لەڕێگەی مۆڵەتدان، هەڵسەنگاندن، و کۆنترۆڵ، و پشکنین بۆ قوتابخانە تایبەت و حکومیەکان دەکات (Swedish Institute, 2012). |
| تورکیا | وەزارەتی پەروەردەی نیشتیمانی | پشکنینەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان ئەنجام دەدرێن لە ژێر دەسەڵاتی بۆردی پشکنینی پەروەردەی نیشتیمانی؛ سێ ساڵ جارێک پشکنین هەیە بۆ ئاستی دواناوەندی و سەرەتایی (Turkish Ministry of National Education, 2005). |
| ئیمارات | ئەنجومەنی پەروەردەی ئەبو زەبی (ئەی دی ئی سی) | ئەی دی ئی سی، هاوشێوەی وەزارەتی پەروەردەیە، چاودێری قوتابخانە تایبەت و حکومیەکان دەکات؛ قوتابخانە تایبەتەکان ساڵانە چاودێری دەکرێن و لێیان داواکراوە متمانەپێدانی ئیمارات یان متمانەپێدانی تریان هەبێت (UAE MoE, 2012). |
| یەکگرتوو شانشین | یان ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی (ڕاپۆرت دەکات بۆ وەزارەتی پەروەردەی شانشینە یەکگرتووەکان) یان یەکێک لە سێ ئاژانسەکەی هەلبژاردەی قوتابخانە | ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی، هەروەها بەرپرسیارە لە پشکنینی قوتابخانە حکومیەکان، پشکنین بۆ نزیکەی نیوەی قوتابخانە تایبەتەکان دەکات؛ سێ ئاژانسی تری پشکنین، بە بەکارهێنانی چوارچێوەی پەسەندکراو لەلایەن ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی و وەزارەتی پەروەردە، قوتابخانەکانی دەپشکنن (Ofsted, 2014c; Independent Schools Inspectorate, 2009). |

**خشتەی 4,4**
**پێکهاتەکانی بوارەکان بۆ چاودێریکردنی قوتابخانە تایبەتەکان**

| بەڕێوەبردن | پرۆگرامی خوێندن و فێرکردن | ژینگەی قوتابخانە |
|---|---|---|
| سەرکردایەتی | ووتنەوەی بابەتی تایبەت | دامەزراوەکان |
| سکاڵاکان | کواڵیتی | تەندروستی |
| بەڕێوەبردن | بەهاکان | تەندروست باشی |
| زانیاری، داتا | پێویستیە تایبەتەکان | بەشداریکردنی کۆمەڵگە |
| لێهاتووییەکانی ستاف | لێهاتووییەکانی مامۆستا | خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی قوتابی |
| کرێی خوێندن، کرێکان | تاقیکردنەوەکان | چالاکیەکانی دەرەوەی خوێندن |
| کات، ڕۆژژمێر | دەستکەوتی قوتابی | ڕێکخراوی دایباب-مامۆستا |
| دڵنیایی جۆریی | ڕێگەکانی وانە وتنەوە | گەشەپێدانی کەسیی قوتابیان |
| توانای دامەزراوەیی | | چاودێری قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت |
| دید و پەیام | | سەلامەتی |
| بەڕێوەبردنی دارایی | | |
| پابەند بوون بە ڕێنماییەکان | | |

**هەنگاوەکانی چاودێریکردن**

چاودێریکردنی دەکرێت چەندین هەنگاو بگرێتەوە (وێنەی 4,3)[3] لە خوارەوە باسی هەر هەنگاوێک دەکەین.

***کۆکردنەوەی زانیاری***

زانیاری دەربارەی قوتابخانە تایبەتەکان دەکرێت لە چەندین سەرچاوەوە وەربگیرێت. ئەمە نمرەی قوتابیان؛ ڕووپێوی دایباب؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان، قوتابیان، بەڕێوەبەران، و دایبابان؛ بابەتە نوێکان؛ بەڵگەنامەکانی سیاسەتی قوتابخانە؛ ڕاپۆرتی دارایی؛ سکاڵای دایباب؛ و ڕاپۆرتی سالانی پێشووتر دەگرێتەوە. قەتەر، سوید، و شانشینە یەکگرتووەکان ڕووپێوی دایباب و قوتابی ئەنجام دەدەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (Supreme Education Council, 2013; Swedish Institute 2012; Ofsted, 2014a, 2014d).

***خود-هەڵسەنگاندن***

چەندین وڵات داوای خود-هەڵسەنگاندن لە قوتابخانە تایبەتەکان دەکەن وەک ڕێگەیەک بۆ خود باشترکردن. بە شێوەیەکی گشتی خود-هەڵسەنگاندن سەرکردایەتی قوتابخانە و لێژنەکان دەگرێتەوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک فۆرم یان پرۆسە بۆ وەسفکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و دروستکردنی پلانێک بۆ دەسنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان. مەبەستەکە دانانی کەلتورێکی "باشترکردنی بەردەوامە". نیویۆرک، سەنگافورە، و تورکیا، گەرچی داوای خود-هەڵسەنگاندن ناکەن، بەڵام بروانامەی دڵنیایی جۆریی ئارەزوومەندانەیان هەیە کە بەکاری دێنن (U.S. DoE, 2009; CPE Singapore, 2009a, 2009b; Focus Singapore, undated; Lauria, Sheridan, and

---

3 هەموو وڵاتێک هەموو هەنگاوەکان بەکار ناهێنن. لە خوارەوە، تێبینی پرۆسەی نمونەی چەندین وڵات دەکەین بۆ پێشکەش کردنی سیاقی زیاتر دەربارەی پرۆسەکانی ڕاپۆرتکردن.

دەسەلاتی نیشتیمانی میسر بۆ دڵنیایی جۆری پەروەردە و متمانەپێدان چوار هەنگاو بەکاردێنێت: بەر لە متمانەپێدان (بە سەردانیکردن و ڕاپۆرتی شیکاری بۆشاییەکان)، خود لێکۆڵینەوەی دامەزراوەیی (بە شیکاری بۆشاییەکان، ڕاپۆرتی خود لێکۆڵینەوە، و پلانی باشترکردن)، سەردانی پێگە (تیمێکی چوار تێبینەر سێ بۆ پێنج جار سەردانی قوتابخانەکە دەکەن، ڕاپۆرتێک ئامادە دەکەن، و بۆ قوتابخانەکەی دەنێرن بۆ فیدباک)، و بڕیاری کۆتایی نزیکەی نۆ مانگ دوای پرۆسەی دەستپێکردن.

**خشتەی 4,5**
**بوارەکانی نیشاندەر، بەگوێرەی وڵات**

| وڵات | ئاژانس | پۆل و جۆرەکانی نیشاندەرەکان |
|---|---|---|
| میسر | ئێن ئەی ئی کیو ئەی ئەی | توانای دامەزراوەیی و کاریگەریی پەروەردەیی؛ توانای دامەزراوەیی دید و پەیام، بەڕێوەبردن، سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان، بەشداریکردنی کۆمەڵگە، و دڵنیایی جۆریی و لێپرسراویەتی دەگرێتەوە؛ کاریگەری پەروەردەیی دەستکەوتی قوتابی، لێهاتووییەکانی مامۆستا، پرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمی، و ژینگەی پەروەردەیی دەگرێتەوە (NAEQAA, 2010). |
| ئوردەن | وەزارەتی پەروەردە | بە شێوەی گشتی بەردەست نیە. |
| لوبنان | ناوەندی نیشتیمانی بۆ توێژینەوەی پەروەردەیی و پەرەپێدان، وەزارەتی پەروەردە | بە شێوەی گشتی بەردەست نیە. |
| هۆڵەندا | پشکنینی هەڵسەنگاندن | دەرەنجامەکانی قوتابی، پرۆگرامی خوێندن، کاتی وانە وتنەوە، بارودۆخی قوتابخانە، وانە وتنەوە، چاودێری زیاتری ئەو قوتابیانەی پێویستیان پێیەتی، بوونی سیستەمی دڵنیایی جۆریی (Standing International Conference of Inspectorates, 2012). |
| ویلایەتی نیویۆرک | NYSAIS | پەیام و کەلتور؛ بەڕێوەبردن؛ کارەکانی قوتابخانە، دارایی، و دەستکەوت؛ وەرگرتن و یارمەتی دارایی؛ پرۆگرامی پەروەردەیی؛ قوتابیان و خزمەتگوزاریەکانی قوتابی؛ دەستەی وانەبێژان، بەڕێوەبردن، و کارمەندانی نا-وانەبێژ؛ دایبابان؛ قوتابخانە لە نێو کۆمەڵگەکەی خۆی؛ پەیوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان؛ سازاندن و ڕەنگدانەوە؛ پابەند بوون بە یاسادانانی ناوخۆیی، ڕێساکان، و ڕێنماییەکان (Lauria, Sheridan, and Swain, 2013). |
| قەتەر | دامەزراوەی هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی باڵای پەروەردە | دیاریکردنی مەبەست، پرۆگرامی خوێندن، سیستەمی بەڕێوەبردن، بنەمای دارایی، پێشکەشکردنی کۆرس، ستافدانان، دامەزراوەکان، ستافی وانە وتنەوەی لێهاتوو، پلانی قوتابخانە بۆ دەستکەوت و هەڵسەنگاندن، چالاکیەکانی دەرەوەی خوێندن و دەوڵەمەندکردن (Supreme Education Council, 2012a). |
| سەنگافورە | CPE | پابەندبوونی بەڕێوەبردن و بەرپرسیاریەتیەکان؛ بەڕێوەبردنی هاوبەش؛ ئاژانسەکانی دامەزراندنی دەرەکی؛ پاراستنی قوتابی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی؛ و پرۆسە و هەڵسەنگاندنە ئەکادیمیەکانی قوتابیان (CPE Singapore, 2012). |
| سوید | سکۆلینسپێکتیۆنین | ستاندەرەکانی دەستکەوت، فێرکردن و فێربوون، و ئەنجامەکان؛ قوتابخانە چۆن بەها دیموکراتیەکان بەرجەستە دەکات؛ و وردبینی ناوخۆیی و بەڕێوەبردن (Swedish Institute, 2012). |
| تورکیا | وەزارەتی پەروەردەی نیشتیمانی | پەرەپێدانی کارامەییەکان، زانیاری، و بەهرەکانی قوتابی؛ پابەند بوون بە بنەماکانی پەروەردەی نیشتیمانی تورکی؛ کارکردنی قوتابخانەکان و وردەکاریەکانی پەروەردە؛ فێرکردن، بەڕێوەبردن بەگوێرەی یاسادانان؛ دامەزراندن و کارکردنی ڕێکخراوەکانی دایباب-مامۆستا؛ هاریکاری قوتابخانە (Eurydice Network, 2011b). |
| ئیمارات | ئەی دی ئی سی | سەرکردایەتی قوتابخانە، قوتابخانە وەک کۆمەڵگەیەک، ڕێگەی قوتابخانە بۆ فێربوونی قوتابی، کەشوهەوای پۆل، گەشەی تاکە کەسی قوتابی، و دەستکەوت و بەرەوپێش چوونی قوتابی (UAE MoE, 2012). |
| شانشینی یەکگرتوو | ئاژانسی هەڵبژاردەی قوتابخانە | کواڵێتی پەروەردە؛ گەشەی ئەخلاقی، کەلتوری، و کۆمەڵایەتی قوتابیان؛ لەشساغی، سەلامەتی، و تەندروستی قوتابیان؛ سەقامگیری ئەو ستافەی قوتابخانەکە بەڕێوە دەبەن؛ دەزگاکان یان شوێنی مانەوە؛ پێدان و بەردەست بوونی زانیاری، و مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکان (Independent Schools Inspectorate, 2012). |

**شێوەی 4,3**
**هەنگاوەکانی چاودێریکردنی قوتابخانەی تایبەت**




RAND *RR960–4.3*

Swain, 2013). ئوردەن و لوبنانیش داوای خود-هەڵسەنگاندن ناکەن، بەڵام هەندێک قوتابخانە بەدوای متمانەپێدانی نێودەوڵەتین، کە لەوانەیە داوای خود-هەڵسەنگاندن بکات (Euro-Trends, 2009; UNESCO, 2013b).

***سەردانی پشکنین.*** لەو وڵاتانەی سەردانی پشکنین هەیە، زۆرجار پشکنینەکان لە چەندین ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن گروپێک پشکنەری ڕێکخراوێک وەک ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی لە شانشینە یەکگرتووەکان یان NYAIS لە ویلایەتی نیویۆرک (Independent Schools Inspectorate, 2012; Lauria, Sheridan, and Swain, 2013). ئەم جۆرە سەردانانە لەوانەیە چاودێریکردن پۆل، پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان، و چاودێریکردن لەگەڵ مامۆستایان، بەڕێوەبەران، و قوتابیان بگرێتەوە، لەگەڵ پێداچوونەوەی دواتر بۆ داتای زیاتر، خود-هەڵسەنگاندن، و ڕاپۆرتەکانی پشکنین. سوید سێ جۆر پشکنین ئەنجام دەدات: پشکنینی تەواو، پشکنینی ناو بە ناو (ساناتر)، و پشکنینی بابەتی (جەختکردنە سەر بابەتێکی تایبەت، وەک وازهێنان، فێرکردنی زمانی سویدی، یان خوێندن بۆ ئەو کۆچبەرانەی تازە هاتوون) (UNESCO-IBE, 2012b; Eurydice Network, 2000; Penzer, 2011).

ژمارەی پشکنینەکانی دەکرێت بگۆڕێت. تورکیا داوای پشکنینی گشتی قوتابخانە دواناوەندیە تایبەتەکان دەکات جارێک لە سێ ساڵدا، و پشکنینی گشتی قوتابخانە تایبەتە سەرەتاییەکان جارێک لە یەک ساڵدا (Turkish Ministry of National Education, 2005). هۆڵەندا بەلایەنی کەم لە چوار ساڵ جارێک پشکنین بۆ قوتابخانەکان دەکات (Eurydice Network, 2011a). NYSAIS متمانەپێدان بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبەخشێت (Lauria, Sheridan, and Swain, 2013).

***ڕاپۆرتکردن بۆ قوتابخانە و ڕوونکردنەوە.*** دوای سەردانی پشکنین، تیمی پشکنین ڕاپۆرتێک بە قوتابخانە دەدات دەربارەی ئەوەی چۆن باش کار دەکات، لەگەڵ ئەو بوارانەی پێویستی بە باشترکردنە. لەوانەیە قوتابخانەکان وەڵامی ڕاپۆرتەکە بدەنەوە.

***پلانی باشترکردن.*** ئینجا قوتابخانەکان پلانی کارکردن دیاری دەکەن بۆ دیاریکردنی خاڵە لاوەکان. ئەم پلانانە بەدوای ئەوە دەبن کەلتورێکی خود باشترکردن دروست بکەن. تیمی پشکنین ڕاوێژ لەگەڵ قوتابخانە دەکات و پلانی خود باشترکردنەکەی پەسەند دەکات.

***بڕیاردان بۆ هەڵسەنگاندنی داهاتوو لە سەر بنەمای ئاستی کێشە یان مەترسی.*** هەندێک وڵات قوتابخانە تایبەتەکان بەپێی کارایی پۆلین دەکات. ئەو قوتابخانانەی باشن لەوانەیە پشکنینی کەمتر یان ساناتر وەربگرن (تەنها پێداچوونەوەی نیشاندەرە بنەڕەتیەکان)، لە کاتێکدا ئەوانەی کێشەیان هەیە لەوانەیە پشکنینی زیاتر یان پشکنینی ووردیان هەبێت بۆ یارمەتیدان لە باشترکردنی کواڵیتی. پۆلینکردنی پشکنینەکان بەم شێوەیە سەربەخۆیی دابین دەکات بۆ تواناداركردنی قوتابخانەکان و زیاترکردنی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ یارمەتیدان قوتابخانە لاوازەکان. سەنگافورە مۆڵەت بە قوتابخانە تایبەتەکان دەدات بۆ ماوەی یەک بۆ شەش ساڵ، بەگوێرەی ئەوەی قوتابخانەکە چەندە پابەندی پێوەرەکانی تۆمارکردنە (CPE Singapore, 2009a; 2009b; 2012). شانشینە یەکگرتووەکان داتای کارایی بەکاردێنێت لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی پشکنینی تەواو یان سانا بداتە قوتابخانەکە، و هۆڵەندا ڕاپۆرتی دارایی، تۆماری دەستکەوتەکان، خود-هەڵسەنگاندن، سکاڵاکان، و ڕاپۆرتەکانی میدیا بۆ ئەم بڕیارانە بەکاردێنێت (Meelissen and Punter, 2012; Eurydice Network, 2011a).

*بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکان.* زۆربەی وڵاتان داوای ئەوە دەکەن ڕاپۆرتی قوتابخانە لە یەکێک لە وێبسایتەکانی قوتابخانە بڵاو بکرێتەوە، لە وێبسایتی وەزارەتی پەروەردە پۆست بکرێت، یان بۆ دایبابان بنێردێت ئەمە شەفافیەتی زانیاری بۆ مامۆستایان، دایبابان، و بەرێوەبەران دابین دەکات. مەترسیەکی ئەم کارە ئەوەیە ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان دەربارەی کێشەکانی قوتابخانە دەکرێت ببێتە هۆی ساردکرنەوەی مامۆستا و بەرێوەبردن. ئەو وڵاتانەی ڕاپۆرتەکانی پشکنینی قوتابخانەی تایبەت بڵاو دەکەنەوە، یان کارت بڵاو دەکەنەوە، هەریەک لە سەنگافورە و شانشینە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە (CPE Singapore, 2013; Supreme Education Council, 2012b; Ofsted, 2014a).

#### بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان کە پرۆگرامەکانی خوێندنی نا-نیشتیمانیان هەیە

زۆربەی ئەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابخانەیان نیە کە پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی بیانی پێشکەش بکەن یان پرۆگرامەکانی خوێندنی وڵاتانی تر بخوێنن، بەڵام چەندی تر لە میسر، ئوردەن، لوبنان، قەتەر، و ئیمارات وا دەکەن، کە پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی زۆر باوە. داتای بەردەست لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە نیشان دەدات کە ژمارەی قوتابخانە تایبەتە ئینگلیزیەکان دوو هێندەی قوتابخانە تایبەتە کوردیەکانن لە هەرێمدا.

ڕێگەیەکی چاودێریکردنی قوتابخانەکان کە پرۆگرامەکانی خوێندنی نێودەوڵەتیان هەیە بریتی بووە لە پەرەپێدانی سیستەمێکی چاودێریکردنی نا-نیشتیمانی بە توانای تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی زمانی بیانی و ئەو قوتابخانانەی پرۆگرامەکانی خوێندنی بیانیان هەبووە. میسر، ئیمارات، و قەتەر سیستەمی متمانەپێدانی خۆیانیان پێشخت (پرۆسەی تێروتەسەڵ کە کۆکردنەوەی داتا، پشکنینەکان، و خود-هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە) کە تیایدا پێویستە گشت قوتابخانە تایبەتەکان بەشدار بن (UNESCO-IBE, 2012a; Supreme Education Council, 2012a; UAE MoE, 2012). ڕێگەیەکی تر بریتی بووە لە بەکارهێنانی متمانەپێدانی بیانی. لە میسر، ئوردەن، لوبنان، قەتەر، و ئیمارات، ژمارەیەکی کەمی قوتابخانە تایبەتەکان متمانەپێدانی نێودەوڵەتیان هەیە، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی فراوان بەردەست نیە بۆ زۆرینەی قوتابخانە تایبەتەکان لەم وڵاتانەدا. تەنانەت لەو شوێنانەی بەردەستیشە، متمانەپێدانی بیانی گرانبەهایە، دەکرێت چەندین ساڵ بخایەنێت، و پێویستی بە ئاستی بەرزی توانای ڕێکخراوەیی و وانە ووتنەوەیە. هەروەها میسر، ئوردەن، لوبنان، قەتەر و ئیمارات کۆمپانیای بەڕێوەبردنی قوتابخانەی نێودەوڵەتیان هەیە، وەک سابیس، جێمس، یان خزمەتگوزاری پەروەردەیی جیهانی سنووردار، کە چەندین قوتابخانە بەڕێوە دەبەن.

لە هۆڵەندا، ئەو قوتابخانانەی پرۆگرامی خوێندنی بیانی بەکاردێنن پابەندی هەمان پشکنینی نیشتیمانی نین کە قوتابخانەکانی تر پابەندی دەبن (ACCESS, 2011). ئەم جۆرە قوتابخانانە بە شێوەیەکی گشتی بۆ کەسانی بیانین و لە ژێر چاودێری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانن کە چاودێری ستاندەرەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکان دەکەن.

#### پاراستنی هاوسەنگی نێوان چاودێریکردن و سەربەخۆیی

سیستەمەکانی چاودێری کردنی قوتابخانەی تایبەت لەوانەیە دووچاری ڕەخنە ببێتەوە بۆ چاودێریکردنی کەم یان زۆر. ئەو سیستەمانەی چاودێریکردنی چڕیان هەیە وا سەیر دەکرێن کە بەها زیاد ناکەن ئەگەر سەردانەکانی پشکنین بیرکردنەوەی لەگەڵ نەبێت بۆ چۆنیەتی باشترکردنی قوتابخانەکان بەڵام زیاتر بەدوای بەهێزکردنی ستاندەرەکانن کە وەک پچڕێنەر، زۆر بیرۆکراتی، یان خنکێنەری نوێکاری سەیر دەکرێن. بۆ نموونە، گەرچی پشکنینەکانی ئۆ ئێف ئێس تی ئی دی لە شانشینە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی گشتی وەک یارمەتیدەر سەیر دەکرێن کە ڕاوێژکارانەن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندیەکان، هەروەها دووچاری گلەییش دەبنەوە کە چەندین ڕێسای نوێ هەن، لەگەڵ نیگەرانی کە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی کەلتوری "خانەکە نیشان بکە" (Paton, 2009). پشکنەرانی پەروەردەیی OECD، لە کاتی پێداچوونەوە بە سیستەمی پشکنینی تورکیا، تێبینی ئەوەیانکرد کە شتێکی تەقلیدی و چەقبەستوو بوو، پێویستی بە ڕێنماییەکانی گوێ ڕایەڵی، پرۆگرامی خوێندنی فەرمی و پەرتووکەکان بوو. گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەم جۆرە چاودێریە داخراوانە دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی پێویستیە ناوخۆییەکان و لەوانەیە نوێکاری پەک بخات و کە کۆڵی کاری پشکنەران شتێکی کەمێک زیاتر بوو لە چاودێریکردنی پابەند بوون (OECD, 2007; UNICEF, 2007). یاسای پشکنینی پەروەردەیی هۆڵەندای ساڵی 2002 ئەوە دیاری دەکات کە پێویستە پشکنینەکان هاوڕێژەیی بێت و ئەرکێکی زیاتر نەخاتە سەر قوتابخانەکان لەوەی پێویستە (Eurydice Network, 2014a).

ئەو سیستەمانەی چاودێری لاوازیان هەیە لەوانەیە بەوە رەخنەیان لێبگیرێت کە هێزی کەمیان هەیە بۆ چاودێریکردنی قوتابخانە شکستخواردوەکان، پێوەری فەرمیان نیە، و شکستخواردوون لە بەدواداچوون بۆ بەرەوپێش چوونی قوتابی. بۆ نموونە، سیستەمی سەنگافورە بە سیستەمێکی زۆر لاواز سەیر دەکرا لە چاودێریکردنی کواڵیتی قوتابخانەکان، بەڵام سیستەمێکی نوێ جێبەجێکرا دوای گۆڕانکاری یاسایی لە ساڵی 2009 کە زیاتر توند بوو، وایکرد قوتابخانە لاوازەکان دابخرێن (CPE Singapore, 2013; SPRING Singapore, 2011). لە ساڵی 2013، میسر یاسایەکی نوێی پەسەند کرد بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان، هاوشێوەی یاساکەی پێشووتری، بە بوونی چاودێری لاواز بۆ "قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان"، وایکرد قوتابخانەکان بەدوای ئەم ناونیشانە بن (Kors, 2013; Abu-Nasr, 2013).

**پشتیوانی بۆ قوتابخانەکان**

هەندێک وڵات پشتیوانی ڕاستەوخۆی هەمەجۆر پێشکەشی قوتابخانە تایبەتەکان دەکەن، بەڵام هەندێکی تر نایکەن. سیاسەتەکانی پشتیوانیکردن پشت بە ئامانجەکانی وڵات دەبەستێت بۆ قەبارە و ڕۆڵی کەرتی قوتابخانەی تایبەت. ئەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە هەمەچەشنن، بەگوێەی ئاستی کاریگەریان، یەکسانی، هەمەچەشنی ئیتنیکی، و سەقامگیری، کە هەموو کار دەکاتە سەر بەرژەوەندی وڵات لە دروستکردنی کەرتی گەورەی قوتابخانەی تایبەت لەگەڵ سەقامگیریەکەی بۆ پشتیوانیکردنی. قەبارە و ئاستی پشتیوانی بۆ کەرتی قوتابخانەی تایبەت کاریگەری جیاوازی هەیە لەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا.

هەندێک وڵات هەڵبژاردەی ئەوە دەکەن پشتیوانی کەرتی قوتابخانەی تایبەتی خۆیان بکەن و هانی بدەن بۆ پێشکەشکردنی هەمەچەشنی لە پەروەردەدا، پشتیوانی کردنی پەروەردەی کۆمەڵگە ئیتنیکی و ئاینییەکان، و پێشکەشکردنی باشترینی پەروەردە. کەرتێکی گەشەسەندووی قوتابخانەی تایبەت دەتوانێت پەروەردەی کواڵیتی بەرز پێشکەش بکات، لەگەڵ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی سەر قوتابخانە حکومیەکان، پێشکەشکردنی وانە وتنەوە بە زمانی نێودەوڵەتی، و پێشکەشکردنی هەمەچەشنی لە سیستەمی پەروەردە.

لە هەمان کاتدا، مەترسی بوونی کەرتی فراوانی قوتابخانەی تایبەت هەیە کە دەکرێت ببێتە هۆی زیادکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و یەکێتی نیشتیمانی. لە تورکیا، میسر، و لوبنان، منداڵانی قوتابخانە تایبەتەکان دەسگەیشتنی زیاترین بۆ زانکۆ هەیە، دەبێتە هۆی هەستێکی باو کە قوتابخانە حکومیەکان خوێندنی لاواز پێشکەش دەکەن (مەگەر خێزانەکان بتوانن پارەی خوێندنی تایبەت بدەن )، منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندترەکان کە دەتوانن پارەی خوێندنی تایبەت بدەن ئەوە سوودی بەرچاویان هەیە (Collins, 2004; Esmer, 2009; Cinoglu, 2006; Nabhani, Busher, and Bahous, 2012; Euro-Trends, 2009; Loveluck, 2012). کۆمسیۆنی ئەوروپی تێبینی گلەییەکانی کردووە دەربارەی یەکڕیزی لە لوبنان، بەهۆی جیاوازی لە نێوان قوتابخانەی حکومی و تایبەتەکان (Euro-Trends, 2009). خێزانە هەژارەکان پشت بە قوتابخانەی حکومی جەنجاڵتر و لاوازتر دەبەستن، کە ڕێژەی دەرچوونی کەمترە و ناوبانگەکەی کواڵیتی کەمترە. لە سەدا 60ی منداڵانی لوبنان لە قوتابخانە تایبەتەکان دەخوێنن، کە زۆربەیان لە سەر بنەمای مەزهەبی دروستکراون، سیستەمی قوتابخانەی لوبنان تەواو دابەش بووە بەهۆی چینی کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی. ئەم جۆرە دابەش بوونانە بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی منداڵان لە منداڵیەوە و خوێندن بە جیا فاکتەرە بۆ دابەش بوونی مەزهەبی کە هەڕەشەیە لەسەر یەکێتی نیشتیمانی.

هۆڵەندا، سوید و قەتەر کرێی خوێندن بە قوتابخانە تایبەتەکان دەدەن بۆ هاوڵاتیانی خۆیان بۆ پشتیوانی کردنی ئامانجەکانی یەکسانی دەسگەیشتنی هاوڵاتیانیان (بێ گوێدانە سامانی خێزانەکە) بە قوتابخانە تایبەتەکان، هەمەچەشنی لە ئەزموونی پەروەردەیی هاوڵاتیان، یان سەربەخۆیی هەلبژاردەی خێزانەکان بۆ خوێندن (OECD, 2012; Patrinos, 2013; Eurydice Network, 2000; Swedish Institute, 2012). لوبنان یارمەتی دارایی پێشکەشی چەندین قوتابخانە تایبەتی ئاینیی دەکات، بەلەخۆگرتنی مارۆنی، سوننی، شیعی، کاسۆلیکی و ئی تریش (Localiban, 2009).

ئەوانی تر پشتیوانی سنووردارتر پێشکەش دەکەن، وەک پەرتووکی بەخۆڕایی، کرێی کەمکراو، گواستنەوەی پاس، یان پشتیوانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت. ویلایەتی نیویۆرک ئەم جۆرە پشتیوانیانە پێشکەش دەکات (Kober, 1999)، و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پەرتووکی خوێندنی بەخۆڕایی پێشکەش دەکات بۆ پشتیوانی کردنی ئامانجە پەروەردەییە هەرێمییەکان. پشتیوانی سنوورداری وەک ئەمە وا دەکات وڵاتان ئامانجە دیاریکراوەکانیان بەدی بێنن لە ڕێگەی پشتیوانی دارایی.

وڵاتانی تر هیچ پشتیوانیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەشی قوتابخانە تایبەتەکان ناکەن. سەنگافورە، تورکیا، شانشینە یەکگرتووەکان، ئوردەن، لوبنان، میسر و ئیمارات دەرناکەوێت کرێی خوێندن یان هیچ یارمەتیەکی تری دارایی پێشکەش بکەن، تاوەکو جەختی سەرچاوە حکومیەکان بخەنە سەر خوێندنی حکومی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ سوودەکان و زیانەکانی پشتیوانی ڕاستەوخۆی قوتابخانە تایبەتەکان بکات، لەبەرئەوەی هاندەرەکان بەڕێوە دەبات و پێشکەشی دەکات بۆ قوتابخانە تایبەتەکان. بە تایبەتی، شتێکی گرنگ دەبێت ڕێگری بکات لە هاندانی کەرتی قوتابخانەی تایبەت کە بەهۆی هێڵە مەزهەبیەکان دابەش بووە، وەک ئەوەی لوبنان.

## ڕاسپاردەکان بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ کەرتی قوتابخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و پێداچوونەوەمان بۆ کردارە نێودەوڵەتیەکان لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان، ئاماژە بۆ چەندین ڕاسپاردە دەکەن لە بەڕێوەبردنی کوالێتی و پێشکەشکردنی هاندان بۆ گەشەی کەرتی قوتابخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

### دانانی بنەماکان بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان

لە پشتیوانی یاسا و ڕێنماییەکانی قوتابخانەی تایبەت، ئێمە پێشنیاری پەرەپێدانی کۆمەڵێک بنەما دەکەین بۆ ڕێنوێنی کردنی پەرەپێدانی زیاتری سیاسەت و پرۆسیجەرەکان. بنەماکان ئەمانە دەگرێتەوە.

#### *هاوسەنگی ڕێنمایی و سەربەخۆیی بۆ قوتابخانە تایبەتە کوردی و نێودەوڵەتیەکان*

دیاریکردنی ئەوەی چ بوارێک چاودێری بکرێت و چ بوارێکیش بۆ قوتابخانە جێبهێڵرێت، بێ چاودێریکردنی ئەو شتانەی پێویست نین.

#### *پەرەپێدانی کەلتورێکی خود-هەڵسەنگاندن و باشترکردن*

پێدانی هاندەر بە قوتابخانە تایبەتەکان هاوشێوەی ئەوەی قوتابخانە حکومیەکان وەریدەگرن لە پرۆگرامی دڵنیایی جۆریی بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی بۆ باشترکردنی کوالێتی.

#### *دروستکردنی شەفافیەت*

پەرەپێدانی سیاسەت و پرۆسیجەری کراوە، لەگەڵ دابەشکردنی ڕوونی بەرپرسیاریەتیەکان لەنێوان قوتابخانەکان، وەزارەتی پەروەردە، پارێزگاکان، و دەستە نێودەوڵەتیەکان، و پەیوەندی ڕوون لە نێوانیان.

#### *ئامانجی هەبوونی ڕێکخستن و چاودێریکردنی دادپەروەرانە*

بەشداریکردن لەگەڵ هاوبەشان بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی باش لە نێوان حکومەت و فێرکارە تایبەتەکان و پتەوکردنی متمانە. وەرگرتنی ڕێگەیەک کە یارمەتیدەرە، نەوەک حوکمدەر. بەکارهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوەی داتای.

### سادەکردنی سیاسەت و پرۆسیجەرەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت شەفافیەت بۆ قوتابخانە تایبەتەکان، وەزارەتی پەروەردە، پارێزگاکان دروست بکات لە ڕێگەی سادەکردنی سیاسەت و پرۆسیجەرەکان. ئامرازێکی سەرەکی بۆ ئەمە بریتی دەبێت لە پەرەپێدانی کەتەلۆکێکی سیاسەتی قوتابخانەی تایبەت کە یاسا و ڕێنماییەکان، سیاسەتەکان، پرۆسیجەرەکان، هەنگاوەکان، خاڵەکانی پەیوەندیکردن، و فۆرمەکان لەخۆ دەگرێت. گەرچی وەزارەتی پەروەردە بەڵگەنامەیەکی لێکدراوی هەیە کە یاسا و ڕێنماییەکان لەخۆ دەگرێت، کەتەلۆکی سیاسەتێکی ڕوون کە مەبەستی یارمەتیدانی قوتابخانە تایبەتەکانە لە ڕووپێو کردنی ئەرکە دانراوەکان بۆیان بۆ کەمکردنەوەی هەندێک لە ناڕوونیەکان و بیرۆکراسیەت کە هەندێک قوتابخانە تایبەتەکان باسیان لێوەکرد. ئەم جۆرە کەتەلۆکە دەکرێت بەها زیاد بکات بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکان بۆ مۆڵەتدان و کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت لە ڕێگەی ئاسانکردنی پرۆسیجەرەکان لە نێوان وەزارەتی پەروەردە، پارێزگاکان، پشکنەرانی باڵەخانە، پشکنەرە تەندروستیەکان، و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر. پارێزگاکان دەتوانن وەک خاڵێکی پەیوەندی کار بکەن بۆ قوتابخانەکان کە کێشەی مۆڵەتیان هەیە، لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ دانانی سیاسەتەکان. کەتەلۆکەکە دەتوانێت وەسفی سیاسەتەکان بکات بۆ پشکنینی قوتابخانە تایبەتەکان. لە کۆتاییدا، کەتەلۆکەکە دەتوانێت

سیاسەتی نووسراو پێشکەش بکات دەربارەی پشتیوانیە بەردەستەکان بۆ قوتابخانەان و پێوەر بۆیان. یاسا، ڕێنماییەکان و بەلگەنامە لێکدراوە نوێیەکان یەکەم هەنگاوی باشن. ڕوونی زیاتر دەربارەی پرۆسیجەرەکان دەکرێت بەها زیاد بکات.

### گونجاندنی چاودێری کردنی قوتابخانە تایبەتەکان لەگەڵ چاودێریکردنی قوتابخانە

سیستەمە نوێیەکەی دڵنیایی جۆری قوتابخانە تایبەتەکان پێویستە فراوان بکرێت بۆ قوتابخانە تایبەتە کوردی و نێودەوڵەتیەکان. سیستەمی دڵنیایی جۆریی قوتابخانەی تایبەتی پێشنیارکراو چەندین هەنگاوی سەرەکی هەیە کە دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی قوتابخانە تایبەتەکان (سەیری بەشی سێ بکە). یەکەم بریتیە لە هەڵسەنگاندنی گشت قوتابخانەکان لە ڕێگەی نیشاندەرە باوەکان، وەک نمرەی تاقیکردنەوەکان، و داواکردنی ئەوەی کە گشت قوتابخانەکان خود-هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەن و پلانێکی خود باشترکردن پەرە پێبدەن. هەنگاوی دووەم بریتیە لە جیاکردنەوەی قوتابخانەکان بۆ چەند جۆرێک کە ئایا پێویستیان بە هیچ یان کەمێک بایەخە، یان بڕێکی مام ناوەندی یان بڕێکی بەرچاوی بایەخە. هەنگاوی سێیەم بریتیە لە ئەنجامدانی پشکنینی ووردی قوتابخانە کێشەدارەکان، بە ڕێگەیەکی بنیاتنراو لەسەر ئاستەکانی بایەخپێدان یان مەترسی، و دانانی پلانەکانی یارمەتی بۆ یارمەتیدانیان.

هەر هەنگاوێکی پرۆسەی پێشنیارکراو دەکرێت بۆ قوتابخانە تایبەتەکان بگونجێنرێت. قوتابخانە تایبەتەکان دەتوانن خود-هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەن، بە بەکارهێنانی هەمان ڕێنوێنی، بەڵگەنامەکان، و پرۆسیجەرەکان هاوشێوەی قوتابخانە حکومیەکان، بە وەرگێڕانی بۆ زمانی پەیوەندیدار. دەکرێت لەسەر هەمان کۆمەڵە نیشاندەر هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت هاوشێوەی قوتابخانە حکومیەکان، لەگەڵ دەستکاری گونجاو (بە تایبەتی، کە دواتر باسی لێوە دەکەین، نمرەکانی تاقیکردنەوە). پشکنینە ووردەکان دەکرێت بۆ ئەو قوتابخانانە ئەنجام بدرێت کە کارایی لاوازیان هەیە یان جێگەی بایەخپێدانی بەرچاون. ئەو قوتابخانانەی بایەخپێدانی زۆریان دەوێت دەکرێت ئاگادار بکرێنەوە یان دابخرێن. دەکرێت قوتابخانەکان ببەخشرێن ئەگەر متمانەپێدانیان لە دەستەیەکی متمانەپێدانی نێودەوڵەتی هەبێت.

بۆ پشتیوانی کردنی ئەم هەنگاوانە، وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دڵنیابێت کە بەڵگەنامەکان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی بەکارهێنان و بە تایبەتی پشکنەری ڕاهێنراوی وەزارەتی پەروەردە دیاری بکرێن بۆ قوتابخانە تایبەتە نێودەوڵەتیەکان. لە بەرامبەردا، ئەگەر پشکنەری ڕاهێنراوی تایبەت بەردەست نە بوو، وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت ڕاوێژکاران بەکرێ بگرێت بۆ ماوەیەک و ڕاهێنان بە پشکنەران بکات بە تواناکانی زمانی بیانی.

### کۆکردنەوە و لێکدانی داتای زیاتر دەربارەی قوتابخانە تایبەتەکان

ئاستەنگێک لە پێوانەکردنی دەرەنجامەکانی قوتابی لە قوتابخانە تایبەتەکان کەمی داتای سیستەماتیکە دەربارەی قوتابخانەکان و کارایی قوتابیانە. پێشنیاری دروستکردنی پلانێکی داتای قوتابخانە تایبەتەکان دەکەین، لەگەڵ لیستێکی زانیاری کە پێویستە قوتابخانە تایبەتەکان دابینی بکەن، و پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ یەکخستن و بەڕێوەبردنی داتا.

داتای تاقیکردنەوە بە بە تایبەت گرنگە. پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 9 و 12 کۆ بکاتەوە و بەراورد بکات بەپێی قوتابخانەکان، لەگەڵ تاقیکردنەوەکان وەربگێڕدرێنە سەر زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تری وانە وتنەوەی قوتابخانە تایبەتەکان.[4] بۆ قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان، وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت داتای کارایی دەربارەی تاقیکردنەوەکانی تر کۆ بکاتەوە وەک بەکالۆریای جیهانی یان تاقیکردنەوەی لێهاتویی خوێندن. لە وەرزی ناوەڕاست، ڕەنگە وەزارەتی پەروەردە هەڵسەنگاندنی جیهانی بەهەند وەربگرێت، وەک PISA، بەرەوپێش چوون لە خوێندنی خوێندەواری خوێندنەوەی جیهانی (PIRLS)، و خواستەکانی خوێندنی بیرکاری و زانستی جیهانی (TIMSS) بۆ قوتابخانە تایبەت و حکومیەکان.

بۆ هەردووک تایبەت و حکومیەکان، پێویستە وەزارەتی پەروەردە زانیاری کواڵیتی بەشێوەی خولی بەردەست بکات، بەلەخۆگرتنی داواکاری ئەوەی کە قوتابخانەکان ڕاپۆرتەکانی پشکنین لە سەر وێبسایتەکانیان پۆست بکەن، بەشێک لە وێبسایتی وەزارەتی پەروەردە بۆ ڕاپۆرتەکانی قوتابخانە تایبەت و حکومیەکان و کارتەکانی ڕاپۆرتی پەرەسەندنی قوتابخانەکان تەرخان بکەن.

---

[4] هەروەها پێویستە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک بۆ گشت قوتابخانەکان بدات (هەردووک تایبەت و حکومیەکان) لە ئاستی پۆلی 6 بۆ دابینکردنی زانیاری دەربارەی دەستکەوتەکانی قوتابی لە پۆلە سەرەتاکانیشدا.

**توانادارکردنی منداڵانی قوتابخانەی تایبەت تا بە تەواوەتی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق**

بەهۆی ئەوەی کەرتی قوتابخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەشە دەسەنێت، شتێکی گرنگ دەبێت میکانیزم دروست بکرێت بۆ دڵنیاکردنی یەکرێزی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تاوەکو منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە دەچنە قوتابخانە تایبەتەکان بتوانن لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق کار بکەن. نابێت قوتابخانە تایبەتەکان هەڵبژاردەیەک دروست بکەن کە زمانی بیانی قسە بکەن بێ بوونی زانیاریەکی بەهێز دەربارەی زمانی کوردی و عەرەبی و کە لە ڕوانگەی کەلتوریەوە لە بەشەکەی تری کۆمەڵگەوە جیا ببنەوە ڕێگەیەک بۆ دڵنیابوون لە یەکرێزی کۆمەڵایەتی بریتیە لە درێژەپێدانی ئەو داواکاریەی کە منداڵانی کورد لە هەموو قوتابخانە تایبەتەکان بابەتی گرنگ دەربارەی هەرێم وەربگرن، وەک زمانەکانی کوردی و عەرەبی، لەگەڵ کۆرسی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەربارەی شارستانیەت و مافەکانی مرۆڤ. پێویستە وەزارەتی پەروەردە داوای ئەوە بکات کە گشت منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق تاقیکردنەوەی هەرێمیی ئەنجام بدەن (وەربگێڕدرێتە سەر زمانی خوێندن)، بۆ توانادارکردننی بەراوردی کارایی لەنێوان قوتابخانەکان و منداڵان و هەروەها بۆ توانادارکردنی منداڵان بۆ پێشبڕکێ کردن لە کورسیەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**ڕوونکردنەوەی سیاسەت و ڕێوشوێنەکان بۆ دامەزراندنی مامۆستا لە قوتابخانە تایبەتەکان**

پێویستە وەزارەتی پەروەردە سیاسەتەکانی دامەزراندنی مامۆستا و بەڕێوەبەران لە قوتابخانەی تایبەت ڕوون بکاتەوە. بۆ قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان، پێویستە حکومەت تەنها داوای دوو بەڵگەنامە بکات: کۆپی ڕاستکراوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو یان کۆلێژێکی مامۆستایان و کۆپیەکی ڕاستکراوەی پشکنینی باکگراوندی تاوانی وڵاتی ڕەسەنی مامۆستاکە. بۆ مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێویستە حکومەت پێشبینی ژمارەی مامۆستا نوێکانی قوتابخانەی تایبەت بکات کە پێویستن لە پلانەکانی پێشبینی بۆ کۆلێژەکانی مامۆستایان، سیاسەتەکان پەرەپێبدات و بگەیەنێت بۆ ئاسایش و سوودی کۆمەڵایەتی، و قۆناغدارکردنی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سنووردارکردنی ئەوەی زۆرینەی مامۆستایان یەک کار بکەن (نەوەک لە حکومی و تایبەت کار بکەن). ئەم جۆرە قۆناغدارکردنە لەوانەیە چەندین ساڵ بخایەنێت، بۆ ئاسانکردنی باری سەرشانی قوتابخانەکانی ئێستا کە لە کاتی ئێستا پشت بەو مامۆستایانە دەبەستن کە دوو کار دەکەن هەم لە قوتابخانە حکومیەکان و هەم لە قوتابخانە تایبەتەکان.

**بڕیاردان لە سەر ئاستی ویستراوی پشتیوانی بۆ قوتابخانە تایبەتەکان**

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودەکان و زیانەکانی پشتیوانی زیاتری کەرتی قوتابخانەی تایبەتەکان بزانێت، بەگوێرەی ئامانجەکانی خۆی. پێوەرەکانی پشتیوانی زیاتر لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە:

- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ دروستکردنی پرۆگرامی قەرز بۆ قوتابخانە تایبەتەکان بۆ زەومی، باڵەخانە، و کارەکانی دەستپێکردن
- دانی کرێی خوێندن بۆ منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە قوتابخانە تایبەتەکان (بێگومان ئەو بڕەی کە وەزارەتی پەروەردە بۆ هەر منداڵێک لە قوتابخانە حکومیەکان سەرفی دەکات)
- هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی قوتابخانە تایبەتە حکومییەکان بۆ پەرەپێدانی قوتابخانەی تر کە بەڕێوەبردنی تایبەتیان هەیە بەڵام یارمەتی دارایی حکومیان هەیە
- درێژەپێدان بە دابینکردنی پەرتووکی خوێندن بۆ ئەو بابەتانەی گرنگی هەرێمییان هەیە.

# هەڵسەنگاندنی ڕاهێنانی مامۆستا

لە ساڵی 2007، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی نوێی بۆ بیرکاری و زانست و ئینگلیزی جێبەجێ کرد. ئەم بەرنامەیە پەرەپێدرا بۆ پێوانەی نێو دەوڵەتی و چاوەڕواندەکرا مامۆستایان لەم کتێبە نوێیەو بابەتەکانی ئەم بەرنامەیەدا تێبگەن و بەمشێوەیە وانە بڵێنەوە. شیکاری پێشوەختەمان لەسەر ئەم کارە نوێیە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەردوو مامۆستایانی (نوێ و بە ئەزموونەکان) یش ئامادەکردەکاری تەواویان نەکردبوو بۆ ئوم بەرنامە نوێیە. یان هەر کێشەیەکی ئاماژە پێکراو لەسەر ئەو بابەتە. (ڤێرنز، کولبێرتسن و کۆنستانت 2014) یەکێک لە ڕاسپاردە سەرەکیەکانمان ئەوە بوو کە ڕاهێنان لە کاتی خزمەتدا بەهێز بکرێت بە دامەزراندنی چەند ناوەندێک و تەرخانکردنی ستافێکی کاری تەواو(فول تایم) بۆ ڕاهێنانی مامۆستا لەسەر هەردوو ناوەڕۆکی کتێبەکە و کردار و چالاکیەکان بە جەخت کردنەوەی کارکردن لەسەر بابەتە نوێکە. وەزارەتی پەروەردە نەخشەی دامەزراندنی ئەم ناوەندانەی دانا بەڵام بە ئامانجی دابین کردنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ هەموو مامۆستایەک پاش تەواو کردنی دوو ساڵ ڕاهێنان بەسەرکەوتویی.[1]

لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بەو ناوەندە نوێیانەی مەشقکردن دەدات و بەردەوام خزمەتگوزاری ڕاهێنان دەستەبەر دەکات وەک لەڕابردودا هەبووە. ئەم ڕاهێنانە ئاسایی لە مانگەکانی پشوی هاویندا ڕوودەدات، وە دەستەبەر دەکرێت لەلایەن ستافێکەوە وەک ئەرکە ئەکادیمیەکانی تر. لە ساڵی 2013، وەزارەتی پەروەردە داوای لە دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند کرد کە هەڵسەنگاندن بۆ سیستەمی خزمەتی ڕاهێنانی مامۆستایان بکات و بۆشای و کەم و کوڕیەکان دەستنیشان بکات.

بۆ ئەم مەبەستە، چەند چاو پێکەوتنێکی جیا جیامان ئەنجامدا لەگەڵ بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و ناوەندەکانی ڕاهێنان لەنێوانیاندا بەڕێوەبەری ناوەندەکان و ڕاهێنەرەکان. سەردان کردنی 4 خوێندنگا لە پایزی 2013 دا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوبەر و مامۆستاکانی لەبارەی ئەم بەرنامە لە ئێستادا. سەردانکردنمان بۆ خوێندنگاکان ڕێگەی داین بۆ تازەکردنەوەی ئەنجامەکانمان کە بەدەست هاتبوون لە ئەنجامی سەردانکردنی ١٦ خوێندنگا لە ساڵی 2010 (ڤێرنز، کولبێرتسن و کۆنستانت 2014). هەروەها چەند سەرچاوەیەکی زانیاری ڕێژەی جیا جیامان بەکارهێنا لەوانە، زانیاری کارگێڕی لەسەر بەرنامەکانی ڕاهێنان وە بەشداربوان لە ماوەی 7 ساڵی ڕابردودا پێشکەشیان کراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە. وە ئەنجامی ڕاپرسی مامۆستایان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوی ڕەند لە پایزی ساڵی 2010دا.[2]

دەستمان کرد بە باسکردنی پێکهاتەی دامەزراوەی ڕاهێنان لەڕوی (دەسەڵات و بەڕێوە بردنەوە ) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. پاشان گفتوگۆمان لەسەر ڕێگەکانی نەخشەدانان و گەیاندنی مەشقکرن کرد. وە پیاچونەوەمان

---

[1] زۆرێک لە مامۆستایانی بنەڕەتی (قۆناغەکانی 1-9) ئامادەکراون لەلایەن پەیمانگەکانی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پەیمانگەکان پێشنیاری (1) بەرنامایەکی خوێندنی 6 ساڵی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە دوای تەواو کردنی قۆناغی 9 بەشداری دەکەن، یان (٢) بەرنامایەکی خوێندنی 2 ساڵی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە دوای تەواو کردنی قۆناغی 12 بەشداری دەکەن. ئەم پەیمانگایانە جێ دەگیرێنەوە بەو مامۆستا تازە دامەزراوانەی کە 4 ساڵ لە کۆلێژ خوێندویانە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان پێدراوا لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە. ئێستا، هەموو مامۆستا بنەڕەتیە تازەکان پێویستە لەسەریان کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێ.

[2] لە ساڵی 2010، وەزارەتی پەروەردە( بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان) و دامەزراوەی پەروەردەیی ڕەند نوێنەرایەتی نیشتیمانی ڕاپرسی مامۆستایانی بەڕێوە برد و زانیاری کۆکردەوە لەسەر هەوڵی ڕاهێنانی کەسی مامۆستا و پێداویستیەکانی ڕاهێنان هەروەها لەسەر ئەزمونی مامۆستا لەگەڵ بەرنامە نوێکەی خوێندن لە یەکەم هەنگاویدا لا ساڵی 2009. راپرسی مامۆستا پێکهاتبوو لە نمونەی 2،904 مامۆستا لە 226 خوێندنگا کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕێژەکەیان دەستنیشان کرابوو لە 11 ناوچە لەسەر ئاستی 3 پارێزگا. ئێمە ڕاپرسی مامۆسیاکانمان کرد لە خوێندنگاکانی ناو شار و دەرەوی شارلە سەر ئاستی بنەڕەتی ( قۆناغی 1-6)، ناوەندی ( قۆناغی 7-9) و ئامادەی ( قۆناغی 10-12). بۆ زانیاری زیاتر سەیری(ڤێرنز، کولبێرتسن و کۆنستانت 2014).

کرد بە جۆری بەرنامەکانی ڕاهێنان و بەشداربواندا، و ڕادەی دەستەبەر کردنی پێداویستیەکان وەک دیاری کرابوو لە ڕاپرسی مامۆستایاندا لە سەردانکردنمان بۆ خوێندنگاکان لە ساڵی 2010. لەکۆتایدا، پێشنیازەکمان نوسی بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان لە سیستەمی ڕاهێنان لە کاتی خزمەتدا.

## دەسەڵات و بەڕێوە بردنی ڕاهێنان

بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگاکانی ڕاهێنان کە لەژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردەدا ڕاهێنان دەکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە چاودێری کردنی بەرەو پێش چونی بەرنامەکانی راهێنان لە پێش خزمەت و ڕاهێنان لەکاتی خزماتدا بۆ کارماندانی خوێندنگاش. پۆلێن کراوە بەسەر دوو بەشدا: بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگەکان و بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکانی مەشقی مامۆستایان وەک شێوەی (5.1). بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگاکان چاودێری ئامادەکارییاکانی مامۆستایانی پەیمانگا دەکات کە 2 ساڵە وە بەرنامەی مەشقی مامۆستایانی بنەڕەتی ٦ ساڵە. ئەم دامەزراوانەی ڕاهێنانی مامۆستایانە بەرەو کەمبونەوە دەچێ لەبەر ئەوەی داوای ئەوە لە مامۆستایان دەکات کە دەبێ بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست بهێنن بە خوێندن لە کۆلێژ بۆماوەی ٤ ساڵ. هێشتا هەندێک پەیمانگا ماوە کە ڕاهێنان بە مامۆستایان دەکات لە چەند بوارێکی دیاری کراوی پەروەردەیدا. لە ساڵی 2013 دا 19 لەو پایمانگانا مابون: 7 پەیمانگای هونەر 5 پەیمانگای کۆمپیوتەر و 7 پەیمانگای وەرزش.

**شکڵی 5.1**
**پیکهاتەی ڕیکخراوەیی بەڕیوبەرایەتی گشتی دامەزراوەکان و ڕاهێنان پەیوەندیان بە خوێندنگەکانەوە.**




RAND *RR960–5.1*

بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی ڕاهێنانی مامۆستایان چاودێری 7 بنکەی بنەڕەتی دەکات لە پارێزگا جیاوازاکان کە ڕاهێنانیان تێدا ئەبجام دەدرێت. زۆربەی ڕاهێنانەکان لە ناوەنداکانی هەر پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک ئەنجام دەدرێت وە ناوەندەکانی تریش لە گەرمیان و کۆیسنجەق و ئامێدی و شەقڵاوەن.

بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگاکانی ڕاهێنان وەک باسی دەکەین لە خوارەوە پەیوەندی بەردەوامە لەگەڵ زانکۆ ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان و لقەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (یونسێف و یونسکۆ) وە ڕێکخراوەکانی تر وەک باڵوێزخانەی بەریتانیا. کار لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە دەکات کە بە زۆری ڕێکەوتوون لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە بەغداد بۆ بەدەست هێنانی پارە یان ڕاستەوخۆ دەستەبەر کردنی ڕاهێنان.

7 ناوەندی ڕاهێنان کە مەڵبەندی سەرەکین بۆ دەستەبەرکردنی ڕاهێنان. ناوەندەکانی ڕاهێنان ئاسای گەشەسەندنەکان ڕێک دەخات و ڕاهێنانەکان دابەش دەکات بۆ دوو پۆل: یەکێک بۆ خوێندنگا بنەڕەتیەکان و ئەویتریش بۆ خوێندنگا ئامادەییەکان. ناودندەکان ستافی کاری تەواو( فول تایم) یان نیە بۆ ڕهێنان لە کاتی خزمەتدا بەڵام وەک گفتوگۆی دەکەین لەسەر وێنە کێشانی کاری ڕاهێنەری ئەو وەزارەت و ستافەی کە ڕێگە پێدراون کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت، سەرپەرشتیارەکان و بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و مامۆستایانی ئاسای،کە بەردەوامن لە جێبەجێ کردنی کاری ئاساییان.

ستافی ڕاهێنان پێنەکراو جۆراو جۆرن لە ناوەندەکاندا، کە کاریان بریتییە کارێگێڕی پەیمانگاکان و ڕێکخستنی کاری ستافەکانە وەک ڕێکخستنی خشتەی کات، داین کردنی پێداویستی و کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستن. هەروەها ناوەندە هەوڵ دەدات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (بەشێوەیەکی سەرەکی زانیاری کارگێڕی لەسەر بەرنامەکان لەڕوی کات و ژمارەی بەشداربوانەوە) لە ڕێگەی نوسینگەی دیاری کردنی ئامارەکانەوە. ئەم زانیاریانە بە ڕێکوپێکی کۆنەکراونەتەوە و ڕێکنەخراوە، شێوەکەی جیاوازە لەلایەن ناوەندەکانی ڕاهێنانەوە.

## ڕێگە شێوەی نەخشەی ڕاهێنان و گەیاندنی.

**دواین پرۆسەی دیاری کردنی ڕاهێنان کە دەبێ پێشکەش بکرێت**

وەزارەتی پەروەردە سێ سەرچاوەی ناوەکی هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ دیاری کردی کامە ڕاهێنان پێشکەش بکات: ستافی وەزارەتی پەروەردە، بەڵێندەرە دەرەکیەکان، هەڵسەنگاندنی و بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و مامۆستایان. پێدا چونەوەی هەریەکەیان دەکەین لەخوارەوە.

***زانیاری وەرگرتن لە ستافی وەزارەتی پەروەردە***

بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکانی ڕاهێنان بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ناوەندەکانی ڕاهێنان و سەرپەرشتیارەکان کۆدەکاتەوە بۆ سەرژمیری کردن و قایل بون لەسەر ئەوەی کام ڕاهێنانە پێشکەس بکرێت. هەروەها وەک دەڵێن بەڕێوەبەرایەتیەکە داوای زانیاری لە کۆمەڵێک مامۆستایان و بەڕێوەبەری خوێندنگای دیاری کراو دەکات. دواتر، گەشە پێدان و نەخشەدانان لەسەر بنەمای ئەم زانیاریانە دەکرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. سەرەڕای ڕاپۆرتی بەشداربونی چەند مامۆستایەکی دیاری کراو لە پرۆسەکەدا، هەریەک لە سەردانکردنی سایتەکەمان و سەرنجدان لە گۆبونەوە بە کۆمەڵەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە مامۆستایان زانیاریەکی کەمیان پێگەیشتوە لەسەر ڕاهێنانەکان.

***زانیاری وەرگرتن لە بەڵێندەرە دەرەکیەکان.***

تا ڕادەیەک، ئەو جۆرە ڕاهێنانەی کە ساڵانە پێشکەش دەکرێت پشت دەبەستێت بە داینکردنی ڕاهێنەرە دەرەکیانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان یان دەزگاکانی ڕاهێنان. ڕاهێنان لەوانەیە پشت ببەستێت بە وەی کە چ جۆرە هەڵسەنگاندنێکی ستراتیجیەک پێویستە کە ڕێکخراوەکان پێشکەشی بکەن.

***هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری خوێندنگەکان***

دوو سەرچاوەی زانیاری ناوخۆی دەوڵەمەند هەیە کە دەتوانێ پێمان بڵێت کە دەبێ کام جۆرەی ڕاهێنان پێشکەش بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی سیستەمی نیە کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری خوێندنگەکان وە لەم دواییانەدا هەڵسەنگاندی خودی مامۆستاش دەستی پێکرد. وادانراوە کە سەرپەرشتیارەکان هەڵسەنگاندنەکانیان بە شێوەی بەڵگەنامەی فەرمی ئاڕستەی ستافی خوێندنگەکان بکەن لەسەر بنەمای ئەو بوارەی

کە خاڵە لاوازەکانی تێدا دەستنیشان کراوە.[3] تا ئێستا پەیوەندیەکی فەرمی نیە لە نێوان سەرپەرشتیار و هەڵسەنگاندی بەڕێوەبەری خوێندنگەکان لەسەر ڕاهێنان لەکاتی خزمەتدا کە بە مامۆستایان دەگەن.

دواین ڕێگا کە بەڕێوەبەرایەتیەکە بەکاری هێنا بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکان و نەخشەدانان و گەیاندنی ڕاهێنان نەیتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو گەشەسەندن و گۆڕانکاریەدا بکات کە سیستەمی پەروەردە ئەزمونی کردوە. بەڕێوەبەرایەتیەکە بیرۆکە و تێڕوانینی وردبینانە بۆ بواری ڕاهێنان لە بەرپرسانی وەزارەتە جیاوازەکانەوە وەردەگرێت بەڵام ناتوانێت هەموو شت بە شێوەیەکی باش لە تیمی نێو خوێندنگاکان وەربگرێت یان لە شیکاریە ڕێکخراوەکانی ئەو ناوچانەی کە خۆیان لاوازن و پێویستیان بە چاکسازی هەیە. میکانیزمی کۆکردنەوەی کۆکردنەوەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار و هەڵسەنگاندی بەڕێوەبەری خوێندنگەکان و ڕاپۆرتی کەسی مامۆستاکان کراوە، بەڵام هیچیان دەربارەی ڕاهێنان نین وە هیچ جۆرە نەخشەسازیەکی تێدا نیە وەک زانیاری لەسەر دیاری کردنی پێداویستیەکانی ڕاهێنان.

#### گەیاندنی ڕاهێنان

وەزارەتی پەروەردە دوو جۆر گەیاندنی ڕاهێنانی هەیە. یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکانی ڕاهێنان دەستەبەری ڕاهێنانی پێش خزمەت بۆئەو پاڵێوراوانەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە بەڵام دەرچوی کۆلێژی پەروەردە نین. ئەم دەرچوانە دەبێ خاوەنی تایبەتمەندی خوازتراو بن وەک بیرکاری، زانست و ئینگلیزی. بۆ دابین کردنی ڕاهێنان، بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکانی ڕاهێنان بەڵێننامە لەگەڵ ئەندامانی یەکێک لە کۆلێژەکانی پەروەردە دەکات. ڕاهێنانەکان ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت: بەڕێوە بدنی پۆل، ڕێککاری قوتابی، دەرونزانی منداڵ و ئەو بابەتانەی تر کە ئاسای لە کۆلێژی پەروەردە دەخوێنرێت. چاوپێکەوتنەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کە وانە بێژەکان ڕاهێنانەکان لەسەر بەرنامەی خۆیان ئەنجام دەدەن وا دەرناکەوێت کە پشت ببەستن بەو بەرنامەیەی کە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکانی ڕاهێنان دیاری کردوە. ڕاهێنانەکان لە مانگەکانی هاویندا(پشوی سەری ساڵ)دا ئەنجام دەدرێت.

دووەم، هەروەها ڕاهێنان لە کاتی خزمەتدا لە مانگەکانی هاوین پێش دەست پێکردنەوەی ساڵی تازەی خوێندن پێشکەش دەکرێت. جۆری ڕاهێنان لە کاتی خزمەتدا لەوانەیە بگۆڕێت لە ساڵێکەوە بۆ ساڵکی تر وە مەودای ڕاهێنانەکەش بەندە لەسەر بابەتی ئەکادیمی و شێوازی وتنەوە و بەکارهێنانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر (زانیاری زیاتر لەسەری لە برگەی داهاودا باسی دەکەین). بەشداری کردنی مامۆستایان لە ڕاهێنان لە کاتی خزمەتدا سنوردارە لە هەر ساڵێ دیاریکراودا. لە هەندێک خوێندنگا کە سەردانمان کرد، هەموو مامۆستاکان بەشداری دەکەن، بەڵام لە هەندێکی تریان کەمێکیان بەژداری دەکەن. لە ڕاپرسی مامۆستایاندا لە نیوە کەمتری مامۆستایان ڕایانگەیاندوە کە ڕاهێنانیان پێکراوە لە دو ساڵێ رابردودا. ڕاهێنەران هەڵدەبژێردرێن لەلایەن ستافێکی یاساییەوە و وە لەلایەن ڕاهێنەرەکانی ڕێکخراوەیوەدەوڵەتییەکنەوە بە بەکارێنانی شێوازی مەشقپێکردنی ڕاهێنەرانەوە مەشقایان پێدەکرێت.

شێوازی ڕاهێنەری (مەشقپێکەری ڕاهێنان) شێوازکی بەنەڕەتییە بۆ مەشقکردن لە کاتی خزمەتدا، بەتایبەتی لەلایەنی دەرەکی پارە و گرێبەستی بۆ کراوە. ڕاهێنەری (مەشقپێکەری ڕاهێنان) ئەگەر لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیەوە بێت یاخود لە دابین کاری تایبەتەوە بێت، پێکەوە ئامادەکاری دەکەن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکانی ڕاهێنان. وە ژمارەی بنکەکانی ڕاهێنەری مەشقپێکەری ڕاهێنان لەسەر بنەمای سەرچاوەکانە. ئەم بنکانەبە شێوەیەکی گشتی بە هاوڕێژەی دیاری کراون لەسەر بنەمای ژمارەی بەشداربوان لەهەر پارێزگایەک. هەرکات ژمارەی مەشقکردوو دیاری بکرێ، بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان بە ڕێبەری دابین کاری تایبەت ڕاهێنەرە هەڵبژێردراوەکان دەستنیشان دەکرین لە نێوان سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و هەندێک جار مامۆستایانی بە ئەزموون لە ڕێگەی ئاگاداریەکی فەرمیەوە. ستافێک لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکە و کارمەندای پەروەردەی پارێزگاکە پشکنینەکە بەڕێوە دەبەن پاشان گروپێک پاڵێوراو دەستنیشان دەکەن. دابین کەری ڕاهێنان پاشان چاو پێکەوتن ودەسنیشانکردنیان لەو گروپەی کە پاڵێوراون ببن بە ڕاهێنەر. بۆ ئەوەی ببن بە ڕاهێنەر، پاڵێوراوەکان پێویستە تەمەنیان لە 45 ساڵ کەمتر بێت و لایەنی کەم 5 ساڵ خزمەتی هەبێت وقایل بێت بەوەی وەر ڕاهێنەر کاربکات لە هاویندا لایەنی کام بۆ ماوەی 3 ساڵ لە هەر شوێن و کاتێکدا کە دیاری دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەوە.

پشکنینی پاڵێوراوەکان پێکدێت لە تاقی کردنەوەی تواناکانیان لە ڕاهێنانەکانی تردا. ئەگەر مامۆستاکان دەسنیشان کران، وەردەگیرێن بە لەبەرچاوگرتنی توانایان بۆ بون بە ڕاهێنەر وسەرەتا داوا دەکرێن لەلایەن سەرپەرشیارەوە پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری خوێندنگاوە. بەڕێوەبەری خوێندنگایەکی بنەڕەتی کە وەک ڕاهێنەر خزمەتی کردبوو پێی

---

[3] لەم دواییانەدا، هەڵسەنگاندی سەرپەرشتیار بۆ مامۆستایان زۆر زیاترە وەک لە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرەکان بۆیان.

ڕاگەیاندین کە تەنیا قەرەبوی گواستنەوە وخزمەتگوزاریەکانی کاتی پشوودانی بۆ کراوە قەرەبوی ئەوانی تری بۆ ناکراوە. پاداشتی دارای تەواو مامناوەندە.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەک: یونسکۆ، یونسێف، ڕێکخراوی پەروەردە و خزمەتگوزاری ڕاهێنانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باڵوێزخانەی بەریتانیا، وە ڕێکخراوەکانی گەشەپێدان وەک: بریکاری ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، وەزارەتی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی بەریتانی و چەند بریکارێکی دیکە بەشداری بەرچاویان هەبوە لە ڕاهێنان دا لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە 10 ساڵی ڕابردودا. ئەم ڕێکخراوانە یان بەشێوەی راستەوخۆ ڕاهێنانیان پێشکەشکردوە یان گرێبەستیان لەگەڵ دابینکەرانی کەرتی تایبەت دا کردووە. بەشیوەیەکی سادە بەرنامەکان گونجێنراون بۆ سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاهێنان و پەیمانگەکان لایەنی گفتوگۆکەری سەرەکیە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەماهەنگی هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد و پارێزگاکان و ئەو ناوچانە کە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ ڕاهێنراوەکان و دابین کردنی پێداویستی بۆیان.

ڕێکخراوی یونسکۆ بە تایبەتی بەشدارە بە ڕاهێنان لەسەر فێر بوون و جۆری گرنتی و ڕێوشوێنەکانی ڕاهێنان. بۆ نمونە، لە مانگی ئەیلولی 2013 دا بە یارمەتی دارای حکومەتی قەتەر،[4] وێرک شۆپێک ڕێکخرا لە هەولێر کە تێیدا ڕاهێنان بە ستافی هەردوو وەزارەتی پەروەردەی بەغداد و هەرێم کرا لەسەر فێربوونی ڕێگەکان. وەک بەشێک لە بەرنامەکە، ستافی هەردوو وەزارەتەکە چەند ڕێگەیەکیان گەشە پێدا بۆ ڕاهێنان بە سەرپەرشتیارەکان تا ئەوانیش ڕاهێنان بە مامۆستایان بکەن(یونسکۆ 2013 آ). لە مانگی تشرینی یەکەمی 2013، ڕێکخراوی یونسکۆ وێرک شۆپێکی ڕێکخست لە هەولێر بۆ بەرپرسانی وەزارەت لەسەر باشترین ئەزمونکردنی نێودەوڵەتی لەسەر دڵنیای جۆری، بەبەشداری بەرپرسانی هەردوو وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و بەغداد ( یونسکۆ 2013ب). لە سەرەتای 2014، ڕێکخراوی یونسکۆ کۆنفرانسێکی بەناوی (ستراتیجی ڕاهێنانی مامۆستایانی نیشتیمانی) لە شاری بەغداد ڕێکخست بە هەماهەنگی هەردوو وازارەتی پەروەردەی هەرهەردوو وازارەتی پەروەردەی هەرێم و بەغداد (یونسکۆ 2014).

بەشداری کردنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوە هۆی هێنانی ڕێژەیەکی زۆر سەرچاوەی پێویست و شارەزای بۆ زیادکردنی هەلی بەدەست هێنان و بەرەو پێشبردنی چۆنێتی ڕاهێنان.[5] لەگەڵ ئەوەشدا، چاوێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەت و چەند دابینکارێک پێشنیاری ئەوە دەکەن کە تێکەڵ بوون لە ڕۆڵەکاندا هەیە کەمی هەماهەنگی لەنێوان لایەنەکان لە دەستەبەرکردنی ڕاهێناندا. ئەنجامەکە هەلێکی لەدەست چوو بوو بۆ گروپەکە وە کاریگەری سەرچاوەکانیش بۆ زیاتر هاندانی ڕاهێنان.

شێوازی ڕاهێنانەری ڕاهێنان دەکرێت بگاتە ژمارەیەکی زۆری ستافی خوێندنگەکان، بەڵام لە چاوپێکەوتنەکان و کۆبونەوەی جەختکردنەوەی گروپەکاندا، بەڕێوبەرو مامۆستایان پرسیار لە چۆنتی ڕاهێنانی ڕاهێنەراندەکەن. هەندێک مامۆستا گلەی ئەوە دەکەن کە ڕاهێنانەری ڕاهێنان شارەزا نین یان ناتوانن ئامانجی ڕاهێنان بەباشی بگەیەنن. ڕاهێنەران خۆیان بەشێوەیەکی زۆر باش لە بەرنامە نوێکە تێنەگەیشتون یا بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ڕاهێنانەکان پێشکەش بکەن. ئەمە لەوانەیە بەشێکی بدرێتە پاڵ ئەو ڕاستیەی کە ڕاهێنانەری ڕاهێنان زوو زوو ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت بۆیە هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە کە شارەزای تەواو وەربگرن بۆ ئەوەی ڕاهێنانێکی کاریگەر پێشکەش بکەن (ڤێرنز، کولبێرتسن و کۆنستانت 2014).

## بەرنامەکانی ڕاهێنان، بەشداری کردن، گونجاندن لەگەڵ پێداویستیەکان.

### بەرنامەکانی ڕاهێنان

شەش جۆر لە بەرنامە هەیە:

- *ڕاهێنانی پرۆگرامی بابەتی دیاری کراو*، بەستراوە بە بابەتێک یان بوارێکی دیاری کراوەوە (وەک باخچەی ساوایان، کە بەرەو پێشچونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە)

[4] ئەم هەوڵانە بەدەست هات لە ئەنجامی دەستپێشخەری ڕێکخراوی (بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستا بۆ پەروەردەی بنەڕەتی و ناوەندی) وە هاوکاری دارای پێگەیشت لە لایەن قەتەرەو لەڕێگەی نوسینگەی بەرێز خاتو مەوزە ی کچی ناسر ئەلمسند بریکاری تایبەتیرێکخراوی یونسکۆ بۆ پەروەردەی بنەڕەتی و ناوەندی.

[5] وەک لە پایزی 2013، چالاکی کۆمەڵێک ڕێکخراو بۆڕاهێنان بە بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و مامۆستایان لەوانە، ڕێکخراوی یونسکۆ، ڕێکخراوی یونیسێف، باڵوێزخانەی بەریتانیا وکۆلێژی بیرمنگهام.

- *ڕاهێنانی گەشەسەندنی توانا*، ساڵانە بابەتی نوێ پێشکەش بە مامۆستایان دەکرێت لەوانە، ئەو ڕێگا زانیاریانەی کە خوێندکار تێیدا ناوەندە، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا، هەروەها ئامانجیان دیاری کردنی چەند مامۆستایەکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان
- *ڕاهێنانی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردنی خوێندنگاکان*، ئامادە کراوە بۆ بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران
- *ڕاهێنانی سەرپەرشتیاران و ڕاهێنانیان لەسەر بابەتە کارگێڕیەکان و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر*
- *ڕاهێنانی بەڵێندەری تایبەت*، ئاسایی لە پێوەرێکی بەرزدایە و دەست پێدەکرێت و پیشکەش بە مامۆستایان دەکرێت ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێکخراوێکەوە وەک باڵوێزخانەی بەریتانیا (لە 2012 و 2013)
- *ڕاهێنانەکانی تر، ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە لەسەرەوە باس ناکراون*، وەک ڕاهێنان بۆ هاوکاری کردن لەکاتی ڕودانی کارەسات و مامەڵەکردن لە باری نائاسایدا دوای لێشاوێکی گەورەی پەنابەر لە وڵاتی سوریای دراوسێوە.

ئەمانە سەرباری ڕاهێنانی پێش خزمەت لە ڕێگا فێرکاریەکان وەک لە سەوەرەوە ئاماژوی بۆ کراوە پێشکەش بەو دەرچوانی کۆلێژەکانە دەکرێت کە پەروەردەی نین.

**ماوەو دوبارەکردنەوەی ڕاهێنان.**

ڕاپۆرتی ماوەی بەرنامەکانی ڕاهێنان جیاوازە لە 5 بۆ 20 ڕۆژ. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازیەکی گەورە هەیە لە ماوەی ڕاهێناندا تەنانەت لەناو هەمان بابەتدا. بۆ نمونە، ڕاهێنان لە بەرێوەبردندا یان گەشەسەندنی توانا ماوەی 2 یان 3 بۆ 30 یان 40 رۆە دەخایەنێت. مامۆستاکانی کە بەشداری دەکەن لە ڕاهێنانەکاندا لە ماوەی هاویندا بەشێوەیەکی ئاسای لە خولێکی 5 ڕۆژی دا ئەنجامیدەدەن. ڕاهێنانەکە خشتەی کاتی بۆ داڕێژراوە بەشێوەی 4 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، 4 ڕۆژی یەکەم تەرخان کراوە بۆ وانە خوێندن و کۆتا ڕۆژیش بۆ نیشاندانی زانیاریەکان و دیاری کردنی ڕۆڵەکانیان. مامۆستایان داتوانن ڕاهێنان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانیان وەربگرن ئەگەربەڕێوەبەرەکانیان ڕاهێنانیان پێکرابێت لە بەرنامەی ڕاهێنەری ڕاهێنان.

بۆ ڕاهێنانی بابەتی دیاری کراو ، مامۆستاکان ئاماژەیان بەوە کردوە کە ماوەی زۆر هەیە لە نێوان خولەکانی ڕاهێنان. بۆ نمونە، لە خوێندنگایەک، مامۆستای بیرکاری ئاماژەی بەوەدا کە تەنها 2 جار ڕاهێنانی پێکراوە لە 2009، وە مامۆستای فیزیا ڕایگەیاند کە کۆتا ڕاهێنانی لە ساڵی 2010 بووە. بەڕێوەبەری خوێندنگایەک ڕایگەیاند کە ڕاهێنانێک لەسەر بنەمای ناوەڕۆک پێشکەش نەکراوە لە ماوەی 5 ساڵدا، جگەلە خولێکی ڕاهێنانی 1 ڕۆژێ نەبێ کە پێشکەشکراوە لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە. ئەگەر کتێبەکانی خوێندن بگۆڕدرێن، ئەوا مامۆستایان 1 ڕۆژ ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ ڕاهاتن لەگەڵ بابەتە نوێکان.

**بەشداری کردن لە ڕاهێنان**

لەم ساڵانەی دوایدا، ژمارەی ئەو بەشداربوانەی کە ڕاهێنانیان لەکاتی خزماتدا وەرگرتووە لە دهۆک و هەولێر و [6]گەرمیان، زیادی کردوە لە 2000 بۆ نزیکەی 17،000 (شێوەی 5.2). دوو زیادبوون بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە. یەکەم، لە ساڵانی 2009 و 2010، ژمارەی بەشداربووان زیادی کردوە چوار بۆ پێنج ئەوەندەی ساڵانی 2007 و 2008 لەگەڵ پشت بەستن بە بەرنامە تازەکەدا. دووەم، لە ساڵی 2013 دا ژمارەی ڕاهێنراوان دوو هێندەی ساڵی 2012 زیادی کردوە، لەگەڵ پیشکەشکردنی ڕاهێنانی زیاتر لەلایەن باڵوێزخانەی بەریتانیاوە. بە تێکڕا، زیاتر لە 53،000 تاک ڕاهێنانیانی لەکاتی خزمەتدا وەرگرتوە لە ساڵی 2007 وە.[7] مامۆستایان گەورەترین گروپی بەشدار بوانن کە ڕاهێنانیان پێ کرابێت.

مامۆستایانی بەژداربوو لە ڕاهێنان لەکاتی خزمەتدا کەمی کردوە لەبەر چەند هۆکارێک. توانای پەیمانگاکانی ڕاهێنانی مامۆستایان سنوردارە لە دابین کردنی ستاف بۆ پێشکەشکردنی ڕاهێنان. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەو ڕاهێنەرانەی کە لەلایەن سەرپەرشتیارەکانەوە ڕاهێنراون خۆیان پێشتر کاری تەواو (فول تایم) یان هەیە. لەوانەیە

---

6 زانیارییەکانی پارێزگای سلێمانی بەردەست نەبوو.

7 بەرپرسانی وەزارەت پێیان ڕاگەیاندین کە 27000 کارمەند ڕاهێنانیان پێکراوە لە سلێمانی لە ماوەی 7 ساڵی ڕابردوو بەڵام ناتوانین ئەو خەمڵاندنە پشتڕاست بکەینەوە.

**شکڵی ٥.٢**
**ژمارەی ئەو مەشقکردووانەی لە هاولێر و دهۆک و پارێزگاکانی گەرمایان ساڵانە مەشقیان پێدەکرێت لەلایەن ناوەندەکانی ڕاهێنانەوە.**




سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و زانیارییە کارگێرییەکانی مەشق.
RAND *RR960–5.2*

گرنگترین شت لێرەدا نەبونی دانپێدانانێکی پێشوەختە بێت بەوەی کە مامۆستایان پێویستیان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریان هەیە بۆ وتنەوەی بەرنامەیەکی زۆر ورد.

سەرەڕای کەڵەکە بونی ژمارەی مامۆستایانی مەشق پێکراو کە ساڵانە زیاد دەکات، ژمارەی ڕاهێنراوەکانی کە ڕاهێنانێکی گرنگیان ئانجام داوە وەک بەشێک ماونەتەوە لە زیاتر لە 109,000 مامۆستاو بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار لە ناوچەکەدا (87 لەسەدیان ستافی پەروەردەکارن). هۆکاری ئەوەی کە پێویستمان بە ڕاهێنان هەبێت بەو ڕێژە بەرزە ئەوەیە کە لە سەدا 63 ستافی پەروەردەکارن و لە سەدا 58 بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەرن بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان نیە. ئەو مامۆستایانەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان نیە (لەسەدا 43) کەمتر دەرفەتی وەرگرتن ڕاهێنانیان هەیە وەک لەوانەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە (لەسەدا 50). هەروها ئەنجامدانی ڕاهێنان جیاوازە لە نێوان قۆناغەکاندا، لە ڕاپرسی 2010 ماندا دەرکەوت کە لە سەدا 55 مامۆستایانی ئامادەی (پۆلی 10-12)ن بەلام تەنها لەسەدا 43 مامۆستای سەرەتای (پۆلی 1-9)ن کە شێوەیەک لە شێوەکانی ڕاهێنانیان ئەنجام داوە لە دوو ساڵی ڕابردودا. زانیاریەکانی ڕاهێنان و ڕاپرسیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی مامۆستایان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ڕاهێنان ئەنجام نادەن.

**بەشداری ڕاهێنان بە پێی جۆری بەرنامە.**

زانیاریەکانی ڕاهێنان ئەوە نیشان دەدەن کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە جۆرەکانی ڕاهێنان کە ساڵانە وەردەگیرێن (شێوەی 5.3). ڕاهێنان لەسەر بابەتەکانی بەرنامەی خوێندن زۆر بڵاو بوو بەدرێژای 4 ساڵ لە ماوەی 7 سالی ڕابردوو. ساڵانە ئەم ڕاهێنانە بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری بابەتە ئەکادیمیەکان دەسوڕێتەوە زیاتر لەوەی لەسەر هەموو بابەتەکان بێت. بۆ نمونە ڕاهێنان لەسەر بیرکاری و زانست پێشکەشکرا لە سالی 2007 تا 2011 وە عەرەبی پێشکەشکرا لە ساڵی 2011 و 2012 دا.

ڕاهێنانی سەرپەرشتیارەکان بە نزیکەی هەموو ساڵێک پێشکەش دەکرێت هەرچەندە هەمەجۆرە لە بڵاوبونەوەدا. ڕاهێنانی پێش خزمەت و ڕاهێنانی گەشە پێدانی توانا هەموو ساڵێک پێشکەش دەکرێت بەڵام بەشداری کردن تێیدا جیاوازە. لە ئانجامی بەشداری کردنی ڕێژەیەکی زۆر لە مامۆستایان لەو ڕاهێنانانەی کە باڵوێزخانەی بریتانیا پێشکەشی

کرد لەساڵی 2013 بوە هۆی دەستپێکێک بۆ وەزارەتی پەروەردە کە بۆیەکەم جار دەست بکات بە ڕاهێنان لە چوارچێوەیەکی بەرفراواندا بە بەکارهێنانی فۆرمی هەڵسانگاندنی کەسێتی مامۆستا.[8]

بەشداری کردنی مامۆستایان لە وەرگرتنی ڕاهێنان لە بابەتە ئەکادیمیەکاندا جیاوازە. لە ڕاپرسی 2010 ی مامۆستایاندا، مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی و زانست زیاتر ئاماژەیان بە وەرگرتنی ڕاهێنان کرد لە دوو ساڵی ڕابردودا لەکاتیکدا مامۆستایانی زمانی عەرەبی و بیرکاری لەنێو ئەوانەدا بون کە کەمتر ڕاهێنانیان وەرگرتبوو (خشتەی 5.1). بەرنامەی وەزارتی پەروەردە لە جەخت کردنەوە ی ڕاهێنان لەسەر چەند بابەتێکی دیاری کراودا زیاترە وەک لە پێشکەشکردنی ڕاهێنان بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەموو بابەتەکاندا. لەوانەیە هۆکاری ئەم جۆراو جۆریە بێت هەموو ساڵێک.

زۆرێک لەوانەی کە ڕاهێنان پێکراوە پێان وایە کە کەم و کوڕی لە پێداویستیەکاندا هەیە.[9] مامۆستایانی زمان زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە ڕاهێنانەکان هەڵبسەنگێنن (هەرچەندە ئەوان لێرەدا کەمینەن) لەکاتێکدا مامۆستایانی بیرکاری و زانستەکان کەمتر ئەگەری ئەوەیان هەیە ئەو کارە بکەن. مامۆستایانی ناوەنی و دواناوەندی زیاتر ئاماژە بە کەمو کوڕی ڕاهێنانەکان دەکەن وەک لە مامۆستایانی بنەڕەتی.

لەو بوارانەی کە پەیوەندیان بە جێبەجێ کردنی بەرنامە نوێکەی خوێندنەوە هەیە وەک وانە وتنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکەو و بەکارهێنانی بابەتەکانی خوێندنی بەرنامەکە و چوارچێوەی کارەکانی. نزیکەی لەسەدا 70ی مامۆستایان

**شکڵی 5.3.**

**ڕێژەی سەدی هەموو بەشداربوان بەپێی جۆری ڕاهێنانە پێشکەشکراوەکان بوو لە هەولێر و دهۆک و گەرمیان لە ساڵێکدا.**




سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و زانیاریە کارگێرییەکانی مەشق.

**RAND** *RR960–5.3*

---

8 ئەم ڕاهێنانە بە شێوەیەکی یەک بەدوای یەک دەستەبەر دەکرێت لەماوی ٥ بۆ ٦ ڕۆژدا. بە گوێرەی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەل بەرپرسانی وەزارەتدا ئەنجام دراوە لە سالیَ 2013 دا، ئامانجیان ڕاهێنانی 15،000 بۆ 16،000 مامۆستاو بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارە تا کۆتای ساڵ. لە ڕابردودا، مامۆستایان بە پێوانەی وەزارەتی پەروەردە ڕاهێنانیان پێداکرا بەڵام باڵوێزخانەی بەریتانیا دەستەبەری پێوانەی ڕاهێنانێکی نوێی کرد لەسەر هەڵسەنگاندنی خود،کە ئامانج لێی مامۆستایان و بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیاران بوو. پێشتر، بەڕێوەبەری ناوەندی ڕاهێنان لەگەڵ سەرپەرشتیارەکاندا پێوانەکانیان دیاری دەکرد و دواتر بەکاردەهێنرا لە بەرنامەکانی ڕاهێناندا. پێوانە نوێکەی ڕاهێنان کە باڵوێزخانەی بەریتانیا بەکاری دەهێنێت دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەوەی کە پێشەوای خوێندنگەکان ومامۆستایان و سەرپەرشتیاران لەم ٦ بوارەدا ئەنجامی بدەن: (آ) شێوە و نەخشەی ستراتیجی و دڵنیای جۆری. (ب) بەڕێوە بردن. (ج) وانە وتنەوە و فێربوون. (د) گرنگی دان و پشتگیری خوێندکاران (ە) بەشداری کردن لەگەڵ کۆمەڵگا (و) ئەنجام و دەرەئەنجام.

9 داوا لە مامۆستاکان کرا کە ئاماژە بکەن بەوەی کە ئایا ڕاهێنانەکان وەک پێویست بووە یان کەمێک وەک پێویست یان وەک پێویست نەبووە بۆ پڕکردنەوەی پێداویسیەکانیان. هەردوو کۆمەڵەی (یان کەمێک وەک پێویست) ( وەک پێویست نەبووە) پێکەوە کۆکردەوە.

**خشتە 5.1**
**ڕێژەی سەدی ئەو مامۆستایانەی کە تۆمارکراوان لە هەندێک ڕاهێنانی دوو ساڵی ڕابردوودا وە پەشێک لەو مامۆستایانەی کە پێانوابووە لە ڕووی بابەتەوە ڕاهێنانەکان تەواون.**

| بابەت | ڕێژەی سەدی ڕاهێنانی ئەنجامدراو | ڕێژەی سەدی ڕاهێنانی ئەنجامدراو کە مامۆستایان پێیانوابووە ڕاهێنانەکان تەواون. |
|---|---|---|
| عەرەبی | 39 | 45 |
| ئینگلیزی | 58 | 43 |
| کوردی | 41 | 41 |
| بیرکاری | 42 | 34 |
| زانستی سروشتی و فیزیایی | 52 | 34 |
| زانستی کۆمەڵایەتی و ڕاوشتییەکان. | 54 | 31 |
| هونەرەجوانەکان و پەروەردەی فیزیایی | 39 | 42 |
| پەروەردەی ئاین | 35 | 24 |
| ئەدەب | 43 | 42 |
| تەواو | 45 | 39 |

سەروەرچاوەکان: ڕاپرسی مامۆستایانی ساڵی 2010 وەزارەتی پەروەردە ودامەزراوەی ڕەند.

تێبینی: 78 لەسەدی ڕاپۆرتی ڕاپسی مامۆستایان، لەگەڵ 93 لەسەدی مامۆستایانی بەشداربوو لە ڕاهێناندا لێدوانیان بەشیوەیەکی تەواو.

لە سەرچەم قۆناغەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن ئەو ڕاهێنانەی ئەنجامیانداوە بەپێی پێویست نەبووە، یان بەشێک لە پێداویستیەکانی پرکردونەتەوە (شێوەی 5.4). لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، مامۆستایانی بنەڕەتی زیاترلە مامۆستایانی ناوەندی( قۆناغی 7-9) و مامۆستایانی دواناوەندی(قۆناغی 10-12) ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕاهێنانەکانی ئەم بەرنامەی خوێندنە وەک پێویست نیە.

**پێشەنگیدان بە جۆری ڕاهێنان لە زاری مامۆستایانەوە**

لە ڕاپرسیەکانی ساڵی 2010 دا، داوا لە وەڵامدەرەکان کرد بە دیاری کردنی 3 گرنگترین بواری ڕاهێنان کرد لە نێوانی 14 بواری شیودا (خشتەی 5.2). ڕاهێنان لە ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندندا بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن لەسەدا 40ی مامۆستاکانەوە ئاماژەی پێکرا. لەلایەن هەمو قۆناغەکانەوە، جەخت کردنەوە لەسەر بەرنامەی نوێی خوێندن چ پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەبێت چ پەیوەندی بە ڕێگەکانی فێرکارییەوە هەبێت گرنگیەکی بەرچاوی هەیە. ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت، ڕاهێنان لە ناوەڕۆکی بابەتدا، گەشە پێدانی نەخشەی وانە وتنەوەی ڕۆژانە، بەکارهێنانی پێکهاتە و بابەتی خوێندن، وە گۆڕنکاری لە بەرنامەکەدا بۆ دابین کردنی پێداوستی خوێندکاران. ڕاهێنان لە بابەتی ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی. نزیکەی لەسەدا 50 مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی هەڵی دەبژێرن بە یەکێک لە 3 بوارە گرنگەکە. ڕێژەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی بنەڕەتی( لەسەدا 37) ڕاهێنان لە گەشەپێدانی نەخشەی وانە وتنەوەی ڕۆژانە وەک یەکێک لە 3 بوارە گرنگەکە دەستنیشان دەکەن. نزیکەی لەسەدا 35 مامۆستایانی قۆناغی 7-9 پێیان وایە ڕاهێنان لە بەکارهێنانی پێکهاتە و بابەتی خوێندن وە گۆڕنکاری یان زیاد کردن بۆ بەرنامەکە بۆ گونجاندن لەگەڵ پێداوستی خوێندکاران یەکێک لە 3 بوارە گرنگەکە.

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، هەرچەندە ئەو ڕێژەی ڕاهێنانەی تەرخان کراوە بۆ بەرنامەی خوێندن گەورەیە و هەمە جۆر و ساڵانەیە، لەگەڵ ماوەی درێژ لە نێوان ڕاهێنانی هەر بابەتەتێدا. زیاد لەوەش، بەشی زۆری مامۆستایان کە بەشداری لە ڕاهێنانی بنچینەکانی ئەم بەرنامە نوێیەدا دەکەن لەسەنتەرەکاندا زۆر زیاترە لە جۆرەکانی تری ڕاهێنانەکان. بەمەش بەشێکی کەم مامۆستا دەمێنێتەوە بۆ ڕاهینانەکانی تر. لە ساڵی 2013 دا، ڕێژەیەکی زۆری مامۆستایان ئاشنا بوون لەگەڵ جێبەجێکردنەکانی ئەم بەرنامە نوێیە، بەڵام بەرپرسانی خوێندنگا و مامۆستایان

**شکڵی 5.4**

**ڕێژەی سەدی مامۆستایان ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئەو ڕاهێنانەی پێشکەشیان کراون لە بوارێکی دیاری ڕێژەیەکی باش بووە بۆ بە دەستهێنانی پێوێستییەکانیان، بە هۆی ئاستی نمرەکانەوە**




سەرچاوەکان: ڕاپرسی MoE و RANDی مامۆستایان بۆ ساڵی 2010.
سەرنج: لە سەدا 93ی ئەو مامۆستایانەی کە ڕاپۆرتی مەشقیان وەرگرتووە.
**RAND** *RR960–5.4*

بەشێوەیەکی گشتی هێشتا ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕاهێنانی بنچینەی ناوەڕۆکی ئەم بەرنامەیە تەرخان کراوە یەک ڕۆژ لە ساڵێکدا کە زۆر لە بەشدار بوان ئەوە نیشان دەدەن کە وەک پێویست نیە. ئەمە چەند بەڵگەیەکمان نیشان دەدات لەسەرنە بونی گونجاندن لە نێوان ڕاهێنان و پێداوێستیەکانی مامۆستادا. وە گفتوگۆ لەسەر دەرکەوتەکانی دەکەین لە خوارەوە.

هۆکاری ئەم کێشەیە ئەوە بوو کە مامۆستایان وانەیان ئەوتەوە لەدەرەوەی پسپۆریەکەیان. لە ڕاپرسی ساڵی 2010 سێیەکی مامۆستایان ئاماژەیان بەوە کردوە کە وانەوتنەوەکەیان بەدەر لە پسپۆری خۆیانە (ڤێرنز، کولبێرتسن و کۆنستانت 2014). لەماوەی ساڵی 2013 لەئەنجامی سەردانیکردنی خوێندنگایەک بەرێوبەرەکە پێی ڕاگەیاندین کە خوێندنگاکە مامۆستای ڕاهێنراوی فیزیا و بایەلۆجی وانەی کیمیا ئەڵێنەوە لەبەر نەبونی مامۆستای ڕاهێنراوی کیمیا. هەروەها بەرێوبەرەکە وتیشی کە مامۆستاکان ڕێگە پێدراون بە وەرگرتنی ڕاهێنان تەنها لە بواری پسپۆریەکەیاندا بێگوێدان بەو بابەتانەی کە لە ڕاستیدا دەیڵێنەوە. ئەمە، لەوانەیە پێویست نەکا مامۆستا بە تەنها فێربکرێ لەدەرەوەی پسپۆریەکەی خۆی بەڵام هەروەها ناکرێ بەشدار بێت لەو ڕاهێنانە بۆ ئەو مەبەستە.

**ڕاهێنانی مامۆستا لەسەر گونجاندنی لەگەڵ بارو دۆخی پۆلدا.**

لەهەردوو ڕاپرسی ساڵی 2010 وجەخت کردنەوە ی کۆبونەوەی گروپەکان ساڵی 2013 مامۆستاکان تێبینیان کرد کە هەندێ بابەت هەرچەندە پڕ زانیارین بەڵام پەیوەندیدار نەبون بە بارودۆخی ئاسای پۆلەوە. مامۆستاکان ئاماژەیان بەوە کردوە کە چەند هاندانێکیان پێگەشتوە بۆ بەکارهێنانی ڕێوشوێنی تازە وەک زانیاری کە خوێندکار تێیدا بنچینەیە و بەگروپکردنی خوێندکاران و بەکارهێنانی زانیاری تەکنەلۆجی. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستاکان چەند بارودۆخێکی جۆراو جۆری ناو پۆلیان بەبەڵگە هێنایەوە کە ڕێگر بووە لە جێبەجێکردن.

ڕاپرسی مامۆستایان لە ساڵی 2010 دا ئاماژە بەوە دەکات کە جێبەێکردنی ڕێنماییەکانی بە بنچینەکردنی خوێندکار لەپۆلدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ، لەبەر بونی ژمارەیەکی زۆر خوێندکار لەپۆلدا، (لەسەدا 65

**خشتە 5.2**
**ڕێژەی سەدی ڕاپۆرتی ڕاهێنانی مامۆستاکان وەک لوتکەیەکی هەرسێ بوارە هەرەگرنگانە وە ڕایدەگەیەنن کە ئەوان و هاوتەمانەکانیان ئامەدەدەکرێن لەم بوارەدا.**

| جۆری ڕاهێنانی پێویست | ڕێژەی سەدی ڕاپۆرتی ڕاهێنان وەکو لوتکەیەکی رسێ هەرەگرنگانە | ڕێژەی سەدی خودی ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئامادە کراون | ڕێژەی سەدی ڕاپۆرتی کە هاوتەمەنەکانیان ئامادە کراون |
| --- | --- | --- | --- |
| جەختکردنەوە لە ناوەڕۆکی بەرنامەکە | 40 | 48 | 39 |
| گەشەکردنی پلانی وانەکان | 34 | 79 | 66 |
| بەکارهێنانی بەرنامەی خوێندن وانەکان | 33 | 39 | 33 |
| گۆڕان یان زیادکردن بۆ بەبەرنامەی خویندن | 30 | 36 | 35 |
| ئامادەکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە | 29 | 78 | 69 |
| جێبەجیکردنی ڕێنمای ناوەندی خوێندکاران | 26 | 43 | 40 |
| توشبونی خوینکاران بە بیرکردنەوەی شلۆق | 23 | 53 | 43 |
| بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فێرکاری | 19 | 20 | 22 |
| گۆڕانی مەوداي بەرنامەیەکە | 18 | 39 | 37 |
| بەڕێوەبردنی پۆل | 15 | 64 | 51 |
| گروپی خوێندکاران | 14 | 38 | 36 |
| دیاریکردنی پێویستی یە پەروەردەییە تایبەتەکان | 13 | 48 | 41 |
| گەشەکردنی فێربوونی هەڵسەنگاندن | 12 | 64 | 53 |
| دیاریکردنی پێویستییە هەمەجۆرەکانی خوێندکاران | 11 | 49 | 40 |

سەرەوەرچاوەکان: ڕاپرسی ساڵی 2010ی وەزارەتی پەروەردە ودامەزراوەی پەروەردەی ڕەند لەسەر مامۆستایان.

تێبینی: 78 لەسەدی ڕاپۆرتی ڕاپسی مامۆستایان. پێوانە بریتی لە ڕێژەی سەدی پلانی مامۆستایان بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی سێ لە بوارە هەرەگرنگان بۆ ڕاهێنان. 95 لەسەدی مامۆستایان ڕاپۆرتیان لەسەر خۆ هەڵسانگاندان داوە، وە 80 لەسەدی مامۆستایان ڕاپۆرتیان لەسەر هەڵسانگاندان هاوتەمەنەکانیان داوە.

کەموکوڕی خوێندکار لە خۆئامادەکردنێکی ئەکادیمیانە (لەسەدا 50) وە کەموکوڕی لەکاتی وانەدا(لەسەدا 48). ئەم وەڵامانە بەشێوەیەکی گشتی هاوشیوەیە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

هەروەها دەربڕینی پەرۆشی مامۆستایان دەربارەی ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی پۆلەکان، ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکاران بکرێن بە چەند گروپێکەوە و ڕێگەیان پێبدرێت بۆ هەڵبژاردنی شوێنی دانیشتن لە ناو پۆلدا. مامۆستایان قورسی جێبەجێکردنی ئەو ستراتیجیە نوێیەیان دەربڕی بەبێ ڕاهێنانێکی گونجاو ئەنجامدانی ئەوکارە بەتایبەتی لە پۆلە چڕەکاندا. بەڕێوەبەری خوێندنگایەکی بنەڕەتی ئاماژەی بەوە کرد کە یاسا نوێکانی بەڕێوەبردی پۆلەکان کەمترین دەسەڵاتی بۆ مامۆستاکان هێشتۆتەوە بۆ بەڕێوەربدنی پۆلەکانیان.

هەروەها لەکۆتایدا، مامۆستاکان پرسیاریان کرد سەبارەت بە ڕاهێنان بۆ جێبەجێکردنی ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە بۆ وانەووتنەوە بەکاردین. ئەوان ئاماژەیان بەوەدا کە لاوازی ژێرخانی ئابوری و کەمی سەرچاوەکان لەبەربەستە سەرەکیەکانن لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو تەکنەلۆجیایانەدا (ڤێنز، کەڵبێرستن، کۆنستەنت، 214). هەندێک مامۆستا تێبینی ئەوەیان کرد کە پۆلەکانیان کێشەی کەمی ئامێرەکانیان هەیە بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن وەک تەکنەلۆژیای زانیاری لەوانەش ڤیدیۆ بۆ پیشاندانی وانەکانیان. لەڕاستیدا، زۆربەی پۆلەکان تەنانەت کێشەی کەمی تەکنەلۆژیای زانیاری سەرەتاییان هەیە

#### دەرکەوتەکانی کێشەی کەموکوڕی لە هەماهەنگی.

یەکێک لە دەرکەوتەکان کە بریتیە لە کەمی ڕاهێنانی پێویست کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ پێداویستیەکانی مامۆستا بە تایبەتی دەربارەی پرۆگرامی نوێ ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆگرامە نوێکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمەش بە ڕوونی لە لێکۆڵینەوەکەدا دەردەکەوێت ، کە تێدا داوا لە مامۆستاکان کراوە بۆ ئەوەی کە ئامادەکاریەکانی خۆیان و هاوپیشەکانیان هەڵسەنگێنن کە ئەنجامیان داوە بۆ چالاکیەکی دیاریکراوی فێرکای (خشتەی 5.2). وەڵامەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بەشێکی زۆري مامۆستاکان هەستیان کردوە کە ئەوان ئامادەباش نەبوون بۆ ئەوەی زۆربەی لایەنەکانی بەرنامە نوێکە جێبەجی بکەن، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی مامۆستاکان ئامادەکاریەکانی خۆیانیان باشتر هەڵسەنگاندبوو بە بەراورد بە هاوپیشەکانیان. کەمتر لە نیوەی مامۆستاکان هەڵسەنگاندنیان بۆ خۆیان کردوە و لە سەدا چلی هاوکارەکانیشیان هەڵسەنگاندوە وەک ئەوەی ئامادەبن بۆ ووتنەوە پێکهاتەی بەرنامە نوێیەکە. کەمتر لە سەدا 40 ی مامۆستاکان دەنگیان بە خۆیان و هاوپیشەکانیان داوە وەک نیشاندانی ئامادەباشی بۆ بەکارهێنانی پێکهاتە و بابەتەکانی بەرنامەیی خوێندنەکە، و گۆڕین یان زیادکردنی بەرنامەکە بەشێوەیەک کە بگونجی لەگەڵ پێداویستی فیربونی خوێندکارەکاندا، وە هەروەها بۆ تاقیکردنەوە یان گۆڕینی مەودا یان ڕیزبەندی لە بەرنامەکەدا. مامۆستاکان باوەڕیان وابوو کە تەنها نزیکەی لەسەدا بیستی خۆیان یان هاوپیشەکانیان بە شێوەیەکی پێویست ڕاهێنانیان پێکرابێت بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا فێرکاریەکان.

بەشێوەیەکی گشتی، وا دەرناکەوێت کە مامۆستاکان نە ئەو ڕاهێنانەی پێکردنەیان بەدەستهێنابێ کە دوای دەکەن و نە بەرنامەکە و پشتیوانی فێرکاری کە پێویستن بۆ بەرەوپێشبردنی وانەوتنەوەکانیان. لە ڕاهێنانی زیاتردا پێویستە جەخت بخرێتە سەر ناوەڕۆک و بەرنامەی خوێندنەکە، وە گرنگی بدرێت بە ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی وانە ووتنەوە و ڕێگا فێرکاریە نوێیەکان بۆ هەموو ئەو بارودۆخانەی کە مامۆستاکان ڕوبەڕیان دەبنەوە لە نێو پۆلەکاندا. بەهەمان شێوە، بەو پێیەی کە ڕابەری خوێندنگەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن وەک ڕابەری فێرکاری ، پێویستە ڕاهێنانەکان هاوکاری بەڕێوبەری خوێندنگەکان بکەن بۆ ئەوەی پشتیوانی مامۆستاکان بن لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خوێندنەکەدا.

### پێشنیازەکان

لەدوای هەڵسەنگاندنی ڕاهێنانە کرداریەکان لە ماوەی خزمەتکردندا، وە پێداویستیەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، ئێمە ئەم پێشنیازانەمان خستەڕوو دەربارەی ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکە و ڕێگەی گەیاندن و خاڵە گرنگەکان.

#### بەستەوەی ئەو ڕاهێنانانەی کە لە کاتی خزمەتکردندا ئەنجامدەدرێن بە پلانە بەرفراوانەکەی وەزارەت بە مەبەستی چاکسازی دەرئەنجامە پەروەردەییەکان.

ناوەڕۆک و دوبارەبوونەوەی ئەو ڕاهێنانانەی کە لە کاتی کارکردندا ئەنجامدەدرێن تایبەتین، بەشێوەیەک کە زیاتر پشتدەبەستن بەوەی کە ئاسان و بەردەستە نەک بەوەی کە پێویستە بە شێوازێکی بەرنامە بۆ داڕیژراو زانیاری و ڕێگای فێرکاری مامۆستاکان بەرەوپێش ببرێت. وەزارەتی پەروەردە پێویستە ستراتیجیەکی ڕاهێنانی درێژخایەن بەرەو پێش ببات بۆ ئەوەی توانای مامۆستاکان زیاتر بکات لە گەیاندنی ناوەڕۆکی بەرنامەکە بەشێوەیەکی کاریگەر، وەهەروەها وەزارەت پێویستە ڕێبەری باشتر فەراهەمبکات لەسەر پلاندانانی وانەکان، پیشە پەروەردەییەکان و ڕێگاکانی تری پرۆگرامی خوێندن. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە بەڕێوبەری قوتابخانەکان و سەرپەرشتیارەکان و ستافە باڵاکان ببن بە ڕابەری پەروەردەیی بەشێوەیەک کە هاوکاری بەرزکردنەوەی پیشە پەروەردەییەکان بکەن بۆ ئاستێکی باشتر. لەنێو بەشەکانی پلانەکەدا دەبێت پلانێک هەبێت بۆ ئامادەکردنی ڕاهێنەران، دووبارەبوونەوەی گونجاو و ماوەی ڕاهێنانەکان وە هەروەها میکانیزمێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی ڕێکخراوەکان کە ڕاهێنەنەکان پێشکەش دەکەن یاخود هاوکاری دەکەن. ئەمەش دەبێتەهۆی گونجاندنی ڕۆڵی ڕێکخراوە دەرەکیەکان و هاوشانکردنیان لەگەڵ ئامانجەکانی وەزارەتدا. لەئێستادا سەرای بوونی یەک دەنگی لەسەر ئامانجە گشتیەکان کە بریتین لە بەرەوپیش بردنی بەڕیوبەرەکان و بەهێزکردنی زانیاری و کارامەیی مامۆستاکان، بەڵام تێکەڵبوون و نەبونی ڕێکخستن و نەبوونی پەیوەندی بەردەوام هەیە لە نێوان ڕێکخراوەکان و پلانە بەرفراوانەکەی وەزارەت بۆ بەرەوپێشبردنی سیستەمی پەروەردە. پلانێک کە بنیات نرابیت لەسەر هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانە بۆ پێداویستەکانی ڕاهێنان، دەبێتە هۆی هاوکاریکردنی ڕێکخستنی هەوڵەکان بەپێی گرنگیان، بەتایبەت بە خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینە ئەو هەلومەرجانەی کە ئەمرۆ ستافەکان لە نێو خوێندگە و

پۆلەکاندا ڕووبەڕویان دەبنەوە وەهەروەها ئەمە یارمەتی وەزارەت دەدات کە ڕاهێنانەکانی ئاڕاستەی ئەو شوێنانە بکات کە زۆرتر پێویستیان پێیەتی.

**بەکارهێنانی ئەو ڕاهێنەرانەي كة دةوامي تەواو دةكەن بۆ ئەوەی ڕاهێنانەکان لەکاتی دەوامدا پێشکەش بکەن.**

لە ئێستادا، ڕاهێنەرەکان بە شێوەیەکی نیو دەوام و خزمەت دەکەن بەشێوەی نوبە، کە دەگونجی ئەمە ببێتە ڕێگری لەبەردەم بەرەوپێشبردنی کارامەیی ڕاهێنەرەکان کە لێیان داواکراوە. وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت کە کێشەکە ئاسانتر بکات بە پارێزگاریکردن لەو کادیرانەی کە ڕاهێنەری پرۆفیشناڵن و خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەم هەوڵە. ئەم ستافانە بە درێژایی ساڵ ڕاهێنان پێشکەش دەکەن وە بۆخۆشیان ڕاهێنان وەردەگرن لەسەر ڕێگە نوێیەکان کە دەگونجی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕاهێنەرەکان ڕاهێنانێکی چڕوپڕیان پێدەکریت بۆ یارمەتیدان لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندنەکەو ڕێگا پەروەردەییەکان بۆئەوەی لە بەرامبەردا بتوانن ڕاهێنانێکی باش بە ستافی خوێندنگەکان بکەن. ئەم جۆرە ڕاهێنەرانە دەتوانن خولی کورتخایەن ڕێک بخەن بەپێی پێویستیەکان، وە هەروەها پرۆگرامی درێژخایەنی ڕاهێنان لە پشووی هاویندا پێشکەش بکەن. بە ستاندارکردنی ڕاهێنانەکان، وەزارەتی پەروەردە دڵنیا دەبێتەوە کە مامۆستاکان دەتوانن دەستیان بگات بە هەمان ماددە و سەرچاوەکانی ڕاهێنانەکە، وە ئەو ڕاهێنانەش کە هاو شە لەگەڵ بەرنامەی خوێندنەکەدا (ڤیرنز، کەڵبیسترن، کۆنستانت 2014).

**گرنگی (یەکەمێتی) بدرێت بە ڕاهێنانی ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندن.**

لە چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی گروپەکان و ڕاپرسیەکانی مامۆستاکانمان لە ساڵی 2010دا زۆرترین شت کە جەختی لێکراوەتەوە بریتی بووە لةهاوکاریکردنی جێبەجێکردنی بەرنامە نوێکەی خوێندن. وەزارەتی پەروەردە ڕاهێنانی لەسەر بەرنامە نوێیەکە پێشکەش کردووە بەتایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتای جێبەجێکردنی بەرنامەدا بەڵام مامۆستاکان داواکاری خولی ڕاهێنانی بەردەوامن نەک خولەکان کە ناو بەناو دەکرێنەوە و ماوەیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. بەبۆچونی زۆریک لەو مامۆستایانەی کە ڕاهێنانیان پێکراوە پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکە، ئەوان دەڵێن ناوەڕۆکی بابەتەکان نامۆ و قورسن بەبێ هاوکاری پێویست و ڕونکردنەوە. ئەمە دڵەڕاوکێی زۆر دروست ئەکات بەتایبەت بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی پسپۆڕی خۆیان نالێنەوە. وەزارەت ناچارە کە هەندێک مامۆستا تەرخان بکات بۆ ئەوەی بۆشاییەکانیان پێ پڕبکاتەوە بۆ چەند بابەتێکی دیاریکراو، بەڵام دەبێت وەزارەت دڵنیاببێتەوە کە ئەو مامۆستایانە ڕاهێنان و ئامادەکاریان پێدەکرێت لە سەر وانە نوێیەکان پێش ئەوەی تەرخانبکرێن. ئەوەش شتێکی سەیر نیە، کە مامۆستایەک کە خودی خۆی زانیاریەکی قوڵی هەبێت ئەوا دەبێتە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی خوێندکاران و دەسکەوتە ئەکادیمیەکانیان. ( هیل، ڕۆوان، بۆڵ، ٢٠٠٥، یون و هاوکارەکانی 2007) (گلێو و کرێمەر 2005) ( کلێوێل و هاوکارەکانی 2004).

بەشداربووەکانی چاوپێکەوتن و گردبوونەوە گروپیەکان ئاماژەیان بەوەش داوە کە مامۆستاکان سود لە چاودێری سەرپەرشتیارە بەتواناکانی پۆلەکانیان، وە شێوازە نمونەییەکانی وانەووتنەوە دەبینن کە بۆ هاوکاریکردنیان لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی خوێندن ئامادەکراوە. ئەمەش دەتوانێت ئەو ڕاهێنانانەی کە لە کاتی دەوامدا ئەنجامدەدرێن درێژتر و بەفراوانتریان بکاتەوە. ڕابەری خوێندنگەکان و مامۆستاکانیش بەهەمانشێوە دەیانەوێت کە سەرپەرشتیارەکان کەسانی چالاک و کاریگەر بن لە هاوکاریکردنی ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندنەکە، ڕێنمای چۆنیەتی پێشکەشکردنی وانەکان و باسکردنی بۆچونی خۆیان سەبارەت بە وانەکان دوابەدوای چاودێریکردنی وانەکان. لە ڕاپرسیەکەی ساڵی 2010 ی مامۆستایاندا ، لە سەدا ٤٠ی مامۆستایان ئاماژەیان بەوە داوە کە سەرپەرشتیارەکان ڕۆلیان نەبینیوە لە هاوکاریکردنی مامۆستایان لەسەر جێبەێکردنی بەرنامە نوێیەکان و یاخو پێدانی ڕێگەی گەیاندنی زانیاری و فێرکاریەکان. سەرەڕای ئەوەش هیچ بۆچون و ڕای خۆیان لەسەر وانەکان نەداوە لەسەر چۆنیەتی وانەوتنەوەکان. ئەمەش لە چاوپێکەوتنەکانی ساڵی 2013 دا جارێکی تر ئاماژەی بۆ کراوەتەوە. سەرپەرشتیارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵی هەڵسەنگێنەریان هەیە، بەڵام ئەو ڕۆڵە نابینن کە مامۆستاکان زۆرتر پێویستیان پێیەتی کە بریتیە لە هاوکاریکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەی خوێندنەکە و پیشاندانی ئەو ڕێگایەی کە دەتوانریت بەکار بهێنرێت لە پۆلەکاندا بۆ ئەوەی وانەکە بەباشی بگەیەنرێت بە خوێندکار.

**بە ڕەچاوکردنی ئەو هەلو مەرجەی ئەمڕۆی پۆلەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

لەو چەند ڕاهێنانانەی ئەم دواییانەدا ، مامۆستاکان هاندراون بۆ جێبەجێکردنی وانەوتنەوەیان بە شێوازێک کە خوێندکار بەشی سەرەکی پۆلەکان بێت نەک شێوازی کۆنی ڕێکخستنی وانەکان کە تێدا مامۆستا سەرەکی بوو. ( کارکردنی خێندکاران بەکۆمەڵ، ڕێگەدان بە خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی شوێنی دانیشتنیان)، وە هەروەها زانیاریشیان پێدراوە

لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا فێرکاریەکان. هەرچەندە مامۆستا و بەڕێوبەری خوێندنگەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە ئەم ڕێگایانەی فێرکردن ئەستەمە جێبەجێبکرێت لە پۆلە قەرەباڵغەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بە بونی ئەو ژێرخانە ئابوریە لاوازەدا. تیشکخستنەسەر ئەو ڕێگایانەی کە ناتوانرێت جێبەجێبکرێن لە هەلومەرجی پۆلەکاندا دەبێتە هۆکاری بار و قورسیەکی زیاتر لەسەر شانی مامۆستایان، و بە پێچەوانشەوە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر جۆرێتی فێرکاییەاکن( ڤێنز، کەڵبێرستن، کۆنستەنت، 2014). ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری گرنگ لەهەمان کاتدا، بەتایبەتی لە جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێدا کە مامۆستایان ئاماژەیان پێداوە توشی کێشەی گەورە بوون لە جێبەجێکردنیاندا. لەبەر ئەوە، باشترە ڕاهێنانەکان زیاتر جەخت بکەنەوە لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە لایا ئاشنایە بۆ مامۆستایان، بەتایبەتی ئەو ڕێگایانەی کە سەلمێندراون کاریگەرن.[10]

بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی پۆلەکان و شێوازی ڕاستەقینەی خوێندنگەکان بۆ ڕاهێنان، سێ ئامانجی گرنگ بەدەست دەهێنرێت: (1) بەرزکردنەوە وگەشەپێدانی جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئەو ڕێگایانەی فێرکاری و وانەووتنەوە کە لە ڕاهێنانەکاندا باسکراون. (2) ڕێگریکردن لە توشبوون بەبێ ئومێدی سەبارەت بە ڕاهێنانەکان. (3) هاندانی بەشداربوان بۆ ئامادەبوون و بەشداریکردنی گەرموگوڕ لە داهاتوودا.

### هەڵسەنگاندی پێداویستیەکانی ڕاهێنان بە شێوازێکی ڕێک و پێک

ڕاپرسی ڕاهێنان پێویستی بە کارگێڕی هەیە لە 2010، وە ئەوەی کە لەم بەشەدا گفتوگۆی لەسەر کراوە، دەبێت کارەکە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەنجام بدریت بۆ ئاگاداربوون لە پێویستیەکانی ڕاهێنانە بەردەوامەکان و گەشەکردنی پرۆفیشناڵی بەشێکی زۆری ستافی وەزارەت کە مەبەست لە مامۆستایانە. ئەم جۆرە لێکۆڵنەوانەش بەشێوەیەکی باشتر تەواودەکرێن بە گردبونەوە کۆمەڵیەکان و چاوپێکەوتنەکانی مامۆستایان بۆ ئەوەی زانیاری ووردتر بەدەستبهێنن بۆ دیزاینکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان. لە هەندێک حالەت، لێکۆڵینەوە تایبەتیەکان یان کۆڕەکان دەتوانن یارمەتیدەربن لە دەست کەوتنی تێگەیشتنێکی قوڵتری پێویستیەکان، کە دواتر سودی دەبێت لە دروستکردنی بەرنامەکان بۆ بابەتە تایبەتیەکان.

ئەوەی کە ئێستا ئەزموون دەکریت لەسەر خۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان هەلێکی زۆر باشە تا زانیاری کۆ بکرێتەوە لەسەر پێداویستیەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لە تێڕوانینی مامۆستایان خۆیانەوە بۆ خولەکان. مامۆستاکان فۆڕمەکان پڕدەکەنەوە بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان. ئەمەش وەک پاشکۆیەک کۆ دەکرێتەوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ڕابەر و چاودێرەکان، کە ئەگەر بەشێوەیەکی پلانبۆداڕێژراو کۆبکرێتەوە ئەوا سەرچاوەیەکی باش دەبێت بۆ زانین و دیاریکردنی پێداویستیەکانی ڕاهێنان. ئەم هەڵسەنگاندنانە پێکەوە دەتوانن خاڵە لاوازە باوەکانی نێو مامۆستایان دیاری بکەن و هاوکاربن بۆ بنیاتنانی پلانێکی بەرفراوان بۆ ڕاهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

### هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ ئەوەی بەرەوپێشبردنی گونجاو بەدەست بێت.

یەکێک لە کلیلی پێکهاتە گرنگەکانی بەرەوپێشچوون بریتیە لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی ڕێکوپێک بۆ ئاڕاستەکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان لە داهاتوودا، وە باشترکردنی شێواز و پیادەکردنی ئەوانەی هەنوکەن. لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەنرخەکانە لەسەر خوێندنگە و خوێنکاران. هەڵسەنگاندنی کاریگەریەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر کارامەیی مامۆستا و دەرەنجامەکانی خوێندکاران دەتوانێت ببێتە ڕێگەیەک بۆ بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی بەرنامەکانی ئایندە. ڕێگەیەکی تاڕادەیەک ئاسان بۆ هەلسەنگاندن و نرخاندنی ڕاهێنانەکە بریتیە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی بەردەوام کە دوا لە بەشداربوانی ڕاهێنانەکە بکات خاڵە لاواز و بەهێزەکان هەڵبسەنگێنن.

ئەو سیستەمە زانیارییەی کە ناوەندی ڕاهێنان هەیانە پێویستە ئەوانیش بەرەوپێش ببرێن. لە ئێستادا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە چۆنیەتی و مەودای زانیاریەکان کە لەسەر ڕاهێنانەکان کۆکراونەتەوە لە نێو بنکەکانی ڕاهێناندا. هەندێک زانیاری نادیارە، و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، جۆری ئەو بەرنامەی ڕاهێنان کە باسکراوە لە زانیاریەکاندا ڕوون و ئاشکرا نیە. بەرەوپێشبردنی ئەم سیستەمە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت تاکو دڵنیا ببینەوەوە لە زانیاری دروست لەسەر جۆری ڕاهێنانەکە کە پێشکەش کراوە، جۆری بەرنامەکە، ژمارەی بەشداربوان و کارەکانیان وە چەند زانیاریەکی گرنگی تر.

---

[10] ئەمەش دەگونجێ ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت : ئامادەکردنی مامۆستایان بە پێدانی زانیاریەکی گشتی لەسەر ناوەڕۆکی کۆرسەکە لە سەرەتای وانەکاندا، ڕێکخستنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بەشێوازێکی ڕیزبەندی یەک لەدوای یەک، ئاماژەدان بە گۆڕانکاری لە نێوان بەشەکانی وانەکەدا، جەخت کردنەوە لەسەر خاڵەگرنگەکان، بەکارهێنانی نمونە بۆ بەرجەستەکردنی خاڵە جەوهەریەکان، وەستان لە شوێنی گونجاودا بۆ دڵنیابوونەوە لە تێگەیشتنی خۆوێندکاران، دوورکەوتنەوە لە پێدانی زانیاری ناپێویست، پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لەماوەی وانەکە و کۆتایەکەیشدا. ( چێرنس، کالبرستن، و کۆنستەنت، 2014. لاپەڕە 63،وەرگیراوە لە سکیرنیس 2000: چیلکۆت، 1989، یونسکۆ 2014).

# ئەنجام

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی جێگیر و بەردەوام هەوڵیداوە بۆ دارشتن و باشترکردنی کواڵیتی پەروەردە و فراوانکردنی دەسگەیشتن بۆ پەروەردەی بەر لە زانکۆ. لە ساڵی 2007، گۆڕانکاری بنەماکانی سیستەم و سیاسەتەکانی پەروەردەی کرد، بەلەخۆگرتنی پرۆگرامێکی خوێندنی نوێتر و زۆر ووردتر؛ هەستا بە فراوانکردنی پەروەردەی ئیلزامی تا پۆلی 9؛ سیاسەتەکانی کەم کردنەوەی رێژەکە کە قوتابیان پۆلەکە دووبارە دەکەنەوە؛ داواکاریەک کە هەموو مامۆستا نوێکان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت؛ لەگەڵ دوو تاقیکردنەوەی هەرێمیی.

بەڕێوەبردنی باشترکردنەکان لەو کاتەوە بەردەوام بووە. لە ساڵەکانی ئەم دواییانەدا، وەزارەتی پەروەردە دروست کردنی قوتابخانەی نوێی فراوانکرد بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەی بنەڕەتی جیهانی؛ پلانی بۆ ناوەندەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان دانا و گرێبەستی مۆرکرد؛ لێکۆڵینەوەی کرد بۆ پاڵپشتیکردنی قوتابخانەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان؛ هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوبەشانی نێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر خود-هەڵسەنگاندنی مامۆستایان؛ پلانی دانا بۆ کۆکردنەوەی داتا بە شێوەی خودکار بۆ تاقیکردنەوەکان؛ پشکنینی بۆ دەروازەکانی خوێندنی نێودەوڵەتی کرد لە بواری بیرکاری و زانست؛ هەڵسەنگاندنێکی جیهانی لەگەڵ گروپێکی بچووکی قوتابیان؛ پلانی پێشخست بۆ دامەزراندنی سێ ناوەندی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی هەرێمیی بۆ قوتابیانی دواناوەندی؛ و شتی زیاتریش. گشت ئەمە هێمایەکە بۆ پێشکەوتنێکی گونجاو و پتەو بەرەو ئامانجی پێشکەشکردنی خوێندنی جیهانی کواڵیتی بەرز بۆ قوتابیانی هەرێمەکە.

بۆ بنیاتنان لەسەر ئەم کارە، بەدوای ئەگەرەکانی پەرەپێدانی دڵنیایی جۆری گەڕاین بۆ قوتابخانەکان، پێکهاتەیەکی کارگێڕی وەزارەتی پەروەردە بۆ پشتیوانی کردنی هەنگاو و سیاسەتە نوێکان بۆ چاودێری کردن و هاندانی کەرتی قوتابخانە تایبەتەکان، و هەڵسەنگاندنی ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستا.

ئەم ڕاپۆرتە شیکاریەکەی ئێمەی لەم بوارانەدا دانا و ژمارەیەک ڕاسپاردەی پەرەپێدا. هەروەها شیکاریەکە ئاماژەی بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو کرد کە دەشێت وەزارەتی پەروەردە بەهەندی وەربگرێت لە درێژەپێدانی هەوڵەکانی بۆ باشترکدنی کواڵیتی و دەسگەیشتن. کۆتایی پێدەهێنین بە پوختکردنی ڕاسپاردەکانمان و هەروەها دیاریکردنی بیرۆکەکان بۆ هەوڵەکانی ئایندە.

### ڕاسپاردەکانی باشترکردنی کواڵیتی

لە خوارەوە، ڕاسپاردەکانمان پێشکەش دەکەین بۆ باشترکردنی کواڵیتی بەپێی بابەت. ئێمە درک بەوە دەکەین کە ڕەنگە چەندین هەنگاو هەبێت تا ئەنجام بدرێت و کە لەوانەیە شتێکی گونجاو بێت ئەم ڕاسپاردانە بە چەندین قۆناغ ئەنجام بدرێت، بەتێپەڕبوونی کات، تاوەکو ستافی بەڕێوەبردنی وەزارەتی پەروەردە و قوتابخانەکان تووشی شەکەتی نەکات بە گۆڕانکاریەکی زۆری بەیەکەوە.

**کارگێری وەزارەتی پەروەردە**

- پەرەپێدانی پێکهاتەیەکی نوێ کە پشتیوانی هەنگاوەکانی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبردنی بەردەوامی پەروەردە دەکات (پێکهاتەیەکی پێشنیارکراومان پێشکەش کردووە).
- ژمارەی ڕاپۆرتە ڕاستەوخۆکان (مەودای کۆنترۆڵ) بۆ بەڕێوەبەرە باڵاکان کەم دەکاتەوە.
- هێڵی ڕوونی دەسەلاتی جێبەجێکار دروست دەکات.
- بەرپرسیاریەتیەکانی وەزیر و بریکاری وەزیر دابەش دەکات لە نێوان دانانی دید، پلاندانانی ستراتیجی، و کاروبارە دەرەکیەکان و کاروبارە ناوخۆییەکان.
- لۆدی کاری ڕۆژانەی وەزیر سنووردار دەکات لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی بابەتە ڕۆتینیەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت جەخت بکاتە سەر دانانی دید، بەڕێوەبردنی ستراتیجی، و پەیوەندیە دەرەکیەکان.
- دڵنیای دابەشکردنی تەواوکەر و یەکخستنی کردارەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات بۆ هاندانی بەڕێوەبردن و بڕیاردانی هەماهەنگیکراو.
- بەیەکەوە بەستنەوە و هەماهەنگی ئاسان دەکات لە نێوان چالاکیە تەواوکەرەکان و کردارەکانی وەزارەتی پەروەردە.
- دروستکردن و بەکارهێنانی کۆمەڵێک وەسفی کار بۆ بەڕێوەبەرە باڵاکان (کۆمەڵێک وەسفی کاری پێشنیارکراومان لە پاشکۆدا پێشکەش کردووە).

**دڵنیایی جۆری قوتابخانە**

- پەرەپێدانی پرۆگرامێکی دڵنیایی جۆریی قوتابخانە بۆ چاودێریکردنی قوتابخانە، لەگەڵ فۆکەس کردنە سەر خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە، خود پەرەپێدان، و یارمەتیدانی قوتابخانە.
- هاندانی ڕێگەی هەماهەنگیکار لە نێوان سەرپەرشتیاران و قوتابخانەکان بە بەکارهێنانی
  - خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە
  - پشکنینی دەرەکی (لەگەڵ ئاستی پشت بەستن بە ئەدای قوتابخانە)
  - پلانەکانی خود-پەرەپێدانی قوتابخانە کە بە هاوکاری پێشخراوە.
- جێبەجێکردنی چاودێریکردنی قوتابخانە بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت: ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردن و بەشداری کردن لە چاودێریکردنی قوتابخانە.
- پێشکەش کردنی ئاستی جیاوازی چاودێریکردن و یارمەتیدانی قوتابخانەکان، بەگوێرەی "ئاستی بایەخ".
- دامەزراندنی پێکهاتەی پشتیوانیکەر، بەلەخۆگرتنی لیژنەیەکی ڕێنوێنی کردن، و دەسنیشانکردنی ڕۆڵەکان و بەرپرسیاریەتیەکان بۆ نووسینگە و قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردە.
- پەرەپێدانی کۆکردنەوەی داتا و توانای شیکاری.
- پەرەپێدانی نیشاندەری بوارەکان، نیشاندەرەکان و ئامانجەکان.
- پەرەپێدانی ڕێنمایی گشتی دڵنیایی جۆری قوتابخانە و هەڵسەنگاندنی خشتەکان.
- خود-هەڵسەنگاندنی قوتابخانە و ڕێنماییەکانی پەرەپێدانی قوتابخانە پەرە پێدەدات.
- پێشکەش کردنی ڕاهێنان بۆ ستافی وەزارەت و قوتابخانە بۆ جێبەجێکردنی دڵنیایی جۆری قوتابخانە.
- توانای قوتابخانە بنیات دەنێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەدا لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەشدارکردنی قوتابخانە لە خود-هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی پشتگیری پێویست.

**چاودێریکردن و هاندانی قوتابخانە تایبەتەکان**

- دانانی بنەماکان بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتەکان، وەک هاوسەنگ کردنی ڕێنمایی و سەربەخۆیی، پەرەپێدانی کەلتورێکی خود-هەڵسەنگاندن و چاودێری کردن، دروستکردنی شەفافیەت، و بوونی ئامانج بۆ هەبوونی ڕێنمایی و چاودێریکردنی هەژمارکراو بە دادپەروەرانە.

- ڕێکخستنی سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکان بۆ قوتابخانە تایبەتەکان و پەرەپێدانی کەتەلۆکێکی سیاسەتی قوتابخانەی تایبەت.
- گونجاندنی چاودێری کردنی قوتابخانە تایبەتەکان لەگەڵ چاودێرییکردنی قوتابخانە، گونجاندنی هەمان سیاسەت و ڕێوشوێنەکان، لەگەڵ دەستکاریەکان بۆ قوتابخانە تایبەتە جیهانیەکان، بەپێی پێویست.
- کۆکردنەوە و لێکدانی داتای زیاتر دەربارەی قوتابخانە تایبەتەکان، بەلەخۆگرتنی داتای تاقیکردنەوەی هەرێمی و جیهانی، و داتای تری کواڵیتی.
- تواناداركردنی منداڵانی قوتابخانەی تایبەت تا بە تەواوەتی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق کارا بن لە ڕێگەی داواکردنی ئەوەی کە گشت منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق کوردی و عەرەبی بخوێنن و لە تاقیکردنەوە هەرێمیەکان بەشدار بن.
- ڕوونکردنەوەی سیاسەت و ڕێوشوێنەکان بۆ دامەزراندنی مامۆستا لە قوتابخانە تایبەتەکان (داواکاری ئەکادیمی، پشکنینەکانی باکگراوند، و سوودەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی).
- بڕیاردان لەسەر ئاستی ویستراوی پشتیوانی بۆ قوتابخانە تایبەتەکان (کە لەوانەیە قەرز بۆ قوتابخانەکان، پشتیوانی پارەی خوێندن، دابینکردنی پەرتوک، یان بەرزکردنەوەی پرۆگرامەکانی PPP بگرێتەوە).

#### ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستا

- بەستنەوەی ڕاهێنانی ناو خزمەت بە ستراتیجیەتێکی فراوانی وەزارەت بۆ باشترکردنی دەرەنجامەکانی پەروەردە.
- بەکارهێنانی ڕاهێنەری فول تایم بۆ پێشکەشکردنی ڕاهێنانی ناو خزمەت.
- گرنگیدان بە ڕاهێنانی تایبەت بە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن.
- گرنگیدان بە دۆخی ئێستای پۆلەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
- پێشکەشکردنی ڕاهێنانی ڕێک و گونجاوتر.
- هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی ڕاهێنان بە شێوەیەکی ڕێک.
- هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆگرامەکانی ڕاهێنان بۆ ئەنجامدانی باشترکردنەکان.

### هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی 12

لە سێ ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵێک ستراتیجیەتمان پێشخستووە بۆ باشترکردنی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق (Vernez, Culbertson, and Constant, 2014)، ڕاسپاردەی دیاریکراومان کردووە بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی (Constant et al., 2014)، و لەم ڕاپۆرتەدا بابەتە سەرەکیەکانی بەڕێوەبردن، دڵنیایی جۆری قوتابخانە، پشتیوانی کردنی قوتابخانە تایبەتەکان، پەرەپێدانی پسپۆری کاتی خزمەتگوزاری دیاریکراون. بۆ چاوەڕوانکردنی ئاینده، ڕەنگە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت زیاتر بەردەوامبێت لە بەرەوپیشچوونەکانی لە بەرەو پێشبردنی کواڵێتی و فراوانکردنی ڕێگاکان لە پەروەردەدا. باشترکردنەکانی کواڵێتی لەوانەیە لە چەند بوارێکی دیاریکراودا زۆر سوودبەخش بێت.

#### بەردەوام بوون لە جێبەجێکردنی ئەولەویاتەکانی پەروەردەی ستراتیجی

وەزارەتی پەروەردە ژمارەیەکی زۆر پلانی خستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە, و پێویستی بە کات و هەوڵی بەردەوام هەیە تا بگاتە ئەنجام.

#### پەرەپێدانی ستاندەرەکانی پەیڕەوی خوێندن

لە کاتی ئێستا وەزارەتی پەروەردە ستاندەری لێهاتوویی تێروتەسەڵی نیە بۆ قوتابیان بۆ ڕێنوێنی کردنی پەرەپێدانی پەیڕەوەکانی خوێندن و هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی قوتابیەکانی خۆی. لەوانەیە وەزارەتی

پەروەردە هەلسەنگاندن بۆ دەستکەوتەکانی تاقیکردنەوکان ئەنجامبدات بەبەراورد بە ستانداردی نێودەوڵەتی و ئینجا پێداچوونەوە و پەرەپێدانی ستاندەرە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

#### تواناسازی لە شیکاری داتا

گەرچی وەزارەتی پەروەردە توانایەکی پێشخستووە بۆ کۆکردنەوەی داتای قوتابخانەکان بەشێوەیەکی رێک، بەڵام توانای شیکردنەوەی ئەو داتایەی نیە کە کۆی دەکاتەوە جگە لە پێشکەشکردنی داتای وەسفی کەم. لەوانەیە وەزارەتی پەروەردە نووسینگەیەکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن دروست بکات و تواناکەی باشتر بکات بۆ کۆکردنەوەی داتای باوەڕپێکراو، پەرەپێدانی توانای لە شیکردنەوەی فایلی داتای گەورە، و هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆگرامە پەروەردەییەکان.

#### باشترکدنی ئامادەکاری قوتابخانەی دواناوەندی

لەوەتەی ساڵی 2008 چاکسازی پەروەردە لە تاقیکردنەوەی پۆلی 9 وەک مەرجی پێشوەختە بۆ چوونە قوتابخانەی دواناوەندی، چوونە قوتابخانەی دواناوەندی زۆر زیاتر زیادی کرد بەراورد بە هەر ئاستێکی تر. لەوانەیە وەزارەتی پەروەردە هەڵسەنگاندن بۆ کوالّیتی پەروەردەی پێشکەشکراو بکات بۆ باشترکردنی کوالّیتی و شیاوی بە بازاڕی کار و وەرگرتن زانکۆ.

#### پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی وەرگرتن لە زانکۆ

لە کاتی ئێستادا، ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت خوێندنی دوای ئامادەیی تەواو بکەن ئەوە دەخرێنە بوارێکی ئەکادیمی و کۆلێژێک لە سەر بنەمای نمرەکانیان لە تاقیکردنەوەی پۆلی 12، بەهۆی بەربەستەکانی کورسیە بەردەستەکان. گەرچی تا ڕادەیەکی سنووردار، خواستەکانی قوتابی و کۆلێژ زۆرجار بەهەند وەرناگیرێت. لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری سیاسەتی وەرگرتنی ئێستا هەڵبسەنگێنێت و بە پێی پێویست پێداچوونەوە بۆ ئەم سیاسەتانە بکات.

## وەسفی کارەکان بۆ پێکهاتەی ڕێکخراوی پێشنیارکراو

لەم پاشکۆیە، وەسفی کارەکان پێشکەش دەکەین بۆ بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرەکان:


بریکاری وەزیر ........ 88
بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گشتی ........ 90
بەڕێوەبەری ستاندەر و پەیڕەوی خوێندن ........ 92
بەڕێوەبەری تاقیکردنەوەکان ........ 93
بەڕێوەبەری پەروەردەی قوتابی جیا ........ 94
بەڕێوەبەری هاوکاریەکانی مامۆستا و کتێبخانە ........ 95
بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پرۆفێشناڵ ........ 96
بەڕێوەبەری ئاڕاستەکردنی پیشەی قوتابی ........ 98
بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەهلیەکان ........ 99
بەڕێوەبەری هونەر و وەرزش ........ 100
بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پیشەیی ........ 101
بەڕێوەبەری ستاندەر و پەیڕەوە پیشەییەکان ........ 103
بەڕێوەبەری تاقیکردنەوە پیشەییەکان ........ 105
بەڕێوەبەری هاوکاریەکانی مامۆستای پیشەیی و کتێبخانە ........ 107
بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پرۆفێشناڵی پیشەیی ........ 108
بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی خاوەن کار ........ 110
بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و داتای بازاڕ ........ 112
بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان، لێکۆڵینەوە، و هەڵسەنگاندن ........ 114
بەڕێوەبەری پلاندانانی ستراتیجی ........ 116
بەڕێوەبەری ئامار و کۆکردنەوەی داتا ........ 117
بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ........ 118
بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پرۆگرام و ڕێگە نوێکان ........ 120
بەڕێوەبەری گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیاری ........ 121
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری ........ 123
بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری ........ 124
بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوە مرۆییەکان، دارایی، و خزمەتگوزاریە هاوبەشکراوەکان ........ 125
بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان ........ 127
بەڕێوەبەری دارایی ........ 128
بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی ........ 129
بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری و دەستخستنە گشتیەکان ........ 130
بەڕێوەبەری دامەزراوەکان ........ 131
بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیای زانیاری ........ 132
بەڕێوەبەری ووردبینی ناوخۆیی (یان سەرپەرشتیاری گشتی) ........ 133
بەڕێوەبەری پەیوەندیە گشتیەکان و ڕاگەیاندن ........ 134
بەڕێوەبەری پەیوەندیە جیهانیەکان ........ 135
ڕاوێژکار ........ 136

## وەسفی كاری وەزارەتی پەروەردە/بریكاری وەزیر

| | |
|---|---|
| ناونیشان: | بریكاری وەزیر |
| وەسفی پۆست: | بە شێوەیەكی ستراتیجی كارەكانی ڕۆژ بە ڕۆژی وەزارەتی پەروەردە پرۆسە ناوخۆییەكانی بەڕێوە دەبات مەبەستی بەجێگەیاندنی پەیامی وەزارەتی پەروەردە |
| ڕاپۆرت كردن بۆ: | وەزیر |

**ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیە سەرەكیەكان:**

- پشتیوانی كردنی وەزیر لە زیاتر بەرەوپێشبردنی دید و ئەولەویەتی وەزارەتی پەروەردە.
- دڵنیابوون لە كرداری كارا و هاریكاری گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی وەزارەتی پەروەردە.
- هاریكاری كردن لەگەڵ وەزیر و ئەنجومەنەكان لە سەر دامەزراندن و باشتركردنی دید، پەیام، و ئامانجەكانی وەزارەتی پەروەردە.
- پێشەنگی كردنی پرۆسەی پلاندانانی ستراتیجی بۆ دڵنیاكردنی پوختەكردن و پەرەپێدانی دید، پەیام، و ئامانجەكان و ئەولەویەتیەكانی وەزارەتی پەروەردە.
- دروستكردنی پلانێكی فراوانی وەزارەتی پەروەردە كە دەسنیشانی ئەوە دەكات هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیەكان بەدەست دەهێنن.
- پەرەپێدان و جێبەجێكردنی كۆی ستراتیجیەتی وەزارەتی پەروەردە.
- دروستكردنی ئامانجی هەژمێردراو كە پشتگیری ئامانجەكان و ئەولەویاتیەكانی وەزارەتی پەروەردە دەكات.
- پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی ماوەیی و تایبەت بە وەزیر و ئەنجومەنەكان.
- پێشەنگ كردنی پرۆسەی بودجەدانان و پلاندانان كە ئینپوتەكانی گشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكان یەكدەخات (بە یارمەتی لە بەڕێوەبەری پلاندانانی ستراتیجی و بەڕێوەبەری بودجەدانان).
- نوێنەرایەتی كردنی وەزیر لە كردارە فەرمیەكان و دیدارەكان، بە پێی پێویست.
- پێشكەشكردنی ڕێنوێنی و ئاڕاستەی ستراتیجی بە بەڕێوەبەرە گشتەكان كە ئەم بەرپرسیاریەتیانەی خوارەوەیان هەیە:
  - پەروەردەی گشتی: پەرەپێدانی سیاسەتەكان و دابینكردنی پشتیوانی بۆ پەروەردەی ئەكادیمی گشتی.
  - پەروەردەی پیشەیی: پەرەپێدانی سیاسەتەكان و دابینكردنی پشتیوانی بۆ پەروەردەی پیشەیی.
  - پلاندانان، لێكۆڵینەوە، و هەڵسەنگاندن: ئەنجامدانی پرۆسەكانی پلاندانانی ستراتیجی، لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن.
  - سەرپەرشتیكردن و دڵنیایی جۆری: پشتیوانیكردنی پرۆسەكانی باشتركردنی قوتابخانە.
  - پشتیوانی: دابینكردنی سەرچاوە مرۆییەكان، دارایی، یاسایی، تەكنەلۆژیای زانیاری، دامەزراوەكان، و خزمەتگوزاریە گشتیەكان بۆ وەزارەتی پەروەردە.
  - ڕێكخراوە جیهانیەكان: هەماهەنگی كردن لەگەڵ ڕێكخراوە دەرەكیەكان.
- چالاكیەكانی هەماهەنگی كە بەرپرسیاریەتیەكان بە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتیەكان دابەش دەكات.
- ئەنجامدانی هەر ئەركێكی تر كە لە لایەن وەزیرەوە بۆی دیاری دەكرێت.

**لێهاتووییەكان:**

- بیركردنەوەی ستراتیجی باڵا و كارامەییەكانی بەڕێوەبردن.

- توانای بەهێزی بڕیاردان.
- کارامەیی باڵای شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە.
- بوونی تۆماری سەلمێنراوی بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان.
- زانیاری گشتی پرۆسەی پەروەردە و پەروەردەی پیشەیی.
- کارامەیی زارەکی و نووسینی پەیوەندیکردن.
- توانای کارکردنی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاست بەرز.
- توانای دروست کردنی هەماهەنگی و یەکدەنگی لەنێوان ئەندامانی تیم کە بەرژەوەندی پێشبڕکێکارانەیان هەیە.
- زانیاری پرۆسەکانی پلاندانانی ستراتیجی.
- توانای سەرپەرشتکردن و چاودێری کردنی ستاف.

پەروەردە و ئەزموون:

- بەکالۆریۆس لە ئەدەب یان زانست پێویستە، ماستەر لە ئەدەب یان زانست خوازراوە (یان ئەزموونی هاوتا).
- ئەزموونی زیاتر لە 10 ساڵ، 4 ساڵ زیاتر لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی ئاڵۆز، وا باشە 4 ساڵ زیاتر لە ڕێکخراوێکی پەروەردەیی بێت.
- بوونی توانست لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خوازراوە.

## وەسفی کاری وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبردنی باڵا

| | |
|---|---|
| ناونیشان: | بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گشتی |
| وەسفی پۆست: | بە شێوەیەکی ستراتیجی دیاریکردنی سیاسەتی ڕۆژ بە ڕۆژ، کردارەکان، و پرۆسە ناوخۆییەکان بەڕێوە دەبات بۆ پشتیوانی پەروەردەی ئەکادیمی لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی ناوەندی. |
| ڕاپۆرت کردن بۆ: | بریکاری وەزیر |

ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیە سەرەکیەکان:

- دڵنیابوون لە کرداری کارا و هەماهەنگی گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ بریکاری وەزیر و ئەنجومەنەکان لە سەر دامەزراندن و باشترکردنی دید، پەیام، و ئامانجەکانە ئەکادیمیەکان.
- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە بەغداد بەو شێوەیەی گونجاو بێت.
- بەشداریکردن لە پرۆسەی پلاندانانی ستراتیجی بۆ دڵنیاکردنی پوختەکردن و پەرەپێدانی دید، پەیام، و ئامانجەکان و ئەولەویەتیەکانی وەزارەتی پەروەردە.
- پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیجیەتی پەروەردەی گشتی.
- ئەنجامدانی پرۆسەی پلاندانانی ماوەیی (بۆ نموونە ساڵانە) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گشت بەڕێوەبەرایەتیەکان پلانی تایبەتیان هەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی پشتیوانی لە پەیام، ئامانج و ئەولەویاتەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکەن.
- دروستکردنی ئامانجی هەژمێردراو کە پشتگیری ئامانجەکان و ئەولەویاتەکانی پەروەردەی ئەکادیمی دەکات.
- چاودێریکردن و ڕاپۆرتکردنی بەرەوپێش چوونی بەڕێوەبەرایەتیەکە بەرەو بەدەست هێنانی ئامانجەکان.
- بەشداریکردن لە پرۆسەی بودجەدانان و پلاندانان کە ئینپوتەکانی گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی گشتی یەکدەخات (بە یارمەتی لە بەڕێوەبەری پلاندانانی ستراتیجی و بەڕێوەبەری بودجەدانان).
- پێشکەشکردنی ڕێنوێنی و ئاڕاستەی ستراتیجی بە بەڕێوەبەرەکان کە ئەم بەرپرسیاریەتیانەی خوارەوەیان هەیە:
  - ستاندەرەکان و پەیڕەوی خوێندن: پەرەپێدانی ستاندەرە ئەکادیمیەکان و پەیڕەوی خوێندن بۆ گشت پۆلەکان و بابەتەکان.
  - تاقیکردنەوەکان: پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی قوتابی ستاندەرکراو کە هاوڕێک بێت لەگەڵ پەیڕەوی خوێندن و ڕاپۆرتکردنی ئەنجامەکان.
  - پەروەردەی تایبەت: پەرەپێدانی سیاسەتەکان و بابەتەکان بۆ قوتابیان کە کەم ئەندامیان هەیە و لەگەڵ ئەوانەی ئاستیان بەرزە.
  - هاوکاریەکانی مامۆستا و کتێبخانەکان: دەسنیشان کردن و پەرەپێدانی ئامرازەکان و بابەتەکان بۆ پشتیوانی کردنی وانە وتنەوەی مامۆستا بۆ پەیڕەوی خوێندن و پەرەپێدانی ناوەرۆکی کتێبخانەی قوتابخانە.
  - پەرەپێدانی پیشەیی: پەرەپێدانی سیاسەتەکان، دەسنیشانکردنی پێویستیەکان، و دابینکردنی ڕاهێنانی نێو خزمەتگوزاری بۆ مامۆستایان، بەڕێوەبەران، سەرپەرشتیاران، و ڕاوێژکارانی قوتابیان.
  - ئاڕاستەکردنی دەروونی قوتابی: پەرەپێدانی سیاسەتەکان و بابەتەکان بۆ پشتیوانیکردنی ئاڕاستەکاران.
  - قوتابخانە ئەهلیەکان: پەرەپێدانی سیاستەکان بۆ دامەزراندن و کارپێکردنی قوتابخانە ئەهلیەکان و چاودێری کردنی پابەند بوویان لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی قوتابخانە ئەهلیەکان.

– هونەر و وەرزش: پەرەپێدانی سیاسەتەکان بۆ ووتنەوەی هونەر و وەرزش لە قوتابخانەکان، و چاودێری کردنی نمایشە هونەری و پێشبڕکێ وەرزشیەکان، بەلەخۆگرتنی خولی وەرزشی قوتابخانە.
- پشتگیری پەرەپێدانی پرۆسەی شیاو و کاریگەری لە سەرانسەری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیە بەشدارەکان لە پەرەپێدانی پەروەردە بە گونجاوترین شێوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

لێهاتووییەکان:

- بیرکردنەوەی ستراتیجی باڵا و توانستەکانی بەڕێوەبردن.
- توانای بەهێزی بڕیاردان.
- بەڕێوەبردنی بەهێزی پرۆژە، بەڕێوەبردنی کات، و کارامەییەکانی سەرکردایەتی.
- کارامەیی باڵای شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە.
- توانای سەلمێنراو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسە ئاڵۆزەکان بۆ تەواوکردن.
- زانیاری گشتی دەربارەی پرۆسە پەروەردەییە بنەڕەتی و لاوەکیەکان.
- کارامەیی زارەکی و نووسینی پەیوەندیکردن.
- توانای کارکردنی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاست بەرز.
- توانای دروست کردنی هەماهەنگی و یەکدەنگی لەنێوان ئەندامانی تیم کە بەرژەوەندی پێشبڕکێکارانەیان هەیە.
- زانیاری پرۆسەکانی پلاندانان.
- توانای سەرپەرشتکردن و چاودێری کردنی ستاف.

پەروەردە و ئەزموون:

- بەکالۆریۆس لە بواری پەروەردە پێویستە، ماستەر لە پەروەردە باشترە (یان ئەزموونی هاوتا).
- ئەزموونی 10 ساڵ، 4 ساڵ زیاتر لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی ئاڵۆز، وا باشە 4 ساڵ زیاتر لە ڕێکخراوێکی پەروەردەیی بێت.

## وەسفی کاری وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبردنی باڵا

| | |
|---|---|
| ناونیشان: | بەڕێوەبەری ستاندەر و پەیڕەوی خوێندن |
| وەسفی پۆست: | ستاندەرەکانی زانیاری قوتابیان پێشدەخات و ناوەرۆکی پەیڕەوی خوێندن پێناسە دەکات کە هاوڕێکە لەگەڵ ئەم ستاندەرانە بۆ هەر یەک لە بابەتە ئەکادیمیەکان و هەر پۆلێک. |
| ڕاپۆرت کردن بۆ: | بریکاری وەزیر یان بریکارانی وەزیر بۆ پەروەردەی گشتی |

**ڕۆل و بەرپرسیاریەتیە سەرەکیەکان:**

- پەرەپێدان و پێچداچوونەوە بە ستاندەرەکانی زانیاری قوتابی بۆ هەر یەک لە بابەتە ئەکادیمی و قۆناغەکان.
- پێناسەکردن و پێچداچوونەوە بە ناوەرۆکی پەیڕەوی خوێندن و زنجیرە بۆ هەر یەک لە بابەتە ئەکادیمی و قۆناغەکان کە هاوڕێکە لەگەڵ ستاندەرەکانی زانیاری.
- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە بەغداد لە سەر ستاندەرەکان و بابەتەکانی پەیڕەوی خوێندن بەو شێوەیەی گونجاو بێت.
- دەسنیشان کردن، پێداچوونەوە، و پەسەندکردنی کتابەکان، مەنهەج، و کەرەستەکانی تری مامۆستا بۆ پشتگیری کردنی ووتنەوەی پەیڕەوی خوێندن.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەری تاقیکردنەوەکان لە ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکانی دەستکەوتنی قوتابیان لەگەڵ ئەم پێوەر و پەیڕەوانەی خوێندن.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پیشەیی بۆ دابینکردنی ڕاهێنانی مامۆستایان لە سەر پێوەرەکان و پەیرەوی خوێندن.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و کۆلێژی پەروەردە بۆ دڵنیابوون لە هاوڕێکی پێوەرەکان و پەیڕەوی خوێندن لەگەڵ ئامادەکاری مامۆستا بەر لە مامۆستایەتی کردن.
- زامنکردنی کرداری کاریگەری بەڕێوەبەرایەتیەکە.

**لێهاتووییەکان:**

- بەڕێوەبردنی بەهێزی پرۆژە، بەڕێوەبردنی کات، و کارامەییەکانی سەرکردایەتی.
- توانای سەلمێنراو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسە ئاڵۆزەکان بۆ تەواوکردن.
- زانیاری باڵا دەربارەی پرۆسە پەروەردەییە بنەڕەتی و لاوەکیەکان.
- زانیاری پێشکەوتوو سەبارەت بە کردارە باشە جیهانیەکان لە بواری پەروەردە و بەڕێوەبردن.
- کارامەیی زارەکی و نووسینی پەیوەندیکردن.
- توانای کارکردنی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاست بەرز.
- توانای دروست کردنی هەماهەنگی و یەکدەنگی لەنێوان ئەندامانی تیم کە بەرژەوەندی پێشبڕکێکارانەیان هەیە.
- توانای سەرپەرشتکردن و چاودێری کردنی ستاف.

**پەروەردە و ئەزموون:**

- بەکالۆریۆس لە بواری پەروەردە، ماستەر لە پەروەردە باشترە (یان ئەزموونی هاوتا).
- 7 ساڵ خزمەت لە بواری پەرەپێدانی ستاندەرەکان و پەیڕەوی خوێندن لە ڕێکخراوێکی پەروەردەیی، و 3 ساڵ زیاتر لە پۆستێکی بەڕێوەبردن.

## وەسفی کاری وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبردنی باڵا

| | |
|---|---|
| ناونیشان: | بەڕێوەبەری تاقیکردنەوەکان |
| وەسفی پۆست: | تاقیکردنەوەکانی دەستکەوتی قوتابی ستاندەرکراو و تاقیکردنەوەکانی تر پەرەپێدەدات و بەڕێوە دەبات. |
| ڕاپۆرت کردن بۆ: | بریکاری وەزیر یان بریکارانی وەزیر بۆ پەروەردەی گشتی |

**ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیە سەرەکیەکان:**

- پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە تاقیکردنەوەکانی دەستکەوتی قوتابی ستاندەرکراو لە سەر ئاستی هەرێمی کە هاوڕێکن لەگەڵ ستاندەرەکان و پەیرەوی خوێندن.
- پەرەپێدان و دەستخستنی بانکێکی پرسیارەکان بۆ تاقیکردنەوە ستاندەرکراوەکانی ساڵانە.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەری ستاندەرەکان و پەیرەوی خوێندن لە زامنکردنی ئەوەی کە تاقیکردنەوەکان هاوڕێکن لەگەڵ ستاندەرەکان و پەیرەوی خوێندن.
- پەرەپێدان و دەستخستنی جۆرەکانی تری تاقیکردنەوە کە دەشێت داواکراو بێت لەلایەن وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی، بریکاری وەزیر بۆ پەروەردەی گشتی.
- چاودێری کردن و بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکانی ساڵانە و زامنکردنی نەزاهەتی سیستەمی تاقیکردنەوە.
- هەماهەنگی کردن و پشتگیری کردنی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە جیهانیەکانی دەستکەوتی قوتابی.
- ڕاپۆرتکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و ڕێژەی ئەنجامەکانی قوتابی بەگوێرەی قوتابخانە، قەزا، پارێزگا، و سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ وەزیر.
- دابینکردنی کۆپی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ شیکاری زیاتر.
- زامنکردنی کرداری کاریگەری بەڕێوەبەرایەتیەکە.

**لێهاتوویەکان:**

- بەڕێوەبردنی بەهێزی پرۆژە، بەڕێوەبردنی کات، و کارامەییەکانی سەرکردایەتی.
- توانای سەلمێنراو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسە ئاڵۆزەکان بۆ تەواوکردن.
- زانیاری باڵا دەربارەی پرۆسە پەروەردەییە بنەڕەتی و لاوەکیەکان.
- زانیاری پێشکەوتوو سەبارەت بە کردارە باشە جیهانیەکان لە بواری تاقیکردنەوە.
- کارامەیی زارەکی و نووسینی پەیوەندیکردن.
- توانای کارکردنی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاست بەرز.
- توانای دروست کردنی هەماهەنگی و یەکدەنگی لەنێوان ئەندامانی تیم کە بەرژەوەندی پێشبڕکێکارانەیان هەیە.
- توانای سەرپەرشتکردن و چاودێری کردنی ستاف.

**پەروەردە و ئەزموون:**

- بەکالۆریۆس لە دەروونزانی، پێوانەی دەروونی، یان هەڵسەنگاندنی پەروەردە، ماستەر لە دەروونزانی، پێوانەی دەروونی، یان هەڵسەنگاندنی پەروەردە باشترە (یان ئەزموونی هاوتا).
- 7 ساڵ خزمەت لە بواری پەرەپێدانی تاقیکردنەوە، و 3 ساڵ زیاتر لە پۆستێکی بەڕێوەبردن، 3 ساڵ زیاتر لە ڕێکخراوێکی پەروەردەیی.
- بوونی توانست لە زمانی ئینگلیزی خوازراوە.

## وەسفی کاری وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبردنی باڵا

| | |
|---|---|
| ناونیشان: | بەڕێوەبەری پەروەردەی قوتابی جیا |
| وەسفی پۆست: | پەرەپێدانی سیاسەتەکان، ڕێنماییەکان، و بابەتەکان بۆ ئەو قوتابیانەی خاوەن پێداویستی پەروەردەیی تایبەتن، لەگەڵ قوتابیە بەهرەمەند یان نموونەییەکان. |
| ڕاپۆرت کردن بۆ: | بریکاری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی بریکاری وەزیر بۆ پەروەردەی گشتی |

**ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیە سەرەکیەکان:**

- پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان و ڕێنماییەکان بۆ قوتابیان کە خاوەن پێداویستی پەروەردەیی تایبەتن.
- پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان و ڕێنماییەکان بۆ قوتابیە بەهرەمەند و نمونەییەکان.
- پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە پەیڕەوی خوێندن بۆ قوتابیان کە خاوەن پێداویستی پەروەردەیی تایبەتن بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ستاندەرەکان و پەیڕەوی خوێندن.
- پەرەپێدان و پێداچوونەوە بە پەیڕەوی خوێندن بۆ قوتابیە بەهرەمەند و نموونەییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ستاندەرەکان و پەیڕەوی خوێندن.
- پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ڕێنمایی بۆ دەسنیشانکردن و ڕەوانەکردن بۆ خزمەتگوزاری گونجاوی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
- پەرەپێدانی بابەتەکان و هۆکارەکانی وانە ووتنەوە و دەسنیشان کردنی کتێب بۆ قوتابیان کە خاوەن پێداویستی پەروەردەیی تایبەتن بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هۆکارەکانی وانە ووتنەوە.
